تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

برەی شۆڕش

دیوانی ڕاوچی

(مەلا کەریم ساردەکۆسانی)

www.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي



کۆکردنەوەی
کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بەناوی خۆوای گەورە

نیوەنووزە

بە بسماللە دەدێرم دێڕی داوام
بە بسماللە دەوێژم شێعری ساوام

بە بسماللەیە وێژەم بۆ دەمێژێ
بە بسماللەیە وێژەر چی دەبێژێ

بە بسماللەیە ورتەم دێتە بەرهەم
بە بسماللەیە بەرهەم دێتە بەردەم

بە بسماللەیە زەردەم دێتە لێوان
بە بسماللەیە بێترسی لە دێوان

بە بسماللە دەنازێ نیوە نووزەم
لەدەس ئەو دایە شادی یا کڕووزەم

نەدا هێزێ بە پێزی وێژەبێژیم
نەپارێزێ لە لاوازی بوێژیم

مەکووکێکی بەبێ هەودا لە گۆڕێم
لە پێچاڵی نەزانیدا دەدۆڕێم

خووا کوردێکی کورتی کوردەواریم
بەبێ زار و زمان و زانیاریم

وشێکی وا بە پێستم باوێ زاری
لە زاراوەم بباریێ حەمدی باری

هەتا لێرەو لەوێ خەڵکی بزانن
کە کوردیش خاوەنی زار و زمانن

بزانن هۆزی بێنازی مەمانان
لە بن کێوی بەبێ خێوی چ زانان؟

خووا ئەی ڕێبەدەستی ڕێزمانان
دە باسی مەش بهاوێ سەر زمانان

زمانی شێعری ڕاوچی وابگێڕی
کە مێژوو بەرهەمی بگرێ لە زێڕی

١٣٧٣/٧/٢

«راوچی»

نێوەرۆك:

بەشی یەکەم: سەباردت بە ڕاوچی ١١

سەردتایەکی سەرسەری و بەهەرەمە (ئەحمەدی قازی) ١٢

راوچی شاعیری وەتەن و جوانی (ئاسۆ) ١٩

دلۆپی ئەسرینی ئازادی لە شەوی بێدادیدا(کاوەی ڕاوچی) ٢٣

ئای کوردستان چەندە جوانی ٤٠

پێشەکی پێشکەشکراو ٤١

لە دێوە بۆ دێ (بیرەوەرییەکانی مامۆستا ڕاوچی بە قەڵەمی خۆی) ٤٦

بەشی دووهەم: شیعر ٩٧

پاڕانەوە ٩٨

پەشیمانی ١٠٠

بزەی شۆڕش ١٠١

دەروێشە کوڵکە ١٠٤

زەنبیل ١٠٥

شین بۆ مامۆستا هەژار ١٠٧

شین بۆ مامۆستا هێمن ١٠٨

شین بۆ ئاوات ١٠٩

شین بۆ مامۆستا حەقیقی ١١٠

شین بۆ کاك برایمی ئەفخەمی بۆکانی ١١١

شین بۆ مامۆستا مەلا عەزیزی تورجانی ١١٣

شین بۆ خوشکە ژیلای حوسەینی ١١٤

ڕۆژی ڕەشی باڵداران ١١٦

«پەسنی خوا» ١٢٠

روخسەتی ڕاو ١٤٩

بووکەسوورەی کۆشکی سوور ١٦٢
ماری شێخ ئۆمەری.. ١٦٥
نەخۆشی بەرەو گۆڕ ١٧٢
وڵاتی خۆم.. ١٧٩
سەفەری خەیاڵی بەرەو گوندەکەی «ڕاوچی».. ١٨٣
فردا بیا.. ١٩٠
دوورە ئاسۆ ١٩٠
دووبارە بۆ کاک ئاسۆ ١٩١
شێتۆکە.. ١٩١
وەڵامی ئاسۆ بۆ «ڕاوچی».. ١٩٢
«شاری گوڵ».. ١٩٣
پێنج‌خشتەکی «ڕاوچی» لەسەر غەزەلی «شاری دڵ»ی ئاسۆ ١٩٤
تێمیسکە ١٩٥
وەڵامی نووسراوەی لاوێك.. ١٩٥
بەرۆکی داخراو.. ١٩٦
ئامۆژگاری.. ١٩٧
هێشتا هەر هەم ١٩٩
کورتە یادێك لە ناڵەی جودایی، شاعیری ناودار، مام هێمن ٢٠٠
گۆچانی پیرۆز.. ٢٠١
مامۆستای ناوەستا ٢٠٢
جێژنە پیرۆزە.. ٢٠٣
وردە تێچێن ٢٠٤
وەڵامی نووسراوەی دۆستێك ٢٠٤
شوانە.. ٢٠٦

ئەسرین ٢٠٨
کەڵەکباری خەم ٢٠٨
من وام ٢٠٩
سەری بێ‌تاج ٢١٠
دووبەیتییەکانی ڕاوچی ٢١١
بەهار و جێ‌هەواری کۆن ٢١٤
من و بولبول ٢١٦
نەمان‌نامە ٢١٧
یادێ لە کەسنەزان ٢١٩
هاوار لە دەس پیری ٢٢٠
کوڕە شێخ ٢٢١
لالەخەوێك ٢٢٤
چەکی ڕزگاری ٢٢٦
کورتەشین ٢٢٩
خوێندن و ژین ٢٢٩
من و کوڵە قەڵەمەکەم ٢٣٠
ناترسم ٢٣١
وردەنازاری دیلخانان ٢٣٢
«زاوا و بووك و نووکە نووکی بووکێ» ٢٣٤
بەشی سێهەم: شێعر(لە دوای کۆچی شاعێر کۆ کراوەتەوە) ٢٣٧
خەرەکی سکاڵا ٢٣٩
دەردی دووری ٢٣٩
دەرمانی خەم ٢٤٠
دیاری شەوی ڕەش ٢٤١

ئامۆژگاری سۆفی.. ٢٤٢
پردی سوڵتان ٢٤٣
ئاشی ئاغای... ٢٤٥
وەڵامی پووچەڵ بۆ کەچەڵ ٢٤٦
ژینی پڕ لە ژانی دنیا ٢٤٧
شینی مەجید خانی ئەشیر و بەردو گۆڕستان ٢٤٨
فرمێسك و دیاری شینگایی ٢٤٨
مەرگی کچە کوردێك.. ٢٤٩
دوانی جوانەمەرگێك.. ٢٤٩
بۆ وێنەکەم (١)... ٢٥١
بۆ وێنەکەم (٢)... ٢٥١
گۆڕ.. ٢٥١
خوشکە سیما و خوشکە ڕێزان[٣]... ٢٥٢
خوشکە سنوور[٤] ٢٥٢
خوشکە سێبەر[٥] ٢٥٢
خوشکە سروە[٦] ٢٥٢
خوشکە سوعدا ٢٥٢
ڕاوچی ئەوین ٢٥٣
ڕاودشێعر ٢٥٣
ژان و ژیان... ٢٥٥
یای زین ٢٥٥
بە بۆنەی کۆچی شاعیری نەمر مامۆستا هێمن ٢٥٦
نیودژوان... ٢٥٧
گوندی ساردەکۆسان و ماڵئاوایی ٢٥٨

گوڵی شادی ٢٥٩

ڕاوی خەج.. ٢٦١

ئاوڕێ لە یاران ٢٦٢

خوداحافیزی لە هاوڕێیان.. ٢٦٣

شەوارە ٢٦٣

بۆ دەعوت لە کوڕەشێخ و خواردنی نەهار ٢٦٤

هەڵکەوت.. ٢٦٤

وەڵامی نووسراوەی نووسەرێ.. ٢٦٤

چوارینە ٢٦٥

(ڕاوچی و یادێ لە شێعری کۆن بە یادی «هێمن و هێدی»)......................... ٢٦٧

بێبەختی.. ٢٦٨

بەشی چواردەم: بەڵگەنامەکان ٢٦٩

ماموستا راوچی

چییه ڕاوچی لەسەر کورسی، بەپۆزی لاقی سەر لاقی

خـەیاڵی خـاوه کردووتـه کـه پێـت وایـه شـەمی تـاقی

کـەمیٚ هۆشـت هـەبیٚ لاوی بـەرەو بیٚناوی نەتکێشیٚ

کـه لاوی بـۆ کەسـیٚ هـەرگیز نـەماوه تـا سـەریٚ بـاقی

تـەموتـۆڤ تەمـەن، هاکـا تـەناڤ ئـۆڤ لـیٚبەسـتی

لەمـەولا قـەت سـەما ناکـا، لەبـەر دەمتـا کـچی سـاقی

بەشی یەکەم:

سەبارەت بە ڕاوچی

سەرەتایەکی سەرسەری و بەهەڕەمە

ئەحمەد قازی

وەك لە بیرم مابێ ساڵی ١٣٧١ بۆ یەکەم جار دەگەڵ ناوی «ڕاوچی» ئاشنا بووم، ئەویش لە ڕێگەی نامەیەکەوە کە بەم ناوە و لە ناو کەواندا (مەلاکەریم ساردەکۆسانی) بۆ بەشی «ئێمە و خوێنەر» لە گۆواری سروەدا ناردرابوو.

ئەو سەردەمی کە سروە زۆر بەڕمێن و تاقانە بوو، لە هەر مانگێکدا بە دەیان نامە بۆ ئەم بەشە دەهات کە خوێنەران پرسیاری جۆراوجۆریان لە سەر فەرهەنگ و ئەدەب و مێژوو، یا تەنانەت ڕووداوی سیاسی، دێنا گۆڕێ و ئێمەش دەبوایە لە ژێر مقەستی سانسۆرچی زیت و وریادا هەر چۆنێك بوایە وەڵاممان دابانەوە. بەرپرسی جوابدانەوەی نامەکان من بووم و زۆر جار جوابەکانم لە باری سیاسییەوە گیروگرفتی پێکدێنا و لە لایەن بەرپرسانەوە دەکەوتمە بەر هەڕەشە و لۆمە و لەقەم. بۆ نموونە جارێك خوێنەرێك لە نامەکەیدا پرسیاری کردبوو کە : «چۆنە کوردەکان زۆرتر لە سەر سنووران نیشتەجێ بوون و جێگەی خۆیان بەجێهێشتووە و ڕوویان دە ناوچە سنوورییەکان کردووە؟» من لە جوابی ئەم پرسیارەدا بە کورتی نووسیبووم: «کورد نەچوونەتە سەر سنووران و هەر لە شوێنی خۆیانن، بەڵام سنوورەکان چوونەتە نێو کوردەکان و لە شوێنی پێویست نەماون!» لە سەر ئەم پرسیار و وەڵامە لە تارانەوە دەستووریان دابوو کە ئەم بەشە بڵاو نەکرێتەوە یا بۆ ماوەیەك ڕایبگرن و بەرپرسەکەی بگۆڕن!

نامەکەی "ڕاوچی" نیشانی دەدا کە نووسەر پیاوێکی دنیادیتە و بەئەزموونە و ساردوگەرمی ڕۆژگاری چێشتووە و لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ساڵانی دەیەکانی ٣٠ و ٤٠دا دەوری هەبووە. دیارە ئەم باسانەی بە شێوەیەکی ڕەمزی و

ناڕاستەوخۆ درکاندبوو و تەنیا کەسێك لێی حاڵی دەبوو کە خۆی ئەم ڕووداوانەی ئەزموو‌بێ و تێیاندا بەشدار بووبێ.

ئینشای نامەکە لەوپەڕی جوانی و پتەویدا بوو، دیار بوو میرزا یا مەلایەکی کوردیزانی خاوەن چێژ و شاعیر نووسیویەتی و ئەوەی زۆرتر لە هەموو شتێك سەرنجی منی ڕاکێشا ئەو واژە و دەستەواژە و ڕستە ڕێكوپێکانە بوون کە نووسەر دەکاری هێنابوون و تایبەتی مەڵبەندێك بوون کە زبانی شار و بیانی کاری تێ نەکردوون و ڕەسەنایەتی و ڕازاوەیی خۆیان پاراستووە.

پاش ئەو نامەیە کەوتمە پەی سەروشوێن و ناسینی مامۆستا مەلاکەریم و سەرەنجام بۆم دەرکەوت کە زەمانێك لە جموجۆڵی شاخەکاندا هاوڕێ و دۆستی کاك مونتەقیمی قازی (برام) و کەسانێکی وەك خوالێخۆشبووان سولەیمانی موعینی و ئەحمەد تەوفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) بووە کە وێڕای خەباتی سیاسی، بارودۆخی ژیانی خەڵکی ناوچە و باری ئابووری و ژیاری و جوغرافیایی و شێوەزاری موکریانی ئەو ناوچانەی کە تێیدا هەڵسووڕاوە، بە وردی داوەتە بەر سەرنج و دەگەڵ شاعیران و نووسەران و زانایانی ئایینی پێوەندی بەردەوامی پێکهێناوە و ئاڵوگۆڕی شیعری کردووە و بەم شێوەیە خۆی گەیاندۆتە ڕیزی شاعیرانی سەردەم، و لە زۆرانیشی تێپەڕاندووە.

لە ساڵەکانی دواتردا تەشریفی هاتە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و بە دیداری شاد بووین. کەواوپاتۆڵی کوردی و مێزەری سپی، قەدوقەڵافەتی باریك و ڕێكوپێك و گفتولفتی خۆش و دەکارهێنانی وەستایانەی واژە و پەند و مەتەڵ، کارتێکردنێکی زۆری لە سەر بیسەر و بەردەنگان بەجێ‌دەهێشت. من زانیم ئەم کەسایەتییە زۆری دەباراندایە و لە ڕەهەندی زبان و گەنجینەی واژە و زاراوەی ڕەسەنی کوردیدا دەتوانین زۆر کەڵکی لێ وەربگرین. هەر ئەوەش بوو بە هۆی دۆستایەتی و پێوەندی پتەوی نێوانمان بۆ هەتاهەتا. جاروبار شێعر و پەخشانی بۆ دەناردین و لە نێو ئەوانەدا فەرهەنگی ناوی دەیان گوڵ و گیای کوردستان بوو کە قەرار بوو تەواوی کا و بۆی بڵاو بکەینەوە کە بە داخەوە نەگونجا.

سەرەنجام مامۆستا مەلاکەریمی ساردەکۆسانی (ڕاوچی) ساڵی ١٣٨٠ لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و بەجێی هێشتین. هەرچەند مردن ڕووداوێکی سروشتییە و لەسەر

کەس ڕاناوەستێ و دەسەر کەسەوە ناچێ، بەڵام من نیگەرانی ئەوە بووم کە دەبێ ئاسەواری مامۆستا، کە لە زۆر و کەمەکەشی ئاگادار نەبووم، لە کوێ بن و چییان بە سەر هاتبێ. ئەو دڵەڕاوکێیەم لێ ببوو بە پرسیارێکی گەورە و نەمدەزانی بۆ جوابەکەی ڕوو دەکێ و دەکوێ بکەم.

بەختەوەرانە، دوو ساڵ لەمەوبەر لە ناکاو، کوڕێکی خوێنشیرین و ڕەزاسووک لێم وەژوور کەوت و خۆی ناساند. کاک کاوەی عەزیزنژاد کوڕی مامۆستا مەلاکەریم. زیت و وریا، بە دوای زیندووکردنەوەی ئاسەواری مامۆستاوە بوو.

کاوەی بەڕێز ئەم ئەرکەی بە تەواوی ڕاپەڕاند و لە نێوەڕاستی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ (١٣٨٩)دا دیوانی شێعرەکانی مامۆستای خوالێخۆشبووی لە بەرگێکدا بە ناوی "بزەی شۆڕش" بۆ هێنام کە سەرجەمی شێعرەکانی ئەو نەمرەی تێدا کۆ کردۆتەوە و ئامادەی چاپی کردووە.

کاک کاوە داوای لێ کردم بە مەبەستی هەڵەبڕ کردن و نووسینی سەرەتایەکی کورت بەو دیوانە شێعرەدا بچمەوە و بیروڕای خۆم لە سەر شێعر و سەبك و شێوازی مامۆستا ڕاوچی دەربڕم. دیارە کاک کاوە بۆخۆی بە شێوەیەکی تایبەت و بە جوانی پێشەکییەکی تەواوی بۆ دیوانە شیعرەکەی مامۆستا ڕاوچی نووسیوە و بە شیعری خۆی ڕازاندوویەتەوە و زۆرترین لایەنەکانی ژیان و ئاکار و ئاسەواری باوکی خستۆتە بەرچاوی خوێنەران و مامۆستاش بە نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆی، پێداویستی نووسینی سەرەتا و پێشەکی لە لایەن ئێمەوە کەمڕەنگ کردووە. لە بەر ئەوە من لێرەدا بە کورتی باسێك لە سەر ئەم دیوانە شیعرە دێنمە گۆڕێ و تێدەپەڕم.

ئەوەی پێش هەر بۆچوون و دەربڕینی بیروڕایەك پێویستە بە خوێنەری خۆشەویستی ڕابگەیەنم ئەوەیە من لە خوێندنەوەی هەر بابەتێکدا چ پەخشان و چ شێعر و لە هەر جسناتێك (ژانرێك) یەکەم شتی کە زۆر بە گرینگی دەزانم زبانی شاعیر، نووسەر یا هونەرمەندە و پەیام و ناوەرۆکی بابەت دەبەم بۆ پلەی دووهەم. ئەگەر بمەوێ بیروڕای خۆم لە سەر شێعرەکانی مامۆستا پۆلێن بکەم دەتوانم بڵێم:

بزەی شۆڕش

دیوانی شێعری مامۆستا ڕاوچی

(مەلاکەریمی ساردەکۆسانی)

کۆکردنەوەی: کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچی

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی وچاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: بزەی شۆڕش (دیوانی شیعری مامۆستا ڕاوچی)
کۆکردنەوەی: کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچی
پێداچوونەوە: ١- ئەحمەدی قازی ٢. ئەمین گەردیگلانی ٣. کاوەی ڕاوچی
پیتچنین: شاسەنەم. جەوشەنی
وێنەی ڕووبەرگ: مامۆستا ڕاوچی
وێنەی بەرگی ئاخر: گوندی ساردەکۆسان
چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری – هەولێر/ ٢٠١٢

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٩٢) ساڵی (٢٠١٢)ی پێی دراوە

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە
ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www.kurdchap.com

١. دیوانی ڕاوچی (بزەی شۆڕش) لە باری زبان و زاڵبوونی شاعیر بە سەر زباندا کارێکی نموونە و بێوێنەیە و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی زبانی کوردییە کە بە سەدان واژە و زاراوە و گوڵواژەی هەمەڕەنگی لە خۆ گرتووە کە تا ئێستا لە لایەن هیچ شاعیر یا نووسەرێکەوە دەکار نەکراون و هەر لێرەوە دەمەوێ تکا لە کاک کاوە بکەم فەرهەنگۆکێك بۆ ئەم واژە و دەستەواژانە بنووسرێ و بکرێتە پاشکۆی دیوانەکە چونکە بە متمانەوە دەڵێم گەلێك لە ئەهلی قەڵەمی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ئەم واژە و ڕێکەوەندە دەگمەنانەیان نەبیستووە و بە نووسین نەیاندیتووە. بۆ نموونە دەتوانین باسی ناوی دەیان گوڵ و چەشنە ڕووەکی سەیروسەمەرە بکەین کە دە هێندێکدا لە شێعرەکاندا هاتوون، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە شاعیر باسی سروشتی وڵات و نیشتمانەکەی دەکا. ئەوەتا لە چیرۆکە شیعری "ماری شێخ ئۆمەر" لاپەڕەی ١٦١ لە یازدە بەیتی شێعرەکەدا ناوی زیاتر لە شەست چەشنە گوڵ و گیای هێناوە کە لە دۆڵ و دەرە و لاپاڵەکانی چیاکان و دەشتەکانی وڵاتدا دەڕوێن و ناوی زۆرینەی ئەوانمان تا ئێستا نەبیستووە.

٢. جۆراوجۆری بابەت یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دیوانە شیعرەیە. پاڕانەوە لە بەر خودا و پێغەمبەر، باسی خوڵقاندنی ئەرز و ئاسمان و ئادەمزاد، وەسوەسەی شەیتان، نیشتمانپەروەری و هاندانی لاوان بۆ خەبات و تێکۆشان، شینگێڕی بۆ گەورەپیاوان و هونەرمەندان، باسی سروشت و جوانی وڵات، چیرۆکە شیعر و نەقڵ و نەزیلە، ڕاو و شکار، چوارینە، دژایەتی لەگەڵ خورافە و پرۆپووچ، ئاڵوگۆڕی نامەی هۆنراوە دەگەڵ شاعیران و دەیان بواری دیکەی تازە و بەدیع لەم دیوانەدا کۆ کراونەتەوە.

٣ـ شێوەی بەیان (سەبك) لە لای مامۆستا مەلاکەریم ساردەکۆسانی، شێوازێکی تازە و جیاوازە. ئەم جیاوازی و تازەبوونە خۆی دە شێوەی بەیانی بابەتەکاندا دەبینێتەوە. شاعیر لە هیچ شێعرێکدا تووشی خۆ ڕێكگوشین و تەنگەژەی کەلامی نەبووە و زۆر سادە و ڕەوان بەو زبانە پاراوەی مەڵبەندی ژیانی خۆی، دەنووسێ و دەماندوێنێ. زبان لە دەستیدا کەرەسەیەکی لەبار و ئامرازێکی لە دەستان خۆشە کە بەبێ زەحمەت و مەرارەت بۆ مەبەستە

جوانەکان و بیرە وردەکانی دەکاری دێنێ و دەتوانم بڵێم لەم ڕوانەگەوە کەس هێندە سەرکەوتوو نەبووە.

٤. شەپۆلێك لە هەستی جوانپەرستی و جوانیویستی لە ئاسەواری ڕاوچیدا لە شەپۆلان و خرۆشاندایە. شاعیری دڵتەڕ و هەمیشە عاشق، لە زۆربەی شێعرەکاندیا هەستی خۆی لەم بەستێنەدا بە جوانترین شێوە دەردەبڕێ و باشترە بڵێم بە خۆی ناوەستێ، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر جوانی و ڕازاوەیی مەڵبەندی ژیانی و ئەو کیژ و کابانە لەبار و نازەنینانەی کە لە گوند و مەزرا و هەوار و گەرمێن و کوێستان کردندا وێڕای برا و کەسوکاریان لە کار و تێکۆشان ڕانەوەستاون، بە بارستای گوڵ و دار و دەوەنی کوردستان، جوان و سروشتی خولقاون:

ڕاوچی کە چوویە ڕاوێ، مەچۆ ترۆپك و لێژان　　خاوی، دەکەویە داوی، لۆرەی بالۆرەبێژان
بزۆز و چاوچنۆکی، مەڕوانە پەرچ و گێژان　　کچان لەوێ لە شیون، ڕووتن شلێر و بێژان
نەکا بشکێنی تۆبە، بە تام و بۆن و چێژان　　لە لات وابێ ڕەوایە، چێژەیەك بو بوێژان
مزگێنی بێ لە یارم، سەوزە بوورەو بەیارم
شیرین تەشی دەڕێسێ لە جێهەواری پارم

وێنەیەکی تر

لە شەڕگەی دوو لەشی دەڕووت و لەشڕووت　　لە چاوی گوڵ بچۆڕێ ئەشکی یاقووت
بنۆشێ زەمزەمی لێو و دەمی چووك　　کەوی کا دوو مەمی سرك و سڵی بووك
لە پێتەختی سپی سینەی سەمەن بۆ　　ڕەوایە بەرهەمی چڵپە و مڵومۆ

٥. بێجگە لەم بوارانەی باسمان کردن، مەلاکەریمی ساردەکۆسانی (ڕاوچی) هەرچەند خۆی مامۆستای ئاینییە و پێشنوێژ و ڕێنومای خەڵکی دەوروبەری خۆیەتی، بەڵام جاروبار لە

بیرۆکەی خەییام نزیك دەبێتەوە و دەچێتە ناو دنیای فەلسەفە و ئامۆژگاری وشکەسۆفی و دژایەتی شێخ و زاهید دەکا. لە باسی ئافرانشی هەستیدا دەکەوێتە شك و گومان و پرسیار دەکا:

(هەســـتی) بـــۆ هاتـــە گـــۆڕێ؟ لـــە گـــۆڕە، بـــۆ دەدۆڕێ؟
مـــن چـــیم و بۆچـــی هـــاتم؟ هـــاتم، بـــۆ شـــەل و مـــاتم؟
کـــە بـــۆ خـــۆم، خـــۆم هێنابـــا نۆکـــەرم دەبـــوو ، شـــابا
هـــاتووم بـــەرەو کـــوێ دەچـــم مـــەزن یـــا ئەســـتۆ کەچـــم
پـــێش هـــاتنم لـــە کـــوێ بـــووم لـە کـام سـوێگە بەسـوێ بـووم
ڕێگـــــــەم نییـــــــە بپرســـــــم لـــــە ســـــۆفیلکان دەترســـــم
دەنـــــا دەمگـــــوت خوایـــــە بـــۆ چـــیتە ئـــەم ســـەرایە

ئەوجار ئامۆژگاری وشکەسۆفی دەکا و دەڵێ:

ســـۆفی چـــییە ئـــەو دەســـت و قـــول و قاچەڕەشـــەت
ئـــەم ڕیـــش و سمێـــڵ و چـــەنەگە و بـــارە هەشـــەت
هەســـتە بیـــشۆوە بـــە مـــەی، دڵ و، پاکـــەوە بـــە
مـــەیگێڕی بـــەدەس بگـــرە هـــەتا مـــاوە نەشـــەت

مێحرابـــی بـــەجێهێڵـــە لـــە مەیخانـــە تلـــێ
ئـــەو وادە کـــە شـــێخ داویـــە پێـــت، دوورە چـــەلێ
بـــەڕماڵ و جبـــەی بـــدڕە لەبـــەر پێـــی جـــوانێ
تۆبـــەت بکـــە شاباشـــی دەم و پـــرچ و ملـــێ

٦. ڕاوچی کوڕی چیا و شاخ و کەند و لەند و مێشە و مەزرا و لێڕەواری زەنوێر و زیندووی پڕ لە زیندەوارە. جریوەی مەلان و قاسپەی کەوان و بالۆرەی کیژان و دەنگی شمشاڵ و گۆرانی دڵبزوێن سەمفۆنیای ژیانی ڕاوچی پێکدێنن. دەبێتە ڕاوچی و بە دوای کەروێشك و باڵندە و نێچیری جۆراوجۆردا ڕژد و هەڵەمووت و یاڵ و لاپاڵان دەخولێتەوە و پێمان دەڵێ کە

بۆ گۆشت خواردن ڕاو ناکا و وەك وەرزیش و سەیران و گەشت و ڕاهێنانی قاچوقول و لەش و ئەندام، چاو لە ڕاو و شکار دەکا. لە لایەکی دیکەوە دەیەوێ لەم گەشت و گەڕان و پێوانی شاخ و کێو و دەشت و لاپاڵانەدا، سروشتی کوردستان لە هەموو بارێکەوە بناسێ و زانیارییەکانی لە سەر هەڵکەوتی جوغرافیایی و گیانلەبەر و گیاوگوڵ و ژیانی کوردەواری بنووسێتەوە و فەرهەنگی گەلەکەمانی پێ بڕازێنێتەوە. بڕوانەی خۆی لەم بارەوە چ دەنووسێ:

« ڕاو، ڕاهێنانی دەست و قۆڵ و قاچ و شانوملی و هەنگاوە. وەرزشە، ڕاسانە، پاشەکشێ و چنگەکڕێ و پڕتاوە، ... مەدرەسەیەکی ترس‌بڕە، ڕاوچی کوڕە خاوەن زیپك و بڕە، لە بڕەگان، لە لوورەی چەقەڵ و گورگ و سەگان، ... لە جندو دێو و مۆتە و ئاڵەی چۆڵگە و هەڵەتان، ناترسێ. ... ڕاوچی گیاناسە، دڕندەناسە، دوور نییە مەدرەسەی ڕاو بیکاتە قارەمان، بیکاتە سەرۆکی ڕاپەڕین و ڕاسانان و ... .

٧. مامۆستا ڕاوچی وەك لە خوێندنەوەی بیرەوەری و شێعرەکانیدا دەردەکەوێ ژیانێکی پڕ لە ڕووداوی سەیروسەمەرەی تێپەڕاندووە و ئەندامێکی دڵسۆز و هەڵسووڕاوی کۆمەڵگای خۆی بووە، ماوەیەك لە ژیانی بە چالاکی سیاسییەوە خەریك بووە، مەلایەتی کردووە، ڕەنج و مەرارەتی زیندانی کێشاوە، لە شار و گوند ژیاوە، فەقیری و نەداری و هەوراز و نشێوی ژیانی زۆر دیوە و ئەهلی قەڵەمێکی هەستیار و ئەهلی کتێب و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بووە، شاعیرانی کۆن و سەردەمی باش ناسیوە و ئاسەواری خوێندوونەتەوە، لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و فەرهەنگیدا بەشداری کردووە... بە کورتی کوڕی مەیدان و گۆنگەڵان بووە. لە ڕووداوەکان پەندی وەرگرتووە و بەرهەمی ژیان و ئەزموونەکانی دەکاتە دەرس و ئامۆژگاری بۆ بەرەی داهاتوو. باوەکوو دەگەڵ زۆرێك لە شاعیران هاموشۆی بووە و بە هەزاران شێعری کۆن و نوێی خوێندۆتەوە، نەکەوتۆتە ژێر کارتێکردنی شاعیرانی دیکە و سەبك و شێوازی سەربەخۆی خوڵقاندووە.

من لە خوێندنەوەی دیوانی شێعرەکاندیا تەنیا لە دوو قەسیدەی "پردی سوڵتان" و "ئاشی ئاغای"دا برووکە کارتێکردنێکی "بەرەو موکریان"ی مامۆستا هەژارم هەست پێ کردووە،

ئەگینا ڕاوچی وەك شاعیرێکی گەورەی پسپۆڕی زبانزان و خاوەنسەبك و شێوازی تایبەت دەناسم و هیوادارم سەرجەمی ئاسەوارەکانی ئەم بلیمەتە بکەوێتە بەردەست ڕووناکبیران و بە وردی بکەونە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوەی خاوەنڕایانی زیت و زانا و کتێبخانەی کوردی بەم بەرهەمانە زۆرتر برازێتەوە.

مەهاباد

١٢ی جۆزەردانی ١٣٨٩

راوچی شاعیری وەتەن و جوانی(ئاسۆ)

یەکەم جار لە ماڵی حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا محەمەدی قەڵەندەر، لەگەڵ مامۆستا برایمی ئەفخەمی سێ بە سێ دانیشتبوون بە خزمەتی ڕاوچی گەیشتم. مێزەری مەلایانەی بەسەرەوە بوو. بە تووتن و پەڕ سیغاری دەکێشا، ژوورەکەی کردبووە دووکەڵ. حاجی مامۆستا یەکجار قسە لەڕوو بوو. . خودا هەر سێکیان عەفوو کات، هیچیان نەماون . دەنگی هەموو کەسی دادە لە سیغار کێشاندا. بەڵام هیچ بەم نەدەکوت. هەر سێ مەجلیسیان هێندە گەرم و گوڕ بوو هەر نەبێتەوە. من بەسەردا کەوتم. مامۆستا ڕاوچی نەیناسیم. مامۆستا ئەفخەمیش منی بە مامۆستا نەناساند. حاجی مامۆستا کوتی: مەلاکەریم! حەمەسەعیدیش شاعیرە! من کە تا ئێستا نەمزانیبوو ئەو شەخسی سوەمە مامۆستایە، ئەوجار جۆرێ دەیدواندم و ئەویش منی پێ سەر ڕووتێکی هەڵە و هەرزە بوو، تەنانەت پێی ناخۆش بوو مەجلیسەکەم لێ تێک داون. لەبەر ئەوە هەمیەتێکی وای نەدامێ. تا باسەکەیان هاتە سەر مامۆستا هەژار. من کە مامۆستا هەژارم پێ گەورەترین شاعیری کوردە، لە حەیفان دژی ڕاوەستام. مامۆستا ڕاوچی فەرمووی: «تەککوو خوڵا غەزەبت لێ گرێ؟ جا بابم هی وا هەیە دەڵێ خودا نییە!» ئاوام ناسی. تا پێی کەوت دوای ماوەیەکی زۆر بە خزمەتی گەیشتمەوە. فەرمووی: ئاسۆ! ئەتۆ منت وەك سەرچنار نەهاتە بەرچاو وا لێم ناپرسی؟» عەرزم کرد: «چۆن مامۆستا؟» فەرمووی: «یەکجار زۆر بە ئاواتەوە بووم جارێ سولەیمانی و سەرچنار ببینم. کاتێ چووم دیتم سەرئاوێکی ئاسایی و چەن کوڕی عەرەقخۆر و یەکێ دەڕشاوە و یەکێ بەلادا کەوتبوو، ئیدی بۆ هەمیشە سەرچنارم لەبەر چاو کەوت» . هەڵبەت مامۆستا ٣٠ ساڵ لەمەوبەر چووبووە سەرچنار، دەنا سەرچنار ئێستا تۆزێکی ماوە ببێتە بەهەشتی سەر عەرز . ئاسۆ تۆش منت وا نەهاتە بەرچاو؟» عەرزم کرد: نەخێر قوربان! هەر پێی نەکەوتووە بە خزمەت بگەم. ئیدی لەو ڕۆژەوە بوومە موریدی ئەو زاتە گەورە بونی هەژاری لێ دەهات. پیری سیاسەت بوو، عاشق بوو، عاشقی نیشتمان و جوانییەکانی، باسەواد و خەتخۆش، بەڵام یاخوا دوژمنەکەشم سیاسەتزەدە و دابڕاوی سیاسی نەبێ. لەپێشدا ئەوەی لەبەر چاوی دەکەوێ ئەدەبیاتە، لە

هەموو شتێ هەڵدەبڕێ. مامۆستا مەلاکەریمێ کە عەلی خانی تیکانتەپە ساڵی ١٣٣٨ لە زیندانی قەسری قەجەر ئاوای پێدا هەڵکوتووە:

« کاک مەلاکەریم ساردەکۆسانی ڕێی سەرکەوتی هۆزیان زۆر باش دەزانی»[١]

هاتبووە بۆکان ببووە ددانسازی تەجربی. قەڵەمی فڕێ دابوو، گازی ددانکێشی گرتبووە دەست. تا خودا کردی و بە نێوی مەلا، مێزەرە سپیە جوانەکەی بەستەوە و چوە سەردراباد و ترکاشە. ئەمجاریش دەروێشان! لەو چەند ساڵەدا تەواو گەڕایەوە سەر شێعر و ئەدەبیات. بەڵام کوێر بم، تازە پیر ببوو. ئەو زەوقە تەڕ و تازەی غوباری پیری و تەنیایی لێڵی کردبوو. جارجار کە ناتەبایی وەزن و قافیە لە شێعریدا دەردەکەوت هی ئەو دابڕانەیە لە ئەدەبیات و دەرەنگ هاتنەوە سەری. جارجار کە بەخۆییم دەسنیشان دەکرد دەیفەرموو: «خۆ دەزانم وایە، بەڵام تازە لەوە چاترم بۆ نایە. وەڕەز بووم لە هەموو شت»

چەند جار نامەمان بە شێعر و نەسری موسەجەع بۆ یەک دەنارد. خودا ماڵی کوڕە چکۆلەکەی (کاوە) ئاوەدان کاتەوە، قۆڵی هیممەتی هەڵماڵی و ئەو گەنجینەی لە شاراوەیی و تەپوتۆز خواردن وەک زۆربەی دیوانی شاعیرانی قەدیمی کورد ڕزگار کرد و قەرارە لە چاپی بدا. هیوادارم زوو لە چاپ بێتە دەر تا خوێنەران بزانن ڕاوچی چەندە عاشقی وەتەن و جوانییە، چەندە کوردی زانێکی بێوێنەیە. زمانی شێعرییەکەی چەند لە هەژاری ڕەحمەتی نزیکە. یادی بە خێر بێت و دەستی کاوە گیانیش خۆش بێت و لەم هەوڵەدا هەر سەرکەوتوو بێت.

بۆکان. هاوینی ١٣٨٤

---

[١] چێشتی مجێور. عەلی خانی بیگ زادەی باپیری « شێواو» . لەگەڵ قەڵەم. ل ٣٦

پێشەکی مامۆستا حەسەن سەلاح « سۆران »

ڕێزدار کاك کاوە

زۆر سپاس بۆ ئیمەیلەکەت، کە بە تاسەوە نامە سەر هەر دوو چاوان. من هەر تازە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. دیارە بە بنەوەشت و شێلگیری کەڵك لە دیارییە بەنرخەکانت وەردەگرم. هەر وەك وتم ماموەستا « راوچی» یەکێك لەو کەسانە بوو کە قەت نامرێ و دەبوایە گڵکۆی پیرۆزی لە تەنیشت ماموەستا « هێمن » دروست بکرایە و پەیکەری لەکن « مامە ڕیشە »، بەڵام دڵنیام کە لە مەیدانی دڵی هەر کوردێکی دڵسۆزدا، بە بەردی مەرمەڕی چیای سەربەرزی قەندیل، پەیکەری بۆ ساز کراوە و ناوی لە مێژووی وێژەی کورددا، بە دێڕی وا دروشت و زێڕین دەنووسرێ،کە هیچ تۆفانێك ناتوانێ بیسرێتەوە. بەڵام بە داخەوە مرۆڤە مەزنەکان تا نەمرن ، زیندوو نابنەوە. سپاسیش بۆ تۆ کە وەك ڕۆڵەیەکی بەئەمەك و وێچوو، جێی ماموەستات چۆڵ نەکردووە و لەبیرت نەبردوەتەوە، هەر سەرکەوتوو بی.

برات: ح. س. سۆران[١]

---

[١] مامۆستا سۆران یەکێ لەو کەسایەتییە مەزنانەیە ساڵی ٢٧٠٨ی کوردی وەك کوردێکی نیشتمانپەروەر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل ناونووس کراوە. منیش بەو هەواڵە گەشامەوە پیرۆزباییمان لێ کرد و هەروەها هێندێك لە ئاسەواری مامۆستا راوچی و هەوڵە گۆڤارییەکانی خۆم بە دیاری بۆ نارد. بەو هیوایەی سەرکەوتوو بێ و دڵی نیشتمانمان وەحەسێنێ. ئەویش بەو ئیمەیلە وەڵامی دامەوە و گەورەیی خۆی بەجێ هێنا. زۆر سپاسی دەکەم.

دڵۆپی ئەسرینی ئازادی لە شەوی بێدادیدا

کاوەی ڕاوچی

وەکـــــوو چـــەنگە ژیـــانی تفـــت و تـــاڵم
بـــە چـــنگ و خـــوێن لەگـــەڵ چـــەنگم دەنـــاڵم
ســـــەری نینـــــۆخم میـــــزرابن خــــوراون
بـــە دەس دوژمـــن و یانـــە دۆســـتی زاڵـــم

خوێنەری بەڕێز! تۆ هێژای و زۆر شارەزای. گوێ بگرە لێم بە دڵ، بە کوڵ، بۆ دڵی کڵۆڵ، بۆ کوڵی شڕۆڵ، بۆ بۆکڕووزی هەناسەم، بۆ دەروونی پڕ لە تاسەم.

باش دەزانی هەر بنیادەمێ هێندی شانازی و ئاوات لە دڵیا ڕیشەیان داکوتاوە و دڵ و دینیان لێ هەستاندووە، لێ بوونە هاواڵ و هاوماڵ و هاوپیاڵەی شەوگاری تەنیایی و ڕۆژانی بەژانی هەڵوەدایی. ورێنەیان لەگەڵ دەکات، دەیدوێنن، دەیگریێنن، چەشنی ئاور دەیسووتێنن. یانە ئەوەی بۆی ئەبنە باڵ دەیبەنە حەوێقی حاسمان. لە خەوی شیرینی دەکەن، چن ئەوانە؟ گوڵن؟ کوڵن؟ سۆزی دڵن؟ دوڕن، ئەوانە مەرجانن، بڵێسەن و گڕن، گزنگی تیشکی ڕۆژانن، گوڵاڵە سوورەی ئەوینن، بەرزن، تەرزن، ودمی دەمی مێشەنگوینن، لەمەش زیاتر لە زەمان و زمانا ناگونجێن، عەقڵن، مەنتقن، زانستن، یەکە یەکە و بەڕێ و جێن. بەڵام زەمانە بێئەمانە، ڕۆت دێتێ هەڵتدەپەسێرێ، شنەی شووبای دێراوی ژینت لێ دەکاتە گەردەڵوولی تابووتی مەرگ و هەڵلووشین. دەراوی کانیاوی ژیانت لێ دەکاتە شەختە و بەستەڵەك. ئە بەو حاڵەش، لەنێو گەڕی شانازیدا کیژی ئاوات دەستت دەگرێ و دڵت دەبات بەرەو شەقامی خەبات. دەڵێ: تا ئاسۆی ڕوون، لە خەم و پەژارە ون بوون، کووچەیەکە، مەودایەکە، یان شەپۆلی گۆرانی و مۆسیقاییێکە، لە ڕاستییا، دڵت نایێ پڕ بە دڵ باسیان لێ بکەی، تێر بە چاوان بیاندوێنی. هی وایە بەقات پێ ناکا، هێندی تر ڕادەمێنن، دەڵێن «ئەسپەك لەسەری داوە»، بەسەری ڕووت و بە دەمی خاوێوە دەڵێ چی. ئاخۆ هەشن، شێت و شیدای ئاسۆی گەشن، لەگەڵت دێن، دەتدوێنن، بە ئیمایی دەتهەژێنن.

لە لایەکی دیکەوە تەمەنی لەمێژینەی مێژوو، نیشانی داوە کۆچی گەورەپیاوان نەمردنە، باڵ گرتنە، لە دونیای قوڕینەوە بەرەو کۆشکی بلوورین و بەختەوەری ئەوینەوە. ئەو کەسانەی بە خوێنی گەشی خۆیان و یان تیشکی بیر و مێشکی لەشی خۆیان نەمامی زانست پاراو دەکەن و ڕچەی ڕزگاری ڕەچاو دەکەن و دێراوی ژین بە ئاوی ئەوین دەدێرن، نامرن و هەتاهەتایە زیندوون و «ڕۆژێ لە ڕۆژان دێنەوە» چەشنی ترووسکەی مانگەشەو یان وەك قاسپەی خاسەکەو، چاوی لێڵی دڵدار و شەوپەڕی نەتەوەی هەژار و ئەویندارى گەلەکەیان گەشاوە دەکەن، وێنەی زناو دەژینەوە و تونیایەتی زەین و زەوین دەشکێنن.

یەکەمین شانازی:

- سوپاس بۆ خوای خاوەن بزە و بەزەیی، کەوا بە کوردی لە قەڵەم دام، کردمی بە کوڕی کوردێکی نیشتمانی و خاوەن قەڵەم، وەك مامۆستا «ڕاوچی» ساردەکۆسانی. ڕاوچییەکی بە مەچەکی «تەرت و تەلان و سۆی» مرۆڤێکی خۆڕسکاوی لە سەر لاقی خۆوێستاوی خواپێداوی نیشتمانی جوان و لەمێژینەم. ئەو بنیادەمەی بە درێژایی ژیان، گوڵی تەمەنی بۆ تەمەن بۆژوو نەکرد. هەر لە سەرەتای کرچ و کاڵیدا بە پێی یاسای بنەماڵەی لەسەر دەستی خوالێخۆشبووی بابی مامۆستا «سەییادی[1]» سوێند دەخوات و دەڵێ:

سوێندە خواردوومە لەسەر دەستی تۆ

خەت نەدەم خاڵ و خەت و نەخشی تۆ

- هەتا دوایین ساتەکانی ژیان لەسەر ماف و داوای ڕەوای خۆی و گەلەکەی ڕاوێستا. لە قەراغ ژیانێکی پڕ لە خۆشی و حەسانەوە، دونیای بێگەردی رووناکبیری هەڵبژارد. بە شێوازی تایبەت لە حاندی نەیاران و نالەبارانی نیشتماندا هەڵوێستی گرت و خەونی خەواڵووی ڕژد و چاوچنۆکانی لە گوڵە شێعری «هێشتا هەر هەم دا» بەرپەرچ داوەتەوە و دەیکردە هەوێنی ژین وبناغەی ئەوین، هەر وەك خۆی دەڵێ:

---

[1] مەلا موحەمەد حەسەنی عەزیزی ناسراو بە مامۆستا سەییادی (١٣٣٠-١٢٥٠) هەتاوی ژیاوە ، بابی مامۆستا ڕاوچییە. خۆشنووس. قسەخۆش و تەخمیسبێژی ناوچەی موکریان بووە و لەگەڵ مامۆستا «ئاوات» و گەورەپیاوانی ناوچە تەمەنی شاعیری بردۆتە سەر.

دەســــگرە و هـــەنگلێ جـوانی بــەس نــین

چــۆن لـــە کــڵ دێتـــە دەرێ ئـــەو شـــەرتە»[١]

ـ بە پێچەوانەی گەلی وشکەسۆق و خۆ بەزل زانان، هێدی هێدی لە ئاسکی خەیاڵ دەبێتە میوان. لەو پەڕی سنووری بێسنووری وتارەوە، تاری ژیان و ئیمان دەس دەداتێ و بە نەغمەی غەزەل و گمەی چیرۆك و لەنجەی پەخشان کۆنسێرتی ئەوین دەڕازێنێتەوە و نازناوی «راوچی» هەڵدەبژێرێ و دەڵێ:

«راوچـــی» دەوێ دەبـــێ کــــوڕ بـــێ

هــــەنگێوە بــــێ، گورچــــووبڕ بـــێ

دەنـــــا هەســــــتی کــــز و چــــرووك

بــــۆی نــــاگیری هــــۆنراوەی بــــووك

ـ «مامۆستا ڕاوچی» خۆشوێژ و دڵتەڕ، گیرۆدەی دولبەری دڵبەری «ئازادی» دەبێت. زەرد و بەرد و ماە و هەڵەمووتان تێپەڕ دەکات. گوڵی گیانی شەهید و جوانەمەرگان بە سیحری شێعری خۆی تەڵقین دەدات، بەڵام مخابن لە دوایین ساتی ژیانیدا دەڵێ: «ئەوەی دەمویست بە چاوان بیبینم، نەمدی»[٢] تۆ بڵێی چەنێ نیگا و چاوبڕکێنەی.

ـ مامۆستا ڕاوچی، سیاسەتی لە پێناو خزمەت بۆ مرۆڤدا چاو لێ کردووە و هەر بۆیەش لە بواری دەسەڵاتدا لەو پەڕی ڕێز و قەدرەوە ژیاوە. سەرەتای ژیانی سیاسی لە دامەزرنی کۆمارەوە دەس پێ دەکات و دەڵێ: «نەخشێکی مامناوەندیشم دەگێڕا و جاروبارەش زاڵم و زگزلەکانیشم لە ڕۆژی لاوازی ڕەزاخان دەترساندن»[٣]

ـ ساڵی (٤١-٣٨ی) هەتاوی لەگەڵ ڕووناکبیرانی[٤] گەل دەکەوێتە گەمارۆی ساواك و دەخرێتە زیندانەوە و ئاوا دەڵێ:

---

[١] – شێعری پەندی پیران بۆ لاو و ژیران

[٢] – داهاتوو، ڕەزبەری ٨٠، ژومارەی٤٢، ل ١١

[٣] – گۆڤاری مهاباد، ژ٤، ل٨

[٤] – بەشی زۆری ئەو ڕووناکبیرانە بە بیانووی دزی و ڕێگری لە لایەن ساواکەوە گیران و هەڵاوەسران یان لە دوای ماشیندا ڕایاندەکێشان، هێندێکی تر شاربەدەر دەکران، یان شەهید کراون و یان بی سەر و شوێن دەکران.

کەوتنە ناو بەندەوە لاوانی زیت

قەسری قاجار و قزڵقەلعەی خیت

دوور لە تۆ «ڕاوچی» بەشی پێبڕابوو

دەس بە دەسبەندەوە بەندی کرابوو

سی و هەشت تا چل و یەك بەندی بوو

دەرد و ئازار و شکەنجەی دیبوو[١]

- کۆچ و بەند، نە تەنیا جەستەی بەستەی هەستی خەستی مەستی ڕاوچی ناتەزێنێ و مووی ئیمانی نالەرێنێ، ئاخۆ بۆی دەبێتە تین و تەوژمی ژیان و ئاوا دەڵێ: «باشترە وا بێژم دەسی دەسدرێژان خۆش بێ کە لە ناخۆشیدا کردیانم بە شاعیر و ناڵەیان هاویتمە ناو سندووقی گەلی کوردەوە»[٢]

- کاتێ لە زیندان ڕزگار دەبێت وێڕای پێوەندی لەگەڵ ماموستا «ئاوات» و گەورە پیاوانی ناوچە، بە ماڵ و منداڵەوە بەرەو گوندی «شێن»ی کوردستانی باشوور وەڕێ دەکەوێ و بۆ ماوەی چەن ساڵ وەك ماموستایەکی ئایینی و بەرپرسێکی سیاسی لەو گوندە ڕەزاسووکەدا دەمێنێتەوە.

- لە لایەکی دیکەوە بەشی زۆری ئەرکی کۆمەڵ و گۆڕانکارییەکان دەخاتە سەر شانی شانەی قەڵەم و چینی خوێندەوار بەرەو کۆشکی خوێندەواری هان دەدات و دەڵێ:

هەستە بخوێنە برا مێشتە زووە

زەحمەتی تۆ بۆ بەرەی داهاتووە

پاشی مردن پاشەڕۆکی کردەوەت

بەرهەمێکی پایەدارە بۆ نەوەت

- لە ڕاستییا بیر و بڕوای ئایینی، هێزی نیشتمانپەروەری، هۆگری بە سروشت و هەواری لادێ و کتێب و قەڵەم و ... خاڵەکانی دیکەی سەرکەوتنی بابم لە ژیانیدا بوون. ئەگەر

---

[١] - شێعری پردی سوڵتان

[٢] - گۆڤاری مەهاباد، ژ٤، ل٨

هەڵوەدایی، دوورە وڵاتی، دوورە هاڤاڵی، کۆچ و زیندان، نەخۆشی و هەناسە ساردی لێ گەڕابایە، لەگەڵ قەڵەم دەبووە هاوبەش و هاوباوەش، کوڵ و کۆی دلێ کلۆلی پێ دەڕشت.

ـ پڕ بەدڵ دەڵێم، مامۆستا بەر لە زەمان هەنگاوی هەڵدێناوە، بە زمانی ڕەسەن و پاراوی کوردی، وشەی تیر و تۆخ، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری دەنەخشاند و بسکی پەخشانی دەکردە شۆڕابە و لەو هەوارە خۆشەدا ڕەشماڵی چیرۆکی هەڵدەدا و هەوارگەیەکی پڕ لە بەیت و باو و قسەی نەستەقی دەڕازاندەوە. بە ئیمایێ گوڵەکانی کێوی دەهەنگاوتن و کەوی دەکردن، بە دیاری «خەرمانی گوڵان» پێدەشت و چڕ و لێڕی ژیانی کردۆتە جارە گوڵ و هەستی نەتەوایەتی گوڵ دەکا و دەڵێ شلێر و شەشپەڕ و زۆربەیان هی گەلی کوردن و ماڤ کەسیان بە سەرەوە نییە و ئاوا دەیان دوێنی : «من ناوی ٤٤٥ گیا و گوڵم هێناوە لە گیاگە کەم پرسیوە. خەڵکی کوێی، دێمی، بەراوی، باڵت چەندە، تامت چۆنە، بۆچی دەبی، کە دێیە دەرێ ، کەی گوڵ دەدەی[1] و... گیایەکەش وڵام دەداتەوە.

ـ لە بیرەوەرییەکانی وا دەردەکەوێ یەکەم مامۆستای شێعری ڕاوچی، بابی واتە مامۆستا «سەییادی» بووە و دەڵێ: «چونکە باوکم خۆی شاعیرێکی بەزەوق و خۆشبێژ و دەسخەت جوان بووە و لە سەرەتای خوێندنەوە هەوای شێعر و وشەی ڕێك و پێکی ئاوێتەی مێشك و خەیاڵ و ڕۆحم بوو[2]» یان دەڵێ: «شێعر پێم وایە لە شعوورەوە دێ، شعووریش بە نیسبەتی کەسەکانە» ... شێعری مامۆستا هێمن و هەژاری لای بەرزە و دەڵێ: «مامۆستا هەژار و هێمنی نەمر مەسەلەی زۆر جوانیان وتووە. ئەمن بەڕاستی لە خۆشی مامۆستا هەژارەوە دەستم دا قەڵەم و...»[3] لە ڕاستیدا لام وایە ئەوەی مامۆستا نووسیویەتی «بۆ دڵی نووسیوە و ماڤ خۆیەتی لەسەر دڵ کاریگەر بێت.»

ـ بە چاوخشانێ بەسەر ئاسەواری مامۆستادا بەم مەبەستە گەیشتم زۆر عاشقانە دەس پێدەکەن لە نێو وەرزی عیرفانا چرۆ دەردەکەن. لە ئاکامدا نووسەر دەبێتە قەقنووس و ژیلەمۆ و گڕێکی بەتینی نیشتمانی بەژن و باڵای داگیردەکات. هەر وەك لەو شێعرەدا دەڵێ:

---

[1] گۆڤاری سروە، ژ٢٠٤ . ل٣٨

[2] - داهاتوو، پووشپەڕی ژ٣٦ ، ل٩

[3] - سروە، ٢٠٤، ل ٣٧ (وتوویژی کاك ئەمین گەردیگلانی و کاك عەبدولخالق یەعقووبی لە گەل مامۆستا ڕاوچی.

خەڵکی تەلان و تەرت و سویم

خونچەی نەدێراوم لە دێم

شەرت و مەرجم تێک ناشکێ

لەتلەت کرێم بۆ گوڵ دەدوێم

- سەرەڕای عیشق و عیرفان و نیشتمانپەروەری زۆر تر لە دوو بەشی تەمەنی عومری باسی تەرەکەمەیی و هەڵوەدایی خۆی و گەلەکەی دەکات. لە خودا دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

خوا ئەی ڕێبەدەستی ڕێزمانان

دە باسی مەش بهاوێ سەر زمانان

زمانی شێعری ڕاوچی وا بگێڕی

کە مێژوو بەرهەمی بگرێ لە زێڕی

- بە هێزی پێنووس درووشمی پەخشان نوێ دەکاتەوە و چیرۆکی «عاشقانە و ڕیالیستی» «بووکی گۆڕستانی کۆن» دەکاتە تابلۆیەکی جاویدانی.

- وادیارە مامۆستا نە تەنیا شاعیرێکی نەتەوەیی و سەرکەوتوویە ئاخۆ دەتوانی نووسەرێکی میللیگەرا و هەڵکەوتووش بێت، کەم نووسین و جوان نووسین، هۆیێکی دیکەی سەرکەوتنی دونیای قەڵەمی ئەو بوون. چیرۆکەکانی، پەخشانەکانی، نامیلکە ئەدبییەکانی بەڵگەی ڕاستەقینەی ئەم مەبەستەن.

کاتێ منداڵ بووم:

هەر لە سەرەتای منداڵییەوە نێوی کاوەی بە گوێدا چریکاندم. گەلێك جاران بە ئەم شیعرە بەرزە زۆری دڵخوشی دەدامەوە:

«کاوە کوتکی شکاوە بێچەرمە

خوێنی لاوان کە لە بیر کا، شەرمە»

- دەم بە بزە و قسەخۆش و سەر و ڕووخۆش بوو. نێوی نوێ و پڕ لە حەزی بۆ منداڵەکان دیاری دەکرد. وەك هەژار، هێمن، شۆڕش، کاوە، هیوا، هێرش، ڕازاوە و... کۆی دەکردینەوە

و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵگاکانا شێعری پێ دەخوێندینەوە. وێنەی سۆزێکی مەسیحایی کۆرپەی دڵی ئێمەی دەلاواندەوە. بۆ یەکەم جار لە جێژنی ڕووخانی شادا لە ئاوایی ساردەکۆسان ئەم شێعرە ڕەزاسووکەی فێری منداڵانی ئاوایی کرد و بۆ ماوەی حەوتەیێ لەم ناوچەیەدا بوو بە جێژن و شایی. شێعرەکە ئاوا دەستی پێدەکرد:

و ....

ئێمە کوڕی دێهاتین عاشق بە بەرد و تاتین
ناترسین و ناپەروین فیدای خاک و وڵاتین

و ....

ـ بەرەو دنیای بێگەردی ئەدەبی کورد سەرنجی ڕادەکێشاین. بەیتی «کاوە و زوحاک»ی بۆ من و هاوڵەکانم دەگێڕاوە. کاتی نوێ بوونەوەی ساڵ بە گڕی بەتینی نەورۆز گوڕ و شینی وە گڕوگاڵ دەخستین. بە ئیشتیا تام و چێژی زمانی کوردیمان کردبوو. وە بیرم دێ ساڵی ٥٩ بوو. جەژنی لەدایک بوونی پێغەمبەر «د» لەگەڵ هاوڕێکانی لە دەراوی گوندی مووسی[١]دا لای دا و نوێژی عەسریان کرد و شێعری منداڵانەی «یا محەمەد»ی بۆ نووسیم کە ئاوا دەستی پێ دەکرد:

و......

یا محەمەد یا محەمەد یامحەمەد
ئاسمان گرتی تەدارەك یامحەمەد
ڕۆژی بوونی تۆ موبارەك یامحەمەد

و......

---

١ ـ ئەم گوندە سەر بە ناوچەی گەورکی موکریانە

- ئاخرین جاریش ماوەیێ بەر لە کۆچی، شێعری بەرزی «تێمیسکە»ی پێ لەبەر کردم. شێعری «گۆچانی» بە خەتی نەستەعلیق پێ نووسیمەوە و کردییە دیاری[١]. جاروبارەش بە «مامەکاوە» نێوی دەهێنام. ئەگەر کارەکەمی بە دڵ بایە دەیگوت:ئافەرین «بێچووە قاز» و....

لەگەڵ کێو و شاخ و داخ تێکەڵی کردم. بەژنی بووکی سروشتی بۆ کردمە سەرچاوەی ژیان. ئەو گفت و لفتە شیرنانەم لێ ببوونە مەکۆی ئەوینداری و ڕچەی ڕزگاری. بۆیە بڕیارم دا کوڕێکی بێ‌ئەمەك نەبم.

کۆچی «ڕاوچی»:

باوەڕم نەدەکرد بەجێم بێڵێ. پێم وا نەبوو باب مردن هێند گرانە. دەردە، ژانە، چۆڵەمەی ئەستۆ شکانە، بێ‌هیواییە، ماڵ‌ڕووخانە، حاسمانی ژین تێك‌قرمانە. مامۆستا هەژار وتەنی: «ئەوەی لە دەوری ئاورە کوا دەزانێ چیە ئێشی ناو ئاور».

- بە داخەوە لە بەرەبەیانێکی بەهاریدا گوڵی ئاواتم هەڵوەری و لە لایەن برا گەورەکەمەوە کاك مەحموودم، هەواڵی کۆچی ئەو بەرزە ڕۆحەم پێگەیی. وەك کەوان وێکی هێنام. زرینگەی ئەو سەفەری بێ‌گەڕانەوەیە ئاورینگی لە دڵم کردەوە. قەڵەمی دەست و پێی شکاندم. وەکوو هەتیو بێ‌پەسیو مامەوە. دوایین پشووی جۆزەردان، ماڵ‌ئاوایی و دەس لێك بەردان، کزەبایەکی سارد و حەزرفین، خورپەیەکی لەناکاو و دڵتەزێن. هەستم کرد مانگی ئاوات و تاڤی لاوەتیم لە ئاوا بوونە.

- بەڵام ڕێز و گەورەیی گەل، سەبارەت بە کۆچی مامۆستا ڕاوچی بۆم بوو بە شەفا و هەل، لەرز و نۆبەتی بۆ بڕیم. سەرەڕای هەموو بیرەوەرییەك هاتمە سەر ئەم بیرۆکەیە، ئەو جۆرەی شایانی بوو و نیشتمان دەیناسی، ئێمە نەماندەناسی. نووسەر جوانی وتووە: «میوە کاتێ دەگا لە دار دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام شاعیر کاتێ لە دار دەکەوێتە خوارەوە دەگا» سوپاس بۆ هەموو لایەنێك.

---

[١] - ئەم شێعرە بۆ گۆچانی «مەلا حەسەنی سەعدی‌زادە»ی گۆڵی وتراوە.

چلۆن ئاسەوارەکەییم کۆ کردەوە؟

دوای ماوەیێ سرێو و قوڕ و قەپی، وەك بەچکە هەڵۆیێك، سەر لێشێواو و هێلانە لێڕووخاو، شڕ و دڕ لە چڕ و خڕ هاتمە خوارەوە. خۆم خستە ناو دەریای مەندی مەکتەبی ماموستا «راوچی»یەوە. دەستم بە سەر ئاسەوارەکەی داگرت. دیتم ئەوەی لێی دەگەڕام لەوێدا بوون. لەگەڵیان بوومە هاوگەڕ. دەبوو کۆ کرێنەوە، بیان‌نووسمەوە، لێرە و لەوێ بیاندۆزمەوە. چەشنی گەوهەری یەکدانە، بیانکەمە سوورمە بۆ چاوان. یا نە، ببنە هێزی هەناو و مەشخەڵی ژینی تێكچڕژاو.

بە پێی وەسیەتی بابم و ئەرکی بنەماڵەیی و چاوەڕوانی گەل، ئەم ئەرکەم بە ئەستۆ گرت و خۆم پێوە هەڵواسی. ئەویش خۆم و گەدوگیپاڵی شڕ، دڵێکی کویل و پڕ، قەڵەمێکی گێژ و وڕ. ئەو کارە پێویستی بە ڕاوێژکاری هەبوو و باری ئابووری دەویست. زەمانی دەخایاند. بۆ منێکی تاق و تەنیا قورس بوو. وابوو بڕیارم دا کۆیان کەمەوە، ڕێك و پێکیان کەم، لە دوای تایپ هەر بەشێ بدرێ بە کارزانی خۆی، هێدی هێدی هەنگاوم هەڵدێناوە. دەستی یارمەتیم بۆ لای خەڵکی بەئەمەك و خاوەن قەڵەم درێژ کرد. ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان بە یارمەتی ماموستایان کاك ناسر وەحیدی و سامالْ و ئەمین و... و ئەنجومەنی ئەدەبی سۆما بە یارمەتی کاك مستەفای ئیلخانیزادە و... کۆڕی ڕێزگرتنی «ماموستا ڕاوچی»یان دانا. ماڵیان ئاوەدان. منیش بە نۆبەی خۆم بەشداریم کرد و پشووم هاتەوە بەرخۆ و سوپاسیان دەکەم.

بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری مەهاباد دا، ئاگاداری کۆکردنەوەی ئاسەواری ماموستا ڕاوچیم ڕاگەیاند. لە کۆڕ و کۆمەڵگاکانا ئەم کارەم درێژە پێ دا. هێندێ نەوار و نامیلکە و... بە دەس گەیشتەوە. دیارە لە تانە و لۆمەش بێبەش نەبووم. بە هەڵکەوتیش دەسخۆشانەم دەبیست. بەڵام نە زۆریان پێدا دادەکشام و نە هێندەشیان پێ هەڵدەکشام. پێم وابوو «ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێ» ئەو پەلەیەی لە هێندێك جەماوەری بەپەلە هەبوو لە من نەبوو. هەر وەك ئەو دەردەی لە من بوو لەوان نەبوو. هەستم بە ئەمەش کردبوو نووسراوەکانی بابم، زۆر ڕازی نەبیسراویان تێدا هەن و نوێن، چی وام نەدیوە لە نێو ئەم ئاسارە بەنرخەیا کۆن بێ و یان بە

پێی زەمان، بایەخیان بێتە خوارەوە. لەبەر ئەوەی مامۆستا «ڕاوچی» پێشمەرگەیێکی کۆڵنەدەری ڕێبازی قەڵەم و نیشتمانەکەی بوو.

یەکەمین ئاوات:

بەر لە هەموو شت پێم خۆش بوو لە ونبوون بیانپارێزم. بە ڕێکوپێکی بگەڕێنەوە بۆ نێو دڵی نیشتمان. بەشی دووهەمی دیوانە شێعرەکە لە دوای کۆچی ڕاوچی کۆ کراوەتەوە. وتاری وا هەبوون بە چەن شێوە لە چەن ناوەرۆکدا لە چەن زەمانی جیاوازدا نووسرابوون و بڵاو کرابوونەوە. کە دەبوو لە بارەی مانا و کێشەوە هەڵسەنگێندرێن و هەڵبژێردرێن و دووپات نەبنەوە، لەگەڵ نووسراوەکانی مامۆستا یەکتر بگرنەوە. بۆ وێنە شێعری «سەری بێتاج» لە زۆر جێ بە نێوی «سەبرت هەبێ» و «تاجی بێسەر» هاتووە. یان شێعری «چەکی ڕزگاری» بە نێوی «شێعر چییە» هاتووە. «تێمیسکە» و «بزەی شۆڕش» چەن نوسخەی جیاوازیان هەبووە و لە ئاکامدا ئاخرین دەسنووس و بەرهەمی مامۆستا ڕاوچی نووسراوەتەوە و هاتۆتە سەر ڕوومەتی قاقەز. بۆ ئەم مەبەستە و بۆ پێداچوونەوە لە هەر بەشێکدا لە مامۆستایانی باش کەڵکم وەرگرتووە.

پێم خۆش بوو خزمەت بکەم و کارێکم لەدەس بێت. واتە «ئەگەر گوڵ نیم دڕکیش نەبم» ئەم بەرهەمانە بە زووترین کات لە تایپ بێنە دەرێ و بخرێنە ژێر چاپ و بگەڕێنەوە نێو کتێبخانەی دەوڵەمەندی کوردییەوە. لە ناوەندی کوردیکا برایان کاک محەمەدئەمین شاسەنەم و کاک عەلی جەوشەنی، بۆ کاری پیتچنین و ڕازاندەوە زۆریان یاریدە دام، دەستیان خۆش بێ و ماڵیان ئاوەدان. پێم وایە چم نەکردووە تەنیا ئەرکی بچووکی خۆم جێ هێناوە و ڕێی منەت نییە. ئامانجی منیش خزمەت بە گەلەکەمە. هەر لە سەر ئەم یاسایەش بە شوێن کارەکانی بابم کەوتووم. جیاواز لەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانا بەشداریم کرد لەگەڵ گۆڤارەکان و حەوتەنامەکان کارم کردووە و هەروەها چەن هەوڵێکی میدیای و رادیویی و .... ئاوێنەی ئەمنیش بیروڕای نیشتمانمە.

دوایین هەواری بەهاری تەمەنی ڕاوچی:

لەو ساڵانەی دواییدا شەپۆلی ژینی شار، غونچەی بەهاری دڵی مامۆستای نازدار ئازار دەدات و بە بیانووی مەلایەتییەوە بەرەو ئاوایییەکانی سەدراباد، ترکاشە و دەروێشان دەڕوا. هەر وەك مامۆستا سوارە دەڵێ:

«بڕۆمە دێ کە مانگەشەو

بزێتە ناو بزەم

چلۆن بژیم لە شارەکەت گوڵم

کە پڕ بە دڵ دژی گزەم ...»[١]

ڕاوچی و ژینی ساکاری لادێ و هاتوچۆی ئەدەبدۆستان و پێوەندی لەگەڵ گۆڤارەکان بەتایبەت گۆڤاری «سروە» و «مەهاباد» کەسانێ وەك کاك ئەحمەدی قازی و گوڵە لە ژین تۆراوەکان وەك کاك «مارف ئاغایی» و کاك «جەعفەری قازی» و... دیلانی قەڵەمی پتەوکردبۆوە لە کۆڕی شینگێڕی مامۆستایان دا هێمن، هەژار، حەقیقی، ئەفخەمی و خوشکە ژیلا و... شین دەگێڕێ و لە کۆنگرەکانی «مامۆستا حەقیقی» لە بۆکان و «مەولەوی تاوەگۆزی» لە سەقز و فەرزانەگانی کورد دا و ... بەشداری دەکات.

ڕاوچی و داوی مەرگ:

مامۆستا ڕاوچی لە مەرگ نەدەترسا، دەیگوت: «منەتی نەبێ، تەنیا لە جێدا نەمخا». هەربە پێی ئەو باوەڕە ماوەیەکیش بەر لە کۆچی بە شێوەی نەوار و سەفەر و نامە و دوعا و سلاو لەگەڵ ماڵ ئاوایی دەکات و ئاوا دەڵێ:

و...

لێم وەکو بن خزم و برا   لە ژین کووژایەوە چرا

و...

و دیسان دڵخۆشی کوڕ و کاڵی زێدەکەی و... دەداتەوە و دەڵێ:

---

١ – خەوەبەردینە. سوارە ئیلخانیزادە.

لات وا نـەبێ بابـت دەمـرێ — لـە گـۆڕا سـەنگەرێ دەگـرێ
لـە مـەرگی بابـت مەترسـێ — دوژمـن لـە کێلـی دەترسـێ
کێلی «ڕاوچی»و لـێ نـەگۆڕێ — داوای بردۆتـە بـن گـۆڕێ
کـێلم ڕۆژێ هەڵـدەتۆقێ — لـە چـاوی دوژمـن دەچـەقێ

ڕاوچی و کۆچی ماڵاوایی لە ژیانی دونیایی:

مەخابن زۆر مەخابن، مامۆستا ڕاوچی ئەو گوڵ بە دەمەی بە گوڵاڵەی سووری ئەوین هەڵاڵەی عەشقی بۆ ژین هەڵدەبەست، بە شێعر و پەخشان و وتەی جوان، فێنکایی دەخستە نێو کۆڕ و دڵان، دوای حەفتا و چەندێك تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشێو، بەرەبەیانی ڕۆژی ٣٠ جۆزەردانی ساڵی ٨٠ی هەتاوی، دوای وتووێـژ لەگەڵ خووای خاوەن بەیان لە گوندی دەروێشان لە ژینی پڕ لە ژانی دنیا ماڵاوایی کرد. بە هۆی نەخۆشی دڵ، دڵی گەورەی لە لێدان کەوت. هاودەنگ لە گەڵ سۆز و دەنگی خەڵکی بەسۆزی کوردستان لەشی گەشی لەگەڵ گڵ بۆ هاوبەش. بە پێی وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی میراوای بۆکان لە پەنای قەبری برای گەورە و دەنگخۆش و بەیتبێژی (حەمە مەلا) بە گڵ ئەسپێردرا. بە هەستی خەستی مامۆستایەکی هاوبەندی خۆی بە نێوی «مامۆستا محەمەدی قەبەغلووجە»[1] تەڵقین و گوڵباران کرا.

مامۆستا ڕاوچی، لە نێو گۆڕ دا هەدا نادات . سەر لە نوێ سەنگەر دەگرێ و مەچەکی ملهوڕ با دەدات. نووکی کێلی دەهاوێتە دڵی دوژمنەوە و دڵخۆشیمان دەداتەوە و دەڵێ:

بەرەو گۆڕم کە هاتی بۆم مەناڵە
بڵێ ئەم گۆڕە گۆڕی ڕاوچی زاڵە
ئەوەی بۆ گەل ژیا و ژینی خەلات کرد
مەزەی مێژۆکی دایکی پێ حەلاڵە

---

[1] یان مەلا محەممەدی ئیمامی کۆندەلان. مامۆستایەکی بە بنەماڵە کورد و مێژووناس و قسەخۆشە. لەگەڵ مامۆستا ڕاوچی لە زیندانا (ساڵەکانی ٤١-٣٨) هاوبەند دەبن. نووسەر و درێژەدەری هۆنراوەی بەرزی «شەماڵ و زریان»ە. ئێستا لە شاری سەقزە دەژی.

ڕاوچی لە ئاوێنەی کتێب و گۆڤارەکاندا:

١. گۆڤاری سروە، ژ ١٨٠

بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە دوای سەرەخۆشی و چاپی پەخشانی (پۆڕ و هەڵۆ)ی مامۆستا «ڕاوچی» شێعری «دڵدار»[1] چاپ دەکەن وا ئاوا دەڵێ:

...

ئەی پیری ژیری جوانی خاوەن بیر — زانا و پسپۆڕی بۆ گەلت شێلگیر

گشت کوردەواری بۆ تۆ دەکا شین — بە بێ‌فرمێسك لە چاو خوێن دەگرین

هونەری شیعر وێنەی بیجادە — ساکار خۆمانە زۆر بێ‌ئیفادە

....

٢. حەوتەنامەی داهاتوو، پووشپەڕی ساڵی هەشتای هەتاوی (دیمانەیەك لەگەڵ ڕاوچی) ئاوا دەڵێ:

«کاتێ هەواڵی کۆچی دوایی «ڕاوچی»م دا بە هەواڵێکی ئەدەبیم، بە بزەیەکی ساردەوە وتی: مەلاکەریم نەمردووە. بە سەرسوڕمانەوە وتم: عەمری خوای بەجێ هێناوە و جێی هێشتووین. پێکەنی و وتی: پیاوی گەورە قەت نامرێ. ئەو تەنیا خۆی لێ شاردووینەوە، ئیتر باوەڕم کرد «نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین»

٣. گۆڤاری موکریان، ژ ٣، پایزی ٨١، حوسەین خودکام:

شریتی ماڵئاوایی ڕاوچی کە لە زۆربەی ماڵەکان میوانە، بە پێوەرەی ئەدەبی، هەڵدەسەنگێنی و دەڵێ: «... شاعیر واتە خوالێخۆشبوو «ڕاوچی» لە شیعردا شێوازی کلاسیکی وەبەر چاو گرتووە، وا دیارە لە باری ناوەرۆکەوە بەرگی ئازادیخوازی و نەتەوایەتی بە بەردا کردوون» و...

٤. ئەمینی گەردیگلانی، مەرگە خەون، . شێعری پردی پرشنگ . ل٥٣)

......و

مامە ڕاوچی ڕەوەز و تەرت و تەلان

ئێستە کەی کاتی لە خەو ڕاچوونە

---

[1]. ئەبووبەکری بەنگینی

کە دییان کۆتەڵی بالات ڕووخا
دڵە کەرخۆر لە وڵات بەربوونە

و.....

بێ بژیو ماوە هەڵۆی لێژ و دڕاڵ
سیپە جێژوانی پەپوو و کوندانە
لەرزی قامکی پەلەپیتکەت سڕ بوو
چاوی سیرەت گڵی لێ میوانە

و....

مانگی سڕبوو سەری نا سەر ئەژنۆی
بە خەفەت گردە بڕی «بەردە هەڵۆ»[1]
شاخ سەری نا بە دڵی گوندەوە شەو
کەسەری کۆوە دەکردن کۆ کۆ

و.....

٥. ڕەسووڵ چووپانی «شوانە». دیاری شوان. شێعری گوڵواژەی ئەوین. ل٦٤:

و.......

تۆ کە سەرقافڵەی ئەویندارانی ئاواتی دڵی
خاوەنی سۆزی بەسۆز و ئەو دەروونەی پڕکوڵی
ڕاوچی دەشتی عەشقی پاکی، مامزی هیوای گەلی
داری بەر، پیریش دەبێ پڕبەرترن پەلك و پەلی

و.....

٦. مامۆستا نووری. شەوێك و خەوێك. بستووی ژیان. ل ١٢١-١٢٥

...و مامۆستا مەلا کەریم عالمێکی ئەدیب و هۆنەر و زانا بوو. هەستی نەتەوەیی هێند زۆر بوو کە مەسڵەحەتی بەڕێوەچوونی دونیایی لە پێناوی ئارمانی نەتەوەیی دەنا و...

---

[1] نێوی کێوێکی بەرزی موکریانە و لە پشتی گوندی ساردەکۆسانە، مامۆستا «ڕاوچی»ش شیعری بۆ داناوە.

٧. ابراهیم افخمی، تاریخ و ادب موکریان، ج٢، ل ٣٥٩-٣٥٤
سەرەڕای ئەوە ژیاننامە و وێنە و شیعرێکی «فارسی» و یەکی کوردی مامۆستا «راوچی» دەنووسێ و ئاوا دەڵێ:

«.... و در سال ١٣٣٨ خورشیدی در بیدادگاه حکومت طاغوت به ٥ سال زندان محکوم شد و با پشت سر نهادن محکومیت در زندان این شاعر بااحساس و هنرمند، وقت خود را تلف نکرده‌اند راه صنعت و حرفه را برگزیدند تا بیشتر برای جامعه خود مفید واقع شوند. در برگشت به خانه خویش با دست پُر برمی‌گردد با فراگرفتن حرفه‌های پزشکی خصوصاً دندانپزشکی، هم اکنون در این حرفه به خدمت مردم مشغولند و در ایام فراغت نیز با طبع ظریف و لطیف خود اشعار زیبا و جالب و جذاب می‌سرایند و دیوان اشعارش که هنوز به چاپ نرسیده است مملو از اشعار دل‌نشین با اصطلاحات مأنوس محلی و واژه‌های اصیل کردی می‌باشد و بموازات شاعری هم، نثرنویسی ماهر و نویسنده‌ای پرذوق در ادبیات کردی به شمار می‌آیند.»

٨. خۆشم پڕ بە دڵ لە پۆلە چوارینەیەکدا بە نێوی «بە بێ‌تۆ»دا، یادم لە بابم کردووە کە یەکیان بۆ وێنە دەهێنمەوە[١]:

و.......

کە شەوبای بسکی پەخشان دەمژەکێنێ
قەتارەی یادی تۆیە دەمڕفێنێ
لە ژێر تاقگەی هەواری سەوزی سۆزت
بە بێ تۆ بێکەسییە دەمڕەتێنێ

کە میزرابی بەیان دەدرێ لە تارت
«گوڵ و بولبول»[٢] پەشێون بۆ وتارت
بەرەو گلکۆی هەوارت دێنە داوەت

---

[١] – ئەم چوارینەیە زۆرە و لە ڕێوڕەسمی کۆچی مامۆستا کە کۆڕی «سۆما»ی بۆکان سازی کردبوو، خوێندراوەتەوە.

[٢] شیعرێکی مامۆستا ڕاوچییە بۆ شینگێڕی مامۆستا حەقیقی وتراوە.

لــە ســوێیان دەس بەژنۆیــە «بــەهارت»[١]

و ....

٩. کاک عەلی گوڵی (نووسەر) گێڕایەوە و وتی لە وتارێکدا باسم کردووە:

«زۆر جاران مامۆستا ڕاوچی دەیگوت، هیوادارم "کاوە"ی کوڕم لە دوای من وەك "خانی" کوڕی مامۆستا "هەژار" قۆڵی هیممەت هەڵماڵێ و شوێنەوارەکەم کوێر نەکاتەوە و ئاسەوارم بۆ کۆ کاتەوە و بە چاپیان بگەیەنێ».

لە کۆتاییدا بەم شێعرە هەنیسکی خۆشم هەڵدەڕێژم:

دابڕان

دەنگـی زەنگـی خێڵـی مەرگـە، هـەڵکزانی لـێم دەوێ
وا لەسەر بستووی شەمی ژین گڕ سووتانی لێم دەوێ
داخەکەم بۆ نەوگوڵێ، دڕکی خەفەت جەستەی تەزان
وا لـە جـێژوانـی خـەبات، گـوڵ هـەڵوەرانی لـێم دەوێ
هەر بژی ئەو سەردەمەی دەم، دەمدەمانی بوو، دەمێك
گوڵ لە عیشقی گوڵوشەی ڕووی بڕك و ژانی لێم دەوێ
چـی بڵـێم بـەم بـسکە خـاوەی وا لـە گێـژاوی خـەیاڵ
چەشـنی چـاوی لێڵـی دڵـدار، چـۆم و کـانی لـێم دەوێ
چـی بکـەم بۆو جام وشانەی ناو لەپی هەسـتی حـەزم
وەك کـوژاوی نـاو دڵـی شـەو، ڕەمـزی ژوانـی لـێم دەوێ
داخەکـەم بۆ خـاڵ و نەخشی ڕوومـەتی جـامی جـەمی
شـەونمی پـەلکی گوڵی ڕووی، بـای خـەزانی لێم دەوێ
ئاخ بۆ ئەم تاجە گوڵەی تـاجی سـەری بووکی وەتـەن
هـــەروەکوو چـاوی سـتێران، ڕاخزانـــی لـــێم دەوێ
دەك بـژی بـازی سـەفەر، خـاوەن زەفـەر بـۆ شـاپەڕت

---

[١] «بەهار و جێهەواری کۆن» شیعرێکی مامۆستا ڕاوچییە.

چەشنی بەژنی ڕووی شەمیدە دوو جیهانی لێم دەوێ
چەقلی چاوی تاج و تەختی بزگوڕی «کاوە»ی دلێر
ئەو غەزالەی باغی زانست، دابڕانی لێم دەوێ

براتان: کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچی

٣٠ جۆزەردانی ٨٥ (پێنجەمین ساڵەهاتی کۆچی مامۆستا ڕاوچی)

سەرچاوەکان:

١) سەرجەمی ئاسەوارەکانی مامۆستا «ڕاوچی»

٢) ئارشیوی ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان و سۆما

٣) شەوێك و خەوێك، بستووی ژیان، مامۆستا محەممەدی نووری

٤) تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، ابراهیم افخمی

٥) مەرگە خەون، ئەمین گەردیگلانی

٦) دیاری شوان، ڕەسووڵ چووپانی (شوانە)

٧) گۆڤاری سروە

٨) گۆڤاری مهاباد

٩) حەوتەنامەی سیروان

١٠) حەوتەنامەی داهاتوو

١١) گۆڤاری «موکریان»

١٢) حەوتەنامەی «فردای ما»ی بۆکان

و....

ئای کوردستان چەندە جوانی

ڕاوچی

لە خاکی پاکی کوردستان، کوێت پێ پەڕە و کوێت پێ چوکە لە بەر چاوان، ڕەزاسووکە، نەوەك بووکە، بۆ خۆی بووکە، ئەو بووکە گراوی زۆرن، دۆست یان دوژمن، ڕەش یا بۆرن. سەدان ساڵە بەرەی دوژمن، بەهێز بێپێز، نیخن، ورگن، لەسەر جوانی ئەو بالآیە، شەڕ و قیرە و هەلآیانە، لێکدانیانە، هەرکەس دەیەوێ ملکی وی بێ، کوردستان بۆ ئەو کەوی بێ، لەو بارەوە لێکدەکوژن، لێکدەنێژن، خوێن دەڕێژن.

چەکدار بێچەك، خاوەن پووڵ و پارە و مەچەك، شاعیر، نووسەری قسە زل، بەمل بێمل، بەو خاکەوە دەڕاوێنن، هۆمەن دێنن، لێیدەنووسن بۆی دەنووسن، جادو و تەلەسمی لێدەکەن، سەدان فێڵی بۆ جێ دەکەن، بە تۆپ و تانك دەیترسێنن. بە سەد حیلە دەیدوێنن، دەیانەوێ بینەوێنن، مێزی پیسی تێوەرێنن، جوانی لە جوانی داگیر کەن، خۆی پێ ژێر کەن، بەلآم خۆش بێ کورتەك لەبەر، خێوی سەنگەر، خاوەن دەست و چەك و خەنجەر، مۆڵەتی دوژمنان نادەن، داوێنی ئەو بووکە بادەن، نەتوانراوە تا ئێستا کە، دەستی تێخەن(خەپلە و شاکە) کوردستان هەروا بەرچاوە، بە ڕووسووری هەرواماوە، کوردستان بەکەس ناخورێ، بەشیکوردە و کورد نامرێ.

پێشەکی پێشکەشکراو

ڕاوچی

...یەکێ بوو یەکێ نەبوو، هەڵسووڕێنەری خول و سووڕان هەر خوا بوو، ئەو خولەی هەرەمەی لاوی من بوو، خول نەبوو هەڵخولان بوو، هەرەتی گەڕوگەف و پلان و گلان بوو. دەم و دەست و هەناو شل بوو، ئاغا و کوێخا و گزیر نەبێ کۆمەڵ گول بوو. بێدەسەلات، لارەمل بووین، لە ژین، لە دین، لە بەرهەمی ئاو و زەوین، بێماف و بەش چارەڕەش بووین. بۆ ملهوڕان بارەبەر بووین، گۆشتمان، شیرمان، قوڕقوڕۆکەی هەست و بیرمان، کەوڵ و پێست و تووکەسەرمان بۆ بێ شەرمان، مفت و مەعاف و بەلاش بوو بە یاسای ئەودەم، ڕەواش بوو.

نەچار هەبوو نە پەنایێ دەسدەکەوت، بەختی ڕەشوڕووتان خەوت. نان هەر نەبوو، ئەگەر هەبا خەپلەی گاڵ بوو، شیلە گەرچەك، چۆڵەچرای ماڵوحاڵ بوو، زۆربەی کۆمەلان برسی بوون، بێئاوردوو و بێکورسی بوون. چەکمەمان کاڵە و پێتاو بوو، بێنازیمان، لاوازیمان، تێکرا باو بوو. نانی پان و گەلاگەلا، کەباب و لوقمەی بێبەلا، هەر لە قەلا دەسدەکەوت.

پاشای ئەودەم پەهلەوی بوو، قەمچی دەستی لاوەیی بوو، سرکوسڵ بۆ ئەو، کەوی بوو، بێخوا و دڵڕەق و دڕ بوو، بۆ جووتیار و هەژار زڕ بوو.خولی نۆزدەی زایینی بوو، شەختەی وەرزی ئایینی بوو. ژاندارم و بەگ و گزیر، لە هەژار و لە وەرزێران لە لاو و پیر و جوانمێران، بە تایبەتی لە کوردستان، ببوونە میر، ببوونە سووروسات هەستێن، بەبێ لەغاو بەبێ دەمبێن. تەڕ و وشکیان لێكدەهالان، دەبوونە ئازاری مالان، ئاغا و کوێخا و سوورباش وێڕا، گەڕیان بۆ بێگەڕ دەگێڕا. باو هەر باوی ئاغاوات بوو، ڕۆژی شەپکە و کەڕاوەت بوو، زڕ کوڕی پاشای بەزەڕ بوون، تۆوی تەڵەو داو و شەڕ بوون، بەرهەمی پالە و وەرزێران، دەچووە جیبی بە فێڵ فێران. لە ویلا و ئۆپێڕای شاران، لەگەڵ جندە و خراپکاران، دەبووە شاباش بۆ بێحەیا و بۆ بێعاران. دەور، دەوری بێکاری بوو، هاوار لەدەس هەژاری بوو ئەگەر کاروکاسپی هەبا، ئی میری بوو، ئەویش هەموو بێگاری بوو، ئیجباری بوو. زەمان زەمانی

پاپاخ بوو، جلکی کوردی جامانە و شالْ، ڕانکوچۆخەڵەی مەحاڵی، کلاشی پەڕۆی خۆماڵی، هەموو لە هەمووی قاچاخ بوو، بێفەڕ و فیت و وەجاخ بوو، بەتایبەتی میللەتی کورد ئەوەن کورت بوو، لەناو کۆمەڵگایان قرت بوو، بێبایەخ بوو، لەچاو هەندەران ئایەخ بوو، زمانی خۆی لێ دوژمن بوو، لەلای عەجەمۆکان گن بوو، ناپەسن بوو، دەموکاوێژ بە فارسی بێ، کاوێژکراو، چۆن و چی بێ، هەر فارسی با، یا ترکی با، ئەودەم بەس بوو، زۆر ماقووڵ و فریاڕەس بوو، کێ بە فارسی بە کاوێژ با، مینگن، یان خۆ دەمدرێژ با، ناویان لێدەنا میرزالە، دەبووە دیلمانج دەبووە گەورەی قالەو بالە.

کوردیبێژ لە خۆی دوژمن بوو، زمانگن بوو، دەبوو تۆزێ فارسی فێر بێ، بەڵکو مێر بێ، فێر نەبا فرە زەلیل بوو، بەردە و دیل بوو، دۆڵ و سەرچەوت و بنژیل بوو، بێبەش لە هەر قیلوبیل بوو. هێندێ لە قۆرخە دەماغان، ئەوانەی دەلاڵی ئاغان، چوونە ناو جلکی تەنگەبەر، پاپاخە کۆنیان نا لەسەر، بوونە سوورباش، بوونە گزیر، بوونە گورزی دەستی ئەمیر، قوت و قۆچاخ و بەگەڕ بوون، تۆوی شەڕ بوون، قیت و قەنجێکی بێفەڕ بوون، دەتوت لە ماکەوە کەڕ بوون...

تا بێژی ژیانمان پێ لەق بوو، چیمان پێدەکرا، ناهەق بوو، هەقوێژ بازاڕی خەوتبوو، ترسێنرابوو، کڕ کەوتبوو، بۆ زاڵم باش ڕێکەوتبوو، میر و بەگلەر لە خۆیان بوون، هەر خۆیان بوون، دزێو هێزی هێندە زۆر بوو، لە زۆر زۆرتر، ژینی کرێکار و وەرزێڕ، ژین بوو؟ نەخێر، مەرگ لەو ژینە باشتر بوو، چاوی هەژار و دەوڵەمەند، ببونە گۆم، گۆمێکی مەند، لە فرمێسکا ڕاوەستا بوون، ڕوو بە ئاسمان زەق وەستا بوون، ڕوو لە خوا بوون. بەرەو خوا هەر هاوار بوو، تووك و نزا و شین و زار بوو، ناڵەی ڕووتەڵۆك و کزان، بۆ کۆڕی فێڵباز و دزان، بوو بە ئاگر، بوو بە گڕ و چەرەچەمان، سووتا سمێڵی عەجەمان، تووکی هەژاران بوو بە گڕ، بوو بە شالاوی گورچووبڕ، شا و شابانووی هەنگاوت، کۆشکی نەیاری بزاوت، زۆردار، نەیار، داروەدەستە و بەستەی بێعار، سەرلێشێواو لێیان قەوما، نە ئەم دەرچوو نە ئەویان ما.

بۆگەنی زوڵم ولاساری، هەرا و هوریای خراپکاری، گەیشتە بارەگای باری. باری بەزەی ڕوحمی باراند، داروەدەستەی پاشای تاراند. تاوهەلاتی هەژار هەنگووت، خەم تێشکا، شادی بزوت، گەلانی ئێران وەکوو شێران هێرشیان بردە سەر کۆشکان، کۆشکیان شکان، دژیان

بەزان، دارودەستەی دەسدرێژان، گلۆڵەیان کەوتە لێژان، بە لێژانەوە نەوەستان، گیران، کوژان، یا ڕەق وەستان، سەرشۆڕ و گێژ، دەستەوەستان موژدەی ئازادی ڕاگەیی، دێموکراسی، شادی، شایی لەهەر لاوە دەنگی داوە، شەمی شانازی کەوتە گڕ، شکا دەری زیندانی زڕ، خۆخۆر لە خمخۆرکێ کەوتن، بەخت و بار و بەریان خەوتن.

بۆ ماوەیێ:

بۆ ماوەیێ دەم و قەڵەم ئازاد کرا، کورد و فارس، ترک و عەرەب، وردە کۆمەڵگەی بێمەزەب، بوونە هاودەم بوونە برا. وتیان: ڕەش و سپی، سوور، خورمایی، کورد و ترک، فەلە و جوولەکە و عیسایی، لە قانوونی ئیسلامیدا هەموو بەشن ، هاوباوەشن. ڕایانگەیاند بە نووسراوان، بۆ کۆمەڵی کیژ و لاو و پیرەپیاوان، قەڵەم و زمان ئازادن، لەمپەر نەما، هەناو شادن، بە کام زمان پێڕۆکە بووی، تووشی شادی ئەوڕۆکە بووی، بەو بنووسە، بێبەرپرسە، هیچ مەترسە.

«کوردیش هەر ئەوندەی بەس بوو»:

بەسبوو بۆ کوردی ڕۆژهەلات، بۆی ئازاد بێ ڕچەی خەبات، زمان بەستراوی چەند ساڵە، لەو حاڵە بێتە ئەو حاڵە، دەبێ شایی گەرمەگەڕ بێ، شادی مەرگی شەڕ و گەڕ بێ، بەو بۆنەوە لە هەر لاوە، کۆڕی بەگوڕ، کۆزی ساوا، قەڵەمیان هاتەوە دەستان، گیانیان خستەوە بەرهەستان، بەستە و مەبەست، تراو و خەست، پەخشانی پڕپڕ لە شاڵاو، چیرۆک، داستانی نەوێژراو، تەنك، ئەستوور، قەڵەو و لاواز، نازا و بێنان، کتێبخانەیان پڕ کردن، ئارەزوویان پێ مڕ کردن، کوردیش لەوان کەمتر نەبوو، بێگوڕ و بێباوتر نەبوو، داماو نەبوو، کوردی لە نووسەری حاڵی، کەوتە نووسینی خۆماڵی، بە زمانی پەتی کوردانە، زانایانە، نووسینگەیان وەباوخستن، شێعری بووکیان، ڕەداوخستن، نوخشەیان ڕۆییە چاپخانان، ناسرا زمانی مەمانان، زانرا کوردیش هەر کورت نییە، لەناو کۆمەڵان قرت نییە، ئەویش خاوەن بیر و هەستە، خۆشوێژە، فرە هەڵبەستە، ئەگەر زمان بەستراو نەبێ، لەناو تەڵە و پێداو نەبێ، لە لاوەیان کزرترن، بیروردترین، خێوی حەماسە خولقێنن، سەرەی شەترەنج و نەردێنن،

هونەردارێژ و بوێژن، دڵپاك و زمان بەپێزن، خاوەن زیپك و هەست و هێزن، لە دۆستان بێقێزوبێزن، لەگەڵ دژان بەرامالن، شێری شەڕگەن، کردە و قالن، بەشابالن.

«ئەو دەم من چۆن بووم»

... سەردەمێ بەدەستودەم و پەرداخ بووم، خەڵکی تەرت و تەلان و بەرد و کێو و شاخ بووم، هەرەتی لاوەتی، خۆشبەز بووم، خاوەن پلار و داردەس بووم، سوارێکی بەداروبار و سەر بووم، ڕاوچی بەچەکی دەشتودەر بووم، مێملی حەزیەی دووسەر بووم، ناوم لەسەر زار و زمانان دیار بوو، دەورم پڕ لە هەژار و ڕێبوار بوو، ئەودەم خوێندن بە کەمی بوو، ئەگەر هەبا، کەموکورتیێ عەجەمی بوو، نالێم بێ مامۆستا و هاوباوەڕ بووم، بێخەبەر لە گەڕ و شەڕ بووم، لە چیا و مێشە و لەسەر یالان، لە چەپەك و لە لاپالان، زانا و لێزان، دەسدەکەوتن، ڕێدەکەوتن، لە تاغووت و ماغووت دەدوان، شیر و خەنجەریان بۆ دەسووان، لایان وابوو تاغووت زەروون، سەرەتانی سینە و گەروون، کرمی ڕەگوڕیشە بڕن، کوڕی گەڕۆ و مشتومڕن، بە خوێنی گەل تێروپڕن، ڕیشەبڕ نەکرێن، خەتەرن، مرۆخۆرن، باسی سەرن.. ئەو دەمیش بە زمانی کوردی، کەموکورتیێ نووسراو هەبوون، پەڕاو هەبوون، نامیلکەی بەهەستی ئەو دەم، چ زۆر، چ کەم، لە قوژبن و کوێرەڕێیان، دەرهەم، بەرهەم، دەهاتە دەس، دەخوێندرانە وە بێمەبەس، کەم کەس هەبوو کوردی خوێن بێ، هەژاردوێن و ڕێنوێن بێ، خەمڕەوێن بێ، بۆ ڕێگە چاران هەوێن بێ، من ئەودەمیش بێدەم نەبووم، کوڕی نان و درهەم نەبووم، زاڵم ناخۆش دەویستن، هەژارۆکەم دەپەرستن، ویستبووم وەك لاوی دڵبەخەم، لاسای هونەرمەندان وەکەم، لەبارەی بێبەز و پیوان، ڕووت و ڕەجاڵ و هەتیوان، شێعر بڵێم، بە تاوڵ و هۆبان هەڵبڵێم، تەرە و ئاواران بدوێنم، ڕەنگە ئەو کارەشم جارجار بۆ لەبار درابێ، شێعرۆکە و پەخشان و کورتەنەزیلەی بەکەڵکیشم، بۆ ڕەداو نرابێ، نەخۆشی کۆمەڵ و کوڵوکۆی دڵی خۆم تێیدا نیشان دابێ و لەلای هێندێ مرۆی تامەزرۆ، بە مەزەی هەڵبەست و بەستان، خۆم پێڕاناوە و خوێندوومەتەوە. لە قونجر و کەلێن و کوناندا شاردومنەوە یان بۆ هەمیشە لە بەینم بردوون. هەر ئەو هۆیە بەندیخانەی«قزڵقەلعە» و قەسری«قاجار»یان پێناسیم. بوومە نۆبەرەی دیلخانەی ساڵی (١٣٤١-١٣٣٨) هەتاوی.

«ئێستاکە چیم گەرەکە»

ئێستاکە هەنگاوی کەمانی تەمەن و دەسبەسراوی داوی پیری و هەناوەکوتەی کۆچی مەرگ و میرم، تەمەن لە حەفتا و پێنج بەرەو سەرەوە ئاواش هەر بە هیوای مانێکی تر و قانێکی تر و جێژوانێکی‌ترم. بە هیوام سەرێك بەرمە نێو سەران، چاوێك بە نووسراوەی خۆمدا بخشێنم، شێعرۆکە و بەیت‌وباوی، باودار و بێباو، ئەوەی کە لە بەر دەمودەسمە، یا ئەو مەتەڵ و نەزیلەی کە لە خزمەت دۆست و کەسمە، هەموو لە هەمووی وەکۆیان کەم. بە دەستێکی بێگۆشت و چەرمن و لەرزۆك، لە دەفتەرێك یا چەند دەفتەر وەیان‌نووسم، بەڵکوو «کاوە»ی کوڕم وەك خێرومەندێکی کورد و بابایەکی بیرورد، بتوانێ بە شێوەی شیاو بە ناوەرۆکی نووسراوەکەدا بچێتەوە، بە چاپی بگەیێنێ و پێشکەش بە ئەدەبی کوردی بکا و خوا و خەڵکیش لە خۆی ڕازی کا و دۆعای ڕاوچییەکی پیر و پەڕوپۆ هەڵوەریویش وەرگرێت.
ئەگەر کەڵکی خەڵکی هەبوو ئەوە بە ئەرکی کوردانەی خۆمەوە هەستاوم هەزار شوکرانە، و ئەگەر ناوەرۆك بێکاکڵ و بن‌ئاورە بێ، پڕیشك و ژیلەمۆ هاتە بەرچاو، چاوەڕوانی چاوپۆشین و بەخشینی تێهەڵڕووان و پێڕوانانم. ڕەنگە هەر ئەوەم بۆ ڕەداو کەوتبێ و هەر ئەوندەشم لە جانتادا بۆ پەزمەندە کرابێ. یان کاتوساتی ئەو گوتن و هەڵبەستنە، جۆرێك بووبێ کە هەموو بەروبوویێك بە پشوویێك نەتوانرابێ باراشی و مێروو بژێر بکرێ و نووسەر یا هۆنەر، هۆنەری ڕۆشن‌وێژی بۆ نەگونجا بێ و پەردەی لەسەر گەنجینەی مەبەست بۆ لانەدرابێ، هەروەها مشتەی گورچوبڕی خۆی لەناو هەنبانەی بۆردا جۆر کردبێ، دوا هەرا و هاواریش بێژێ خەڵکینە هەرا درۆیە و هاواریش پلان و گەرە، شەڕ شەڕی هەنبانەیە و نەبەرد و کوڵۆیە، زیرە و هاواریش درۆیە، بە دەهۆیە.

١٣٧٩/٦/٢ دەروێشان

لە دێوە بۆ دێ (بیرەوەرییەکانی مامۆستا ڕاوچی بە قەڵەمی خۆی)

بە ناوی خوای خاوەنی دەسەڵات

ناوی ئەو هەناوی ناو ناوان و هەتوانی دڵی بە بیری و تین و تەوژمی لەشی سارد و سڕ و بێتینە، کڕنۆش شیاوی ئەوە و هاوار هەر دەبێ لەو بکرێ. کر و کار هەر لەوێوە کر دەدرێ، ویستی ئەو تان و پۆ و پێودانی هەرچی بوونەوەرە و هەوێنی خوار و سەری کۆمەڵ و هەرچی بێگیان و گیان لەبەرە.

بەندەی ئەو لە شا نەترساو و لە خەڵك بێمنەتە، بەندەی بەندەساز خۆیەتی، ڕێگری ڕچەی خاسانە، بو هەمیشە خاسوێژ و چاك دابێژ و چاكپێژە. چڵە و چڵپە و نەوسنی لای نادا و ترس و لەرزی تۆسنی بای نادا و لە گەناوی بۆگەنی بێناوی خۆپارێزە.

شیرین دەژی و شیرین دێژی و شیرین دەمرێ و دەژیێتەوە.

ئەو خوا بوو باڵی گرتین، لەمپەری قڕ و قەپی بۆ شکاندین تاغووتی بو دەرپەڕاندین، پێی پێ گرتین، قەڵەمی وەدەستی داین، چەقەساوی لە هەستی داین، ورد و درشت و خاو و گشت، توانیمان لەمەڕ لاویمان، بەجێ ماویمان، بێبەشی و چارەڕەشی و داماویمان، بەزمانی ڕەوانی دای و باویمان، بنووسین و بڵێین و بێژین، دەردی خۆمان کوڵو دۆمان بە زاراوەی پەتی خومان، هەڵڕێژین هەڵبەست و نووسراوی گەش، مەزرای نووسینمان بێتە کەش، وەك هەندەرانی خاوەنی بەش، بەشمان بدرێ.

و......

خـــوا ئـــەی ڕێ بەدەســـتی ڕێزمانـــان — دە باســی مــەش بهــاوێ ســەر زمانــان

زمـــانی شـــیعری «ڕاوچـــی» وا بگێـــڕی — کــە مێــژوو بەرهــەمی بگــرێ لــە زێــڕی

نووسەر، خوێنەر:

نووسەر و خوێنەر! هاوڕێ، هاودەم، هاوژینی خۆم، تۆ هەرکەسی من کەسی تۆم، گوێ بگرە لێم، دڵ وەگرە بۆم، من و تۆی چی؟ تۆ هەر منی، منیش هەر تۆم، پێکەوە هەر دوو هاودەردین، سوور و سپی یا ڕەشپێستین، یەك هەڵوێستین.

لە چیت کەمە، بۆ بەخەمی، بۆ بێناوی، مرۆی بەرزی گەنجی لاوی، نوێنەر لەسەر سفرەی زەوی، کێت پێکێیە، خاوەن جێیە، ڕێکوپێکە بیری نوێیە، ئەتۆش هەوی، لە مرۆی هەندەران کەمتر نی، بێشان و باڵ، بێدەمتر نی، میرزای لە نووسراوان حاڵی، نامۆی لە زمانی خۆماڵی، هەموو شێوە خەتی لاوە، دەخوێنییەوە، لەلات باوە، مۆدە هونەرە بەرچاوە، لە هەندەر خۆت چاونووساوی، نەناسراوی، نەبینراوی، بەستەزمان، بێجێماوی، نیوەماو و بێباو و ناوی.

بۆ ئەو هۆیە نەگەڕاوی، بو ناگەڕێی هەتا ماوی، بەڵکوو لە هەڵان بێیەدەر، باش بیر وەکەی بڕۆیەسەر، بچیە ناو ڕیزی ناسیاوان، زمانت بێ، نووسراوەت بێ، وەکوو پیاوان، بچیە سەری بۆ نێو سەران، خۆت بناسی بە هەندەران بێژی ئێمەش، بە داوەڵین، جندۆکە نین و هاوەڵین، خاوەن خەت و شوێن و دێرین، کوردی تەلان خەڵکی لێرین، بە مەچەکین شۆڕشگێڕین. گومکراوین دەنا زۆرین، بە پێشینە و فۆلکلۆرین، لە زۆربەی گەلان زیاترین، لە زۆر هوزان، هۆزانترین، زار و زمان بەستراوین . مڵك و سیپاڵ لێ دزراوین، برِبڕ کراو، لێك بڕاوین، نیوەماو، کەم هێز و باوین، بەو حاڵەوە هێشتا ماوین:

برای خوێنەری خوێنشیرین، قەڵەمزێڕین، با ورتەمان خۆماڵی بێ، خوێنەر لە نووسەر حاڵی بێ، نووسین زمانی خۆماڵی بێ.

تەڕ و تۆڵ یا وشك و خاڵی، دەوای دەردی من و تۆیە، هەوێنە، ڕایەڵە، پۆیە، تا بێ خەتی، خەتی خۆتی، لابای قرتیلی سەرکۆتی، سەرباری باری کۆمەڵی، بێکەڵك و سوودی، هەژگەڵی، نە پۆی، نە ڕێس، نە ڕایەڵی، دەستندەخۆری، ناجۆری، قەل و داڵ، دڕندەی کێوی، گۆشتت دەخۆن خۆ نابزێوی، خۆت لات وایە لە زانستا تێر و پڕی، زۆربەی ڕۆژان. کتێب کڕی، چاو لە نووسەران دەگێڕی، نەیەك نەدوو هەڵدەبژێری، نووسراوخانە جەمع و جۆرن، پەڕاو و پەڕتووکیان زۆرن، ترکی فارسی ڕۆمی، مەکی، دەیان نووسراوی لاوەکی، کوردیش،

تەك و توو بەرچاون، تۆزاوینە بکڕ ماون، نەفرۆشاون. هەرواماون. تۆی خوێندەوار کتێب کڕی، قەڵەم زێڕی گیرفان بڕی.

کوردی، لە کوردان دڵپڕی، نووسراوی کوردی ناکڕی، بە خەیاڵ لاوی، نووسراوناسی، فەرەنگی خوێن، خۆ نەناسی، بە زمان زۆران دەزانی، لە زمانی خۆت نووسراوی خۆتان نەبانی، تا وابین، هەر دەبێ وابین، کەوت و ڕەوت و بێ داوابین، نەناسراو بێ نان و ئاو بین، چاو لە دەستی، دەستی داو بین. نۆکەری ئاغای بە باو بین. هەر کەساس و کفت و خاو بین، هەر بێ باو بین، هەر بێ باو بین.

برای خوێنەری خوێنمژراو، گەنجی گەنجینە لێدزراو، بێ ڕێزمان، کوێرە ڕێگەت، کرالە، قاقرە جێگەت، پێگرتوو نی، قەت پێناگەی، بە هیچ نابی بە چی ناگەی. هەر دەبێ بێبەر و بوو بی، نۆکەری بەردەستی جووبی، هەر وەکوونی هەر نەبووبی، بێبەش لەژین لە ئابڕوو بی. تا نەنووسی بە زمانی خۆت، نەخوێنیەوە بۆ من بۆ خۆت، نەژادی خۆت نەناسێنی، برای ترساو نەڕاسێنی، بێسەواد، بێ پاشەرۆکی، بەدەس بێگانەوە کۆکی، لەناو گەلان ناوت نیە، باوت نیە، بەیچەڵ و سووك و چرووکی، بێتام و بۆن، سارد و سووکی، تا هەی بە نۆکەری دەژی، وەك ژیاوی هەروا دەژی. برا برای کوردم، تێهەڵڕوانی ژیر و وردم، کتێبکڕی پەڕاو وەخوێن، خۆنەناسی، غەوارە دوێن، مێژووی ڕەگەزان وەخوێنە، خۆت بناسە خۆت بدوێنە، لە وشەی پڕا، جوانی بەیان، چ کەمتر نی لە لاوەیان، تا نەنووسی بەزمانی خۆت، نەخوێنیەوە بۆمن بۆخۆت بۆیەکیتر، بۆ غەواران، نووسراوت نەچێتە نێو لاوان، ڕێگات نادەن، جێت پێنادەن، لەنێو پیاوان. دەبیە شەل و کوێری باوان، بەجێماوی، لێقەوماوی، چڵمن و شلەپەتە و خاوی، بەرماوخۆری ڕەشی بۆری، بەستەزمان، جێناجۆری، مل بەهەستی پێبەداوی، تەماڵی، نێچیری ڕاوی، هاوڕێ، هاودەرد، هاوبیر و هۆش، سوتمان لەسەر مێژووی نەخۆش ، قوڵهەڵماڵە،لە خوێندنەوان، وەستای چابە بۆ ژینەوان. ببە ڕێبەر، ببە سێبەر، لە سەر نەوان، بەزمانی دای و بابی خۆت، فێریان بکە، با بنووسن، با بێژن بۆت، بەیت و باو و حەیرانی کۆن، باس و نەزیلەی گەزنەفۆن، لە ئەژدەهاك و هەلاکۆ، مێشکی ڕژاو، خوێنی ڕژاو، تەرمی کۆکۆ، لەهەر هەرا، لە ئاژاوە، لە فێڵ و فووتی ڕۆژاوا،لە برکەی شیر قرچەی مەتاڵ، ڕووداوی ڕۆژ و مانگ و ساڵ، بۆنی باڕووت، بۆ هەڵەبجە و ئەنفال بە جووت،

دەنگی تفەنگ، تالآنیٰ شار، مەرگی بیٚدەنگ، چیان خوێندەوە، وەری بگرن، وەریگێڕن، زۆر بەوردی، بەزمانی پاراوی کوردی، وەك زانایان، وەك ڕوح‌سوکان، بیکە بە ئوردووی پەڕتووکان، با زمانی مەش یەك‌گرتووبیٚ، لەناو گەلان خاوەن ڕووبیٚ، بەشی مەش، بچێتە ناو بەشان، پەنا بن بۆ چارەڕەشان.

برای خوێنەر، لێزانی لاو، لەسەر دڕی خۆتان تۆراو، نووسراوەی کوردیمان زۆرن، لە نووسراو خاناندا ماون، نەفرۆشراون، غەریبن دڵبەخۆ ماون، چاویان نیازیان بە تۆی کوردە، دەسکردی کوردی بۆ کوردە.بەپۆز مەبە، هاڵۆز مەبە، وەیان قۆزە، سەردڕی خۆتە پیرۆزە، وەیان خوێنە، لەبەریان کە، تەماشای سەروبەریان کە، لە بەیتۆکەی کورت و درێژ، بەستەی بەتام، ڕستەی بیٚچێژ، چیت لێزانی، بە دڵت سپارد، چیت فڕیٚ دا، یا لێت بژارد.

سەنگەری لە نووسەر مەگرە، تەوس و پلاری تیٚمەگرە. مەیژە ئەم بۆرە پیاگە، نە نووسەر بووگە، نە ئاگا، لە داوای خاس نەنەویوە، سەروبەر لێی نەزانیوە، وتەی ناپوختە، تێکەڵە، لابا و بەربایە، کۆتەڵە، لەڕە، لاوازە، چرچەڵە. برای ئازیز و خوێنەرم! وتەی سفت و زبر و نەرم، هەرکامێکیان، هەرلایەکیان، لای لێوەکەی خۆی تێوەردەی، هەڵی شێلی، تێکی وەردەی. بەبای داکەی، چاوی ڕێخەی، دەستی خۆماڵیانەی تێخەی، لەبەشی خۆت بیٚبەش نابی، وەکوو مە چارەڕەش نابی، وەك بەفیز و لەخۆ زیزان، نابی بە هاوەڵی حیزان، برای کوردی هاوزمانم! شێوە شیرین، قەڵەم جوانم. نووسراویلکان، بەکەم مەگرە، جارێك ببڕە، سەدجار بگرە، لە نووسراوان وردەوەبە، خاوەن ڕا بە، خۆماڵیانە دابێژەر بە، بیٚهەوا بە، بەهێزی خۆت بە بڕوا بە، هەڵەی نووسراوان، بناسە، کامی خراوە، کێهەی خاسە، لە هەڵبەزەی هەر نووسراویٚ، لە کەم و کورتی ڕووداویٚ. ڕووگرمەبە، شت وەرگرە، تۆش نووسەر بە، ئاوای مەبڕە، ئاوای مەگرە، زانین، لە نەزانان فێربە، دەمشڕ مەبە برای خێر بە، سەرپەرستی شەل و کوێر بە، کوردی‌خوێن بە کوردی فێربە، لە ژیان شێر و نێر و مێر بە، تۆ چیت دەویٚ لە نووسەری هاو باوی خۆت، چیت بۆ بێژیٚ، دایڕێژیٚ بۆت، بەکام بنووس، کێهە ڕێنووس، بۆت بنووسیٚ، پارووی داوات بۆ بخووسیٚ. لە ئورووپاییت باوێتەدەر، کلێتەی کوێێت دانیٚ لەسەر، چەکمەی کوردانە لە پیٚ کەی، دەردی کۆمەڵ جیٚبەجیٚ کەی بێژی منیش گەلم، هۆزم،بە بەستە و بەندی و زاراوەم دەنووك زێڕین، پیٚپیرۆزم، شیوەڵە و

پووز و پێگرتووم، ساوالکە نیم، خەنیم بزبووم. نامەوێ چیدی ڕاوکرێم، ڕەداو خرێم، ببمە نۆکەر، لەباو خرێم، بێنان و ئاو، بێناو کرێم، دەمەوێ لەسەر پێ ڕاوەستم، نیشانی بدەم، هێزم هەستم، شێعر و پەخشان و مەبەستم.

برام، چاوت لەکام کەسە، خەو خەو مەبە، هەستە بەسە، بۆ خۆت دڵسۆز و نووسەر بە، بۆ بێسەر و قۆڵان، سەر بە، سەرەی کۆمەڵ بە، ڕێبەر بە، چارەدەری دەربەدەر بە.

برای خوێنەر بۆ من بۆ تۆ، بۆ مەی ساوا، تۆزێ نووسراو، کەمێ داوا، لامان دەبێ بە بایی بێ، دەورانی جێژن و شایی بێ. نووسراو چ خاو چ گشتە، هومێدە هیوایە پشتە، بۆ ناسینت، هەوەڵ خشتە، ڕۆژێك لە ڕۆژان، باڵدەگرێ، سوێکە و گەوی یالان دەگرێ، دەچتە ڕیزی خوێنشیرنان. شیرین دەکا شێوەی ژینان، ئەو دەمی تێدەگەن زاڵم، تینی باڕووت و ناپاڵم، زرمەی چەکی هەمەلایەن، دەرۆستی بنووسێ نایەن، برای کوردی خوێنی ژیرم، میراتگری هەست و بیرم، ئەوانەی بەستە داڕێژن، شاعیرن یا بەیت بێژن، وێژەوان یا چیرۆکنووسن، قەڵەمشڕ، یا نووسراولووسن، دەردی خۆیان، کوڵ و دۆیان، بە زاراوەی کوردی خۆیان، لێیانگەڕێ با بنووسن، نوسراوە، با کلۆریش بێ، بەلای تۆوە ناجۆریش بێ، ئاقیبەت، ڕۆژێ جۆردەبێ، دەوای دەرد و ناسۆر دەبێ، فەرهەنگەکەی سەردەردێنێ، خۆدەنوێنێ، دوایی بە داماوای دێنێ.

بەزمانی خۆت زمان دەگری، چەشنی گەلان دەژی و دەمری، وەك نەمامی بێدار و بار، ئەستوور دەبی، دەبێبەدار، لە داربە دەستان ناترسی، پەل و پۆپی وا دەڕەخسی، بەبەرهەم و بە گوڵ دەبی، بەردڵ دەبی، کامڵ دەبی، مرادی گەل حاسڵ دەبی، لە هەندەران بێناو نابی، ترساوی چاوی ڕاو نابی، نابێتە نێچیری ڕاوی، بەرچاو دەبی، لەچاو ناچی، دەبیە ئەوین، لەباو ناچی.

بە کوردی و کورتی ئەمن کێم؟

ناوم عەبدولکەریمە و بە مەلا کەریمی گوندی ساردەکۆسان ناسراوم و شۆرەتی پێناسەم عەزیزنەژادە. نازناوی کوردایەتیم ڕاوچی‌یە و چیا خۆشەویست و ئاشق بە ڕاوی تەرت و تەلان و هەڵەمووتم.

کوڕی خوالێخۆشبوو، مامۆستای بەتام و بۆن و وتە زێڕین، عارفی بەهەست و هەژار خۆشەویست. مەلا حەسەنی « سەییادیم » و خڕەکەی مەڵبەندی گەورکی موکریم.

بۆ درێژەی ژیانی بەژانی ڕابردووم، بڕوانە ڕووپەڕی ڕەنگپەڕیوی ژیانی پڕ لە کوێرەوەریم. ساڵی نیوە ساڵی حازر لە حەفتاوپێنجەوە، تەمەنم بەرەو هەشتا لەڕێدایە، بە قەولی ئەو دوو شێعرۆکەم، «ڕەنگە وریایانە فریا نەکەوم بەروبوخچە وەپێچم، پێچ و کڵاوی نووسەری لەسەر نێم و هەموو نووسراوەکانم هەڵتەکێنم و مێروبژمێر بە تەواوی وەکۆیان کەم و بە خوێنەرانیان بسپێرم:

و...

لەشـــە بەربابـــووە ڕووخـــاوە کڵـــم

شـەمی بێپیـوی شـەوی شـین و کـوڵم

کۆنـــە بلـــوێری دەســـی کـــون لەدڵـــم

هێشتە بەو حـــاڵە ئەویـنداری گوڵم

و ...

بەپێی ئەو شێعرۆکە، کەوت و ڕەوت و لەپێکەوتوو، داتوڵیو، بوومە کەوی کوڵیو، بەڵام کاڵ ویست و جوانی خۆشەویست، هەژارگر و هومێد وەرگر ماوم، بەدەستی لەرزۆك و هەستی چنۆك دەمەوێ بنووسم.

ئەسپی شەل، لە زەل وەدەرخەم، بە هیوای هەوایەکی نوێتر، بەرهەمی قەڵەم و بەروبووی ورتەی ئێر وئەوێم، وەکۆکەم عەبای کوردانەم، پەڕۆکەم، پاشی مردن وەك ئاڵەکۆکی دەستی شوانان پێشکەش یکرێ، بە پیران، بە لاوان و ژیران، بە چابێژ و بە خۆشخوانان، ئەگەر

کەڵکی لێوەرگیرا نزام گیرابووە، نۆبەرەی بەر و بەرهەمم بەرچاوە . ئەرکی خۆم نیشانداوە، ئەگەر قرتیل و بەربا و باژێلیش بوو، با پێشێل بێ، بێناونیشان و بەرد و کێڵبێ.

(ئێستا کە بە نووسینی بەرهەمی چەند ساڵەمەوە سەرگەرمم)

ساڵی هەزار و سێسەد و حەفتا و هەشتی کۆچی هەتاویە (١٣٧٨)، کە ساڵێکی وشکە ساڵ و درێو و بێخەساڵە، کشت و کاڵ پێنەگرتوو و بێکەڵکە، چیا ڕووتەن کانیلکەکان بێئاو، چۆمیلکە و گۆمە مەندەکان، ورەیان لەدەست داوە و ماسیلکە و باقۆ و هەموو ئاوییەکان کۆمەڵ کۆمەڵ، بەرەو مەرگی چاوەڕوان نەکراون.

مەترسی قات و قڕی و قڕەی بێنان و ئاوی لە ئاوەڕێن، چۆتەدەرێ، بۆخۆشم لەو ساڵە بۆش و بێکلۆشەدا، لە گوندی دەروێشان سەربەشاری بۆکان بە شێوەی مەلایەتی واتا گەدایەتی نیوە سازاو سازاوم، شارم لێ یاساخە و لە دێدا وەکوو کەوڵەی بێ بەهار و شینکەی بێباران بێهاودەم و پەنا و سێبەر، کز و کۆمیلکە، لە بەرگ و پەر کەوتوو، بەرەو گۆڕی، گۆڕ نەکراوم و پڕ بە دڵ دەڵێم:

خەڵکی تەلان و تەرت و سوێم *خونچەی نەدێراوم لە دێم*

شەرت و مەرجم تێك ناشکێ *توێتوێ کرێم بۆ دێ دەدوێم*

سەرپۆتێك لە بیرەوەری منالێم

منالێکی کرچ و کاڵ بووم، پێ لە پێنج یا نە شەش ساڵ بووم. قوت و وریا زیتەڵە بووم، چاوڕەش ڕووخۆش، لەڕکەڵەبووم، شەوانە لەگەڵ منالان، ئای چخۆشبوو لەیەکدران، لەیەك هالان، قیل و بیلێن و قرت و فرت، هەقری مەقەی درشت و ورد، (حولوور بلوور، فڕی فڕی، قەلەمندارە، هەی قەل فڕی، سەر بە دراوێ، فیلی سێ سەر، گورزی کوێری، بابا هەیدەر، گورگ گورگێن، بەقلانۆکێ، قەرێ قەرێ، لە کوێ بوکێ.)

سەدان گەمەیتری بەناو، هەریەك لەرووداوێ دواو، منالی دێ هەموو هەموو کۆك بووین، نازانم بۆ ترسەنۆك بووین، بەشەو، لە وشوو دەترساین، دەعەبەساین، هەڵدەبرووسکاین، لەسێبەری گۆشە و سیلان، لە پشە و نێرەی پشیلان، لە ئاڵە و شەوەی نەبینراو، لە جند و

دێو، لە خێوی ئاو لە مۆتەکە و ملۆزمان، لە شەیتانی بن قوژبنان، لە مامەخڕەی گۆڕبەگۆڕ، ڕەش و مشی، ئایشە گوێشۆڕ، کوڕە لەچی نەترسابووین، لەهەموو شت لە خاو و گشت، تەنانەت سێبەری خۆمان، لێمان دەبۆوە ئاڵەی چۆمان، ئەمن هەموومان هەروا بووین، بەو ترسەوە هەڵوەدا بووین.

لەمەش هەراوتر بوو مەبەس، خۆمان درۆمان هەڵدەبەس، یەکمان دەیگوت مامەم گوتی، لەوسەر ئاوە خێوم دیوە وەپای پەتی، زاری خوار بوو دەندووکدار بوو، دەم و ددانی هەزاربوو، گەدە زل، دەمداچەقیو بوو، منالێکی ساوای پێبوو، سەرقژنۆکە، کۆرپەی دێبوو، دەمی لە خوێنی ژەنیبوو، قورقوڕۆچکەی تێکجنیبوو.

منالیتر بە لەرزەوە، بە ترسەوە، بە دەنگی نیوە بەرزەوە، دەیگوت، مامەخڕەی وەك سەگ تۆپیو، گزیری ژێری بۆگەنیو، باوکم دەڵێ لەناو گۆڕا، شەودێتەدەر دەبێ بەسەگ، دەبێتە کەر، دەبێتە مەیموون و عەمتەر، گازان دەگرێ، بەردان داوێ، منالان لە ئاوێ داوێ.

بۆ خۆشم باس لە خۆم ناکەم، بۆ چاو و ڕاو لەگەڵ کاکەم، وەکوو شێتی خانەقا بووین، لەگەڵ درۆیان برا بووین، داستانی وام، هەڵدەبەستن، نەترەی منالم دەبەستن، ئێمەی منال، خۆشباوەڕ و بێبیر و حاڵ، باسمان هەر ئەو باسانە بوو، جند و دێو، خێوی بێنێو، سەر هەڵقەنە، ڕەش و مشی، گورگە بۆرە، گاڕگاڕەکە، گۆڕهەڵکەنە.

سەدان نێویتری دەسکار، وەکوو حەزیە و دووپشك و مار، شەوانە پرزەی بڕیبووین، سرتەی شادی لێبڕیبووین، لەو ناوانە هێن دەترساین، وەکوو خوودار، هەڵدەبروسکاین، بو میزکردن ڕیزمان دەگرت، میزمان دەکرد، ئێمەی منال، نەزان و کاڵ، لەوانە هیچمان نەدیبوو، نازانم ترسمان لەچی بوو، دەبێ لەکام کەس بپرسین، ئێمە بۆچی ڕۆڵەی ترسین، بەپیریش هەروا بە ترسین.

ئێستە تێدەگەم ئەو ترسە، لە کێوەیە، کێ بەرپرسە، لەکام فرگە ڕاوکراوین، هەنگێوراوین، ترسێنراوین، هەتا دەمرین، هەر ترساوین، وەك نەخۆشان، نیوەماوین، بەترسەوە کۆك کراوین، بەپیریش هەروا منالین، شەو ترساوی جند و ئالین، لە شلپە و قلپان دەترسین، لە ترسان شەو کۆڕی کورسین.

من پیر و باوەڕم وایە، ئەو ترسە، لە بێشکەڕایە، زۆردڵسوزی نەزانانە، بۆ داهاتوو دەرد و ژانە، قیلی کەوا سپی و سوڵە، ششتن لە هەندەری کوڵە، هەتا دەمری شوێنی دیارە، لەسەر بیر و بڕوا سوارە، دانابەزێ، دەتبەزێنێ، شوورەی شعوورت دەشکێنێ.

منالی خۆم هەر لەبیرە، منال بیری تیژ و ژیرە، لە ناو بێشکەدا قەتیس بووم، بەچەند پەڕوی ڕاخەر پیس بووم، لەبەر کێچ و میروولەی زاڵ، نە خەو هەبوو، نەحاڵ نەباڵ، بێزمان وەکوو کەڕ و لاڵ، هەر نووزەم بوو کرووزەم بوو، بێزمان نەدەکرا بێژم، بە کێچ و ڕشکەوە گێژم. دایە بۆ دوو دەستت بەستووم، گاوت کردووم مەگەر مردووم.

خوا هەڵناگرێ دەسم وەکە خۆ بخورێنم، لەشی بە خورووم هەڵکرێنم، دایە دایە، بۆ کوشتووتم، بە پەڕۆی بۆ گەن بە ستووتم، دەسم وەکە ئازادم کە، لەوزیندانە، خێرت دەگا، ڕزگارم کە، ئەو دەم دایکم دەی دواندم، بە دڵسۆزی دەیترساندم.

هەی پشە هات، ڕەش و مشی بێ خشە هات، گورگە شینە، گورپە بۆرە، خێرا وەرە ئەو نۆبەرەم بۆ خۆت بەرە، ڕۆڵە بنووە، نەك شەوە بێ، یانە بۆری بن سەوە بێ. ددان گرکا، لێت بمرێنێ، لەسەر لانکە هەڵت لووشێ، هەڵت بدڕێ.

لایە لایە، نیوە شەوە، خپ بخەوە، تا بەیانی، سەر هەڵقەنە پێنەزانی، وستەت لێبێ دێتە گیانت، دەجوێ گۆشتی بێ ئێسقانت، خت خت، فس فس، هەی مامە خڕە، هەی دێو، هەی دز. لاچۆ کوڕی من خەوتووە، لێرە نیە ڕۆیشتووە.

کوڕە لەمەش قرۆفڕتر، ئاژاوەتر، گورچووبڕتر، کۆنە چیرۆکی یارۆیان، تێکەڵاو لەگەڵ درۆیان، منالی کورد درشت و ورد، تا چوار و پێنج و شەش سالی، تا حەوت سالی، لەبن کورسی، لە قوون تەندوور، دایك و باوك یا نەنك و پوور، چیرۆك بەیت و باوی ناکۆك، بۆ مندالان، دەسپێدەکەن، لەهەزار ئاشی لێدەکەن، بەیتی دێوەزمەی شاخدار، حەزیەی دووسەر ماری باڵدار، خێوی قەبران، بۆرەی نێو دێ، چۆڵ و کەپران.

هەزار بەیت و باو بەو شێوە، هەر شێوەیەك ترسی پێوە، بە مێشك و بیریان ئەسپاردین، لە مێشوولانیان ترساندین، ئێستاش لە غیرەت بێبەشین، بە پیریش شەو ترسەنۆکین، چارەڕەشین. پیر بووین، نووشتەمان هەر پێوە، ترسمان لە جند و دێوە، هەرکە منالمان

ڕشاوە، دەڵێن دەستی لێوەشاوە، نەحلەتی خوایان لێدراوە، هەنگێوراوە، دەیانبەن بۆ ماڵە شێخان، بۆ بوتخانەی زەرگ و مێخان، بە تووڵە تەڕ لێیان دەدەن، جندۆکانیان، پێهەڵدەدەن.

نەحلەتییان دەسووتێنن، باجی عەبایان دەستێنن، گیسک و قەلی خۆیان دەخۆن، لێدا دەڕۆن، شێخ دەیەوێ، هەروا گێژ بین، بار خوار نەکەین، ڕاستاوێژ بین، بۆمان لە کتێبان هەڵڕوانن، تا دەتوانن، جند و دێوانمان بۆ قرکەن، لە خوێنی مەش، جانتا پڕ کەن، کۆشکان خۆش کەن، بنوون، بخۆن، خۆ سەرخۆش کەن، لەوان جوانە هەرچی نۆشکەن.

زۆربەی زۆرمان، سپی و بۆرمان، ئێستاش هەر واین، لە قەڕنی ئەتۆما جوداین، پشتمان لە ڕووگەی زانستە، بیرمان شلە، باوەڕ سستە، بۆ نووشتە نووسان پێخۆرین، لە هەق تۆرین، زۆرناجۆرین، کەسمان لە کەسمان ناپرسین، بە پیری، شەو، بۆ دەترسین، لەڕێ چۆڵ و قەبرەکۆنان، لە کانیلە و کوێرکە چۆمان، لە تارمایی لە ڕەشایی، لە چرپە و خشپەی لابایان، بۆ لادەدەین، خۆ با دەدەین.

من و نازناوی ڕاوچی

یادی ڕاو بەخێر، لە خێروبێری ڕۆژانی لاوی و شیری خواحافیز.

ڕۆژانی فەقێیەتی، واتە تەمەنی کاڵی، بە خەیاڵ تاک و تەرا، لە ئێستا کاڵتر، شێعرم دەکوت، لە ئاخری شێعرەکاندا وەکوو زۆربەی شاعیرە کۆنەکانی خۆمانە، ڕاوچییەکەم پێوە دەچەسپاند.

لەزۆربەی ناوچەکانی ناسیاو، لە لایەنی پیاوە بە باوەکان و قەڵەمدارە بەداروبارەکانی بارهاتوو، نووسراو و ڕاسپێر و پێسپێرم بۆ دەهات، لەسەر نازناوی وشەی «ڕاوچی»، سەرکۆنە دەکرام.

دەیانگوت، وشەی ڕاوچی بۆ نازناو نابێ، ناوێکی دزێو و شیرمردە و چووک و چرووکە، لەسەر زمان و نێو نووسراوان سووکە، دوور نیە شێعر و نووسراوەشت لە برەو بخات.

دەبێ فلان ناز ناو و فیسار وشە بۆخۆت هەڵبژێری، لە ڕاو و ڕاوچی خۆ بوێری، درۆی نەبێ، تا ئێستا جوابی ڕاسپێر و نووسراوانم، نەداوەتەوە لە نازناوی وشەی ڕاوچیش، نەتۆراوم.

دەڵێن قازانی مێردان بە چل ساڵ دێتە کەف و کوڵ، وا منیش پاش چل و چەند ساڵێك، دەمەوێ، گۆڕی خۆم ئاورین نەکەم، دۆستانم بێ وەڵام ڕانەگرم. لەمەڕ تایبەتمەندی وشەی ڕاوچی، چەنەیەك لێدەم، دۆستان نەڕەنجێنم بەو هیوایە، لەمەولاوە وشەی ڕاوچی بە نامۆ نەناسرێ. لەمە زیاتر یەخەی نەگرن و بە غەوارەی نەزانن. لێرەڕا ناچار دەبێ بۆ چەن خاڵێك لە خاڵەکانی ڕاو، ڕاوێك دابەشم و شڵدمێك لە خۆ دەم و یەك لە سەدێك، لەبەرهەمەکانی ڕاو، بەرچاو بخەم و یەخەی مەبەستی پێدابەستم، دەمی تانە و تیتاڵی، کاڵە نووسراوانی پێشیرین کەم، وشەی نەشەدارێژی ڕاوچی پێوەگەشێنم.

راو

خوێنەری خوێنشیرین، پێشەکی واباشە، هۆی هەرە سەرەکی ڕوخسەتی ڕاو و شکار بدرکێنم و لەسەر سوودی ڕاو و بازبازێنی ڕاوچی، بە پێی دەرکی پێنەگرتووم، بدوێم و لێرەدا پێویستی زانین ئەوەیە کە بزانین، زانای بنەڕەتناس، خوای مەزن و بەرنامەدارێژی ڕێژەی گیان لەبەران، ڕوخسەتی ڕاوی لەبەرچی دا و ئاژاوەی بۆ هەزاران باڵدار و بێباڵ و گیانلەبەری خاڵدار و پەڕوپۆ زێڕین، بۆ دروستکرد. ئەگەر ڕملێك لێدەی، باش پێکیبگری لەسەر ئەو زەوییە سەروبن هەراوە، ڕەنگە بێژی لەهەر شەو و ڕۆژێکا، سەدان گیانلەبەری ژیان خۆشەویست، لەخۆشی دەبڕێ، لە خۆشەویستی خۆی هەڵدەبڕێ، کۆز و کولانی و لانی بە باڕووتی ڕاوچی، بێبەزەیی دەسووتێ.

زارۆکی زەڕنەقووتە و پێنەگرتووی، هەڵوەدا دەکەوێت، هەزاران ئاشقە و ماشقە، لەیەك دەکرێ و یا شەل و شکاو و پێکراو لە پێدەکەوێ، دوایی بە عیشق و ئەوین و هیوای دەرێ، ئاورێکی بەخێری لێنادرێتەوە.

راو بۆ گۆشت نیە

ئەگەر ڕوخسەتی ڕاو تەنیا لەبەر گۆشتە و چی‌تر، بابای ئاژەڵدار، یان یارۆی گۆشتنەخۆر و خاوەن پارە، دەبوو ڕوخسەتی ڕاوی پێنەدرێ تەنانەت بۆ ئەو جۆرە کەسانە سزاش لەنەزەر بگیرێت.

هەندێك لە تایبەتمەندی‌یەکانی ڕوخسەتی ڕاو

بە کورتی دەبێ بێژم، رەوتی ڕاو واتا: بەرداوبەردە، بازبازێنە، پیاسەی تاسەشکێنە،خەم‌لابەرە خۆشی هێنە، سەیرانە گەشتە، دیتنی جوانی سورشتە ، هوجوومە، پاشەکشەیە، چنگەکڕە و گاگۆڵکەیە، نەترسان لە خێو و ملۆزمانی چۆڵگەیە، ڕاو وەرزشی چنگ و پەلە، شاخە و شاخ و کەلاوکەلە، ڕاو زانستە، ورد ڕوانینە، تەجرەبەیە، لێزانینە، زاخاوی مێشکی لەرزۆکە، دەوای دڵی ترسەنۆکە، چەقەساوی زیبك و بڕە، دەمەزەردی تیغی شرە.

گرەو لەگەڵ خەونووچکەیە، شێر لەلای ڕاوچی گچکەیە، ڕاوچی لەشەوان ناترسێ، لە سارد و گەرمی ناپرسێ، با و بۆرانان دەبینێ، چوختی دەبێ، پوختە دەبێ، لەنێو ژینێ، بۆڵەی ورچ و پشمەی بڕەك، شالاوی دڕندەی بەڕەگ. مار و مۆڵ و چرگەن و چۆڵ، تەرت و هەڵدێر، هەڵەموت و لێڕ، نای لەرزێنێ، لە هیچکامیان ناترسێ، بڕوای بەخۆیە ڕادەسێ، چی ڕۆی بێتێ، چی‌دای بێتێ، چی لێی بمرێ، بە گوللەیەك گیانی دەسمێ، مەرگی دەبڕێ.

راوچی

راوچی، چیادۆست و دەستەمۆی نەخش و کری سروشتی‌یە، بەبۆن و بەرامی ڕووکەکان خۆرست نەشە دەبێ و خەمان وەلا دەنێ، گیانی دەحەسێتەوە، لە مۆسیقای بەرز و نەوی مەلانی درشت و وردیلە و شانۆساز، ئیلهام وەردەگرێ، کوێرکە گرێی ژیانی پێ ڕەها دەکا.

لە ساخت و سازی، هەستی ڕادەمێنێ و سوڕ دەمێنێ و بە جوانیەکانی سورشت و بۆن و بەرامی خونچە گوڵی ساوا و بەرمەمکانە نەشە دەبێ و گڕ دەگرێ، فرمێسکی شادی دەی‌بزێوێ، دەبێتە ئاشق، دەبێتە پەروانەی بێ‌پەروا و شەقاوپت، هەڵدەکوتێتە سەر ویرە و

قام و بەندی بە تام و لای وایە شایە، خۆی لەبیر دەچێتەوە. کە ڕاوچی‌یەکی قرپۆکەی کورتەك لەبەرە و یاران ڕووی نادەنێ، دۆیان دەستی ناگرن، گراویلکەش میزی لێنادەن، بەندی بەرۆکانی بۆ ناکەنەوە.

ئەوە خەیاڵە باڵەوباڵی پێ‌دەکا و شانۆی دڵخوای بۆ ڕادەسێ. لە دنیای خەیاڵدا بۆ ماوەیەك لە دوو تویێی سۆق و سوێیدا دایدەبەزێنێ، شانۆی ڕۆژان، شەوانی داوای بۆ دەسازێنێ، زۆری پێ‌ناچێ، لەپڕ فرێك یانە هازەی تیژپەڕێك، یا خشپەی گونگەڵی کوورە کێوی‌یەك، یا ناڵەی بارێك و نیوە پساوی قرپۆقێکی مارگەزتوو ڕاوچی ڕادەپەڕێنێ، و بەهەشتی خەیاڵی پێ بەجێ‌دێڵێ و بە خوڵای کێوپارەی دەسپێرێ، ڕاوچی نەترس و دڵپتەو و ڕوحسووك ماندوو نەناس و هێواشڕوانە، وردبین و سیرەڕاست و هەنگێوەیە، ڕاوچی قوتابی سروشت و دەرسخوێنی چیای بژوێنە . فێرکراوی فێرگەی ئازموون و تەجرەبەیە. کاڕاتەبازی بازبازێن و شالاوی کوت و پڕی دڕندەی بەزەڕە، ڕاوچی زانا بە زمانی هەموو گیانلەبەرانی نامۆیە، ڕاوچی بۆ ڕۆژی مەبادا بە زۆربەی ئەشکەوت و پەنا و پەسێوی هەرێم ئاشنایە.

ڕاوچی، لە گیاناسیدا یەکەتاز و بێ‌هاوتایە، کاتێ کە باب، ئەگەر دەستی بەخوێی خۆماڵی ڕانەگەیی، کەڵك لە گیای خوێدار وەردەگرێت. کەبێ نان و تۆشە مایەوە، لە بنەگیای زۆر بەتام و بۆن و نیشاستەیی خۆ تێر دەکات. ڕاوچی هاتو بریندار کەوت، لە گیای خوێنبەست و گەڵای هێمنی هێن، خۆی لەبەلای خوێنڕێژی و ژان و شڵەژان ڕزگار دەکات.

گوتمان ڕاوچی، لە زمانی زۆربەی جڕوجانەوەرەکانی مەڵبەند، لە خزۆکەوە بگرە تا فڕۆك و تا دڕندە زەبەلاحەکانی بەزەڕ و ترسێنەر تێ‌دەگا، بۆ بەڵگە بێ‌جێ نیە بۆ کورتە ڕووداوێك کە خۆم شایەدی ڕووداوەکە بووم گوێم بۆ بگریت.

شەوێکی ڕەش و ئەنگوستەچاو (گوندی شێنی)

لە کوێستانە شاخاویەکانی کوردستانی عێراق بە نێوی «کێلکوگێن» (دۆڵەکۆگێ) لەگەڵ خوالێخۆشبوو ڕاوچی ناودار و هەنگێوە، خاوەن نێو (کوێخا خدر ئەسمەر) لەڕاوە حەیوان بووم، کووڕۆکێکی، قەڵەومان ڕاو کردبوو. لە ئەشکەوتێک بە ناوی (بەڕنیری) شەو دابین بووین. دار و سوخت بەبار و گۆشتی کوورە کێوی بەلاش، چای جووت خەزاڵ و جگەرەی سوومێڕیش سەرقەپان، پاش شام و کڕوکاش لە نەقڵ و نەزیلەی بێجێ و جێباش، کەوتینە بیری خەو و شەڕە فڕی ڕاوی بەربەیانی داهاتوومان لە ناکاو چیا دەنگی تێگەڕا و کێوەکانی دەنگیان داوە و شاخەکان تاش و وردە تراشیان لێهەڵدەوەری. بۆنی ئەو دەنگە نامۆ و نەناسراو بوو، بەڵام دیتم کوێخا خدر، ڕەنگی پەڕیوە و کەوتۆتە پەلە و دەیەوێ هەرچی زووترە ئاورۆچکە وەکووژێنێ و ئاو و خۆڵیش وەسەر پۆلووان گێڕێ، بێشۆقیان کات، کوێخا خدر چادان و چا و ئاوی کتری و قومقومانی وەسەر پۆلوان گێڕا و فیشەکی بردە بەر تفەنگ ڕووبەدەرکی ئەشکەوت، وەك ڕاوچی بەمەچەك، هەستی لەخۆبڕی، هەرچی ویستم بۆ پرسیارێك، دەم وەکەم، بە ئێشارەی پڕ لە مەترسی دەیگوت، وست وست، دەخورێن. منیش ناچار هەروەکوو ئەو دەستمدا چەك و بەرەو دەرکی ئەشکەوتەکە ڕاوەستاوم.

زۆری نەخایاند لە دووسەد شەقاوێك لەخوار ئێمەوە، دەنگ هەڵیداوە و شاخ و ترت و تولەش بۆیان هەستاندەوە.

دەنگ دەنگ نەبوو، زەلزەلەیەکی ورەبەر بوو، تاریك . ڕەشەشە و، سامباران سێچوار دەنگی تێکەڵوپێکەڵ، هێرشی کۆمەڵێك دڕندەی بۆمن نەناسراو، لەگەڵ کوێخا شانمان جووتە، سیرەمان بەرەو دەرە هەست بەوە دەکەم کوێخا دەترسێ و لەشی دەلەرزێ. من لە ڕامان و بێهەستیدا خەستە بووم و ویستم بەبارە و بارێك خۆم وەحەسێنم، نەخێر کوێخا نەیهێشت.

پەنا بە خوا دووبارە لە نیڕە و نەڕەی ئەو گیانلەبەرانە، شاخەکان دەنگیان دەسەر گەڕا، نەدەنگ بەڵکە هاوار، هەڕەشە، گریان و بەخۆدا دان، دوبارە کێوەکان لەهەرا کەوتن، کوێخا

سەری لەسەر جاسووس هەڵگرت شادە و ئیمانی هێنا، بەزەردەیەکەوە ڕوو بەمن گوتی: مەلای خۆ، خێرن لەسەرە، خوای لەوی بەلایەی پاراستین. بەسەری سۆق محەممەدی سیکەنەی هەستی کردباین، ئیوان خەلاسی نەدەهات. گوتم: کوێخا بەڕاستی ئەوە چیبوو، کەتۆی پۆلاکرۆژی ئاوا ترساند.

کوێخا: کوڕچەش، بەسەری توو، کالۆکەت چەورن، سێ ڕۆژیتر دەبینە خاوەنی پێنجسەد دیناری شین، تێناگەم کوێخا ڕوونتر بڵێ، کوێخا کۆنەڕاوچی و تەمەنی لە شێست تێپەڕیوە، بەلام چ جوان و جحێڵ تای نەدەکرد، وتی ئەوە پڵینگ بوون، دوو نێرە پڵینگ لەسەر دێڵەیەك شەڕیانە شەڕی ئاخری یەکیان یەکی خنکاند، کێشە تەواوبوو.

هەر بەیانی کەوڵە پڵینگت بۆ دێنم، لەقەلادزە دەیدەم بە پێنجسەد دینار دووسەدی تۆ ئەویتریش بۆ کاکی خۆت.

کوێخای کۆنەڕاوچی ئەگەر لە زمانی جانەوەری نامۆ حاڵی نەبا چۆنی دەزانێ شەڕە و داوا لەسەر چیە؟ شەو کەمی مابوو، بە تەجرەبەی کوێخا هەر جێیەك، زیرە و نیرەی پڵنگی لێبێ، حەیوانە کێوی، لێ نامێنێ، ڕەو دەکەن، بۆ دۆڵێکیتر و چۆڵگەیەکیتر، دەڕۆن لەسەر ئەو باوەڕە، بەربەیانی ئەو شەوە، بۆ بازگەنە ڕۆیشتین، تا هەتاو کێوەکانی زێڕین کرد، لەو ئەشکەوتەدا ماینەوە، دوا تاو هەلات، زۆر ساز و باز بەرەو ئاخرین شەرگەی پڵینگەکان، ڕۆیشتین، بەڵێ شادە و ئیمانی کوێخا بە هەق بوو، ئەوی شەو گوتی، ڕاست و دروست بوو. لاشەی گۆڵە پڵینگێك لەوێ کەوتبوو، بڕێك قەل و داڵی لەسەر میوان بوون، کەوڵی لە حاجەت کەوتبوو، وەها دڕدڕ و جنجن کرابوو، دیناریٚکیشی نەدەکرد.

یادی لاوی و ڕاوی کێل کۆڵین، وریایی کوێخا خدر ئەسمەر بەخێر.

بۆ هەموو ڕاوچییەکی بە دەست و چەك سلاو.

کورتە نەقڵێکی خۆمانە بۆ پێکەنین

لە سەفەرێکمدا لە شارە جوانەکەی سنە. دۆستێکی بیست ساڵ لە من گوم، بۆ شام خواردن لە ماڵی خۆیدا قەولی لیۆەرگرتم.

هەر عەسر بوو، سواری پەیکانی کردم و تازەساز و دیمەنگایەکانی شاری سنەی نیشاندام و لەزۆر جێگاش بۆ وردەکاویژ و پێداکردن، هەلۆێستەیەکمان دەکرد، لە هێندێك شوێنیش، لە پەنجەرەی پەیکانەوە، ئاغایانە دەستووری ئەدا و ئەیگوت بێژە وەلالۆم، وەخالۆم، وە باجەی خوشکم وە ڕەحە خانی میمکم بۆ شام بێن بۆ ماڵ ئێمە، برایێکی فرەزانا و شاعیر و قسەخۆشی. مەهابادیم وەگیر هاوردووە، با ئەوانیش لە وفرسەتە کەڵك وەرگرن.

نوێژی شێوانمان لە مزگەوتی ناوشار کرد وەختی نزیك بە شام لە درگای خۆیان، بە فیقەی ماشێن درگا کراوە. بۆ پەزیرایی لە شاعیری نەناسراوی مەهابادی، بە قەولی خاوەن ماڵ شەقو کوت لە پلیکانەوە ژن و پیاوێکی زۆر بەرەو ڕوومان هاتن.

وایان لە ڕێز و حورمەت گرتم، دەتکوت لە قوڕگیراوم، گریێم لێبڕابوو، پشت پازدە پلیکان لە سالۆنێکی هەراو و ڕازاوە بە پشتی و نێوەمێز و وردەگوڵی دەسکار پاڵمان لێداوە.

جا وەرە میوانان، قەلبڕێر کە، بیست و هەشت، بە خۆمەوە بیست و نۆ زەلامی تازە هاتوو، زۆربەیان مێیینە بوون، موعەللیم و دەبیر و خۆش‌وێژ. یەك لە یەك بەردلتر و وردبین‌تر بوون. گەپ و گاڵتەی زوبان، و شەڕەشێعر و فڕهاویشتن، شامی لەبیر بردینەوە، بەلام ئەوی بەڕێوە بیّ هەر دەگاتیّ، شام هات چ شام! وەك لە شام بۆ شایان ساز کرابیّ، شام خورا، نێر و میّ شان بە شان پێکەوە، لەسەر سفرەیەك یەکمان گرت و لە نێو هەمووان‌دا من پیر بووم، ببوومە (گای نێو گوێلکان) چاو و دەم زیاتر ڕوو بەمن هەڵدەبڕان، منیش زمانێکم هەبوو یەکی‌تریشم قەرز کرد، بە نەقڵ و نەزیلەیەك ڕازیم دەکردن. گاڵتە و گەپ و قسەی تەڕ و میوەی میخۆش، هەر خۆشی لێدەباریّ بەلام بیّ بەختی لە سەفەریش، بەرۆکی قەت بەر نەداوم.

دەمزانی ئەوشۆش تا سەر نایەلیّ بە گەشەوە سەروەنێم، ئای بیّبەختی، لەکالەدۆڕ، زیڕەیەك بەگویّ گەیشت، هالەکە لەرزاوە، گوتی هەی هاوار، (دووماره کۆلە)، بەو هاوارە دەورم چۆڵ‌کرا، هەی لەوەی زووتر هەڵیّ و گیان دەربەریّ، زۆریان بیّ‌کەوش و سوڵ خۆیان

دەرباز کرد، مامەوە منی تەنها، بۆ هەوەڵێن جارە، ناوی دووماره کۆڵە دەبیستم، لام وابوو نەوعێکە لە مار، منیش چوومە کاڵەدۆڕ، کاڵەدۆڕ، لە توێکڵ و و سەرقونکی میوەی نیوە خوراو داوەستابوو. زۆرم ڕوانی لە ماری کۆڵ و ساخ چیم بەرچاو نەهات، هاوارم کرد، برا بۆ ڕەوتان کرد، بێن بزانم ڕووداو چییە. یەك لە میوانەکان هات و دەلەرزی و قامکی ڕاداشتە دیوارەکە، ها ها ها وە قەو دیوارەکەوە ئەجوولێ. دیتم بێچووە دووپشکێکی زەردی لاواز و بێهێز، بەحاڵ ئەتوانێ وەجوولێ، دەیەوێ ئەو هاڵە جوانە بە جوانان چۆڵ کات. منیش دەستم کێشا و ژیانم بە دووماره کۆڵە چۆڵ کرد.

میوان زۆریان نەیانوێرا وەگەڕێن، ئەوەی گەڕاشەوە ناوی قارەمان و غیرەتیان بەسەردا بڕیم، لە سایەی دووماره کۆڵەوە چەن شەو و ڕۆژ، هەر جەمەی لە ماڵی میمکەیەك و لالۆیەك، شاغان و داغان لێمان ڕادەکێشا، بوومە میوانی چەن شەو و ڕۆژ.

خوێنەری خۆشەویست

ئەگەر بەوردی لەو دوو کورتە نەزیلەیە وردەوەبی. بەروونی تێدەگەی کە خوای مەزن، بە خاتری چسوودێکی مرۆیانە. ڕوخسەتی ڕاو و ڕەداوخستنی نێچیر و جانەوەری بەزەڕی داوە، ڕاو و شکار، جگە لە بەرهەمی گۆشت و داهاتی دیکەی ژیان بۆ ئەستووربوونی مەچەك و وەرگرتنی هەوای خاوێن و چێژتن و مژتنی تام و چێژی ڕۆڵەکانی بەتام و چێژ و بۆنخۆشە. ڕاهاتن بە سارد و گەرمی ڕۆژانی ژیانە. بێترسی لە خشە و مشەی شەوانی ڕەش و قیژە و نیڕەی جانەوەری بەزەڕ و هەڕەشەی تۆف و بەند و کرێوە و کوێستانە. زاڵ بوون بەسەر شەوگاری ڕەش و هوولەی کوندەبووی ناوەخت و بێباکی لە چەق و لووریتری نێو تەرت و تەلان و هەڵەمووتانە.

با کەمۆکێکیش لەخۆم بدوێم

پاش چلو چەند ساڵ ڕاوی ڕەوا و ڕەداو خستنی نەچیر و چیرە و قیرە لەگەڵ ورچ و بەرازی فیتەر و ڕەوە بڕەکی دزێو و زەندەق تۆقین، پاش چل ساڵ شاخە و شاخ و هەوارە و هەوار و ئاشنابوون، بەزار و زاراوەی زۆربەی عەشیرەت و هۆزەکانی ڕەشماڵ نشین و مەڕدار و پاش چەشتنی تاڵی دیلی کۆت و دەسبەند و ئازاری، قەمچی پیاوخۆرەکانی دەزگای حەمەڕەزاشای ئەمریکایی و پاش ماوەیەك قاچاخی و ئاشنابوون بە پیاوە شۆڕشگێڕەکانی ئازا و ڕاساو و تێکەڵی لەگەڵ نووسەری بە سەرەدەر و زانا. ئێستا وەستاو و لە فڕ کەوتوو، پیر و لەرز، بێچەك و چەکە داس، هەی داس هەی داسی مەرگ، وەك داسی لێکردووم و لە نزمایانی خزاندووم و پشمە و ڕاخزینی لێبڕیوم.

بەڵام ماڵی خەیاڵ و هەستی تامەزرۆ ئاوەدان، دەسرمەی[1] ئەسپی دووپەل سپی شێعری بزۆز خۆش بێ، زۆربەی شەوان، هەڵمدەگرێ و گرێکوێرەی تامەزرۆییم دەکاتەوە دەمباتەوە، خەت و شوێنی سەردەمی لاویم.

باوخۆش و بەگوڕ و شیوڵە لە دۆڵ و شیوان دەمکاتە میوانی ئەو شوێنانەی کە ئێستاکە لەمن بێسەروبەر و شوێن ماون، عەرەب گوتەنی: (وصف العيش، نصف العيش).

بۆ ئەوەی خۆشی‌یەکانی ئەو سەردەمەم،لەبیر نەچیّ و لە گولان نەبڕێم، ڕاوچیم کردە نازناو و لەسەر نووسراوەی خۆم کردە بەیداغ و زیارەتگای گاوبێگای خۆم، تەنانەت کە وشەی ڕاوچیم لە هەر شوێن و لەهەر پەڕا و پەرتووکان هاتەگوێ و یان وەبەرچاو کەوت، نەشە دەبم و زۆربەی وردە شانۆکانی ئەو سەردەمەم بۆ دەژیێنەوە. نازناوی ڕاوچی پڕ بە ڕاستاوی ژیانی ڕاستەقینەمن، ساخت و سازێکی درۆی تێدا نەکراوە.

زۆربەی نازناوی نووسەر و هونەرەکان، درووماني دەرزی درۆ و هەڵخراوی خەریتەی خەیاڵی خۆیەتی.

---

[1] وە (سرمەی)ش هاتووە.

بۆ وێنە، سووتاو، حەریق، غەریق، شەیدا، بێدڵ، و... هتد ڕەنگە، نە بەئاگر داپلۆخابن، و نە لە چۆمیان دابێ، نە دڵناسیش بن، بەڵام نازناوی من، ڕیشەی لە ڕیشەی زیبك و زەبر و هەست و دەرکی بنەڕەتیمەوە هاتووە، هەوێنی گیرسانی گڕوی خوێنی مرۆییمە.

وەك لەو شیعرەدا وتوومە:

پـــیرە ڕاوچـــیم و چـــیایە چـــیمەنی هەڵدانـــەوەم
بـــاوبۆران بـــای نـــەداوم دوژمـــنی بادانـــەوەم
تـــا بمـــێنێ ملـــچە ملـــچی تلتـــەخۆری خۆنـــەناس
هـــەردەبێ تـــەرت و چـــیابێ جـــێخـــەو و جـــێسـانەوەم
عیـــشقی ئـــازادی وەتـــەن بۆتـــە هـــەوێنی بـــیروڕام
بـــۆ کـــەمێ ژیـــن ناڕەوایـــە زیللـــەت و پاڕانـــەوەم
هەڵـــدێراوی تـــەرت و تووشـــی ســـەربەخۆییم خۆشـــترە
نـــەك وەکـــوو گـــۆ بم بەشـــەق بـــێهـــەڵخول و ســـووڕانەوەم
بـــۆ تـــەلان و زەرد و بـــەردی خـــاکی کـــوردم دێتـــەوە
ســـێبەری هـــەور و هـــەتاوی ســـەردەمی بووژانـــەوەم

١٣٤١ . کوردستانی باشوور

کورتە ڕووداوێك لەژیانی ڕاوچی

ئەگەر من تێر و تەسەل، بە بێهەڵە و پەڵە و تلاسان بێژم کە من کێم، لەکوێم، چیم پێکرا و کوێم پێکرا، کام سولەیمان ئاشی بەبای پێ وەگەڕ خستم، کێهە قەیسەر کونە مشکی لێکردم بە قەیسەری،ڕەنگە بێژی، نووسەر دۆمە و کلاشی خۆی، لە جاوی جوو دروس دەکا و تیرەی لە چەرمی گامێشان دەکێشی، هەر بە قەڵەم، خۆی، خۆی لە قووڵایی، کێشە کێشان، کێشاوە. ڕەنگە جوانیش نەبێ، شەقاوپت بگوترێ، کە کامە کەرکیتی کوردانە دان و پۆی کڕ دام. کەرەی پێکردم، بەزەنگ و زەنگی هەلات هەلات و تەق وڕەوێ، پێ وەدەنگ هێنام و قەشکەی بەغدای بەنیوە ڕێ کردم.

ئەگەر بنووسم. کام قەمچی دووسەر، سەری بە سیرمە هەڵێنام و چەق و لووری چەقەڵ و گورگی هەندەران چۆنیان لێ‌مراندووم و ئەسپێ و ڕشکی بەندی خانان، ڕەقە پەراسوویان چلۆن خان‌خان و ڕیڕێ کردووم.

یانە کوردکوژەکان، چەن جاریان بێروبەوێدا تەرە کردووم و چەن ئەشکەوتە تەڕ و چڕۆ چۆڵەیان، پیکردوومە خانی خات ڕابیە ڕەحمەتی.

نووسراو دەبێتە چەن باتمان قاقەز و داستان دەبێتە شانامەی. ڕۆستەمی مازەندەرانی نەبەز.

وا باشە کورت و کرمانجی بێژم ناوم عەبدولکەریمە، شۆڕەتم عەزیزنەژاد، نازناوی کوردانەم ڕاوچیە و کوڕی خوا لێ‌خۆشبوو مامۆستا مەلا حەسەنی سەیادیم لە بنەماڵەی عەزیزی خاڵندم و پەچەند زەو و زوویەك، دەچنەوە بنەماڵەی خالیدی کوڕی وەلی. لەدایکبووی هەزاروسێسەد و پێنجی (١٣٠٥) کۆچی هەتاویم. لە باوەشی گوندێك بە ناوی سلامەت، گەورکی موکری، سەربەشاری بۆکان لەدایك‌بووم، هەرلەوێ خڕەکەبووم و لەدارە دارە ڕەت کراوم، خراومە بەر خوێندن، شکایەت نەبێ لەڕووتان، تەتەڵەی ئەلف و بێتکان، هەموو تەتەڵەی گاڵتە و گەپی خۆشی نێو منالانی، لەدەس وەرگرتم، لە هەموو هەقری‌مەقۆی منالانەی بێ‌بەش کردم.

کێچ و مۆریانی مزگەوتە چۆلانی کردە ئاشنا و شنەی لە هەناوانی بریم بە تایبەتی، زەنازەنای سەر و بۆر و زەنان، چاو سپیلکەی میم و جیمان، تووڵە تەڕ و گوێ‌کێشانی نامام وەستایان، شەوانەش لە خەوی شیرین‌دا لە ترسی تووڵەتەڕی بن بەڕە و حەسیران، وەك جنداران ڕادەپەڕیم و لە گڕوگاڵی زۆربەی خەت و دێڕان سامم شکا و لە لامی گەورە و تێی بێ‌دەست و دەس‌دار، دەستم نەدەلەرزی.

کورتی وەبڕین، بۆ ماوەیەکی کورت و کەم، لەمریشکە ڕەشە و کولێرە بەرگەدە و دەمی گورگ و ورچان ڕەت‌بووم، قورحانم تەواو کرد و بەربەسێڵی پیرۆزبابییم بەزۆربەی مالانەوە گەڕا و پیروزبابییم، ڕاگەیەنرا، ئەمجا خوێندن بوو بە وردە کتێبی وەکوو ناگەهان، جورم بەخش، ئەی‌شووده، سمایل‌نامە و وەفاتنامە و چەن پەڕتووك و پەڕاوەی‌تری منالانەش،

ئەودەم وەکوو ئێستاکە دەمقووچاو بێسەر و مێشك نەبووم. چیم دەخوێند بەپێ نەقە و چڵمهەستڕین، دەهاتە بەرم، هەر لەبەر دەورم دەکردەوە.

مووشێعرێن واتا شەڕەشێعر

شەڕەشێعر، لەهەموو خوێنگە و فێرگەیەك و لەزۆربەی کۆبوونەی وردە خوێندەواراندا، بازاڕی گەرم و گوڕ بوو، هەر ئەو بازاڕەش بوو، کە بوومە ئۆگری شێعر و شێعر لەیاد گرتن بوومە چەکداری شەڕەشێعری ئەو سەردەم و زیاتر لە دووهەزار شێعرم لەبەر بوو، چما کامەکەسهەبوو لەو شەڕەدا لە حاستم ڕابێ و نەپێکرێ و لەپێ نەکەوێ.

یادی ئەو سەردەمە بەخێر، کە چەند خەپەتۆڵە و گەش و خۆش و خۆشهەڵبەزیو و نەبەزیو بووم، ئەوبەر ئەوبەری گەڕەکان بانگ دەکرام، میرزالە میرزالە گیان، دەمی گورگ و ورچانمان بۆ ببستە قەزات گرم. ئای چەن خۆشبوو، لام وابوو تەواو زۆرزانم کەس نەماوە نەی بەزێنم.

تازە بەسمە هیچیتریش ناخوێنم، بەڵام زۆری نەخایاند، تێگەیشتم کە هێشتا کاڵ و ساویلکە و پێنەگەیشتووم، هێشتا کوولەکە ڕۆنی فەقێیان دەوری پێنەگرتووم، خۆی پێهەڵنەگرتووم، بەبارە بەری نەناسیوم، سمێڵی چەوری پێنەهەستڕیوم.

کوولەکە ڕۆنی فەقێیان

کوولەکەی سواڵی ڕۆنی، نە کوولەکە ڕۆنی سەر تەندوور و نێو تەندووران لێت تێكنەچێ و لات وانەبێ لە دەورانی فەقێیەتیدا. خواردن هەر کوولەکە و ڕۆنە و سمێڵبادان، بەڵکەساڵی چەنجار بارە بەری و کوولەکە هەڵگرتن و ماڵە و ماڵ و هەوارە و هەوارە خوێنەری خۆشەویست! پاش تەواوبوونی، وردەکتێب و خوێندنی گوڵستان و بووستانی شێخی نەمر سەعدی شیرازی خوالیڕازی وشکە قۆناغێکیتریان بۆ ڕەچاوکردم.

قۆناغێکیتری بۆ تەرخان کردم و کرێکی بەکرتری، بۆ لەدار بەستم، خوێندنیان لێکردم بە عارەبی، دەپاڵ کێشەکێشی زەید و عەمرانیان پەستاوتم، تووشی تاریکەشەوی زەرق

مەجازی موستەقەڕ کرام و لە ترۆپکی یاسای بابی (تفعل و تفاعل) هەڵیانداشتم. بە (مبتدای مقدری مؤخر) خەڕەکی هەودایان تێکشکاندم و بە سەرە و بەرەی کەلیمەی نەخۆش و نێو بەتاڵ و سەر و قونچك پەڕیو، واتا ﴿اجوف و ناقص و لفیف﴾ چەند شتی‌تری بۆمن نەبیسراو هەستیان لەپێ خستم و هاتمەوە دەوری هەوەڵ. بوومەوە قوتابی جاران و سەروبەر ترسم ڕێنیشتەوە.

نایشێرمەوە، سەرلێشێواوی ئەو ترسە دەوری بۆ هەڵگرتم و ماڵی پێبەجێهێشتم، بەرەو حوجرەی هەندەران ڕایپەڕاندم، بۆ هەوەڵین جار لە گوندی شوێ شارەدێی مەڵبەندی شارۆکەی بانە، باروبنەم لێخست.

بوومە سووختەی فەقێیەکی لەخۆم گێژۆکەتر، سووختەی ئەودەم یانی قەرەواش، ژێرفەرمان، کارەکەر، بارکێش و بارەبەر. هەوەڵین دیدار هەمووشت بۆمن سەرنجڕاکێش و نەدیوبدی بوو، ڕاتووە، نان چنینەوە کولێرەی هەرزن، یاسای حوجرە، فیز و پۆزی موستەعید، دەرس و دەور، قوڕ و قەپی شەوانە، حوجرەش ڕەش و ڕووت، بێهاڵ و کەوشکەن، بێحەمام و دەسشۆری، بێمیز و کمۆد و کابینێت، بێ زمهەڕ و زەخیرە و هیزە و دیزە. ئەوی بەرچاو دەهات، کوولەکە ئاوییەك بوو. شەش مانگ بوو ئاوی نەدیبوو، زگ زل و مل باریك، چڵکن و ڕەش و ناوبۆگەن.

ڕۆژێك لە مامۆستام پرسی، گوتم: قوربان ئەم کوولەکە ڕەشە کەڵکی چیە و تەمەنی چەندە، نژادی کێهە هەرێمە و لە بنەماڵەی کامە شیناوەردە و کام هەرای قاتوقڕی مەڵبەندی وەبیردێ ئەویش بە بزەیەك و هەناسەیەك گوتی: فەقێ پرسیاری ناوێ، زۆر کەمی ماوە کە خۆی بە تۆ بناسێنێ.

بەهار شین بوو، سەرما و سۆڵە شینی وەسەر گەڕا، کەو هاتەوە و ڕاوچی مرادیان حاسڵکرا و چادر و چیغی مەڕداران بەرەو هەوارگەی سالان کەوتەڕێ، زەوی نوێیی وەبەرهات.

مامۆستاکانی حوجرە هەموو بەرگی نوێیان پۆشی، کوولەکە ڕەشە لەدار کراوە و دوو شەو و ڕۆژ، لە تیژاو و لۆرکاویان گرت، بە خۆڵی داربەڕوو ڕەنگ و روویان پێشۆشت.

لەسەربانی حوجرە بۆ هەوا خۆری حەوتەیەك ئازاد کرا. پاش ئەو چەند ڕۆژە دەیانویست بۆ ڕۆن چنینەوە و سوالی ماڵە و ماڵ و دەوارە و دەوار، بەرەو کوێستان وەڕێ کەون. بارەبەری ئەو کوولەکەش دەبێ منی سووختەی هەژار بم.

مامۆستاکەم موژدەی بارەبەری ئەو کوولەکە وشترەبارەی پێدام. ڕەنگزەرد و ئەژنۆ شکاو مشکم لێکەوتە ناو دۆشاو، ساموتەی نەترەم پسا و بەزمانی پس‌پس توانیم بڵێم ناتوانم. مامۆستا زۆر وەستایانە لەگەڵم دوا، نەیەویست زۆر بە تۆسنی ڕووبەڕووم بێت. نەکا بارەبەرێکی ساویلکەی لەدەست دەرچێ و بەرهەمی بەهاری تازە لەخێران هاتووی لە کیس بچێت. پووڵی کەوا و سەڵتەی گازڕوونی شینی بۆ پەیدا نەبێت.

زۆر مامۆستایانە گوتی: فەقێ گیان ئەو خوێندنە خەزێنەی هەردوو دنیایە پڕ لە ماندوو بوون و جەفایە، دەستی ماندوو لەسەر زگی‌تێرە، ئیتاعە لە مامۆستا واجبە، تۆفیقە سەرکەوتنە، دەتەوێ بو کام حوجرە بڕۆی، لە هەموو حوجرەیەك کوولەکە بنەی ماڵێیە.

بە ناشوکری ناڵێم، ئەوەش بەشی ئێمەی فەقێیە، دەبێ مانگێك ماڵەوماڵ بڕۆینە سواڵ، تا شتێك پەیدا کەین و جلوبەرگی ساڵی پێبکڕین. لە کوردستانی ئێمەدا ڕۆن و خوری و تووتن زۆرە بێبەشمان ناکەن. ئێستا وەختی ڕۆنە و هاوین تووتن و پاییزیش دانەوێڵە، چارمان نیە ئەو سێ وەختە بۆ ئێمە خرمانی ژیانە، دەبێ لەدەستی نەدەین، فریانەکەوین، دوادەکەوین.

بۆ فێربوونی زانست و ڕێگابڕین بۆ خوا، شەمۆتە و دوودڵی ناوێ، زۆری نەماوە تۆش دەبی بە موستەعید، کوولەکە هەڵگر دەبێتە بابایەکی‌تر، ئێمەش کاتی خۆی چێژی ئەو کۆڵەبارەمان چەژتووە سەرەڕای ئەوەش گەڕانێکە خۆناسینێکە بەو جەماوەرەی لەداهاتوودا کەڵکی ژیانیان لێوەردەگرین.

مامۆستا چی فەرموو قەبووڵم کرد، ناچار کوولەکەم لە خۆ شەتەکدا و بەرەو کوێستان وەڕێ کەوتین.

کوێستانی جوان، مەیدان چۆغە و مەڵبەندی لاسەشۆڕ و خەزاڵی مەلا نەبیان، گاگەش و گاگەشی بابهۆمەریان و شاڵەبەگی فەقێ وەیسیان و زۆرشوێن و چیای بە شوێنەوارتریش گەڕاین، ماڵئاوا، ڕاتووەی فەقێیان بە کەوچك ڕۆنیان، لەکوولەکە دەکرد، تا کوولەکە پڕ

دەبوو، دەمان فرۆشت. شان و کۆڵم لەڕۆندا خووسابوون بە تەپوتۆز و گێژەڵووکەی خاك و خۆڵ، ببوومە خوول، ببوومە سەرانگوێلکی مێشەڕەشان.

لەو شانەم دەردەکردن لەوشانیترم دەبوونە میوان. دوور لەئێوەی خوێنەر سێ ساڵی ڕەبەق بۆ ئەو کوولەکە، ساڵی دووجار بارەبەربووم ساڵی چوارەم بوومە جامیخوێن و شاقەلم لێبەردانەوە و بوومە موستەعید و لە بارەبەری کوولەکە ڕەش و قەرەواشی سیووتیخوێنان خەلاسیم هات و شیرینی موستەعیدیم خورایەوە.

با لێتان نەشێرمەوە، کە پۆزی کەوای درێژ و موستەعیدی بۆ من باشی نەهاورد، خوتخوتەی دەمار بەرەو ولاتی عێراق چیوەختەیدام و شارۆکەی هەڵەبجەی کردە هەوەڵ خانەخوێم و زۆربەی حوجرەکانی شارەزووری پێناساندم. لەو شوێنە نووسراوەی کوردی بێشوێن نەبوو. هەرچەند باشم بۆ نەدەخوێنرانەوە بەلام چونکە کوردی بوون خۆشم لێیان دەهات، هەرجۆر بوو وەدەستم خستن، لام وابوو خۆشیم تازە خەریکە ببێتە گوڵ و منیش ببمە گوڵ چنی باخچەی نووسراوەی کوردانە و کوردانە منیش دەستی خۆم بوەشێنم، بەزمانی زگماکی لاسای ئەدیبان وەکەم و شێعران بدرکێنم.

بەلام بەلای ڕۆژ، ڕۆژی لێکردمە شەو، هەواڵی نەخۆشی باوك و بێکەسی بنەماڵەییم بۆهات و نەهاتی سەری وەسەرخستم. ناچار بەرەو ئێران گەڕامەوە لەهەموو ئاوات و هیوایەك هەڵبڕام. ئەودەم نە دوکتور بوو نە دەرمان و نەپووڵ و دراو. چارەی هەموو نەخۆشان چاکوپیر و نەزەرگە و ماڵەشێخ و نووشتە و دوعابوون، پاش زەحمەت و کۆششی ساڵێك، باوك فەوتی کرد. چارەڕەشیم لەوێوە دەسپێکرا. مەرگی مامۆستایەکی گەورە و مەزن. کۆچی بابایەکی عالم و عیرفانی، لە هەرێمدا، دەنگیداوە و کۆشکی مەشایخ و بارەگای ئاغایانی ناوداری لەرزاند.

لە شارۆکە و زۆربەی گوند و کوێرکە دێیان تێپەڕی. هەڕەمەی، پرسە و سەرەخۆشی. لافاوی بەربلاوی شینگێڕ و فاتیحاخوێنان. خوێنیان مژتم. هەنبانە و کیسە و چاڵ و کەندوو کەنەوەیان لێکراوکری ژیان و پێژیان لەپێ کەوت، وەبن هەرەسی قەرز و قۆلان کەوتم پەکم کەوت. خوێندن خەوت و کۆڵێك سەغیر و بێسەردارم بەڕیشەوە بوو، ڕێگەی پەرەپێدانی زانستم لێگیرا.

شین و گریانی خوشك و وردەبرا، بێسەرەدەری کردم، ناچار نیوە مەلا و نیوە فەلا، لە گوندی ساردەکۆسانی هەرێمی گەورکی موکری سەربە شاری بۆکان. بوومە سەرپەرستی خاوخێزانی هەژار. ئەودەم هەموو کەس بەهەژاری دەژیا، ژیان کراسیٚ بوو بە بەژنی ماڵە شێخ و بێچووە بەگ و بەگزادان بڕابوو.

لەبەر چەرمەسەرە و بێگاری ئاغاوەتان، کەس ماوەی کاری خۆی نەبوو. کار هەر نەبوو، هەموو کەس دەبوو ئیش و کاری مالیکان ڕەنێوبێنیٚ، لەسەر سەپانی و گوخڵەوانی، میراوی، گزیری، شوانی، قەلەوانی، سەگەوانی، نۆکەری، سەرکاری، باخەوانی، تووتنەوانی ئاغا. هەر پاڵەپەستە و خۆ ڕەپێشدانی ڕەش و ڕووت و برسی و توونیان بوو.

هەمووکەس بیٚکەس و بیٚنەفەس بوو. هەر ئاغا و بێچووە بەگەکانیان کەس بوو. تەنانەت گزیر و گزەکەرەکانیش لەسەر داهاتی هەژاران شێری نێر بوون، کیٚ دەتوانیٚ لە ئاستی داوای پاك و پیسی وان، بڵیٚ ئاش ڕاستەوانە دەگەڕیٚ.

ئەو ئاهۆیە باشتر بڵێم ئەو هەژار مژتنە، تایبەتی گوندێك . هەرێمێك نەبوو، بەڵکوو لەهەموو مەڵبەند و بەندەرکان سەری هەڵدابوو، کەسیش نەبوو بۆ ڕێچارە هەنگاوێك و بازێکی بەباو باوێژێت. دەوای ئەو ئازارە لەمێژینە و فرەگرە هەروا، سووك و ساویلکە کاری کەسێك و دووکەس نەبوو، حەکیمێك و دوو حەکیم ئەو ئاهۆیەیان بۆ ڕیشەبڕ نەدەبوو. بەڵکوو یەکگرتن و لەخۆبوردنێکی بەربلاو و هەمەلایەنەی گەرەك بوو، ئەویش دەبوو بەهۆی چەن کەسێکی کەسانەوە، ڕەگوێی داغ لە دڵ و لەخۆ ڕادیوان کەویٚ، لاوان وەجووڵێنیٚ. بێچووە بەگ و نەجیبزادەکانی قەلا بڵیند ڕاچڵەکێنیٚ و بیانترسێنیٚ.

بەڵام ئەوی ڕاستی بیٚ، زۆڵمی زۆر و کاری ناڕەوا بۆخۆی قارەمانی خوی دەخولقێنیٚ. کۆمەڵێك لێك دەبەستیٚ و ڕاسانێك دەسازێنیٚ و زار و دەمی داوایان دەکاتەوە.

هەر ئەو هۆیەش بوو، کە لە برێك مەڵبەند، تەك و تەرا کۆچ و کۆچبار بەرەو هەرێمی دوورەدەس دەستیپێکرا.

بەشێکی کەم لە کوێرەدیٚ و هەرێمە شاخاوییەکان لاوەکان لەبن باری بێگار و جەریمە هاتنە دەرەوە و بە شێوەی پەنامەکی لێرولەویٚ دەژیان. هەڕەشەی توند و تۆڵیان بۆ بەگەکان دەناردەوە.

مالیك و ژاندارمە تریاکی‌یەکان، زۆربەی شەوان بۆیان دەگەڕان، ڕەداویان خەن و خۆیان وەحەسێنن، خەڵکی چەوساوەی هەرێم ئەو جۆرە لاوانەیان خۆشدەویست، یارمەتیان دەکردن تەنانەت چەك و چۆلەشیان وەدەس‌دەدان.

لەوسەردەمەدا خۆم و بەختم بە چارەسازی لیٚقەوماو و ئاواران ناسرابووم مالیکەکان، سامیان ڕێنیشتبوو، لایان وابوو کەمن ﴿چاکی پیرەباوەلیٚم﴾ هەر تیتۆڵە پەڕۆیەکم بۆ حەوت دەردان دەرمانە،هیمەتی من هەر یەکاویەکە، بەوبۆنەوە پێوەندی گەرمیان پێوە دەکردم. کەیخوایەتی زۆربەی ئاوارەکانیان پیٚدەسپاردم، ناهەقیشیان نەبوو دەیانزانی لەگەڵ قاچاخ و دەربەدەرانی بیٚ پێوەندی نیم و زۆرجاران بۆم دەبینران، ئەگەر بڵێم لەو بارەوە نەخشی سەرەکی و بنەڕەتیم هەبووە ڕەنگە لەڕاستی دوور نەبووبێت.

لە ساڵەکانی سی و چوارو پێنج لەگەڵ کادرەکانی حیزبی کوردستانی ڕێك‌کەوتبووم، ڕێکخراوێکی پەنامەکی تێکەڵ لە زۆربەی چینە وەرزێرەکانی خەڵق لە ناوچەی گەورکی موکری دەس بەکار بوون. ئاغا و قوڵە بەگزادەکان ئەو تاس و حەمامەیان نەمابوو و لە لایەن خەڵکی هەژارەوە سامێکی بە سامیان ڕێنیشتبوو. سوێندخۆر و لایەنگری حیزب و چاوسووری هەژاران، لاموابوو، دووبەش لەسیٚ بەشی خەڵکی مەڵبەندی دەگرتەوە. جاروبارەش لە زاڵمەکان دەوەشا، هەچی دەستیٚ دەوەشا، چۆڕاوەکەی منی دەگرتەوە و گیر وگرفتێکی عەجەمانی بۆ دەتاشیم.

بێچووە بەگ و لووت بەرزەکان، لووتیان نەوی ببوو. پەنجا لە سەد، ئاکاری ناحەزیان خەت کێشابوو، دەیانەویست بەهەر قیمەت و قەوارەیەك بیٚ هێزی یاخی‌بوونی خەڵك هەڵوەشێنن، بۆ ماوەیەکی‌تریش، خۆش‌ڕابوێری خۆیان ڕاگرن، هەر ئەو هۆیەش بوو، کە بوونە چاوساخی ژاندارمەکانی حەمەڕەزاشا و گونداوگوند دەگەڕان و هەستیان ڕادەگرت، سیخوڕ و هەڵفریواویان بێروبەوێدا، بڵاو دەکردەوە. لە دواییدا بەهۆی دەستی پیس و تڵتەخۆرپیشەکانی ناحاڵی، لەنێو ڕێکخراوەی ساوا و پیٚ نەگرتووی ئەو سەردەمەدا دووسیٚ کادری باش نەمەییو ڕەداوی ساوەکییەکان کەوتن و بۆماوەیەك شوێنەون کران، کادرەکان وەك بۆ بابیان چووبنە کاروانی. سەری سیر و قونچکی پیوازیان پاش خۆنەدابوو ئێمەی ساویلکەش، لامان وانەبوو، ئەو کادرە، کارامانە، لەپەنا مەرگ و ئازاری نەیاران، وازوو کەوی

دەبن و هەموو نهێنی حیزب و هەموو بنەو بنکە و کاکڵ و کۆیەك نیشان دەدەن، تا هێرشی بەربڵاوی ساواکیەکان، لە هەموو هەرێمەکانی کوردستان باڵیان نەبەستین پێمان نەزانی، ئەو وەختەمان زانی کە زانست چاری نەدەکردین. لەسنەوە تا دەچێتەوە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ، ئەندامی بەرز و نزم، ئەوی وەبەر هات، دەس بە دەسبەندەوە بەرەو تاران و چاڵەڕەشی قزلعەلعە بەڕێ کران. منی هەژاریش بەسەر کاروانی ئەو سازمانە نیشان درابووم، لە داو کەوتم.

ساواکیە ئەمریکی‌یەکان نانیان لە ڕۆناو کەوت، چەن‌سەد کەسیان دژی تاج و تەختی شای تاران ڕەداو خست، لە ڕووحانیەوە تا مالیك و تاجر و وەرزێر و شوانەوێڵە، بوونە قوربانی بێ‌غیرەتی دوو سێ کادری نەخاراوە.

پاش حەوت مانگ «بازپرسی» پاش دووسەد ڕۆژ، ڕۆژەڕەشی، پاش هەموو جۆرە ئازارێکی ژاراوی و تێوەگلانێکی نەبینراو لە نانووخ کێشانەوە تا هەڵاوەسین، شووشەداخی بەتین، چیان لێ‌ویستین، بۆمان نووسین و نۆبەی دادگا پێ‌گەیشت. دادگای نائاگا و بێ‌دەسەڵات ئەوەی پێیان ئەسپاردبوون بە یەکایەکی ئێمەیان ڕاگەیاند، لە ئیعدام و ئەبەدەوە، تا هەشت ساڵ و تا پێنج ساڵیان لێ‌بارکردین و بە کات و دەمی ڕۆژیان ئەسپاردین و لە بەندیخانەی قەسری قەجەر هەواڵمان بۆ دەهات. وێدەچوو کە شا و دار و دەستەکەی لەو هێرشی بەربڵاو و پەلامارە نابارەکەی بۆ سەر کوردستان پەشیمان و ناڕازی بووبێت لەهەزار ناڕازی، یەکی بۆ دەسگیر کرابوو. باقی ناڕازیانی شا بەرەو عێراق و شۆڕشەکەی زەعیم کوردان، مستەفا بارزانی ڕایان کردبوو و تاك و تەراش هەر لە ڕاکردن‌دا بوون. حەمەڕەزاشا و شڵەوقوڵەکانی، چاریان نەما کە دەبێ بەرەو چارێکی‌تر هەنگاو باوێن.

پێش هەموو شتێك شێخ و مەشایەخ و دێڵەپیاوەکانی بنە دزەی خۆیان بەرەو مەرزی کوردستان بەڕێکا و ئاوارە و هەڵاتووەکان وەلاوێنێ. کەس‌وکاریان بدوێنێ و دڵسۆزی شا و شابانوویان پێ‌ڕاگەیەنێ. بۆسەر کۆز و کولان و ماڵی خۆیان وەیان‌گێڕێ بە موبارەکی سێبەری باڵی مەشایەخان بێ‌ئازار و ئارەق عەفوو بکرێن، وادیاربوو ئەو کارە بەکەڵك لەگڵ هاتە دەر و زۆربەی ئاوارە گەڕانەوە جێگا وشوێنی خۆیان. لە لایەکی‌تریشەوە، بۆدڵدانەوەی بەندی‌یە کوردەکان هەر حەوتووی سەر گەورەیەك و دمەك بە دەستێك دەهات و ڕوحم و

بـەزەی شـایانەی بـۆ هەڵدەڕشـتین و مـزگێنی عـەفوو و کەمکردنـەوەی مـاوەی مانـەوەی بەندیخانەی پیٚدەداین.

لەمەرحەبا و جیٚخەو و خواردنمان زیاد کرا و هۆدەی تەنگیان بۆ هەراو کردین. حەوشە و حەساریان بۆ پڕ لە ئاو کردین، ڕۆخسەتی خوێندن و مولاقات و دیدارمان ئازاد کرا. هەر جێژن و سەرسـفرەیەك عەفوویـەك دەهات. ئیعدام بوو بە پازدە ساڵ، پازدە ساڵ بوو بە هەشت، هەشت بوو بە پێنج و پێنج بوو بە دوو ساڵ، دوو ساڵ بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

ئاخری سەماوەزی ساڵی ١٣٤١ نۆبە ئازادی منیش پیٚگەیشت بەرەو ماڵ و دایکی پیر و ژن و منداڵی بیٚماڵ و باڵ گەڕامەوە. نازانم بێژم ئەو گەڕانەوەم چەندە لەبەر دڵان شیرین و تماشای چیا و بەنـدەنی وڵاتم لەبەر چاوان نـویٚ بـوو. لەخۆشیان جاروبار فرمێسکە، لە گۆشەی چاوانەوە بۆ سەمای بە خێراتنم دەهاتنە سویٚ.

با ئـەوەش بـدرکێنم بارەگـای زەبروەشـێنی مـیری دەسـبەند و عـەزابی بـەدەنی و ڕۆحـی، شکەنجە و زیندان وەهای زەبوون و زەویگیر کردبووم، لاموانەبوو بتوانم دووبارە تین و توانام بێتـەوە گـوڕ و گـۆڕانێکیـتری سیاسی بـاڵم بگریٚ و بـە کۆمـەڵی گـەل و دۆسـتان بمناسـێنیٚ. ڕۆژێك پیاوێکی شڕۆڵی لووتپانۆکە، وەکوو کەشك و شیرێژ کرێك بوو بە میوان. شەو قسەی خوشی دامەزراندن و هەروەکوو باوەشێنێك بوو بە هۆی حەسانەوەی خـەیاڵی مـن و ڕێنۆمـای ڕچـەی داهـاتووم. ئامۆژگـاری وتـەکانی بابـای کەشـکـکرم زوو بـە کـورتی کردنـە شـێعرۆکە و تاقەتم کردن. ئەوەی کەبیرم نەچوون وا لێرە دەیانخەمە بەرچاو:

ئامۆژگاری کابرای لووتپانۆکە

وەرە بـا پێکـەوە هـەر خـۆم و خـۆت
رازی شـــانازی بـــدرکێنم بـــۆت

تـۆ بەکـەم مـەگرە دەس و دەسـبەندت
بـۆ کـوڕی ژێـرە پـەت و بەنـد و کـۆت

ڕۆژی تەنگانــە تــەکی مەحکــەم بــە
تەنگانــە بــەری کــەمبــەرە خاترجــەم بــە

یۆسـف بـە بەڵایانـەوە خـۆی ڕاهێنـا
هـــەر بـــەڵا وەرزی، وەســـەر بـــەرهێنا

سـەنگەری سـەبری بـەڵای تێکڕووخـان
ئـەو سـەبرە سـەری پـیٚ لەسـەریٚ دەرهێنـا

هـەر کووپـە مەیـەك کـۆگڵی گوڵخانانـە
ســازاوی دەســی گۆزەکــەری لــیٚزانانــە

دەسـگرە و هـەنگڵی جـوان بـەس نـین
چـــۆن لـــەکڵ دێتـــە دەریٚ ئـــەو جوانـــە

کابرا لووتپانۆکە زۆرزان و لەبنەوەبڕ بوو، وادیار بوو دڕ بوو بەزیبك و بڕ بوو، چی دەگوت هەمووی گەوهەر بوو، دوڕ بوو. نەسیحەت بوو، هومێد بوو. هیوا داڕێژ بوو، بێتوێکڵ و توێژ بوو، ڕۆیشت و نەمناسی، لاموابوو ساواکیە و لاوەکی بۆقسە داکێشان و ناسینی بیروباوەڕی ئێمە دەگەڕێ و دەیەوێ، گەرە بە گۆڕانێکیتریشمان پێبگێڕێ.

هەرچی بوو بۆ دڵی من نیوە دەرمان بوو، تەواوێکی هیوای بەرماڵو بۆ داچاندم. بە غیرەتی ئەوەوە توانیم مێروولەیەك لەگەڵ سولەیمانی پێغەمبەر بەرابەر ڕاگرم. داهاتی زوڵمی بۆ سایە و حینجە بکات. ئەو شێعرە بسازێنم.

مێروولەیەك

مێرووییەك ڕووتەڵ و بێئەنوا بوو — هەڵوەدا جێتەڕ و بێ بەر نوابوو
لەشی لاواز و گەدەی باریکی — بە بەلا جنجن و هەڵپروا بوو
گیانی پێ مابوو بەلا چ گیانی — لەبڕژیو بێبەش و بەش لەدوا بوو
بەگری ئاگری گەڕ داڕێژان — دانەوێڵە و خەلەکەی سووتابوو
خاوخێزانی، نەمابوو خۆشی — جمجمەی شان و پەلی گروا بوو
ناوی میروو بوو، بەلا وەك میران — بەگەشەی ڕۆژی گەشی بڕوا بوو
زانا بەدەمی تۆڵەبوو، ئەمما ئەودەم — دەمی هاوار و دنەی دروا بوو
شەلەشەل هاتە دەرێ بۆچارێ — ڕۆیە لای گەورەیێ پیاوی خووا بوو
کەوتە سەر باس و گوتی ئەی پاشا — تۆ نەبای مەرگی بەکۆمەڵ کوابوو
سمی ئەسپی بەزەرت بۆ هۆزم — وەك مستی زڕ و مێمڵ و ڕێبڕوابوو
نیمە تاڵووکە لە تۆڵەی هۆزم — هاکە ئەو سووڕ و گەڕەت بەربا بوو
ئەو دەمە مێشکتە پێخۆری من — پێمنەڵێی ئەو دەمە بێمەودا بوو
پێی نەچوو هێندە سولەیمانیش چوو — هەروەکوو مێروو گوتی هەروابوو
«ڕاوچی» ڕاوێستە وەکوو مێروولان — بەشی تۆش هاکە زەفەر پەیدا بوو

بیست و چەند ڕۆژێك، دوا ڕۆیشتنی کابرای کەشککڕ، لە لایەن کەڵەپیاوێکی گەل خۆشەویست و ناودارێکی بەدار و دەستە، شاعیری ناودار مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی، دۆسی گیانی گیانی، نووسراوێکی دوور و درێژ و خۆشتام و چێژم پێگەیشت. بۆ شەوێکی

دیاریکراو شەممەیەکی نێوبراو، بانگکرابووم، کە کۆمەڵێك لە دۆستان دێن و کاریان بەمن و تۆ دەبێ وەخت موفەڕك و موبارەکە حەتمی لازمە بەرەو گوندی قاقڵاوای زەمبیل وەڕێ کەوی، خۆبادانی بێکەڵکە. ساڵ چمحەلە، هەر ئەوەم لەیادە هەوا تۆف و کڕێوە و کوولاکە بەفر فرە و سەهۆڵ و سیخواریش فرەتر.

ماڵەماڵ بە حاڵەحاڵ و ناوچاوانی حاسمانی شینیش تاڵ و تووندترە. بۆ وادەکەش ، لەسێ ڕۆژ زیاتری نەماوە، هەرجۆربوو، بۆم جۆر بوو، کاتژمێر چواری ئێوارە تەڕو تەلیس و سیس داو و دەلینگ پیس، گەیمە قاقلاوا و مامۆستام زیارەت کرد. دەستوور درا شرەوبرەیان لەبەر داماڵیم و شەکەتی سەرما و سۆڵەیان ڕاماڵیم، دەستم هاتەوە گۆ، چای تاڵ و پستەی سوێر و خولقی شیرین دەمبێنی شەرم و شکۆی لەدەم داماڵیم. بەتاریف نەبێ زمانم هاتە گوڵ و ئەوەی دەمگوت نەمدەگوتەوە. خۆشیخۆشی لاموابوو ئەو زیندان و بەندی ڕەزاخانی یانیگر، بۆمن بۆتە بۆتەی تاقیکاری.

بوومە خۆشەویستی زۆربەی بنەماڵە و بارەگای بارگەزێڕینان. ئیتر لەمەولاوە لەنێو کۆشکی سوور و بەرپەنجەرەی ڕوو لە هەتاو، لەشەڕی هەتیوی دێمەدەر و هەرچی پەژارەی ئەسپەرە دارە، داری لە ئەوکێ دەبڕم، دووبارە لەگەڵ حەمەڕەزاشا، دەبێ وەشەڕ کەوم. کورتی وەبڕین لەوتەی بە چێژ و بزەی شنەداڕێژی مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی ناسراو بە (ئاوات) نیوەتێر نەببووم، درگا کراوە، سێ جەوان وەژوور کەوتن، خوالێخۆشبوو سەید کامیل پێشوازی کردن ڕێزی بەهێزی لێگرتن. یەك لەو سیانە کابرای لووتپانۆکەی کۆنە میوانی خۆم بوو.

ناوی برایم بوو، دوایی بوو بە ئەحمەد تەوفیق، لە ڕاستیشدا سەید عەبدوڵلا ئیسحاقی بوو. لووت پانۆکە وای ڕاگەیاند و کوتی: کاری پێویست هیمەتی کوردانە، غیرەتی لاوانە، شۆڕشی بارزانە، بەڵام لاوازە، بێنان و ئاو و بەرگ و سازە. پاڵتۆ، کەرکەکوێنە، قووت، کورۆسك و بەڕووە. فیشەکدان خاڵی و شۆڕش خۆماڵییە. کوردەکانی کوردستانی ئێران لە هەموو لایەکەوە ڕاساون. جلوبەرگی و خواردەمەنی و پووڵ و پارە و تەقەمەنی ڕەوانە دەکەن. کەلوپەل و کەرەسەی کۆکراوە لەنزیك ئێوە زۆرن، ئەوەش نووسراوەی بارزانی نەمرە،هاواری کوردانەی بۆ کوردستانی ئێرانە. کورتی وەبڕین لووت پانۆکە هاواری

پڕفرمێسك و تین و گوڕی کوردانەی خوێنی هێنامە جۆش، فەلاقە و شەللاقی سەگەل و سیخوڕی پەهلەوی گۆڕبەگۆڕی هێنامەوە بیر و قەولی ماقووڵی لاوانە و کوردانەمدا.

تا تێدا چوون بۆیارمەتی گەیاندن لە هاتوچۆدا بم. نەبەزانە مەرز ببەزێنم، هەر جۆرە یارمەتییەکم بۆ جۆر بێ، ڕەوانەیکەم، سەرتان نەیەشێنم، دوو مانگ زستانی بەفراوی، بوومە بارەبەر، کۆڵهەڵگر یا سەرکاروانی یارمەتیهەڵگران بۆ مەرز. بۆ سەردەشت، بۆ جێگای زۆر چڕ و پێدەشت، لە بۆکان و قاقڵاوەوە، بەهۆی خوالێخۆشبووەکان (محەممەد) حاجی سمایلاغا و کەڵەپیاوی بنەماڵەی ساداتی زەمبیل جەنابی (سەید کامیلی ئیمامی زەمبیلەوە)، جلوبەرگ و پێڵاو، خواردەمەنی تەواو، نیوەتەواو، دەست بە دەست، هەنگاو بە هەنگاو، دێ بە دێ و نووسراو بە نووسراو وەردەگیرا و ئاوەدیو دەکران و لە سیخوڕەکانی، دڵ و سیخۆر نەدیو دەکرا. لەشوێنی پێویست، وەدەس مستەفا بارزانی نەمر دەدرا.

بارزانی سەرکەوت حکوومەتی عێراق پاشەکشەی پێکرا، زڕە کوردەکانی هەلپەرست سەر شۆڕ، سەرەوژوور بوون.

حکوومەتی شا و داروودەستەی ساواکیە ئەمریکیەکان، بە هەڵوێستی قافڵەی یارمەتی بارزانیان زانی. هوجوومێکی توند و بەربڵاویان دەسپێکردەوە.

بەڵام هەر تاك و تەرایان بۆ دەسگیر دەکرا و باقی خەڵك ئاگا، بەرەو تەرت و تەلان خۆشاروکێنە ڕۆیشتن و زۆربەشیان بەرەو شۆڕشەکەی بارزانی پێهەڵگەڕان، بارزانی سەرکردەیەکی زانا و دەروونناس و خاس پەسند بوو.

ئەوەی کە پێی وا بوو شۆڕشگێڕ و زوڵم لێکراو و کردەوە جوانە بۆ ناودڵی شۆڕشی بەڕێ کردن و چەکدارانە دەورەی نیزامی و سیاسی بۆ کردنەوە و ئەوەی زاڵم و مالیك و هەژار خۆریش بوو، لە دەوروبەری قەڵادزە و پێنجوێن و سولێمانی، پەنای دانیشتنی دان. لە دان و پۆی کروکاری سیاسی و ئاموشۆی ئێرانی بێبەشی کردن. ئەوانەی کە سابقەی بەندیخانە و یان کۆڵ و باری یارمەتیان بەرچاوبوو مەقەڕی پێشمەرگەی بۆ کردنەوە بە ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕوخسەتی هەموو جووڵانەوەی سیاسی و نیزامی بۆ ئیمزاکردین و نیوە خەرجی ژیانیشی بۆ وەبەرچاو خستین. هێواش هێواش، تفەنگی بن شل و شاتمانە شڕ و ئینگلیسی کۆنمان لەلایەن شۆڕشەوە بۆهات و شەڵواری دەلینگ فش و

جامانەی سوور و شێوە بادینانمان بۆ هات و بووینە زرە بارزانی و لە سۆرانی و جلکی کوردی ئێرانی تۆراین. ئای منالّی و نەزانی چەن خۆش بوو، ئای شۆڕش سەرەتای چەن بەتاموبۆنە، دڵ و دەروون چەن گەش و ڕوونە. سەرکاری کاروباری ئێمەی نەزان و بێکار، ئەحمەد تۆفیق و فایق بوون، باشتر ناوی ڕاستیان لیٚهەلّدەم، دەبنە سەید عەبدوڵای ئیسحاقی و سولەیمان موعینی، ئەو جووتە بە جووتە، جووتیاری مەزرای قاقڕی پڕ لە قڕەی ئێمەی بەقڕداچوو بوون، بەڵێی و مەڵێمان، بیلّدەی دەم و هێڵی ئەو جووتە لێك جووتانە بوو، ئەوان سابلاغی و نەجیب و ئێرە و ئەوێ گەڕابوون. ئێمەش ڕەشۆکی و بۆرە پیاگی دێهاتی و خەرج بدە شار و بەرە نەدیو و چنەزان بووین، هەر مەرحەبایان پڕ بە پێستی بوو.

شاری قەلاّدزە

بارزانی لە قەلاّدزە بوو، بنکەیەکمان لەوێ بوو، مستەفا بارزانی ئەحمەد تۆفیقی خۆشدەویست، زۆری سەفەری بەغدا و تاران و لوبنان و تەنانەت ئوورووپاشی پێدەکرد. لەبن سێبەری ئازایی ئەحمەد تۆفیقدا ئێمەی ڕەشۆکیش بارزانیناس بووین، جاروبار کێشکچی جێگە هەلّوێستی ئەو بووین.

ئەوەی ڕاستی بێ، تفەنگەشڕەی زەمانی ترکەڕەشان و مەرحەبایی ساردوگەرمی بارزانیە قەنناسەدارەکانی بەدارو بار، هەموو خەم و کەسەر و کەمایەسییەکی لەبیر کردبووین. ئەوەمان بەسبوو پێمان بێژن پێشمەرگەی چەکدار.

ئەحمەد تۆفیق لە سەفەری بیست ڕۆژە گەڕاوە، چوون و گەڕانەوەی بۆ ئێمە داپۆشرابوو، ڕاسپێری بارزانییە و دەبێ نەزانی، درۆ نەبێ نۆ باتمان قاقەز و نۆ بۆشکە ڕەنگ و خەرەکی فرەنووسی و دەلیاتێك کەرەسەی نووسین و تایبەتی پەرتووك و پەڕاو و شتی ورد و درشتی بۆمان هێنابوو، لالۆیەکی یەزیدی و بارزانییەك و دوو سێ لاوی لاوەکیشی ڕەگەلّ کەوتن، بیست ڕۆژێك خەریکی نووسین و تایپ و لەچاپدانی پێویستی حیزبایەتی بوون، جاروبارەش ئێمە بۆ ژمارە لێدان و کاغەز دەستە کردن خولّك دەکراین.

بەڵام چمان لە چ نەدەزانی. فایەق و ئەحمەد تۆفیق و مەلا ڕەشید، ڕەشەکوژی ئەو نووسراوانەبوون.

لەهەر نووسراوە، دەقێك بۆ بارزانی نەمر دەچوو، بڕیاری خۆی لەسەر دەدا ئێمەش کۆمەڵێك شوان و جووتیار و مجێوری بێهەناو تەنانەت مەلاو فەقێشمان پێوە هەڵنیشتبوون، لە چمان نەدەپرسی هەر بە چەکی کۆنە و جامەدانی سوور و کەرکەلموییکی هەورامی بە نێوی کولە باڵ دڵمان هێن خۆشبوو هەمیشە هەر ویرەویرمان بوو، لەسەر کێشکی بەرنیوا و کۆنە بنکان، هەر کێشەمان بوو، هەرکەس دەمانەویست تا ئێوارە چەك بەشان، کێشكبڕ بین، شان و چەکمان بە ئەم و ئەو نیشان بدەین، ئای چ خۆشبوو بە چەکەوە پیاسە و خۆنیشان دان،هەڵسووڕان و خۆبادان، بەتایبەتی دۆلکە و کیسەی بە فیشەکدانەوە هەڵاوەسراو جامەدانەی نێوچاوان، بیچم کوردانە، ئیتر چیتر هەبوو، بیری لێوەکرێ، دەبێ بێژم هیچ منالی وردی بەجێماو دایە و بابی بێنان و ئاو، هەموو ناتەواوی بنەماڵەمان لەبیر و هۆش هەڵوەری بوون، ڕۆژێك نووسراوم بۆهات کە بەرەو بنکەی سونێ گوندی داوێنی چیای قۆماڵ وەڕێ کەوم.

زستانە و بەفر وڵاتی ڕەشبڕ و ڕێگر کردووە، سەرەڕای ئەوەش بنکەی گوندی سونێ چۆڵ و هۆڵ و درگا هەڵچنراوە. حیزبەکان بەرەو بەرزایی سنووری ئێران وعێراق ڕۆیشتبوون، لەو بەرزاییە خێوەت و بارەگایان لە عەرزی داوە، لەگەڵ ڕێنوێنێك منیش بەرەو بارەگای لاوانی ئێرانی وەسەرکەوتم.

لەچادر و خێوەتی ڕازاوەی دووهەم کونگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوومە میوان. میوان هەر تەنها من نەبووم، بەڵکوو سەد نەفەرێکی غەریبە، و بۆ زۆربەمان نەناسراو تێخزابوو، لە کوردی هەمەدانەوە بگرە تا سنووری ترکیا و سووریا، بانە و سەقز و مەهاباد ناوچە کوردەکانی زاروزمان لەیەك جیاوازیش لەوێدا دەبینران.

بارەگا لەهەر لاوە زۆر لاو و بەرچاو و ڕازاوە بوو، لە خواردەمەنی و پێداکردن و سارد و گەرمی بێ کەمایەسی بوو، قەل و مریشکی زۆر و وردە حەیوانی قەڵەو و بژاردە لە شومار نەهاتوو بوو، سندووقە چای جووت غەزاڵ و باقە جگەرەی کوردی و ئینگلیزی بەلاش کلاشەی پێدەکرا.

کۆنگرە پازدە ڕۆژان لە گەردوگوڵی گوڕوگاڵی خۆیدا، هەر خۆی دەنواند، وتەویژ و پتەڕەوان، هەر کاک ئەحمەد تۆفیق بوو، سەفەری ناوچە کوردەکان و بە ئورووپا هەڵگەڕان، شەونخوونی و تاڵ و توونی ڕێگا و بیچمی کارکردی چەن ساڵەی چەور و شیرین و خۆش کێش و چێژەی بە میوان و ئەندام و لایەنگران ڕادەگەیاند و کاک فائیقیش جاروبارە دەی حەساندەوە. وێژراوەکەی بۆ جووت مۆر دەکرد، ئێمەش دەست و دەسەلاتمان هەر چەپڵە و بژی کاک ئەحمەد بوو، چی دی. با ئەوەش نەشێرمەوە، زۆربەمان کاڵ و کرچ و نەگەڕاو نەدوواو کۆمەڵگا نەدیو بووین، چمان نەدەزانی، چەپڵە و بژیش تازە فێرکرابووین، گۆنگرە ناونرا، کۆنگرەی دووی حیزبی. لەدوا تێکچوونی کۆماری مەهاباد، مەشهوور بە کۆنگرەی قۆماڵی، قۆماڵ ناوی ئەو کێوە بوو، کە چادر و خێوەتمان لێهەڵدابوو. وابزانم ساڵی هەزار و سێسەد و چل و دووی هەتاوی بوو.

کاغەز و نووسراوەی زۆر و بۆر. نامیلکە و پەیام و پەیڕە و پرۆگرام و زۆرنووسراویتر، کە لە مەڕ ئافەرینی هێندێك و دەرکردنی چەندێك و تاوانبارکردنی برێك عەشیرەت و پۆلە کوردی بەڕەگ و ڕەچەڵۆك، سەریان دەرهێنا و نیشاندران و ئێمەش بێ سێ و دوو بەتاوان و بێتاوانمان مۆر کرد، ئێمزامان لێدان، کۆنگرەی دوو زۆر کوردی باشی لەکیس داین. هەر لەوێ ئەندامی ناوەندی، تاقمی چاوەدێری بەرزی بەشی ماڵی و سیاسی و بەشی نیزامی و قەزایی هەڵبژێران.

خۆم و بەختم من بە سێ سەرە هەڵبژێرام و بوومە حەمەقدوی شاری مێری. ١ـ ئەندامی ناوەندی ٢ـ چاوەدێری بەرزی ماڵی حیزب ٣ـ قازی دادگای گاوبێگای هەڵەی ئەندامانی حیزب.

کۆبوونەوە پازدە شەو و ڕۆژی خایاند. قەل و مریشك، کوور و گیسك بەشی زۆریان، کرانە کەباب و کەوڵ و پێستیان بۆ چەقەڵ و مام ڕێوییان بەجێما، بەفر تاوڵ و خێوەتی بە چۆك داهێنا و کوێستانی پێ چۆڵکردین. هەرکەس بەرەو کەسی خۆی گەڕاوە. کۆمەڵێ لە هەموو سیاسەت و پێش‌بینی بێ‌خەبەر، بڵاوەی پێکرا و ڕەشە بڕکران.

بەر لە کۆنگرە خۆم بەشێوەی مەلایەتی لە گوندی شینێ زۆرم خۆش بۆ دەگوزەرا، زۆربەی ڕۆژان لەگەڵ ڕاوچی دەسڕاست و نەبوێر، لە ڕاوە حەیوان دەبووم لە کێوە بەرزەکانی لە

جوانیدا تۆخ و لە بەرزیدا شۆخ، تێر تماشا و دڵ گەش و بێخەم دەژیام. زۆربەی شەوان لەگەڵ مەلکەوان و سەیدەوانان، لەگەڵ کوڕەکوڕەی لێزان و شاخەوانان لە ئەشکەوتەکانی خۆڕست و نێوە دەسکار بە نێوی ئەشکەوتی «کونە هەتاو . لەتە سواڵەت . کێل کولێن . بەرنیری . بازی بزنەگەلان و پاردەی کچە دێوێ . و حەساری مامەڕەشی) ماومەتەوە و کەبابی بێمنەت و بەلاشم لێ سازکردووە. بێخەم و خەیاڵ خپ وەرکەوتووم شام بە سەپان نەزانیوە.

بەڵام بێشانسی خۆم

فەڕ و فیتی کۆنگرە تووشی سەدان بێنەوبەرەی بێسەرە و بەرەی کردم. خۆم لەلا گەورەبوو، تووشی گەڕی سیاسی و بەڵای خۆهەڵماسین بووم، ژن و منداڵی وردم بێ ڕێ و شوێن و نان و نوێن، بەجێهێشتن و خۆم تووشی چەقە و دەمەتەقە و شەڕەفڕی حیزبایەتی کرد.

خۆشیم لەدەس چوو، چووەم پووکانەوە و پرێسکەی ژانە سەرم گرێدرا و لە زەلاوی سیاسی چەقیم، چەق و چۆی چەقە پارێز و سەدان بەڵێنی کەڵێن و درۆی شاخدار شاخیان لێدام، بۆ هەمیشە فوویان لە شەمی خۆشی کردم، زستان ڕۆیشت و بەهار هات و بە سەدان ڕاز و نیاز و جوانی چیاکانی ڕازاندەوە، بەرەبەیان و بولبول هاوباوەش بوون، لاوك و وردەقامی مەلە وردیلەکانی کۆچەر، سەربان و سوێ بانیان بە گیان هێنا و مەڕدار بەرەو چیا و جێگە هەواری نوێ بار و بنەیان تێك نا و ڕاوچیان بەرەو چیا پێهەڵگەڕان. بیری ڕاو و بەرداوبەردی زەرد و تەلان و بەردان لێم بوو بە فڕکەی گورچووبڕ و ئارام و ئۆقرەی چنیم و چەنەی مەرەخەسی و داوای پشوودانی پێنووسیم و چل و دوو شەو و ڕۆژ بوو، لەماڵ و منداڵی وردم بێخەبەر مابووم. چڵکن و دژوێن. کون لەدڵ دژدامابووم، پاش چەندجار داوای ڕۆخسەتی مەرەخەسی بێ جواب مام و بێدەسەڵات هەر بۆ هەڵسووڕانی کاروباری حیزبی لە وردە بێگاری شۆڕشی لە جێگەی کاروباری سەروبن نادیار مامەوە.

کۆبوونەوەی پاش کۆنگرەی (قومالّ)

لەبەهاری سالّی نوێدا بۆ پیرۆزبایی کۆنگرەی تازە نویّ، لاوانی مەهاباتی و بڕێك لەڕ و لاوازکەی دێهاتی و ڕیزێك قاچاخ و قوچاخی بێکار و بار تەشریفیان هێنا و نانخۆری بنکە زۆر بوو، چالّ و کەندوو تووشی قات و قڕی هات و شۆڕشی بارزانی لە بەخێوکردنمان بەزی، برا سابلاّخیەکانی تازە هاتوو، کە بریتی بوون لە دەستەی شەریفزادە و ڕەستگار و بەرەی قازییەکان هەموو تێر و تۆخ و بەپۆز خۆیان بە بێچووە قازی و مەلەوانی زانست و زانای بنج و بناوانی سیاسی دەزانی لە هەموان دەمڕاستتر ئەمیری قازی بوو کە لەسەر پەیڕە و پرۆگرامی داتاشراوی کونگرەی تازەی سازمان، ڕەخنە و عەیب و عاری لیّ بەدی کردبوو، لام وا بوو هەقیان بوو، پاش حەوتەیەك مشت و مڕ و مۆڕە لەیەك، بڕیار درا، بڕیاری کۆنگرەی دووی حیزبی دێموکڕات بڕبڕ بکریّ و لە تێبینی و بڕیاری نەبیسراو وشەی. لاوەش تێر و تەسەلتر بەرچاو بخرێت.

لە کۆمەلّی حیزبی ئێرانی دە کەلەکوڕ و دە سیاسەتزان و خاوەن ڕملّ هەلّبژێران کە لەسەر خێران هەموو بڕیار و بەند و نیوبەندی ناتەواوی کۆنگرەکە لە لاوازی و کەم و کەسەری بپارێزن، داوای چوار پارچەی کوردی تێدا بسازێنن. لەناواخندا دژایەتی زەق و بەرچاو لەگەلّ چوار دەولّەتی خاوەن هێز و باو بەرچاو بیّ. لە دانگەی ئەو دەنەفەرە چارەنووسانەدا من بووم. لە کەوانەشەوە کاك ئەمیری قازی نەمر بوو. کۆبوونەوەی دە نەفەری زۆر خۆمانە و مەحرەمانە بوو تەنانەت دەبوو بارزانی نەمریش هەستی پیّنەکات. من لام وابوو ڕاستە هەموو کوردێك هەر ڕاستە، نەمزانی وێنەی من و دەنگی زۆربەی ئەو دەنەفەرە دەچێتەوە ساواکی مەهاباد و بۆ ڕۆژی خۆی لەسەر پەروەندەی ئێمە دەبێتە قیلی کەوای سپی.

کۆبوونەوە ڕەسمی بوو چایی ڕەش و جگەرەی سۆمێر و سفرەی میرانە هەر سلاّوات و ماشەلّلای دەویست. یەك حەوتوو لەسەر وشەی لاوەکی وەکوو شۆڤێنیست، سوسیالیست، ئانتێرناسیۆنالیست، ڕادیکالّ، بورژووا و شتی بەولاوەتریش هەرچەقە و دەمەتەقە و لەیەك

هەڵتەقین بوو،سابڵاخییەکان خۆیان بە مامۆستا دەزانی. بەڵێیان هەر نەبوو، نەخەیریشیان بۆ خێر و شەڕ، بەپێی فیلان بوو. ڕۆژێك خودا دەرکی بە خێری لەمن کردەوە، زەلامێك دەرکی مۆڵگەی کۆبوونەوەی کردەوە، بێ ڕوخسەت و داوا وەژوور کەوت.

لەرکەڵە و شلەپەتە و شەڵوار شڕ بوو. بە سووکە سلاوێك لە خوارەوە بۆی تەخت بوو هاتنی سەیر و پرسیارەکانیشی بۆمەی ساوا سەرسووڕهێنەر بوو، ڕێزێکمان لێنەگرت و بە هێندەمان نەزانی.

بەڵکوو بڕێکیش ڕووگرژ و تووڕەبووین. کەبەبێ ڕوخسەت هەقی نەبوو بێتە ناوکۆبوونەوەمان، دەمەتەقە و کاوێژی سیاسی بەسی لێکرا. جەلەسە بێ‌دەنگ و نە ئاشتی و نە جەنگ بوو، بە فەلای بێ دەنگ. میوان لە بەرپرسی کۆبوونەوەی دەپرسی، هەموو قامکمان بۆ ئەمیری قازی ڕاکێشا و بە بنەماڵەی قازیمان دەزانی و جیا لە هەموومان لەسەر پەتووی چوار لۆ جێگای بۆ ساز کرابوو.

میوانە لەرکەڵە پرسیاری قووڵ و ماقووڵ و کەڵەکەڵەی زۆر کردن، تەنانەت دانەیەکیشمان بۆ ئەو جوابانە بە جواب نەهاتین، زۆر بە باشی لەخۆمان گەیشتین کە پێ نەگەیشت و تێنەگەیشتوو چی نەزانین.

(پرسیارەکانی کابرای نەناسراو)

١. برا گیان ئێوەی تازە حیزبی، ژمارە و تەعدادو دەگاتە چەند کەسێك؟

٢. ئاوارە پەڕیوەتان بەندی و ئەسیرکراوتان چەندە؟

٣. گیراوەکان لە تیپی کارگەر و ڕەنجکێشن، یا مالك و بازرگانن؟

٤. بەندیخانەکەیان لە کێهە شار و لاپەڕی وڵاتەکەتانە؟

٥. کێ مشوورخۆری نان و پێخۆری ژن و منداڵی ئەو بەندییانەیە؟

٦. ئەگەر ئەو بەندییانە حیزبێك و سازمانێك، لایان لێ نەکاتەوە کە هاتنەوە نابن بە دژی حیزب و دەگەڵ دژان نابن بە دژی ڕێکخراوەتان؟

٧. ئەگەر شۆڕشی بارزانی بەڕێوەچوونو نەداتێ دراوێکی‌تر و هەس؟

و....

زۆر پرسیاریتری پاراو و دەمتەڕانەی کردن و بێجواب و وڵامی پاراو بەجێمان و نەتەقەمان لێکرد و نە نقەمان لێهات.

کابرا لاوازەکە لە جانتا شڕ و بە گیانەکەی دەستەوارێکی نووسراوکە هێنادەر و چی بەندی و ڕاکردووی کوردی ئێرانییەکان بوو، ناو و شۆرەتی هەڵدان.

شاری و شارۆیرانی، سەردەشتی و دەشتەکی، خوێندەوار و بێخوێن. جێدار و بنەماڵە و بێ ماڵ و حاڵ، تەنانەت ناوی گوند و کووچە و گەڕەك و نەشیمەنگای زۆربەشیانی پێبوو. ئەو پیاوە بەباوە بۆ ئێمە فریشتە بوو، زۆر باشی تێگەیاندین کە هێشتا خاوین و تێنەگەیشتوو نەخراوین.

کوێر کە شوێن گێڕی شوێنی سیاسی نین، لێبڕاوێکی بەرەی ڕاستی نین، نە کەڵەپیاو نە کۆمەڵناسین، چەکە داسین، کەڕ و کاسین، بۆ باسی لاو خاسی نابین ، بێ سەواد و نەحاملاوین، بێ تەجرەبە و هێز و باوین، پوختە و ڕاستاوێژ نەکراوین.

بەش بە حاڵی خۆم ڕاچەنیم، تێگەیشتم من ئەوە نیم کە خۆم دەڵێم، باشتر وایە زووتر هەڵێم، قرەی سیاسی بەجێبێڵم، بچمەوە سەر کێڵگە و هێڵم، پەنانشین بژیم بمرم، ئۆباڵان وەئەستۆ نەگرم، لەبەرپرسی خۆ وەشێرم، بەرچاو نەبم لایەن گریم، قاڕ لێنەدەم، قاڕ وەربگرم، نە بنبار و نە سەربار بم، خێرخوای چینی هەژار بم، هەر لەوێ بەو دەمودەستە ئیستیعفای خۆم نووسی بەو دەستە. چیم نووسی بوو چیم بادابوو شیم کردەوە، هەڵەی بەرپرسیم شردەوە، گەڕامەوە ماڵ و حاڵم، حاڵی بەبێ ماڵی تاڵم، ماڵم لە گوندی شینێ بوو، شینێ لە شینایی نوێ بوو، بۆمن بەهەشتی بەجێ بوو، ڕازاوەتر لە هەردێ بوو. لەگوپ لە باغ لەدار و بار، لە کانیاوی شیرین تەیار، لەمیوەی شیرین و ئی خۆش، لە ئاوماڵی سەر و ڕووخۆش، لە بزە و لاتاو و جەفەنگ، لە بەیت و باو قام و ئاهەنگ، چی دڵ گوڕووی تێدەبەستێ، چی گەرا و بنەما بوو، بۆ هەستێ، بۆ قامێ، بۆ هەڵبەستێ، بۆ هەر ژیر و بۆ هەر مەستێ، خوای سروشت بەو گوندەی بەخشی بوو، جوانتر لەگەڵی کر و نەخشان نەخشیبوو.

بەرەو ئەو گوندە چرگەنی سیاسەتم بەجێهێشت، ئازا و بازای منالی ورد و باب یەخسیرم لە ئەستۆی نیوە فەقیری خۆم دارنی. چوومەوە ناو باوەشی خۆشی و منالی خۆشی نەدیوی

خۆم، لە مێزێ گرتن و زۆربەی ڕۆژان بەڕاوی حەیوان هەڵدا و پێدای تەلان و تەرتان، تەم و خەمی دەربەدەریم هەڵدەوەران. سەرەڕای ئەوەش بیری بڵاو، خەیاڵ پڵاو گرنەی شۆڕش و شۆڕشگێڕی، هێزی خولی وەسەر گێڕام. شەش‌دەری لێگرتم، دەرەتانی لێ‌بڕیم، لە خوشی هەڵبڕیم و خەوی شەوانی پێ‌کردمە شەونخوونی، خەونی بێ‌تام و لە تامیلا نەهاتوو. تووشی ڕۆژی تووشی بێ سەرەدەری بووم و تەنانەت لە بوونی خۆشم خۆش باوەڕ و بە متمانە نەبووم.

پۆلێك کوڕوکاڵی کرچوکاڵ، هەریەك هەڵاتووی دەسبەتاڵ، کێ دەیزانی کێ لە کوێیە، لەکامە چین و کام توێیە، لەمەڕ کێهە داوا وێڵە، دزە، زۆردارە، بێ‌وێڵە، یان خۆشەویستی ناو خێڵە، چزوو مەرجی لەیەك بەستین، کۆمەڵگایەکی پێ‌بەستین، هەموو بووینە برا برای نانی، نەبووینە هاوەڵی گیانی، چووینە سەر سفرەی بارزانی.

بڕیار درابوو هاوەڵ بین، بەبێ پەڵە و بێ‌داوەڵ بین، بۆ هەمیشە مێر و کەڵ بین، زۆر پێنەچوو، تۆ تۆ و من من، سرتەی ناو کەلێن و قوژبن، لێکی کردین، خۆشی بردین، لەگەڵ یەکتر خوار و خێچ بووین، بووینە دوژمن، لەبەر کاڵی و منالیمان، لەبەر مێشکی ناحاڵیمان، حاڵ و باڵمان وەها شڕ بوو، خواست و داوامان بڕبڕ بوو. لێك هەڵبڕاین، لەیەك بڕاین، بە ورتەی میوانی نەناس، پرسیاری هێندی قسە و باس، مابووینەوە کاڵ بووینەوە، زۆربەمان بەرەو باو بووینەوە.

بارزانی هەوێنی شۆڕشی میللەتی کورد

میوان کوردێکی فەیلی بوو، لە شۆڕشی بارزانی یەکەم کەس بوو، بۆ لێ‌زانی بەرپرسی ژینی شۆڕش بوو، زانا بێ کرێژ. بزر بوو، خۆشەویستی بارزانی بوو، شەمی تاقی لێ‌زانی بوو، بەڵام هیچمان نەماننناسی نەمان‌دیبوو، نەبیسرابوو دەنگوباسی. میوان لەسەر چەن پرسیارێ، لەهەر لابێ لەهەر بارێ، تاقیکاری لێ‌وەرگرتین، تێمانگەیی خاوین وردین، ناتوانین قەڵای شۆڕش بین، لەمپەری سەدان هێرش بین، ڕاستە و ڕێ وەکوو ڕاستان بین،

چاوسووری چاو لەدەستان بین. بۆ دیل بو هەڵوەدایان، بۆ هەر شەهید و بابایان، بەرنوا بین جێ پەنا بین، بۆ هەمووان خێری خوا بین.

وتی برام، بۆتان زووە، ڕاسان و بێڕەنگ و ڕووە، شۆڕش، مەرج و هەلی هەیە، سەدان گەوە و کەلی هەیە، پێش هەموو کار وەرن کورد بن، مێر بن، شێر بن لە بارزانی شۆڕش فێربن، لەمێژوو ناسان بپرسن، لەزۆڵە کوردان بترسن، ڕێگای نان و ئاو ڕەچاو کەن، ئەمجار بەدەو شۆڕش قاو کەن، شۆڕش شەڕی مەرگ و مانە، لێقەومانە، تەنگانە و خۆلەگۆڕنانە، هێشتا ئێوە شلك و خاون، تاڵ و سوێری کوێرەوەری، ئەرکی گرانی ڕێبەری، بای نەداون. بەر گرمەی بۆم بۆنی باڕووت، بە تەقەی تفەنگ نەشەمزاون، نە ژاکاون، دەتانەوێ وەك سەربەرزان، بگرن قلف و گەوی بەرزان، وەرنە ناو شۆڕشی بارزان، بارزانی کوردە کردەیە، بۆ هۆزی کورد لە هەر کوێ بن، درشت و ورد، سەرکردەیە، لەمێژ ساڵە تێدەکۆشێ، لەو ڕێگەدا خوێن دەڕێژێ، خوێن دەنۆشێ، داشداری داشی کوردانن، کوردان لەئەوڕایە جوانن، ئێوەی کورد، کوردی ئێرانی وەرنە ناو جەبهەی بارزانی، بەناوی کوردی ئێرانی، ببنە شۆڕشگێڕ، لە دەشت و هەڵەت و هەڵدێر، بەرەو داگیرکەری خاك و بەرەو زۆڵەکی ناپاك و بەرەو یانی گروسیسان، بەرەو دەست و داوێنپیسان، بەرەو سەهەندە و نەگریسان، بەگیان و دڵ بەچەك ڕابن، ڕابوون فێر بن، شێر بن، نێر بن، بو کۆمەڵتان پێشمەرگە بن، خێری خوابن، تاڵاوی تاڵی بچێژن، تەرمی ڕەفیقتان بنێژن، بۆنی باڕووت، گازی خەرەدەل، گرمەی فڕۆکە، ناڵەی شەل، نیوە نووزەی مناڵی کورد، زارۆکی ورد هەرای پیرە پیاوی پێکێ، دەخڵ و دان و خەڵەی سووتاو، شاڵاوی دز، خوێنی ڕژاو. سەدان کۆسپ و قۆرت و ڕۆچوون، پاشەکشە و بەگژداچوون، بەچاوی خۆتان ببینن، شۆڕش شیناوەردی شینە، تا شین نەڕژێتە سەرزەوی، خوێن سوور نەکا بەرز و نەوی، وەرزی ئازادی شین نابێ، دوژمن هێزی بێتین نابێ، کڵیتە و جامانە و کورتەك، دۆشکە فیشەکدانی دوو تەك، خۆ بادان و سمێڵی ڕەش، نابنە بەڵگەی شۆڕشگێڕی، بۆی ناسنێ چ ماف و بەش، وەك ڕۆڵەی کورد، وەك سەربەرزان، وەرنە ناو شۆڕشی بەرزان، بارزانی کوردی دڵپاکە، ڕچەی چاکە، ڕێك و پێکە، داوای بۆ هەموو کوردێکە، سەرکەوتی ئەو سوودی گەلە، یارمەتی بارزانی هەلە، ئەو سەرکەوێ بەغدا بشکێ، ئابڕووی بچێ حەیای بتکێ، تاران لەبەرمان خۆ ناگرێ، بێپێدەبێ کورد پێدەگرێ، بێماف

مافیان دێتە دەستێ، داگیرکەر گەڕیان دەوەستێ، هێز و چاریان دادەچۆڕێ، ماف کوردان، دێتە گۆڕێ، کوردی هەرچوار دەوری خۆمان، دەبنە پێشمەرگەیەك بۆمان، دەچنە ناو کۆمەڵان کۆمان، دەنگ و باسمان، ڕاپەڕ و هێز و ورەی خاسمان، خۆ دەناسێ بە هەندەران دەچینە ڕیزی بەشبەران، چی کوردە پاکی یەکدەگرێ، مافیان دەدرێ، کوردستان یەك پارچە دەبێ، بۆ هەژاران خوانچە دەبێ، داگیرکەر داریان لێدەدرێ، بەشیان لە کوردستان دەبڕێ، ئیتر سەودامان پێناکەن، تەما لە داهاتمان ناکەن، یەکتر بگرین سەردەکەوین، دوو جەبهە بین هەڵدەکەوین، بەرناگرین پێناوەستین، بڕبڕ بڕۆین، ڕێك دەوەستین، دەبینە پارووی بێگانان، کوێلە دەبین وەك نەزانان.

هەروەکوو بووین هەروادەبین، هەروا دەژین، بێسەردار و بەبێ یاسا، خۆمان ئاسا هەردیل دەبین، زەلیل دەبین، کوێلەی دەیان چەرچیل دەبین.

لالۆی میوان

لالۆی میوان بەجێی هێشتین، تاڵی هەڵەی وا پێچەشتین، دریای داوای پێلێڵ کردین، بیروبڕوای پێوێڵ کردین. سرتە و خورتەمان لێبار بوو، بارمان کەوت هێزمان خەوت، ڕۆژمان ڕەش و نالەبار بوو، هەرکەس بەرەو بارێ سواربوو بنکە بوو بەجێگەی قەلان، بەرنوا بۆ کوند و مەلان، ناوەندی حیزبی بڵاو بوو، هەرکەس بۆ جێیە بەتاو بوو، یەك ڕۆیە ناو شۆڕشی بارزان، یەك بوو بە قاچاخچی مەرزان، هێندێك بوونە مام جەلالی، بەبێپشتێن بەزگی خاڵی، چەن جار سرك و چەن جار ماڵی،پۆلێك ڕابووون بەرەو ئێران، نەترساو هەروەکوو شێران، خۆیان ون کرد لەهەر باسان، بە ناوەندی خۆیان ناساند، لە چیایان، لەدژ ڕاسان، هێندیترمان خاو بوونەوە، سەرشۆڕ بەرەو باو بوونەوە، بوونە تۆ بەکاری پاشا، لە بوونە کورد، هەزار حاشا، تەنیا و تەنیا باڵ مامەوە، لەنێو خەیالات و خەما دەتلامەوە چارم نەبوو، ڕێگای کاروبارم نەبوو، بوومە مەلای گوندی شینێ، هەر ئەوڕۆ خۆزگەم بە دوێنێ، هەر چەند لەژین تێروپڕ بووم، بەڵام لە خەم، خەیاڵاوی مات و کڕ بووم. لە داهاتووم. سەرسووڕ مابووم، بێسەرەدەر بێدەر مابووم. لە زەلی فکران چەقی بووم، بە دوای چارەدا شەقیبووم، گلاوی

هەڵدێری سیاسی، ناحەز دەبێ دەنگ و باسی، خاس و خرا و خاس نایێژن، چی خراوە بۆی دەبێژن، خوێنی لەتەشتان دەڕێژن، بەرەو قوودووسی دەنێژن.

بارزانی بە بڵاوەی زانی

سەرۆکی شۆڕشی کوردان، خەمخۆری درشت و وردان، مەلا مستەفا بارزانی، بەوکارە ناحەزەی زانی، تاك و تەرا بانگی کردین، وەکۆی کردین، هاتە نێومان، بوو بە خێومان، چەپەڵی خەمانی شردین، دەستی گرتین بەرەو هیواداری بردین، مووچەی ژیانی ناوبردین، بۆمەی ئاوارەی ڕەشوڕووت، بەزەی بزووت. جلوبەرگ و کەرەسەی شەڕ، بنکەومەقەڕ، دەفتەری کار میزی نووسین، خورجێن، بێسیم، دووربین بۆ دین. لەناو شۆڕشی بارزانی، هێزمان دیار بوو، ڕیزمان دیار بوو، بووینە برای گیانی گیانی، پێسپێرمان ڕادەپەڕان، شەو دوشمنمان دەردەپەڕان، لەپەڕان سەنگەرمان دەگرت، جاشمان دەکوشت دیلمان دەگرت، تەحویلی حەسۆمان[1] دەدان، حەسۆ سمێڵی لێبادەدان، بەهێزی خۆی تەواو دەکرد، پێشکەشی بۆخۆی وەردەگرت. ئێمەش هەرهیچ، بەناو ئێرانی ڕیچ و قیچ، ناومان نەبوو باومان نەبوو، بێئافەرین و بێموژدە، بخۆ و بڕۆ و خۆ بەکوژدە، ببە شەهیدێکی بێنێو، بێکێل، بێخێو، قەل و داڵ چاوت دەردێنێ، کەس نەبێ بۆت ببارێنێ، نەخرێیە ناو مێژووی گەلت، فیرۆ دەڕوا کات و هەلت، بەوبۆنەوە وچانمان گرت، ڕێك مانمان گرت، نامەمان دا بە بارزانی، بارزانی بە مانی زانی. لە جەبهە مەعاف کردین، تێمانگەیی خاوین وردین، ئەرکی سووکتر لەچاو چووکتر، پێی ئەسپاردین، بەرنامەی کاری بۆ ناردین، بووینە کێشك لە زیندانان، لەمەقەڕ و دەرك و بانان، بووینە بنبارژێلی شۆڕش، دوور لە جەبهە و دوورە هێرش. خواردن و خەو و نۆڕیزکە، سەردانوێنە و چاوان حیز کە، داهاتوو چۆن دەبێ بابێ، بۆی مەلەرزە لەلات بابێ.

---

[1] ـ حەسۆ ئەمیرخان، سەرپەرستێکی شۆڕشی بارزانی بوو.

شۆڕشی بارزانی وێك هات

وابزانم شۆڕشی بارزانی، بەرەو پێنج ساڵە دەچوو، پێنج ساڵ شەڕ گەڕ بۆمباران، سووتمان هێرش پاشەکشە، هومێد، بێهیوایی، تەقورەو، تالان و بڕۆ و ڕۆڕۆ، پەلبوون، شەلبوون، لەخوێن گەوزین، زاڵبوون، بەزین، گەرما سەرما برسیایەتی، توونیایەتی، بۆنی بارووت گرمەی تۆپان، لەپی دەشت و یاڵ و پۆپان، ویزەی مێك و سۆخۆ هەنتێر، لە کۆخ و گوند، چیا و هەڵدێر. شێری دەوێ خۆڕاگربێ، بەتینتر لە پۆلا و گڕبێ، بارزانی بێ، کورد بێ کوڕ بێ سنوور بڕبێ، بۆسەربەرزی بەرزەفڕبێ، لەڕووی داگیرکەری دڕ بێ. فڕۆکەی لەعنەتی بەعسی تا پازدە و هەتا بیست و سی، سپی و ڕەش و ئاویلکە . بۆر لە عاسمانی کورد، نۆر بە نۆر، گڕ دەڕێژن، دەسووتێنن، دەستی پیسان دەوەشێنن، بێبەزەوی، لەسەر زەوی، دەسووتێنن، بەرز و نەوی، کۆماخەلە و داهاتی ساڵ، گەوڕ گەلە خان، کۆخومال، دارو گەڵوپووش و پواو، بە قومەلە و بوومی ئاور، بەدەستووری بەعسی گاور. بوونە دەستەچیلەی ئاور. کێ دەتوانێ لە ڕۆژێدا چەن قەدەم بڕوا بەڕێدا، تەیارە دەوری لێنەدەن، وەبەر گوللە و بۆمی نەدەن، کوردستانی پانی عێراق، ببووە گۆشەی شین و مەراق، بەڕۆژگاران چۆڵوهۆڵ بوو، ئەوی بەرچاو بوو هەر گڕ بوو تۆزوخۆڵ بوو، لەدەنگی بۆم گوێچکە پڕ بوو، ئەشکەوت و کەلێن و قوچبن، بێشەلان لە ترسی دوژمن، لە ژنوژاڵ و منالی ورد، لە پیرەپیاو لە گێڕ و کۆڵ، لەکۆچ و باری شل و شۆڵ، لە ئاوارەی هەرێمی کورد، وەکوو دەریا داوەستابوون، بێسەروسەدا وەستا بوون، کوردان لەوبارە وەستابوون، چاوەڕوانی شەوی ڕەش بوون، شەوە قەلای مێر و شێران، شەوبار دەکرا بەرەو ئێران، بەرەو مەرز و جێپەسیوان، بەرەو لاپاڵ و نەدیوان، حاسمان شەویش هەر بەگەڕ بوو، بە نرکەی فڕۆکان کەڕ بوو، فڕۆکە وەك داڵی لاکی، شەو دەگەڕا جووتە و تاکی، لەچۆلەچرا و ئاوری سیغار دەچوونە سەر کلك وەك مار، وەك سەگی هار، وەك باب کوژاوی دەم بە خوێن، ئەو جێ ئەو شوێن، دایان دەکرد بە نیشانە، گیانە و گوللەی لێ میوانە، سیغارکێشان بەشەوی ڕەش، هەتا بەربەیانێکی گەش، لەهەر خێڵێ لە هەر هۆزێ، لەهەر جێگە پەنا و کۆزێ، قەدەغەی

دەنگی دەستوور بوو، دوور لە یاسا و لە شعوور بوو. کوردان چەمی شەڕ دەزانن، گاڵتە بەدژ لەوان جوانن.

زۆربەی شەوان بۆ گاڵتەی دەم بیرەخەوان، لاوێك دەڕۆییە لاپەڕان، دوور لەڕێگە و جێگە گەڕان، ئاورۆچکەی لە دوو سێ جێیان، هەڵدەگەڕان وەك جێ‌دێیان، فڕۆکە پێیان دەزانی، مڕەمڕ تا بەیانی. بە تۆپ بە بۆم بە سارۆخان، لەهەر لاو هەر بارودۆخان، لێیان دەدا، هەرکات و سات، ئەویان تەواو با ئەودەهات.

زۆر شەوان ئەو گاڵتە باو بوو، بەرەو چاو بوو، زاخاوی مێشك و هەناو بوو، لەشکر لەخۆی ناڕازی بوو لە پەلاماران بەزیبوو، سەرگەرمی جێگا سازی بوو، بۆ دیفاع لە خاك و ئاوی، لە نامووس و دەنگ و ناوی، لەپێش دەمی تانگ و تۆپان. لەهەر دەشت و تەرت و لۆپان، بێ‌وچان و خواردن و خەو، هەڵنەدەستان، بەڕۆژ بەشەو، هەرچی کوڕ بوو، خاوەن بڕ بوو، تێکەڵ گر بوو، تێکشکێنی تانگی زڕ بوو، هەرچی جادە و شیو و خڕ بوو، لە لاشی بە عسی‌یان پڕ بوو. دەیان سریەیان لێ‌قڕ بوو، قەل و داڵ بەلاکیان مڕ بوو، لۆری شکاو تانگی سووتاو، چەك و چۆڵەی لە کار خراو فڕێ دراو، لەکار نەکراو، خوار و بار، خواردەمەنی سووتەمنی، چەکی دووربین‌دار و بێ‌سیم، دەواودەرمان دوو جێن سێ جێن، گەلێ فیشەکی جۆراوجۆر، بەتا بەبار سندووقی مۆر. بەجێ‌مابوون لە جێ شەڕگان، لەبن بەردۆکە و جێ‌قرگان. ببوونە دەسکەوتی شۆڕش، لێیان تێکچوو جێژین هێرش، یابا و تەعالیان لێ‌تێکچوو، سەروماڵیان ماڵ‌وباڵیان، بەرنامەی خێو و خەیاڵیان، ئاواتی لەمێژین ساڵیان، کەوتە گێژاوی فەساڵیان، شەل و پەت هەڵاتن، بەزین، لە خوێن گەوزین، تەسلیم تەسلیم یابوو یابوو، لە حەرەس قەومان پەیدا بوو، لەناو پێشمەرگەی بارزانی، بوو بە شایی شادمانی، دیل و ئەسیریان ڕیز کردن، چەك و چۆڵەیان بارکردن، حەواڵەی لاپەڕیان کردن. هێرشی بەعسی، قۆڵێك نەبوو، چەن جادە و چەن دۆڵێك نەبوو، لە حاسمان و لەسەر زەوی، لەپێ دەشت و بەرز و نەوی، لەهەموو هێڵ و شوێن و وڕێ بەتانگ، بەزیل بە ڕەوتی پێ، ویستیان، کوردستان چۆڵگە بێ، بۆ عارەبان جێ‌مۆڵگە بێ، کورد دەنگ و باسی نەمێنێ، ڕیشەیان لەبن دەربێنێ، ڕاستە «چ ماست بێ‌موو نابێ»، هەموو ڕوویەك بۆ ڕوو نابێ، بیشەی بەبێ چەقەڵ کەمە، ئاوری بێ‌دووکەڵ حەستەمە.

شۆڕش فسۆسی لێنابڕێ، جارجار دەدا و جارجار دەخورێ، بێبڕوایە بەرچاو تەنگە تێناکۆشێ، ئازار بدرێ خۆ دەفرۆشێ، ترسەنۆکە مێشك بۆشە، شەرەف دەفرۆشێ بە قۆشە. خۆفرۆشان لەچەند لاوە، بۆ لای سەددام بایانداوە، ئاسۆسیان[1]دا بەخاروبار، دەربەندیان فرۆشت بەدینار، قوا خاسە و جەیش و جاش، سیریەك لەپێش و یەك لەپاش، دێلان پێشیان بۆ چۆڵکردن، لە کوردستانیان مۆڵکردن، چوونە سەربەرزایی ئاسۆس، جەیش و جاشی خوێڕی و فسۆس، بەیارمەتی زڕ و زۆڵان، جەیش گەیشتە سەرقۆڵان، بەسەد حیلە و فێڵ و گزە، داگیریان کرد قەڵادزە. شۆڕش وێكهات و کشاوە، کەوتە ناو شاخان ئاژاوە، عەرەب قازن پێبەقوونەن[2]، کوڕی ئەفتاوە و مەدوونەن، لە شاخی شاخیان شکاوە، باویان خاوە، بە وشتەیەك بڕووسکاون، تێکشکاون، کەوی کولاون، عەرەب شاریان هاتەوە دەس، هەڵبەز هەڵبەز، خۆشی خۆشی، بوونەوە ئەز، بوونەوە گورگی مەڕ و گەز، بە کەیفی خۆیان لێدەخوڕن، دەخۆن دەخوڕن، دەبڕن، دەدڕن، ناموس لە نامۆیان دەکڕن. نەیانزانی تا بارزانی، لەسەر بەرزان وەك سەربەرزان، سەرۆکی کوردی هەژار بێ، دوژمن دەبێ بریندار بێ، شەو بێخەوبێ، نەچیری پێشمەرگەی ئەو بێ. هەر لەناوقەدی شاریدا، لەژێر باری نابارێدا کوڕە کورد قۆڵیان هەڵمالی، شەو دوژمن و ڕۆژ خۆمالی، پارتیزانی بووژایەوە، چرای سەددام کوژایەوە، حەرەس قەومی لێیان قەوما، نەبزەیان پێما نەخەوما، کوڕە کوردی بە دەستوبرد، لەگەڵ پێشمەرگەی بە بیر ورد، سەرهەڵقەنەیان دروست کرد. لەهەر کووچە و جێگە خەوان، لێیان بوونە مۆتەی شەوان، لێیان دەدان دەیان کوشتن، خوێنیان ڕشتن، دەست و ئەستۆیان دەبەستن، زاق و زووقیان وێ دەخستن، جاشەکانیان وێكدەخستن، ئاخوڕەیان بۆ هەڵدەبەستن، کاو و جۆیان لەبەر دەکردن، بۆ نەمردن، لەنامەردان، لەهەموو شارۆکەی کوردان، سەرهەڵقەنە شەو دەگەڕان، لە شاریگە و لە لاپەڕان، هەر لاشە بوو بێسەر دەبوو،هەر سەر بوو لەپڕ دەپەڕان، سەددام زانی پیرۆز نییە، ئەو سەرکەوتەی خۆ کوژییە، سوودی نیە، هاواری کردە بارزانی بۆ وتووێژ، بۆ ڕێچارێکی یەکسانی، بۆ سوڵحێکی دوورە هەرا، کورد

---

[1] ئاسۆس و دەربەند. ناون بۆ دوو شوێنی حەسساسی شۆڕش.

[2] ـ پێبەقوونە، باڵندەیەکی ئاوی بێباڵە.

و عەرەب ببنە برا، شەڕ و پێکدادان بیٚکەڵکە، سوود و بەرهەمی بۆ خەڵکە، کورد و عەرەب لە کۆنەوە، دوانەیەکن، شەریکی داهاتی یەکن، بە پانەوە لە عێراقا وەك برابوون، خاوەن ماف و بیروڕابوون، عێراق بێشکەی هەر دوو لایە، لەوێوە شەڕ ناڕەوایە، بیٚشەڕ بیٚداوا بەشداربن، کورد و عەرەب برا و یار بن، باشەڕ بەس بیٚ، وتوویٚژ چەکی مەبەس بیٚ، لەوخاکەدا کاکی یەك بین، دڵسۆز و دڵپاکی یەك بین، بانگەوازی حاجی و ڕێوی، گەیشتە شار گەیشتە دیٚ، تەقە ڕاوەستیٚ جیٚبەجیٚ، دەدریٚ ماف داوای بەجیٚ.

شەڕ وەستانی وەستایانە

سەرۆکی کوردان، بارزانی، ئەو داوایەی بەهەڵ زانی، بە بەڵێی وەڵام دایەوە، دوبارە شەڕ وەستایەوە، لاوی ماندوو حەسایەوە، کورد و عەرەب لەشاری کورد، درشت و ورد لەگەڵ یەکا بوونە برا، کووچان چرایان ویٚخرا، بوو بەشاری برایەتی، کوردایەتی ئازایەتی، دەنگی بژی کورد و عەرەب، جارەیٚ بەدڵ، چەن جار بە گەپ، بوو بە وێرە بوو بە بژیو، بۆ ساویلکانی گەڕ نەدیو، بوو بەخۆشی و بادەنۆشی، چەپڵەلێدان. بەڵام بارزانی دەیزانی، حاجی ڕێوی لەسەر فێڵە، ماتەی بۆ جووجەڵەی وێڵە، دەیەویٚ عەشرەتان بدوێنیٚ، شەقڵی نامووسیان بشکێنیٚ، پارە و دۆلاریان لیٚبار کا، شۆڕشیان پیٚ نالەبار کا. بیانکاتە گویری دوو ئاخوڕ، نامووس شڕ و ئاخوڕ پڕبن، سیخوڕ و خۆگەز و دڕ بن، دێڵە کوردیش ئەوەی دەویٚ، پارەی دەریٚ، چۆنت دەویٚ وا دەخەویٚ، پارەی زۆرە ئەو دەورەی دیوە، ئەو ڕاوەی نیوە بژیوە، پارەدار لای وایە پارە، بۆ ئەو لوقمانە و ڕیٚچارە، بەڵام نەخێر ڕۆژیٚ دادیٚ کوڕ و کیژی شار و لادیٚ، دێنە سەرپیٚ، پیٚدەگرن، ڕیٚی پیٚدەگرن، کۆشکی لەبن دەڕووخێنن، بەپارەوە دەیسووتێنن، دوایی بە هەموو شت دێنن.

کوردستانی ئێراق ئەودەم

کوردستان بە بۆم سووتابوو، بڕووسکابوو، چاڵ و کەند و هەڵتەکابوو، کەموکووڕی لەهەر لاوە، چنگی لە شاپەڕی دابوو، بارەبار و کۆچکۆچی کورد. بەرداوبەردی درشت و ورد. خەڵك تامەزرۆی پشوو[١] بوون، ماندوو نەناسیش ماندوو بوون. ناسیاو نەناس، خراو و خاس، قوتە و قۆیتاس، لایان خاس بوو، شەڕ بووەستێ، بۆ پووشوویەك، دەرچێ لە گیانان تەزوویەك، بازان بچنەوە ڕەوەزیان، بە پەرچەم و بسك و کەزیان، هەڵومرێنن کوڵ و دۆیان، دەرد و خەمی دەم وەڕەزیان، بچنەوە گیان لالەخەوان، گەرمە گەمەی نیوەشەوان، گراوی خۆیان بێتە مێزێ، دەم دەم بگرێ خەم داهێزێ، شادی لە نوێ سەردەرێنێ، گیان بفرۆشێ، ماچ بستێنێ، هەڵوەدا وردە پەرچەمان، دەگرێ قاڕێ جووتەی مەمان، کۆنە خەمان فەرامۆشکا لەوماوەدا عەیش و نۆشکا، بەداهاتووی خۆ دڵ خۆشکا، تا چل شەوێ شەڕ ڕاوەستا، تەقە وەستا، شەکەتی دەوری دەگەڕا، لاوان باویان دەبەر گەڕا، دەستی درێژی دلێران، گەیشتە سەرپشتی شێران، یارمەتی گەرمی جیهانی وەڕێ کەوت، فریا کەوت بۆ بارزانی، چی بەسوودی ژینی خەڵکە، بۆ شۆڕشان جێگەی کەڵکە، تێر و تەواو گەیشتە جێ، بەڕێووجێ، بەش بەشکرا، بەشداران بەشیان پێدرا، قات و قڕی کەموکووڕی، چەپڵەیان لێ‌تەقان، فڕی، کوردستان جارێکی دیکەش، لە جوانیا هاتەوە کەش، گوندۆکە و شارۆکە و بازار، بوونەوە بێشکەی بێ‌ئازار، بەغدا و کوردستانی بەخوێن، لەسەر چەن خاڵ و یاڵ و شوێن. چوونە سەرباری وتوویژ، بەتام بێ‌تام، کورت و درێژ، تەفرە فریو بێ‌تام و چێژ، زاڵم سوڵحی پێوەنایە، ئاشتی بەلاوە خەتایە، بەڵام بۆ تەفرەقەچییە، بەوری خاوەن دەست و پێیە، پێوەدێ دەم ببزێوێ، دەهەنگێوێ.

---

[١] «پووپوو»ش هاتووە.

شۆڕش خۆی دەپاڵێوێ

شنەی شۆڕش سروەی مێژوو، چ دێر چ زوو، خەرمانی شۆڕش هەڵداوێ، کلکە و زیوانی دەرداوێ، چەت و دۆڵی وەلادەنێ، ژێر پێی دەنێ، شۆڕش لە توولەگ دێتەدەر، بەگ و زۆردار و جاش و کەر، خوار و خێچ و چەوت و خەنۆک[1]، ڕێوی و دەڵەك، کوڕی پارە و فێڵ و کەڵەك، باریان هەبێ خۆ دەنوێنن، شەرەف خۆیان دەشکێنن، بۆ تۆزێ ژین کەمێ ئارا، گەلیان دەفرۆشن بەپارە، زاڵمیش بەو ڕاوە فێرە، هەر بەوەش زاڵە نەبوێرە، ئێمەش هەر بەوە فەوتاوین، سەرنەکەوتوو بێباڵ ماوین، زەڕنەقووتە و کەوی کولاوین، لێرەولەوێ، لێبڕاوین، هەڵبڕاو و بەجێماوین. لەماوەی ئاشتی و ئاوربەس، داوای ڕەوانەهاتەدەس، بەلام سەددام گوردی خۆی گرت، لەدێز و دێڵ و زۆڵە کورد، وەکۆی کردن وەخۆی کردن، لەشۆڕشگێڕی هەڵبڕین. بەپارە ناموسی کڕین، بەرەو جاشیەتی لێخوڕین، لەدێز و دێڵ و ترسەنۆك، هێندێك عەشیرەتی فسۆك، وەلاکەوتن بۆ دژ خەوتن، بەزین گەوزین لەگەڕ کەوتن، شۆڕشی بارزانیان جێهێشت، بۆ پوول بۆ خەو بۆ نان و چێشت، چوونە بەغداییە بوونە کەر، بۆ میری بوونە بارەبەر، میریش هەر ئەوەندەی دەوێ، کوردان لە یەکتر هەڵبڕێ، ڕۆژ و شەوێ، بەشەڕیاندا پێکیاندادا بێناویان کا لێر و لەوێ، شۆڕش مەحەکی خستەکار، وەلای خستن دزێو و خوار، دووڕوو و ڕووکەش، بێکێش و کەش، پیاوی بەفێڵ، لاوی ڕووڕەش، هەرچی دەمەوەر، بیانوو گر، نەبان، بەیچەڵ، خۆدز، خۆگر، وەبەر تفی مەحەك کەوتن، لەناو شۆڕش وەدەر کەوتن، شۆڕش مێروو بژێر کرا، خڵتە و پڵتەی لێلابرا، کۆمای شۆڕش بێگورگە بوو، هەرچی مابوو، پێشمەرگە بوو، کوردی بڕاو بەڕەگە بوو، وێنەی بەرچاوی مەردی بوون، سوێندخۆری خاکی کوردی بوون، خاوەن ورە و هێز و مەچەك، ڕۆبوونە چەك، سوێندخۆری، خوێنی گەلانن، پێشمەرگەی تەرت و تەلانن، لە جەیش و جاشان دڵپڕن، بە ئەزموون و سنووربڕن، شێری مێشەلان و لانن، تا سەربەستی چەك دانانێن.

---

[1] «خەنەك»یش هاتووە

بارزانی (قەڵای خەبات و لێزانی)

سەرۆکی شۆڕش بارزانی، گیانی پتەو بۆ لێزانی، چاکی زانی، دوژمن لەپای ئاوربەستا، چی لەدڵدا لە مەبەستە، کام تەڵە و داوی بەدەستە. بارزانی نووسراوی دەرکرد، دەشتی بەپێشمەرگان چۆڵ کرد، ڕیزی لاوانی قۆڵ قۆڵ کرد، بنار بوونە زیندانخانە، نووسینگە چوونە ئەشکەوتان، بۆ زیندوو بوون بۆ نەفەوتان، تۆپچی چوونەوە سەر تۆپان، لەبەرزایی یاڵوپۆپان. وتوویژ، لە مەڕ ئاوربەست، بێ بەرهەم ڕاوەستا بێهەست، بێتەلیان لەبارزانی کرد، تەل بەدەستی پێشمەرگەی کورد، وتیان بەغدا هەرچەند دوورە، لە بێسیمیان هەر هەرایە، چەق و لوورە، بڕیارە هێرشێ بێنن تەڕ وشکان بسووتێنن، زیل و دەبابە بێن بۆمان، بکوتن جادە و پەرچ و چۆمان، دەستێکی وا بوەشێنن، کۆز و کولانان بڕووخێنن، ڕیشەی کوردان لەبن بێنن، کورد نەمێنێ. بارزانی پەیامی دەرکرد، سەرکردەی کورد وای ڕاگەیان، نامە و بەیان، سەرە ڕێگایان خاڵی کەن، پێشمەرگان لەیەک حاڵی کەن، بێڕاسان، بێ دەغدەغە بن، بێ تەقە بن، لەنەدیو سەنگەران، بگرن، پێش بە جەیش و جاشان مەگرن، با بێنە پێش لوقمەی چەورن، عەرەبی کراس درێژن، بێباڵ، کەرەوانەی لێژن، خاروباری زۆریان پێیە، عەرەب لە شاخی بێپێیە، چیان هەبێ درشت و ورد، دیارین بۆ کورد، بە کۆڵێك خێر و بێر هاتوون، تەماڵی ڕۆژی داهاتوون.

لە بەغداوە

لە بەغداوە، چی حەساوە، بۆ گەڕ بۆ شەڕ، بۆ ئاگردانی و شك و تەڕ، بۆ تێکدانی دێهات و شار، بۆ قەڵاچۆی کوردی هەژار، لەتۆپ لە بۆم لە خومپارە، لە تانگ لە تانکێڕ، تەیارە، چەکی دوورکوژ، ئاگرپژێن، سەنگەرشکێن، زەندەق تۆقێن، تاقمی عەسکەر بەکرێگیراو، قوا خاسەی سەرلێشێواو، بەرەو کوردستانی بەرچاو، پێهەڵگەران، بۆگەڕ بۆڕاو، وەك چۆمی خوڕ، تۆفی لافاو، هەتا گەیشتە بنگەڕان. تاگەیشتنە قەڵادزێ، تا ڕانیە و ئەوبەری زێ، تا شارۆکەکانی بنگەڕ، جێگای لەگۆڕنانی بەدفەڕ، تەقە نەکرا لە چەکۆیان، بێبەش لەهەر ڕووش و دەردان، تا گەینە نێو تەرت و بەردان، لێی دابەزین، لە خۆڵ گەوزین، کورتان بە پشت و شان بەزین، لە تەپۆڵکان، لە جێمۆڵگان، لەبێڕاهە و لە جێچۆڵگان. بوونە مڵە و جرجە کوێرە، عەرزیان

کوڵی، لەوێ و لێرە، قەڵا و سەنگەریان هەڵبەستن، تۆپی گەورەیان دابەستن، تڕوتۆپیان وەڕێ خستن، بەخەیاڵ و خەونی خۆیان، کوردستان ئاخورەیە بۆیان، لایان وابوو کەس نەماوە، پێشمەرگەیان لێ‌تۆقاوە. تێ‌نەگەیین درشت و ورد، بوونەتە مەتاڵ بوونە نچیر بۆ کوڕی کورد، بۆ پێشمەرگەی بە دەست و برد، هەر ئەوڕۆ ئەوڕۆیان ماوە، لەمێژە گۆڕیان کەناوە، ڕێگەی هەڵاتین تەنراوە، پاش و پێشیان لێ‌گیراوە، بۆ کوێ دەچن بۆکوێ هەڵدێن، بچنە پەڕ پەڕۆکەی هەوران هەر وەبەر دێن هەروەبەر دێن. پێشمەرگە شیریان بۆ دەسوون، چاوەڕێی دەستووری سەروون، کاکە سەرۆك لە زەنگی‌دا، بڕیاری باری جەنگی دا، عەفلەق جێیان پێ لەق دەبێ، دەست و دەمیان وارەق دەبێ. چەك و چۆڵان لەجێ چۆڵان، لەنێو مۆڵان، بەجێدێڵن، لە ئاستی پێشمەرگە دێڵن، تەسلیم تەسلیم دێتە گۆڕێ، بەعسی ورەی هەڵدەچۆڕێ، وەك دۆڕاوە هەر دەدۆڕێ، لەو پیلانەش بێ‌بەش دەبێ، بۆ هەمیشە ڕووڕەش دەبێ.

شەوێکی ڕەش

شەوێکی ڕەش، ڕەشتر لە هەش، لەسەر بڕیاری ڕوون و گەش، پێشمەرگەکان دابەش دابەش، بەرەو هێرەش، بەرەو هەڵمەت، بەرەو شانازی کوردستان، وێڕا هەستان، بەبێ وەستان، لەڕۆژئاوا لە خۆرهەڵات، لەدێ لەشار و سەرقەڵات، لەخاکی کوردستانی کورد، کوردی ئێراق درشت و ورد. بە بڕیارێکی ڕێکوپێك، لە کاتێکی دیاری کراو، بۆ هوجووم و شەڕ دامەزرا، بگرەوبەردە مەرێك مەرێك، برکەبرکی لوولەی چەکان، ورەی پێشمەرگەی بەتەکان، سەنگەری دژیان هەڵتەکان، هەڵتەکا بوو دڕی گەڕان، بەرەو شکان زڕ وەرگەڕان، دەرپێیان لەپێ داماڵا، بوونە پەڕۆی داری ئاڵا، بەبای پێشمەرگە لێکهاڵان، سەروماڵیان بوو بەتاڵان، تۆپ و تفەنگ و زرێ‌پۆش، سیپە و سەنگەر، کەمینی بۆش، بۆم و سارۆخی فڕۆکان، سوودی نەبوو بۆ فسۆکان، فسۆك خۆی بۆڕانەگیرا، هێندێ کوژرا، هێندێ هەڵات هێندێ گیرا، زەبری هجووم گورچووبڕ بوو، سوپای بەعسی لێکبڕبڕ بوو، چەقەڵ بەلاشەیان مڕ بوو، زیلی خاروباری گورگان، کەوتە ژێردەستی پێشمەرگان، پێشمەرگەی ماندوو و تۆزاوی، برسی تینوی لەش خوێناوی، سێ ڕۆژ سێ شەو، بێ‌نان و ئاو، بێ‌چۆرت و خەو، دەس بەچەك تێکەڵ بەگڕ بوون، دوشمن بەزێن کورد و کوڕ بوون، شێر و پڵنگی ناو شەڕگەن، خاوەن خەت و شوێن و بڕگەن، تین و تەنگانە نەناسن، هێن لاوخاسن، بۆ سەربەرزی ئاو و خاکی،

پێشکەش دەکا خوێنی پاکی. پلانی بەعسی فەشەل بوو، تانگ و عەڕابەیان شەل بوو، لە جادە و لەپەنا دێیان، لە کۆمەڵگە و لە لاڕێیان، لەزۆر جێیان، نەبوێرابوون، گشت پێکرا بوون، پێشمەرگە چی‌تری دەوێ، هەر سەرکەوێ، بۆی ئاواتە، نانە پێخۆرە خەلاتە، دوشمنی هۆزی ڕەپێنێ، خۆبنوێنێ، بەعسی ئەو هەلەش هەڵە بوو، تووشی شەداو و تەڵە بوو، ڕەداو کەوت، زەبری پێشمەرگەی وێکەوت، عەسکەر بەرەو بەغدا قاشتی، جاش دەشتی و جەیشی داشتی، کەر گەوزێنیان داگیر کرا، کوردستانیان پێ‌چۆڵکرا. بارزانیش گەلێك ڕازی بوو. ئاڵا هەڵگری قازی بوو. قەولی گورگی لا بازی بوو. هەل و دەرفەتی دەناسی. خەبات بۆ وی شانازی بوو.

ماڵئاوا: ڕاوچی ساردەکۆسانی

بەشی دووهەم:

شیعرەکان

پاڕانەوە

بە ناوی تۆ خودایە دادەبەستم	دەرووی، بیر و بناوانی مەبەستم
بەزەی تیشکت نەکا ڕۆشن هەناوم	زەینکوێر و نەزان و تێشکاوم
دەسم نەگری لە نێزیک و لە دووران	بەبێ شک دێمە ڕیزی بێشعووران
بەزەت نەڕژێتە ناو تەبعی کڕاڵم	بەیار و بێکەشە، وەرزی خەیاڵم
خووا هێزی وەها، باوێژە وێژەم	بە یادی تۆ، بنازێ، نازی چێژەم
بە عیشقی تۆ، لە گوڵدا بێبەروبووم	لە تۆڕا بێ، هەچی نەمبوو، ئەوی بووم
پەسندی تۆ سەر و تاجی قەڵەم بێ	تکەی فرمێسکی گەش، باجی هەڵەم بێ
لە تۆڕا بێتە دەستم، تۆ بناسی	بە عیشقی تۆ حەماسی بم حەماسی
ئەتۆناسی مەحاڵە هەر وەکوو هەی	هەموو نەخش و کروکارت، دەڵێ هەی
بەهێزێکی بناخەی بێگڵ و قوڕ	بە تۆسقاڵێ، دڵی چووکی لە سڵ پڕ
بەهێزێکی، شلوشۆڵ و بە تاوان	بە شۆقی عەینەکی سەرباری چاوان
بە ڕیشی بۆز و چاوی کەم بەرووبوو	بە زەینی کۆڵ و کوێر و کەم دەمودوو
لەمەڕ تۆوە دەبێ چ بڵێت حەماسەم	ڕچە و ڕێ بێ، بەرەو تۆ بێ پیاسەم
بڵێ ئەی ڕانەڕی، هەر دوو جیهانان	چرا ڕادێری دێری ڕێ نەزانان
هەبووی و هەردەبیت و هەردەمێنی	هەچی بوون و نەبوونە، تۆی، هەوێنی
سەری سووڕماوە هۆزانی جیهانان	لە سووڕانی، زەوین، و ئاسمانان
بە کۆمەڵ، کۆمەڵێ مانگ و ستێرەن	سەدان کاکێش و بورجی بێژومێرەن
یەکێ بێنوور و یەک تیشکی دەڕێژێ	یەکێ ئاوا دەبێت و خۆ دەنێژێ
بە مەیلی تۆ دەڕۆن و یانە لە سوێن	بە ویستی تۆ نە دەشکێن و نە دەسوێن
هەموو فەرمانبەری باری ئەلەستن	شەو و گوردێکی ڕێک و پڕ مەبەستن
تەعالەللە لە فەرمان و لە داوات	هەموو ئەسپاردەیە کاری سەماوات
لە تەقدیر و سپێراوت بەدەر نین	وەکوو مە، شەرمەسار و سەرلەبەر نین
لەژێر دەریاوە دەریایە کروکار	لە شاکارت کشوماتە کەسوکار

گەرووی وشك‌وبرینگە، هۆش و دانش
لە زانایی خوای زانا بە دانش

خوایە بۆ خوایی تۆ گەواهن
هەچی بەر چاو و بن پەرچ و پەناهن

بە هەر قەست و مەبەستێ ئاشنا تۆی
لە هەر ترس و هەراسێ جێ پەنا تۆی

خوا کوردێکی بێ‌هێز و کەساسم
نەزان و ڕێ‌نەزان و تۆنەناسم

کەموو کورتێکە کورتەی خوێندەواریم
چ بەر چاو و بەرەو باوە هەژاریم

لە خۆ تووڕە و بەرەو گۆڕ و نەخۆشم
نە تۆم ناسیوە تا ئەوڕۆ نە خۆشم

دزێوی دەستوداوێنی گوناحم
بەرەو بەخشینی تۆ دەخشێ تەماحم

خوا بێ‌ناوی ڕووداوی قەزا نیم
شەقوشەمزاوی گێژاوی نەزانیم

لە بسپێرت بەلاساری کلا بووم
لە زەلکاوی ڕیادا بەربەلا بووم

لە وەرزی کردەوەم، دیارە کە پووچم
کە بێچارە و بەتاوان و بەسووچم

لە ئەژنۆم داوە بەردی بێ‌فەڕی خۆم
بەرەو دەرکت ئەوا هاتم کەل‌وکۆم

خوا ڕاوچیم و کوردی خۆولاتیم
دەسم ئەگری بەرەو چاڵی نەهاتیم

چ بەرچاوە لە کۆمەڵ دا کلۆلیم
لە کۆمەڵ هەڵبڕاو و ڕوو لە چۆلیم

لەبەر بادایە شەمعی بێ‌نەواییم
بەرەو تۆیە دەس‌ومستی گەداییم

گەدام و بێ‌نەوام و بێ‌پەسیوم
لەناو ژەنگی نەفامیدا ڕزیوم

لەشی لەرز و سەری پیری بەتاوان
بە هەر دوو دەس لە قوڕ دەگرم لەتاوان

بەرەو دەرکت ئەوا هاتم خودایە
لە دەرکت ناهومێد نەبووە گەدایە

دەرمکەی ڕوو بە کام جێگە بەڕێ بم
لە تۆ بەولاوە بێ ڕوو، ڕوو لە کوێ بم

خوا «ڕاوچی» گەلی کوردی بلاوم
بەرەو گۆڕێکی ناگۆڕ و دژاوم

بەرەی کوردێکی بێ‌خێو و هەژارم
تەرەی نەردێکی نەردێنی نەیارم

بەرەو قاپی بەزەی تۆ دێم و هاتووم
لەدەس کرداری نابارم هەلاتووم

بە بەخشینی خوایی تۆ حەساوەم
بەزەی تۆ دەمگری ڕوون و گەشاوەم

گوندی مووسەکی . کوردستانی باشوور ١٣٤٥

پەشیمانی

تــــەرەی خــــەون و خــــەیاڵی نالــــەبارم یــــا ڕەســــووڵەڵڵا
لــەڕ و بــێ‌ڕوو لــە ڕووتــا شەرمەسـارم یـا ڕەسـووڵەڵڵا
کــز و بابردەڵــە و ســووك و چــرووکی چــرگەنی ژیــنم
تەڵاشــی دەم خــوڕێنی بــێ‌بــوارم یــا ڕەســووڵەڵڵا
شــەمی بــێ پیــوی بــاڕۆگی شــەوی تــاریکی هــەنگاوم[1]
مــەلی ئەســتۆ شــکاوی جــێ شــکارم یــا ڕەســووڵەڵڵا
لــە زەلکــاوی نەزانیــدا قــومی کــردم خــودا چــبکەم؟[2]
هەڵــەی چــەوت و چــەوێڵ و نالــەبارم یــا ڕەســووڵەڵڵا
لــە بــن بــاری ڕیــا، کــۆڵ و کڵــۆڵ و کۆڵــە کــوتراوم
دەســـم نـــەگری کـــەلاك و کۆڵـــەوارم یـــا ڕەســـووڵەڵڵا[3]
پــەل و پــۆ هــەڵوەریوم، ڕووتــەڵۆك و ڕوو لــە پــاییزم
وەکــوو شــینکەی کراڵــی بــێ بــەهارم یـا ڕەسـووڵەڵڵا[4]
تەمــەن مــەی پــڕ لــە ژاراوی گونــاهی کــردە نێــو کاســەم
فەقــەت ڕێبــازی تۆیــە ڕێگەچــارم یــا ڕەســووڵەڵڵا
بــەرەو قــاپی شــەفاعەت وا بــە بــێ‌ڕوو، شــین و ڕۆڕۆمــە
پەشــیمان و پەشــێو و تۆبــەکارم یــا ڕەســووڵەڵڵا
بــە «ڕاوچــی» خــۆم بناســێنم و یــا ترســا و سـڵ بێـژم:
لــە ئــاپۆرەی گــەلی کــوردی هــەژارم یــا ڕەســووڵەڵڵا
١٣٧٣/٥/٢ . گوندی ترکاشە

---

[1] ئاواش نووسراوە: پەڕی زەردی هومێدی ڕاپەڕ و هیوابڕاوم من

[2] ئاواش نووسراوە: شەمی دیوانی ئەشقی لێ وەبەر با دام و خنکاندی

[3] ئاواش نووسراوە: دەسم نەگری کز و کۆم و کەلاکم یا ڕەسووڵەڵڵا

[4] ئاواش نووسراوە: وەکوو شینکەی بەیاری جێ‌کراڵم یا ڕەسووڵەڵڵا

بزەی شۆڕش

تاکو گڕ نەگرێ سەری دوند و گەوان   تاکو خوێن نەڕژێتە ڕێگە و ڕێڕەوان
تاکو شادی تووشی جێ گۆڕکێ نەبێ   تاکو شیوەن، سازی هەڵپەڕکێ نەبێ
تا شەوی زاوا، لە شەو ڕەشتر نەکەن   تا بەرووبوو، دێم و بێکەشتر نەکەن
تا نەبێتە لایەلایە، شینی شەو   تا لە خەو نەبڕێ، کوڕی نێو لالەخەو
تا بە خەم بۆسۆ نەبێ، کووز و کولان   تا بە خوێن بۆژۆ نەبێ، تەرت و تەلان
تا نەسووتێ بەرهەمی چینی هەژار   تا نەبێتە دیل و بەندی، خوێندەوار
تاکوو نەشکێ جمجمەی پشتی بژێو   تا بە بێکورسی بە شەو، نەگری هەتیو
تا نەناڵێنێ وەکوو یەک ساخ و شەل   تاکوو کوێنی ڕەش لەبەر نەکرێ بەگەل
تا تسەقوڕەو، ڕێڕەوی نەگرێتەبەر   تا بە شەو پیر و جەدەو، نەکرێنە دەر
تا شەمی شیوەن بە کۆمەڵ هەڵنەبێ   تا ڕەش و سوور و سپی تێکەڵ نەبێ
کەی «بزەی شۆڕش» دەبزوێنێ دەمار   کەی دەماری گەل دەڕاسێ بۆ نەیار
کەی کوڕی کورتەک لەبەر دەچنە سەران   کەی دەس و خەنجەر دەڕاسێ بۆ سەران
کەی بە سۆزی خۆی دەنازێ، هۆزی قۆز   کەی دەس‌وچەک چەکدەکا دەستی بزۆز
کەی گەلی بێبەش دەڵێ زیندووم و هەم   کە ی دەبێتە، خاوەنی دەست و قەڵەم
هەر دە مێ، دەستودڵ و قۆڵ و مەچەک   خۆبەخۆ، بۆ سەربەخۆیی بوونەیەک
هەر دەمێکی تێگەیشتوو، تێگەیین   مێرمناڵی خاو و نوستوو، پێگەیین
ئەو دەمی، دەبڕێ لە گەڕچی، فرتوفێڵ   سیخوڕ و سیخورمەچی، دەکرێنە دێڵ
ئەو دەمی، کورتانی خوارە گەل فرۆش   فیکە هەی دێی لێ دەکا، لاوی بەهۆش
ئەو دەمی، ڕیشە لە ڕیشەی دێتەدەر   کلکی دەبڕێ، کلکەدار و زۆڵە کەر
شڕ دەبێ بەیداخی زوڵم و شۆر وشەڕ   شل دەبێ، شەڵواری هاروهاج وگەڕ
قڕ دەبێ خێڵی قڕە و قیرە و پلان   کڕ دەبێ زرمەی، تەلاری میروخان
نۆبەهاری هاتی کۆمەڵ، دێتە ڕوو   ڕیشەبڕ دەکرێ، گەڕی زوقم و کەڕوو
دیل و لاوی بەندکراوم دێنەوە   ئەشکی خەم بێخەم لەڕوو دەسڕێنەوە

دیل و بەندی دێنەوە، بۆ هەڵبەزین   هەڵبەزینی ڕۆژی دوژمن پێبەزین
بولبول و گوڵ دەبنەوە میر و وەفا   شوان و بێری، دەچنەوە پێگەی سەفا
ئەی چ خۆشە سەردەمی دژ تێشکان   بێنە شایی گوێبەگوارە و چەکبەشان
دەستی دیلانی گرێ دەن کیژ و کوڕ   شایی سەربەستی بگێڕن، گەرموگوڕ
کورتەک و بەرموور و خارا پێکەوە   لێکدڕین و هەڵخولێن و بێنەوە
خرمەخرمی بازن و خرخاڵی قوڵ   ساز و پیک و دووزەل و دەنگی دەهۆڵ
شاعیر و شێعر و سرودی، ئەی ڕەقیب   بۆ برینی دڵ، بە دڵ، ببنە تەبیب
بێتە شایە، هێمنی ویرانە ماڵ   دووگەڕم بۆ هەڵپەڕێ تادێتە حاڵ
روو لە ساقی کا بڵێ، دۆ بێنە بۆم   شاعێری پیری هەژاری، دوورە دۆم
دۆیە، هەتوانی خەم و دەردی بەتین   «بۆ منی بابردڵەی گردەنشین»
دۆیە بۆ هێزی دڵ و باوی بەدەن   «بۆ منی ئاوارە و دوورە وەتەن»
دۆیە دەرمانی خەم و دەرد و کەسەر   «بۆ منی پیر و کەنەفت و دەربەدەر»
ساقیبیا، وا بادەوە دۆ بێنە دۆ   بۆ منی ئەستۆشکاوی ڕەنجەڕۆ
با مرووی بشکێ دەم و لێو و گەرووم   شاعیرێکی هەردی کوردی بێدەرووم
دۆم دەوێ، دۆ بێنە دەستی چرچەڵەم   شاعیری پیر و گەش و بێکۆتەڵم
دۆم نەگاتێ، مەرگی شێعرم پێدەگا   شێعری تەڕ بمرێ، گەلم کەی پێدەگا
دۆ حەرامە بۆ کوڕی لاپان و زۆڵ   دەستی نەگری کیژە کوردی نەرمونۆڵ
کیژەکوردە واوەرە لێم لامەدە   دوورە من پەرچەم بەرە و دژ بامەدە
باوەڕت بێ دژ، دژە نابێتە یار   کەی بەرەو متمانە، دەخزێ توولەمار
باوەڕت بێ من کوڕی کوردی گەشم   شاعیرێکی دەرکراوی بێبەشم
ماڵخراو و دەرکراوی ئەو سەدەم   دڵدزاو و هەنگواوی ئەو سەدەم
شاعیری تەرت و تەلان و بەربنم   ئاشقی ڕەوتی کچۆڵەی خڕپنم
واوەرە، جوانێ، بەرەو من، جەم جەمێ   خەم بە بادەین، لێک ڕەبادەین دەم دەمێ

روو لە من کە، لامەدە بۆ لاپەڕان[1] / دۆ حەرامە بۆ جڕ و جۆنگ و گەڕان
ئەو کەسەی بێ دۆ، نەبووبێ ڕۆژ و ساڵ / ئەو کەسەی ڕاوی نەنابێ بێ فەساڵ
ئەو کەسەی نەیچەشتووە تاڵی خەبات / ئەو کەسەی ڕێگەی نەکەوتە زەردوتات
ئەو کەسەی جێگا خەوی نەچووە تەلان / لێینەسووتاوە بنە و کووز و کولان
ئەو کەسەی بێکەس نەما لێرە و لەوێ / نەیگەزیوە مار و دووپشکی شەوێ
ئەو کەسەی بۆ چاری هۆزی چارەڕەش / ڕوومەتی نەڕنیوە، ئەشکی سوور و گەش
با نەبێ ئەو زۆڵەکە، دۆی بۆ چییە؟ / خۆگەز و زیانیخورۆ ڕۆی بۆ چییە؟
سەرمەڕی، زگگورگە، گورگە مەڕ نییە / بێفەڕ و فیتە، فسۆکە ــ فەڕ نییە
دووزمان و دوودەم ودو سێ سەرە / لەم بەرێیە، لەوبەریشە، دەم کەرە
بێبڕست و پووڵپەرست و پووچەڵە / پێکوڵە، دڕکە، بزارە، هەژگەڵە
زڕپەرست و خۆنەویست و خۆگەزە / حەیتەیە، کەربابە، بێپیو و بەزە
خزمی دووپشك و ملەی ڕیشەبڕە / خۆفرۆشە، خۆگەزە، سفرەدڕە
چی بەدەم دابێ، بە سوودی خۆیەتی / دەمکەرێکە، کەی دەفامێ، خۆیەتی
خت فسی پێویستە، کتکی، زیانییە / خت[1] کرێ باشە، کەمانی چا نییە
بتهەوێ چا تێکەوی ڕێوی دەغەڵ / «ڕاوچی» لێزانی[2] دەوێ ڕاوی چەقەڵ
«کار هر بز نیست خرمن کوفتن / گاو نر میخواهد و مرد کهن»
بێژە ڕاوچی بێتەوە بۆ قیل و بیل / ئەو دەزانێ کێیە قرتە و کێ لە بیل
ئەو دەزانێ کێیە ملهوڕ و کێیە دڕ / کێ چنۆکە، کێ فسۆکە، کێیە کوڕ

بەهاری ٨٠

---

[1] سەرپەڕانیش هاتووە.

دەروێشە کوڵکە

دەدەی دەروێشە، بۆم لێدە دەف و نەی
دەداوی پەردە بادە، بادە با بێ
لە دوورەنگی دەرم بێنە دەسادەی
بە لەیلم بێژە ها وێستاوە مەجنوون
هەناوم وشکە، زۆنگم کا بە بادان
دڵم ژەنگی هەڵێناوە دەسادەی
لەژێر پێی مەیفرۆشیدا فرێم دەن
دەدەی دەروێشە بۆم بێژە بە مەستی
لە ترسی چی دەترسی زووکە مەی چی
شەوە، کووکەی ڕیا ببڕە لەمەولا
دەدەی دەروێشە کوڵکەی کوڵە کەشکۆڵ
دڵم دەربێنە، وەیشۆ پاك و خاوێن
لە تەکیەی پاکی هاوێ، دەس بە داوێن
مزۆڵی جادەماڵی، پیری ڕێ بێ
گلێنەی پڕ لە مەی نووری سینا کەن
زمانی دووزمانی ڕیشەبڕ کەن
لە خەڵوەتخانەدا، خاکی ئەوین بێ
مەکۆی فرمێسك و شێواوی، گوڕوو بێ
سەری با پردەبازی ڕێی گوزەر بێ
بە نالینی شەوی هەڵبەست و بەستەی
فەلەك یەك‌یەك بەجێ بێڵێ بە یاهوو
لەبەر تیشکی حوزووری حەزرەتی حەق
برام دەروێشە «ڕاوچی» بێ بەرووبووم

مەی و ساقیم وەسەر گێڕە بەیاحەی
تراو و تفت‌وتاڵ و سادە با بێ
بڵێ ساقی بەرەو من بێ بە مەی مەی
گلێنەی چڵکنم پڕ کا لە مەی ڕوون
خەلاسم کا لە ژەنگی، خۆ بە بادان
وەرم گێڕە بەرەو مەستی بەرەو مەی
غوڵامی پیری مەیخانەم، کە ڕێم دەن
بڵێ مەستیم دەوێ حاشا لە هەستی
دز و قازی بە خەو مەستن لە مەی چی
چ دەخوازی، دە بخوازە لەمەولا
وەلا وێنە لەشی شۆڵ و دڵی چۆڵ
ڕەوانەی کە بەرەو پیری بلاوێن
بەرەو پیری موغان بێ‌پاك و خاوێن
بە پیری ملکەچی، مەیگێڕی وێ بێ
گرێپووچکەی پڕوپووچی ڕەها کەن
لە مەی عیشق و ئەوین، داوێنی پڕ کەن
لەسەر خۆ بێ، کوڵ‌ودۆ بێ، بەشین بێ
لە پشتی پەردە بڕوانێ بەڕوو بێ
بەرەو ئەڕواحی بێ‌لەش ڕوو لە سەر بێ
کەوی کا، جوبرەئیل و دارودەستەی
بەرەو لاهووت و بەزمی یاهوو یاهوو
وەڕازێنێ گەشەی بەزمی ئەنەلحەق
بە های‌وهوو دەسم نەگری لە دەس چووم

١٣٧٣/٨/٥ . ترکاشە

[1] لە نوسخەیەکدا: ڕاو کرێ باشە کەمانی چا نییە.

[2] لە نوسخەیەکدا: ڕاوچی ڕوناکی دەوێ....

زەنبیل

زەنبیل دۆڵێکی باریك و تەریك و قاقڕ و زوورکانە، چەن کیلۆمیترێ لە بۆکان دوورە و لە باشووری ئەو شارە هەڵکەوتووە. یەکێ لە عاریفانی ڕێبازی سۆفیگەری(نەخشی) بە ناوی حاجی سەید عەبدولکەریم، ماڵۆکەییێکی لەو دۆڵە دا پێکەوەنا و بە ناوی شێخێکی تەریقەتی «نەخشبەندی» داوای لە هەموو چین و کۆڕێك کردووە کە بێن تۆبە بکەن، ڕێباز و شێوەی سۆفیگەری، ڕەچاو کەن، دەس لە چاوەچاوی تەما و تەجاوزی ئەم جیهانە بیٚوەفایە هەڵگرن. لەو کاتەوە زەنبیل بوو بە قەرەباڵغ و ئاپۆرەی خەڵکی وەسەرگەڕاو، بوو بە کابەی ڕازونیاز و جێگە و پێگەی چلە و ڕیازەت و هوولەی دەروێش و نووکەنووکی سۆفی ڕیش پان.هەربۆیە ویستم یادێ لە زەنبیل بکەم و ناوی برێ لە شێخەکانیان، لەناو هەڵبەستا، هەڵبەستم و دوارۆژیش قەزاوەتی خۆی بکا و لەسەر مەسەلەی عیرفان و سۆفیگەری چ دێژێ بێژێ.

دڵم تا کەی بە دونیا دڵ دەبەستی   هەتا کەی شێت و پێت و تیٚنەوەستی
لەناو لەشدا هەتا کەنگێ بە بازی   بە سازێکی نەسازاوم دەنازی
تەمەن ژینی بە   با داوی، دەزانی؟   کەچی هێشتا سڵۆسڕك و نەزانی
نەزانی تا بەکەی بەسیە بە خۆ بە   وەشۆ شۆکەی هەڵە و سووچت بە تۆبە
هەتا شەو مات و بێدەنگ و سریوەن   هەتا دەرمان و چارەن، ئەشك و شیوەن
هەتا شەو مات و بێدەنگ و غەراوەن   هەتا دەرکی نزا، بۆ دڵ کراوەن
هەتا شەمعی ئەویندارى لە گۆڕێن   هەتا ئەشکی پەشیمانی دەچۆڕێن
هەتا میوانە خورپەی ئاشقانەو   هەتا چاوی لە خەو دایە بەهانەو
هەتا لاشەت نەبەسراوە بەرەو گۆڕ   هەتا گۆڕت نەکەنراوە تەڕوتۆڕ
هەتا نەچناوە قسنێ بۆ پەلوپۆت   هەتا شینکاڵە نەڕواوە لە گڵکۆت
هەتا نەپساوە تاڵێ ژینی خاوت   هەتا لاشەت نەدرواوە لە جاوت
بەرەو تۆبە و بەرەو زەنبیلی ڕابە   لەمەولا یادی مەولا کە و بڕابە
مەکەی ڕازونیازی دڵ لە ڕێگەن   نیازی دڵ لە ئەو جێگا، بە جێگەن
شیفاخانێکی خاکی کوردەوارین   دەواسازێکی سازی ودمی بارین
دەدەستی دڵ لەوێ بگرە بە پیران   ببە ڕیٚماڵی ڕێگەی دەستەگیران
بچۆ سەر مەرقەدی پیرانی نوورین   جونەید و بووتەڕاب و بشر و بەسرین

یەکێ عەبدولکەریمە و یەك حەکیمن
یەکێ سەید کامیل و میری هونەر بوو
بە کامیل شاوە کامڵ بوو گۆڕویان
ژومێریکن لە نووری ڕوونی باری
ئەمین و مەحرەمی ڕاز و سپێرەن
بڵێسەی مەکتەبی نەخشی خووایین
مەپرسە مەکتەبی نەخشی لە کێوەن
هەر ئەو هێزەی لە کێوی تووری نووریێ
هەر ئەو دەستەی لە تووریدا بە تیشکێ
لەهەر شوێنێ بەزەی خوا بێتە بارین
لە ئاورگی گەڤ گاور بنۆرن
چ ڕازێ بوو کە ئاگر بوو بە دووکان
چ سەرشۆڕە سەری سەرداری گاور
لەوێوە با بەباوەڕ بێ، دڵی گێل
دەبا ئەو سا بەباوەڕ بێ بە پیران
بڵێ دەروێشی لێیە ورگن و کڕ
هەموو دەروێش و سۆڤ دەم بە جادوون
کە دەروێشێکی کوڵکن بێتە ڕاسان
لە هەر شوێنێ خەلیلی شێخی زەنبیل
بە سنگی ڕووت و هێزی یاهوویاهوو
دەبێ گاور وەسەر خۆکا قوڕ و خۆڵ
دە «ڕاوچی» ڕاوە بەتاڵیکە لە ڕاوت
وەکوو سۆفیلکەییك سۆفییە خاوێن

یەکێ نوورانییە و یەك شاعەلیمن
لە هەندەریا، هونەر دەستی پکەر بوو
وەکوو کۆ نوورە، مەڵبەند و مەکۆیان
بژێراون لە چڵك و چەوت و لاری
کەمەندار و کەمەنکێش و بەسێرەن
لە نەخشی ڕێنومایی‌دا، بەبایین
لە کوێ نەخشی خودا ڕوونە، لەوێوەن
عەسای مووسای کە کردە مارە سووریێ
وەسەر زەنبیلی گێڕاوە پریشکێ
ئەویش تۆوێك و نوورێکی دیارین
دەزانێ حیکمەتی باری لە گۆڕن
خەلیلێکی خودایی بۆ نەسووتان
خەلیلی پێنەسووتا هێزی ئاور
لە پشتی پەردە هەن سەرخێڵ و سەرعێل
لە زەنبیلم وەگێرە، چەن نەزیران
لەگەڵ ئاگر بە شەڕ بێ شڕ دەبێ گڕ
کوڕی ناو ئاگر و کۆڕی هەیاهوون
دڵی ئاگر لە ترسان دێتە تاسان
بهوولێنێ بڵێ یا پیری زەنبیل
وەکوو جادوو، لە ئاور دەبنە جادوو
کە ئاورخۆرە دەروێشی فشوفۆڵ
وەپێچە پێچەك و تۆڕ و شەداوت
هەموو سووچت، بە یاهوو با وەتاوێن
١٣٧٣/٧/١٥

شینگێڕی:

شینی مامۆستا هەژار

یادێك لە مامۆستای بزان و بلیمەتی کورد لە قەڕنی بیستەمدا، هۆنەر و وەرگێڕی ناوداری گەلی کورد و مامۆستا هەژاری موکریانی.

بۆ هەمیشە زیندوو لە ناو دڵاندا، هەروا دڵدار و خۆشەویست.

رۆژی ڕەشی کوردە، بێهەژاری ... شانازی بەوی بوو، زانیاری
تیشکێکی خودا بوو،هاتە سوێمان ... دەنگێکی فریشتە بوو لە گوێمان
پێنوسی بزۆزی ئەو بوو ڕاسا ... نووسراوە بە کوردی بوونە یاسا
کوردێکی ڕەشید و میر و بز بوو ... هاودەنگی فەقیر و چینی کز بوو
شاکاری بنووسی ئەو دیارن ... بێزبڵ و زیوان و بێبژارن
بۆ بەڵگە جزیرە یا خەیامن ... هۆی ژیری هەژارە وا بە تامن
هەرچەند کە خانی خۆی خەنی بوو ... شانازی بزانی خۆی تەنی بوو
ئاوڕێکی هەژاری لێدراوە ... خانی لە جیهانێ دەنگی داوە
جوانی مەم و زین کە وا دیارن ... شاکاری بنووسی ئەو هەژارن
ئەو باخی گوڵانی بۆ ڕواندن ... جێژوانی دڵانی پێنواندن
ئەو شینی ئەوینی دابەزینێ ... هێنایە ترۆپکی دڵتەزینێ
هۆزان و بزان و خۆبوێژ بوو ... سەربەرز و بەپێز و بێکرێژ بوو
لەو ڕابوو کەلاوی کوردەواری ... شیرنایی وتاری[1] کەوتە زاری
ئەو بوو بە هەوێنی «کورتە باسان» ... ڕێنووسی بە کوردی بۆ مە ناسان
کێ هەستێ مەبەستێ دابڕێژێ ... لەو ڕایە، چلۆن و چی دەوێژێ

---

[1] ئاواش هەر هاتووە: چوارینەی وتاری....

هەر مانگێ کە دێتەدەر لە شەودا — رووزەردە، لە ڕوونی، ڕۆژی ئەودا
روونـاکی، بەیان و گیانی ڕوونی — پێشکەش بە بەیان و گیانی ڕوونی
ئەی خۆزگە ئەمەش وەکوو هەژار باین — وەرزێکی بەپیت و بێبژار باین

١٣٦٩/١٢/٢٥ . بۆکان

شینی مامۆستا هێمن

فەلەك ڕشتی لەسەر سوێگەی هومێدم، ماتەمێکی تر
وەسەر کۆما خەمی خستم، بەکۆ کۆما خەمێکی تر
لە بەختم ڕەوڕەوەی مێژوو بە سەد حەستەم لەرێدایە
بە حەستەم، حەستەمێ بڕێ، دەگاتە حەستەمێکی تر
بە مەرگی هۆنەری کوردی موکریانی، قەزا دیسا
گوتی ها وەرگرە کوردە، بەلاشە وەرهەمێکی تر
لەسەر سوێگەی هونەر، هێمن شەمێ بوو ڕۆشنوهێمن
قەزا ماوەی نەدا بگرێ هەتا کوو سەردەمێکی تر
بەداخم حاتەمی باخی ئەدەب، باروبنەی لێنا[1]
مەحاڵە بۆ ئەدەب بلوێ وەکوو ئەو حاتەمێکی[2] تر
بە هەڵبەستت، برا هێمن، دەمێ مەستم، دەمێ هێمن
چ موحتاجم بە هەڵبەست و شەراب و زەمزەمێکی تر[3]
دەڵێی عیسا دەمە، دەست و دەمی«تاریك و ڕوون»ی تۆ
لە گۆڕت ئافەرینڕێژن هەتا دەم مەحشەرێکی تر

---

[1] – ئەم شیعرە ئاواش هاتووە: حەیدەری شاری ئەدەب .....

[2] – ... حەیدەرێکی تر

[3] – چ موحتاجم بە مەیگێڕ و شەڕاب و کەوسەرێکی تر

یان: چ موحتاجم بە مەیگێڕ و شەڕاب و مەیدەرێکی تر

دەبێ هەڵکەم شەمی ژینم لەسەر گۆڕت نەکا بێژی
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ ئیتر شەمێکی تر
برا سوێی سەنگەری شێعرت بەجێهێشتن مەڵێ فەوتام
گەلێ «ڕاوچی» لە سوێی گۆڕت دەکۆڵن سەنگەرێکی تر

١٣٦٥/٣/١٢ . بۆکان

شینی سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)

فەلەک نەیهێشتەوە بۆمان پشوویەک — لە دڵ دەچزێنێ هەر ساڵێ چزوویەک
گوڵوکی گوڵشەنی هێمن و هەژاران — بە ساوایی لە پای دەخرێ دڕوویەک
بزەی سەر لێوی خونچەی پێگەیشتوو — دەخاتە ژێر پەلاماری کەڕوویەک
ستێرەی ڕۆشنی کوردم بوێژن — ئەوانیش، ڕوو لە ڕۆچوونن لە دوویەک
نە هێمن ما لە ئارادا، نە ئاوات — خودا بۆ کوردی بێئارا، دەروویەک
شەمی شانازی کۆمەڵ بوو، شنەی ئەو — ئەویشت کردە قوربانی، بە فوویەک
بە کۆچی ئەو هونەرمەندە، گەلی کورد — دەڵێی بوونە مەکۆی شین و گوڕوویەک
پڕیشکی شیوەنی خەڵکی دەترسم — بسووتێنێ هەموو خوار و سەروویەک
بەرەو باباو، شێخ مەحموودە کۆچت — لەمەولا بۆت نییە ترس و تەزوویەک
بەشێخمەحموودی خۆت بێژە هەڵەبجەی — بەبێ هۆ، چۆتە ناوزاری زەروویەک
کەلاوێکە سکەی داری کەلی ئەو — بەعس بردوویە، هەر بوونونەبوویەک
لە بەرزایی ژیانی تۆ «ئیمامی» — نەبینراوە خەل و خەوش و گولوویەک
قوبووڵ نەکراوە «ڕاوچی» بۆ بەلاگێڕ — دەنا باریکترە[1] گەردن لە موویەک

خەرمانانی ٦٨ی هەتاوی

---

[1] یان: ناسکترە

شینی مامۆستا حەقیقی

چ قــەوماوە بــەبێ سازوســەما، ماتــە ســەما دیــسا
مەگــەر چــی دی لــەبن ســەردا، دەس‌ومــستی قــەزا، دیــسا
بە ڕەش گیراوە ڕۆژی سوێی سنووری شاری بۆکانم
شــەکەر تاڵــە لەســـەر زار و زمــانی بــێ‌نــەوا دیــسا
لەسەر کوڵمی بەلا گەزتوو قەتیسە شەونمی شیوەن
لەســـەر لێــو و دەمـــی شـــادی، وەری نازونـــەوا دیـــسا
لەســەر بــاری کڵــۆڵی شــاعیری ئــەم شــارە ســەربارە
چـــزەی دەردی نـــەتاراوی بـــرینی بـــێ‌دەوا دیـــسا
وەری بەرگی گــوڵ و گــوڵ ڕووتەڵۆکــە، بولبولی ڕۆیــی
پــەیامی مــەرگی هێنــاوە، لــە بــەختی ڕەش ســەبا دیــسا
لــە هــەر لاوە عەزایــە، شــیوەنە، ڕۆیــە، لــە خۆدانــە
وەبــیری خــستەوە شــینی حوســەین و کەربــەلا دیــسا[1]
پسا بەنــدۆکی بــووکی گوڵ،سنەوبەر سەربەهەش‌ماوە
بــەرەو مــردن لەرێــدا، شــاعیری شــێعر و هــەوا دیــسا
حــەقیقی وێــژەری کــورد و زمــانی شــێعر و زانــایی
ئـــەوە باروبنـــەی لێنـــا، نـــەما ئـــیتر تـــەما دیـــسا
دەڵـێن کۆچـی هونەرمەنـدێ وەکـوو کۆچـی گـەلێ وایـە
بــە مــەرگی ئــەو نیــشانیدا، جیهــانی بــێ‌وەفــا دیــسا
حــەقیقی تــۆ نــەمر مــاوی لــە مێــژوودا بــەرەو چــاوی
لەمـــەو لا چـــمکی لێزانـــی گوڵـــت پێـــدا دەدا دیـــسا

---

[1] یان: وەبیری خستەوە شین و شەپۆڕی نەینەوا دیسا

لـە مـەولا ئافـەرین دەڕژێ، بـە ژیـنی لاوەتـی تـۆدا

لـە گۆڕیـشا سـڵاوت لێـدەکا، بەسـتەی ڕەوا دیـسا

حـەقیقی شـاری بۆکانـت گـەلێ دمرد و بـەڵای دیـون

بـە کۆچـی تـۆ ئەونـدەی دی، عەزابیـدا بـەڵا دیـسا

لەگـەڵ دەسـتی قـەزا چ بکا دەسـی بێهێـز و لـەرزۆکم

لـە گوڵخانـەی ژیـانی تـۆ وەشـا دەسـتی عـەزا دیـسا

لە ڕاوچی چی دەوێ خەڵکی بە شینی چینی ئەو شارە

لەسـەر گـۆڕی ئـەدیبی گـەل، بـە کۆمـەڵ فاتیحـا دیـسا

ترکاشە

شینێ بۆ کاك برایمی ئەفخەمی بۆکانی

سـەما بـۆ مـەی بـەبێ سـاز و سـەما جـارێ سـەما ناکـا

ئـەوەن بـێدڵ دەژی جـارێ لـە ئـازاری حـەیا ناکـا

بـەڵای مـەرگی بـە گـژ ڕاچـێ بـەهارێ بـێبـەڵا ناکـا

ئەگـەر ئـەو بـا بەدەسـتە، بـۆ خـەمی ئێمـە بـەبا ناکـا

چـیە بـۆ مـەی بـەبێمـەیگێڕ و مـەی کـارێ ڕەوا ناکـا

وەهـا گورچـووبڕە، مـستی قـەزا، هەسـتی لـە پـێخـستم

لـە بـارۆگی خەزانیـدا، گـوڵی گوڵـدانی هەڵبەسـتم

هـەناوی پـڕ لـە زووخـاو و لـە کێمـە پێتـەکی هەسـتم

لـە دوو کۆچـی کـوڕی زانـا هـەموو شـینگێـڕە هەڵوەسـتم

ئەگـەر چـی شـیوەنم چـاری دەسوداری قـەزا ناکـا

لـە گـوڵزاری ئـەدەب هـەردەم، گـوڵێ بـێبـەرگوگـوڵ دەکـرێ

بـەرەو پێـچاڵی گـاگۆڕ و بـەرەو گـۆڕی بـە گـڵ دەبـرێ

فەلـەك سـەرکارە لـەو کـارە، یـەکێ دێـنێ و یـەکێ دەمـرێ
یـەکێ خـاوەن سـەر و مافـە، یـەکێ خـاکی وەسـەر دەکـرێ
هـەموو کـاری فەلـەك بۆتـە بـەرەو بێنـە و جـەفا کاکـا

هومێـدم پـێ لـەدەس نـادا، شـەوی تاریـك و ڕۆژی زاڵ
دەس و ئـەژنۆم گـرێنـادا لـە یـەك ڕووداوی تفـت وتـاڵ
دڵـم ڕوونـە بـە ڕاسـانی کـوڕی قۆچـاخ و کیـژی کـاڵ
دەڵـێن ڕۆژێ دەبـێ لاچـێ، وەچـی ئـازار و دڕکودال
گـەلم ئـەو دەم جـلوبـەرگی عـەزاباری لەبـەر ناکـا

لـە شـاری تـۆ عـەزیزی مـن، هونەرمەنـدی هونـەر زۆرن
لـە ئـامێزی ئەدەبـدا، پێگـەییو کیـژ و کـوڕی مـۆرن
سـەدان «ئاسـۆ»[1] لـە ئاسـۆگی هیـوا بەشـدار و پـسپۆڕن
فەلـەك حەیتـە زەلامێکـە، خـەیاڵی بەیـچەڵ و تـۆڕن
زەلیلـی دەسـتی تۆڵـەی ڕۆڵـەکانی تـۆ دەبـێ هاکـا

کـوڕی زانـا لەگـەڵ زانـستە، زانینـە زەماوەنـدی
بـەرەو بـەرزی بەلـەز دەفـڕێ بـە شـاباڵی هونەرمەنـدی
لەسـەر پـشتی فەلـەك ڕۆژێ دەگـیرێ شـایی مەڵبەنـدی
دەڵـێ ئـازادی ئـازادە کـوڕی دیـل و کـچی بەنـدی
سـەدەی ئازادییـە، چـی دی فەلـەك کـاری خـەتا ناکـا

سـەری هـەودا درێـژە، چـی تـری پێـوە لـە دوو نـادەم
لـە ژێـر بـاری خـەما، ڕێگـا بـە چـڕنووکی گـوڕوو نـادەم

[1] مامۆستا سەعیدی نەجاری بۆکان «ئاسۆ»

هەتا هێزم لەبەر بێ، ڕێ بە ڕێبازی تەزوو نادەم
لە ڕێبازی ئەدەبدا گوڵچنم، ساتێ پشوو نادەم
دەس و مستی دەبێ ڕاسێ، ئەوەی ڕاسا و ڕێی پاکە
عەزیزم کێ دەڵێ مردی، نەما ئاسار و ئاکارت
لە گوڵجاڕی ئەدەبدا، هەر لە گوڵدا، پۆلە ئەشعارت
هەژار و هێمن و ئاواتن کە هاوکار و هەوادارت
لە مێژوو گوڵ دەبارێنێ، گوڵی گفتی دەم و زارت
بەسەر گۆڕی هەمووتانا، ببارێ ڕەحمەت و چاکە
لە «راوچی» چی دەپرسی چی لە دەستا سەردەمی پیری
لەسەر پەلکی گوڵی ژینی، فڕیوە بولبولی ژیری
عەجایب ئاشبەتاڵێکە لە مەیدانی فڕوگیری
بەبێ نێچیرە، جێگیرە، چ ناپێکێ دەس‌وتیری
لەمەولا بۆ منی کەوتوو، دۆعا و فاتیحا چاکە

گوندی ترکاشە

شینی زانای خواناس، مامۆستا مەلا عەزیز تورجانی

لەناو زۆنگی خەما، داری سەدەی خەم شین نەکەم چ بکەم
مژۆڵی چاوی کز، فێری کلەی ئەسرین نەکەم چ بکەم
فەلەك گۆڕی عەزیزێکم دەکۆڵێ کۆڵە کوتراوم
گوڵی سەر گۆڕی سەرکەوتن، بە شین پەرژین نەکەم چ بکەم
بە کۆچی تۆ عەزیزی گەل، دڵی کۆمەڵ بریندارن
کە خوێنڕێژی لەسەر زامی دڵی بەبرین نەکەم چ بکەم

دەریدێنم، دەبێ دەربێ، بەبێ تۆ دیدە بڕوانێ
لە چاوی ناخونەکدار و دزێو و تۆنەبین چ بکەم
فەلەك دەستی شکێ، بۆچی شەمی هۆزی وەبەر بادام
لە داخی تۆ فەلەك، حاشا لە شۆقی ژین نەکەم چ بکەم
بەلا، ناڵە و چڵۆژانی لە بن سەردایە، ناچارم
کە خۆم تووشی چڵ و ژان و گڕ و ناڵین نەکەم چ بکەم
شەمی بە گیانی تورجانم، کوژاوی بادەوەی مەرگە
لە تورجانی بەبێ گیان و لە گیانی بێئەوین چ بکەم
لەسەر گۆڕی هەموو ژین دۆڕەکانی گەل دەڵێ «ڕاوچی»:
کە هاواری لە سوود و بەرهەمی یاسین نەکەم چ بکەم

١٣٧٣/٢/١٤

شینی خوشکە ژیلای حوسەینی: «سیمیناری ڕەشپۆش»

لەسەر بستووی گەشی شێعری گەشم هاواری ژیلایە
لەشی پیت و وشەی وشکم کز و زاماری ژیلایە
سیمیناری سپی شاری سنەم، ڕەشپۆش و شێواوە
لە دەرکی کۆنگرەی داوە قەزای ئازاری ژیلایە
هەناسەی تاسەباری گەل، گوڵی شادی وەبەر بادام
هەموو پەلك و کەزی دەڕنێ، کچی نێوشاری ژیلایە
بە خەم خنکا گەرووی بلوێری سەربێری کچی بێری
کە دیتی ڕووبەڕووی گۆڕە، گەرووی گوفتاری ژیلایە
دەسا بولبول بە خۆ دادە، چەپۆکی نۆبەرەی شینت
وەری بەرگوبەری باخی، سنەی دڵداری ژیلایە

دەسادەی ئاویەر، ئاگر بباریٚنە لەسەر شیٚعرم

شەوی شیٚعرم، کە نایەسیٚ شەمی ئەشعاری ژیلایە

بە فرمیٚسکی عەزا شاعیر وەڕازیٚنە بەهاری شین

هەتا گەشتر وەبیٚ شینکەی کەژی ئەفکاری ژیلایە

دەبگری کیژە کوردی دڵ بە خەم، تا خەم لە خەم بارە

بە شیوەن دیٚتە سەرشان و گوڵی گوڵزاری ژیلایە

هەژارئاسا لە کیٚلی ئەو بنووسیٚ، نووسەری کوردی

کە کیٚلی گەردنی کیٚلە و شەهیدە و ناوی ژیلایە

نەچی «ڕاوچی» بڵیٚی ژیلا لە گۆڕا بیٚبەشی کۆڕن

دەقی میٚژوو لەمەولا، گوڵشەن و بلواری ژیلایە

٧٥/٧/٢٠ . ترکاشە

رۆڕی ڕەشی باڵداران

سەردەمێ دەمدەمی لاساری بوو — نۆبەرەی بەرهەمی چەکداری بوو
دەست و دڵ گەرمی پلانی چەك بوو — بۆرەپیاگێ لە چەکا وەك بەگ بوو
راو و ڕاوێچکە بە باو و بژ بوو — چەپلەر و لاوی خەنەك، مەلکوژ بوو
کێ بە کێ، کەس لە کەس و کەس کەس بوو — ساچمەیەك بۆ مەلی بێکەس بەس بوو
هەر مەلێ بۆ کەژ و کێوی دەفڕی — ساچمەیەك باڵی فڕینی دەبڕی
پەلەوەر هەرچی دەمێ بینرابا — یانە بۆ ئاو و هەوایێ ڕابا
هەر لە ناکاوێ، تەقەی لێدەکرا — چی دەبوو نەکرێ ئەوەی پێ دەکرا
تینی باڕووتی دەم و دڵ ڕووتان — لان و هێلانی مەلانی سووتان
ئای چ قەوما لە مەل و زارۆکان — بوونە پارووی دەمی دەم لەرزۆکان
تەق و ڕەو بوو لە چیای باڵندان — چێ پەنا کەوتەوە پەرچ و کەندان
بێچۆ قازی فەلەج و زەڕناقووت — هەلۆدا مانەوە گشت ڕووت و قووت
کەو و کەوباری تەلان و شاخان — کورکوڕ و پۆڕی بنار و باخان
چوونە لای یەك، لە کوڵ و خەم، دڵ پڕ — شەل و شەمزاو و کەنەفت و کڕ و سڕ
کۆوە بوون خۆشبەز و جێبژوێنان — چاوڕەش و ڕەشبەش و ملبەکوێنان
قەل مرا و قەل و قاز، پۆڕ و سی — تەسەل و تێر و پڕ و زگ برسی
کوڕ کوژاو و بەخەم و ئاوارە — رووتەڵ و بێپەڕ و پۆ و بێچارە
چی مەلی ناوچە هەبوو گشتی هات — کۆنفرانسێکی هەژاری پێکهات
یەك دڵ و یەك دەم و بڕوا کۆ بوون — چەند هەزار تیرە بەڵام یەك کۆ بوون
پۆڕێ هەستایە سەر تریبۆنی — رایگەیان دەردی لە بنڕا کۆنی
وتی خزمینە ئەوەندە خاوین — بۆیە دژ دەست و دەمی تێناوین
لێرە بەو لاوە کە یەکتر نەگرین — هەر دەبێ لارەمل و کز بمرین
گۆڕ نەبێ دووبەرەکی وا بۆمان — ناسڕێ چاوی بە شین و ڕۆمان
تاکوو بێڕێبەر و میر و شا بین — ئێستە هەر جۆرە دەبێ هەر وا بین
هەڵە بابایێ[١] لە خۆمان جۆر کەین — وردە پەیمان و بەڵێنان جۆر کەین

---

[١] بابایی: گەورەیێ

با ئەویش خێوی مە بێ وەك خێوان ... ناوی مەش گەش بێ لە نێوی نێوان
تەل بكا بۆ هەموو جێگە و هەردان ... راگەیێنێ خەم و كۆما دەردان
كۆمەڵی بەرگرەكان بدوێنێ ... خوێنی ئێمەش بە كەسان بخوێنێ
لەبۆ چار بڕۆینە لای لێزانێ ... هەڵۆیێ، كوندەبوویێ، باڵپانێ
پۆڕ وتەی هێندە بە پێز و پڕ بوو ... چی گوتی هەروەكوو لەعل و دوڕ بوو
ئافەرینیان بەسەرا داباران ... دەورەیان كردە گوڵ و گوڵباران
جێبەجێ یەكدەم و یەكڕێ ڕۆین ... چوونە لای كوندەبەبوویی ئۆین
چوونە لای كوندەبوویەكی سەر زل ... چاوزەق و بۆر و وڕ و خاوەن مل
چاو بە فرمێسكەوە گوتیان ئاغا ... ئەی بە ڕووداوی چیا و شاخ ئاگا
خۆت دەزانی لە چیا چی دەكرێ ... ژینی مەل چۆن و چلۆن ڕادەبرێ
تا تەق و تۆقی چەكی«ڕاوچی» هەس ... تامی ژین بۆمن و بۆ تۆ چی هەس
بەو تەق و تۆقەوە دڵ تۆقیوین ... بەو چەق و چۆقەوە هەڵچۆقیوین
ژینی مەل تاكوو بڵێی پێپەستە ... ئێستە فرسەت كە لە دەستا هەستە
چارەزانی بە حاڵی مەی بێحاڵ ... چارەسازی مەش ئەتۆی ئەی تیژباڵ
خۆ وەڕازێنە وەكوو لاوی قۆز ... پێ بە پێ ڕێكەوە سا پێ پیرۆز!
راگەیێنە بە لاوی پارێزەر ... سەری پیواز و قونچكی گێزەر
هەستە ڕاسێنە گەلی فریاڕەس ... خێوی مەل هەر بە تەنێ تۆیی و بەس
بێتو بتوانی هەلی وا ڕێخەی ... كۆمەڵی بەرگرەكان، سەر ڕێخەی
بۆ مەلان تەرت و كەلان وەستێنی ... مەچەكی دەست و چەكان بشكێنی
یەك پشوو، بێتەوە بەرمان تاوێ ... بێ درۆ لێتی دەكەین جا چاوێ
بێتو وەستێنی وەتەنمان بۆمان ... سوبح و شامی تۆ لەسەر ئەستۆمان
كوندەبوو كاتێ كە ئاوای زانی ... تووكی قژ بۆوە لە بانی شانی
هوولەهوویێكی وەهای لێهەستا ... كێو لە ترسانی دڵی ڕاوەستا
هاتە گوفتار و دەمی جووڵاوە ... سەد دڵی دڵ بە خەمی دڵ داوە
سەری دەندووكی لە سەر بەردی دا ... ترس و سامی وە چیا و هەردی دا
ڕۆیە ناو مەرج و بەڵێنی پیاوان ... قەولی وای دا بە گەلی داماوان
پێی وتن: گیانە بە گۆڕی بابم ... بێتو بەو ئەركەوە هەستم، ڕابم

یا دەبێ کفنی سپی بێ نوێنم   یانە ئازادی لەگەڵ خۆم دێنم
تا چیا تەرت و تەلانی مابێ   نیشتمانی مەیە، بۆ کەس نابێ
وەی گوت و دای لە فڕەی شاباڵی   روو بە مەڵبەندی مەحاڵی حاڵی
ڕۆیە ناو مێزی بەهێزی لاوان   کۆمەڵی بەرگری، هەرد و تاوان
ڕۆیە ژێر سێبەر و لای پسپۆڕان   جێ پەنای بێکەس و سرك و تۆڕان
ڕۆیە ناو خێڵی دڕ و فریاڕەس   ئەشکی چاوانی سڕی یەك دوو دەس
وتی ئەی خێڵی خودا پێداوان   جێ پەنای دڵ بەخەم و داماوان
پێمە ڕاسپێری لە هۆز و گەلی مەل   هەر لە پەرکوورەوە تا قاز و قەل
هەر لە ڕیشۆلەوە تاکوو بێڕیش   دەرکراون لە بەشی کار و ئیش
بڕبڕ و وازەپەڕ و ئاوارەن   بێبەشی چینە، لە کێو و پارەن
کێو و کەژ پاکی لە بەر بۆنی خوێن   کۆنە زامی دەمی کۆن و لە نوێن
بە چەکی ڕاوە، چەکی لاساران   لە چیا خوێنە، بە جێگەی باران
چەك نەکەن، بۆرە زەلامی ورگن   بۆ مەلان، داڵ و زەواڵ و گورگن
کوندەبوو بوو، وتەکەی باوی بوو   چەك کرا هەرچی مەلی ڕاوی بوو
تەل کرا لەو بەری ڕۆژئاواوە   بەس کرێ با لە چیا ئاژاوە
گیانلەبەر مەل بێ وەیا پێڕۆ بێ   چۆن دەبێ خوێنی گەشی فیڕۆ بێ
کێ لەمەو لاوە لە دووی ڕاوێ بێ   خاوەنی دەست و چەك و داوێ بێ
ڕستە داوێکی لە ئەستۆ دەکرێ   چی دەبێ نەکرێ، ئەوەی پێ دەکرێ
ئافەرین کوندەبوو بۆ ڕاوێژی   لە عەبا و مێزەر و بەردی نوێژی
چەك کرا چەکمە ڕەقی بێڕاوێژ   بەس کزا ڕاوە مەلی زیت و گێژ
چۆل کرا بن ڕەوەز و جێ ڕاوگ   هەڵکەنا، داوی بە پشت و خاوگ
هەر شکاربانە لە سوێی سێڕایان   چاوەچاویانە لە بەر بابایان
بێتو چەکدار و دڕێ پەیدا کەن   نیوگەزێکی بە گەزێ لێ ڕاکەن
راوی هاوین بێ وەیا زستانێ   دەدرێ تاوانی بە دادستانێ
دادستان کردەیە، زۆر وەستایە   جسیبی دەدڕێت و کرەی لێ نایە
کون دەکا کیسەدڕاوی ژینی   خوێ دەکا زامی دڵ و بەربینی
سەنەدی کاری وەها ڕادەگرێ   گۆشتی هەر بخورێ هەتاکوو دەمرێ

ئێستە باڵندە لە خۆبایی بوون   تێروپڕ گشتی ئورووپایی بوون
لە چیا بێ تەق و ڕەو، حاواوەن   خاوەنی گەرد و گوڵی ئەو تاوەن
کێ مەلێکی لە خەوێ هەستێنێ   یانە هێلانەیی لێ بڕووخێنێ
زوو دەکا ڕاوی بە داو دادستان   خوێنی دەڕژێ بە بێ‌چرپە و هەستان
ماق بەرچاوە هەمووی حەیوانات   ژینی ئارامە، بە بێ سوور و سات
خاوەنی شاخ و هەرێم و ناون   دوورە شالاوی پەلانی ڕاون

ئێمەی مرۆش

ئای سەد خۆزگە ئەمەش هەر مەل باین   خاوەنی بستێ هەرێم و کەل باین
بۆ مرۆش خۆزگە هەبا وێڵداشێ   نوێنەرێ، نامەبەرێ، سوورباشێ
بۆ بەرەی ئێمە ئەویش ڕێبەر با   بۆ سەری بێکەس و بێدەر سەر با
هەڵگری کۆتەڵی خوێناویمان   لابەرێ لەمپەری بێ‌ناویمان
بچتە ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگایان   وتەدارێژێ وەکوو زانایان
هەرچی دەردمان هەیە بیدرکێنێ   نووستووان پاکی لە خەو هەڵسێنێ
لێرە بەولاوە مرۆ ڕاو نەکرێ   دەربەدەر، بێکەس و بێدەر نەمرێ
عەنقەرەی تۆڕ و تەعالی بەغدا   ڕاو نەکەن ئێمە بە چەشنی دەعبا
شەڕ و شۆڕ، شڕ بکرێ یەکجاری   هێمنی بێتەوە ڕوو، بڕیاری
خێر خوا بێن و بە دڵ تێکۆشن   چی چەکوچۆڵە هەمووی بفرۆشن
پارەکەی بەرنە وڵاتی کۆکان   بۆ بەرەی سستە پەل و ئاکۆکان
دانەوێڵان و خەلەی پێ بکڕن   ئەشکی لاواز و کزی پێ بسڕن
سوور و ڕەش پێکەوە تێروپڕ بن   بێ‌هەرا و گێچەڵ و مشتومڕ بن
خۆزگە ڕۆژێکی وەها بێتە سوێ   گەل بە بێ خورپە و بێ‌خەم بنوێ
کۆنەداوبازی گەلیش تەنبێ کەن   داووزنجیری لە دەست و پێ کەن

٧٠/٥/٣ . بۆکان

«پەسنی خوا»

یـــا ڕازێنــــەری ڕازان   یـا ئاگـا بـه نیـازان
یـا قـەدیم و یـا قـەوی   یـا خـاوەن سـەما و زەوی
یـا ڕازێنـەری سـرتەم   یـا تـام و بـۆنی ورتـەم
یـا هێـز و پێـزی پێیـان   یـا ڕێنومـا لـە ڕێیـان
یـا هـەوێنی ئـەوینان   یـا مەلحـەمی برینـان
یـا شـابالی خـەیالان   یـا زانـا بـه هـەوالان
یـا ڕازێنـەری هـەوران   یـا گـەورەتر لـە گـەوران
یـا ئاگـا بـه زەمانـان   یـا حـالی لـە زمانـان
زمـــانم وا بڕاســـێ   ئـەتۆ بـه حـەق بناسـێ
هێـزێ باوێـژه، وێـژەم   بـه یـادی تـۆ بـێچـێژەم
بـه حەمـدی تـۆوه خامـەم   برێـژێ ڕەنگـی نامـەم
باسـم باسـێکی وابـێ   بـۆن و بـەرامی چـا بـێ
هەرچـی لایـەق بـه تـۆ بـێ   هـەموو لـه وێـژەم کـۆ بـێ
چـەوت و هەڵـەی خـەیالان   ئەمخاتـە چـۆڵ و چـالان
چـیم گـوت نیـوه تـەواوم   بـێتـین و بـێهـەناوم
بێبەش لـه هـۆش و گۆشـم   نـه تـۆم ناسـی نـه خۆشـم
بـه کـام زار و زمـانم   بتناسـێنێ بـەیانم
کـام وتـەم بێتـه زاری   لایـەق بـه تـۆ بـێ بـاری!
لــەو بـارەوه نـەزانم   لــەنگ و لــۆره زوانم
حەمـد و سـپاس و ورتـه   چـی بێـژم کـەم و کورتـه
گــەورەتر لــه تـاریفی   بـێهاوتـا و هـاوڕەدیفی
ئــەوەن بـەهێز و قـەوی   هەرچـی بێـژم، نـه هـەوی
خـاوەن هـەتاو و هەسـتی   بـه تـۆوه بەنـده هەسـتی

قەدیم هەر بووی و هەر هەی
نەناسراوی وەکوو هەی
بەهۆش و گۆش و گیانی
روونی یەکی عەیانی
بەشەر نی، بێ شەریکی
لە هەرچی هەس نزیکی
بێ جێ و بێ مەکانی
لە هەر جێگە عەیانی
خاوەن سەما و زەوینی
بێچاو و سەر دەبینی
بێ دڵ و گوێ بەهەستی
ئاگا بە هەست و خوستی
بێ زارودەم، بە دەنگی
بێ ڕەنگ و ڕوو بەڕەنگی
هەوێنی مان و بوونی
لە تۆ دووره زەبوونی
بە بوونی تۆ خوایە
سەما و زەوی گەوایە
بیرم لەوێوە ڕوونە
بە تۆیە هەرچی بوونە

«پرسیارێك»

خوایە کفت و زەبوونم
پڕ، پرسینە، دەروونم
لەو بارەوە بەزیوم
بڕووسکاو و تەزیوم
بێ زیپك و زاتە هەستم
شێراوەیە مەبەستم
ناوێرم ئەو پرسینە
باوێمە دەر لە سینە
پرسیار بێتە زمانێ
خەڵکی نەزان بزانێ
کوفرم لە پێ دەبەستن
نەزان و تێنەوەستن
پرسینی من، خوایە
داوایەکی ڕەوایە
دەرکی دەروون و بیرە
گەورەیە، گەرووگیرە
بێژم بەر لە جیهانێ
نەبوو جێگە و مەکانێ
نەبوو پەنا و حەشارێ
مێروو، تێدا وەشارێ
نەبوو ئاو و هەوایێ
نە فەلەك نەفەزایێ
نە بێڵا و بەر نوایێ
تۆ لەکوێ بووی خوایێ؟

که جیٚ نەبوو لە کویٚ بووی — لە کام جیٚ جێبەجیٚ بووی؟

لە من ببورە باری — چیم دەرپەڕی لە زاری

پرسینە نەك مەتەڵە — نە لاڕیٚ بووم نە هەڵە

گوڕووی هەناوی زاڵە — درکاندنی حەڵاڵە

بیرم لەوێوە گیرە — بیٚسەرەدەر، ئەسیرە

کیٚ لەو بیرانە ڕۆچوو — سڕ بوو،تەزی، لە گۆ چوو

بیری ڕزیو و بوورا — چیبەچی بوو نەگوورا

زانین کوژاوە شۆقی — زانا زەندەقی تۆقی

پرسین هەر وەکوو خۆیە — وەلاٚم بیٚدان و پۆیە

لەو پرسینە بەرینە — زەین هەر وا نەبینە

لەوێوە هەر چی وێژەن — بیٚتاموبۆن و چێژەن

وەلاٚم هێشتا بەیارە — لاوازە ، کۆڵەوارە

نەزانراوە کە چۆنی — لەچی ڕایە بە بۆنی

زاڵێکی بیٚزەواڵی — گەورەتر لە خەیاڵی

لە خۆمەوە دیاری — کرگاری نادیاری

لە چۆڵوچڕ حازری — لە سەر کران نازری

بیٚهەوەڵ و ئاخری — سەما و زەوی ڕاگری

کام کر بە ڕەنگ و ڕوویە — کامەی درك و دڕوویە

کام کەس ڕووت و ڕەجاڵە — کامەی تەواوی ماڵە

کیٚ لە ڕکیٚ بەجێیە — کیٚ ژێر پلان و پێیە

کیٚ کوێر و کوێرەڕێیە — کیٚ خاس و ڕاستەڕێیە

کیٚ ژیر و خوێندەوارە — کیٚ کۆڵ و کۆڵەوارە

کیٚ دیل و ژێر تەنافە — کیٚ خاوەن بەش و مافە

کیٚ بەخت و باری گێرە — کیٚ کیسەی پڕ لە زێڕە

هاتوون یا خۆ بەڕێوەن   چی وشك و تەڕ لە جێوەن
هەمووی بە ویستی تۆیە   چی هەرزە چی بە پۆیە
لە پۆشتە و لە هەژارت   سەردەرناچێ لە کارت
چ ناڕێك و چ ڕێکن   هەر دەس کاری کەسێکن
هەر وادەبێ وەبەر بێ   هەچی مەیلتِ لەسەر بێ
بە تۆم بیروبڕوایە   لێم ببورە خوایە
لە حیکمەتت نەزانم   کوردێکی بێزمانم
راوچی بێهێز و باوم   پیری پێوەند کراوم
کوردی ئەو خاکە پاکەم   بێکروکاری چاکەم
کوردی خۆشی نەبینم   چاوەڕوانی بەخشینم
دەس بەتاڵ و هەژارم   بەرەو گۆڕە هەوارم
تاوان بە کوڵ و بارە   کردەوەم نالەبارە
بۆی ناگوترێ زمانم   هێند بە گەورەت دەزانم
بێکینە و قێزوبێزی   هێند بەڕوحم و بەهێزی
دەچینە ڕیزی خاسان   بەزەی تۆ بێتە ڕاسان
نامینێ، مل بە هەشمان   بەهەشت دەبێتە بەشمان

«ڕانرانی سەما و زەوی»

ڕۆژی بەری خوایە نەبوو هەور و هەڵایە
هەستی نەبوو لە گۆڕیٚ نە ڕامیٚ بوو نە تۆریٚ
نە گیانیٚ بوو نە لەشیٚ نە ماقێ بوو نە بەشیٚ
نە ساویٚ بوو نە تەمیٚ نە شادی بوو نە خەمیٚ
نە خەونیٚ نە خەیاڵیٚ نە شیرینی و نە تاڵیٚ
نە سەما بوو نە زەوی نە بەرزی بوو نە نەوی
نە دژ هەبوو، نە یاریٚ نە گوڵ هەبوو نە خاریٚ
دەور، دەوری عەدەم بوو بیٚبەش لە دەرد و خەم بوو
نە عامیٚ بوو نە خاسیٚ نە کەس هەبوو بتناسیٚ
ویستت خۆت بناسێنی جیهانیٚ وەرازێنیٚ
ویستت لەسەر بوو، باری! ژین بێتە باری یاری
مەکووکت هێنا کران سەما و زەوی ڕۆ نران
تەواو بوو سەما و زەوی یەکیٚ بەرز و یەك نەوی
حیکمەتت هاتە کاریٚ سەما و زەوی بە جاریٚ
یەك لە سەر یەك لە خواریٚ هەریەك بۆ ئیش و کاریٚ
ڕاستەڕیٚ بوون، لە تۆوە بە نەخش و تانوپۆوە
کورات چ کەم چ زۆرن چ گەش یا ڕەش و بۆرن
چ نزیك، یا نە دوورن بیٚشەوقە، یا بە نوورن
گڕن یا نە دووکەڵن جیاوازە یا تێکەڵن
لەگەڕان یا لەجێوەن بە ویستی تۆ، بەڕێوەن
چی لە ئاو و لە بەڕ دان بە مەیلی تۆ لەگەڕ دان
کە تۆ نەبی بەیارن شکاو و خێچ و خوارن
لە ویستی تۆ بەدەر نین وەکوو مە سەر لەبەر نین

مەجبووری ﴿من تشایە﴾ لە سەرڕا تا سەمایە
بوونەوەر، چی بە چاون لە زەوی یا بناون
تان و کری لە تۆیە هەرچی ڕایەڵ و پۆیە
«سبحان‌اللە» لە هێزت بێزیوانە، پەرێزت
زەوی مەیی، بە تاوێ دەوری درا، بە ئاوێ
سەما بە «کفلەکوونێ» تەواو هێناتە بوونێ
بوونە پێگەی مەلاییك پەیکی بێباب و دایك
مەلەك بێلەش و لارن بێدەم و لووت و زارن
نە زێڕن نە لە زیون[1] لە چاوی مە نەدیون
بێسەر و بێسێبەرن بێجلوبەرگ و بەرن
بێوەزن و کێش و پێون نە نێرینە و نە مێون
بێڕەنگ و دەنگ و بۆنن هەر خۆت دەزانی چۆنن
هێزێکی فەرمانبەرن لەسەر سەما ئەسکەرن
بێفێڵ و بێکەڵەکن کارگەری نێو فەلەکن
نەنێر، نەمێ، بەکارن لە نووری نادیارن
ئەو بۆ ئێمە نەناسن لەنووری ڕوونی خاسن
لێرە دایە دەوێژم لە کارت کاس و گێژم
خوایە بۆ خۆت بسازی بێئیحتیاج و نیازی
ڕانەری هەر فەلەکی چ موحتاجی مەلەکی
مەلەکت بۆ چی هێنان یەکەی ناوێکت لێنان
بۆچت هێنانە کایە لە زەوی و لە سەمایە
بەپێی زەمانی هێنان یەکەی کارێکت پێدان
یەکێ سەرکاری مەرگە یەك هی پێڵاو و بەرگە

---

[1] «زێون» هاتووە.

یەك هێز و تینی بایە — یەك سەرکاری هەوایە
یەك بەوری هەوری مەستە — یەك تووفانی بەدەستە
یەك هەڵگری بەهەشتە — یەك ئەمینداری گەشتە
یەك بەرپرسی عەزابە — خاوەن زەرگ و قولابە
یەك لە نێو بارەگایە — کاری حەمد و سەنایە
سوپاسی تۆ دەوێژن — وەك مە، نەکاس و گێژن
خوایە نەمان ناسیوی — لە فکری مە نەدیوی
مەلائیکەش نەناسن — لە زۆر جێ، جێگە باسن
باس سەری لێشێواوە — چ بێژێ ناتەواوە
مەلەکی بێڕەنگ و ڕوو — چ بوو، بۆ هێناتە ڕوو
چی فکری زەنگوزاڵن — لەوێوە لاڵ و پاڵن
کامە زانا بە نێوە — نەزانێکە لەوێوە
کێ بەهێز و بەباوە — لەو بیرەدا شێواوە
کێ فەیلەسووف و ژیرە — لەو بیرەدا ئەسیرە
ببورە لێم، خوایە — پرسین لە تۆ خەتایە
زانستی من بەحاڵە — ناسینی تۆ مەحاڵە
بێدەرەسەر لە کارت — نەناسراوە عەیارت
کەل و کۆڵە زمانم — ناتەواوە بەیانم
هەستە، کۆڵم لێنادا — ڕەنگە بمخا بە لادا
دەیەوێ سەر دەرێنێ — کەمێ هەستی بدوێنێ
(هەستی) بۆ هاتە گۆڕێ — لە گۆڕە، بۆ دەدۆڕێ
من چیم و بۆچی هاتم — هاتم بۆ شەل و ماتم
کە بۆ خۆم، خۆم هێنابا — نۆکەرم دەبوو ، شابا
هاتووم بەرەو کوێ دەچم — مەزن یا ئەستۆ کەچم

پێش هاتنم لە کوێ بووم   لە کام سوێگە بەسوێ بووم
ڕێگەم نییە بپرسم   لە سۆفیلکان دەترسم
دەنا دەمگوت خوایە   بۆ چیتە ئەم سەرایە
سەروبەر خۆت گیانی   چ موحتاجی جیهانی
جیهان بەتاڵ و پووچە   پێگەی تاوان و سووچە
ئێمە لەسەر جیهانین   سەر دەرنەچوو نەزانین
تەلاشی دەم خورێنین   مەرج و بەڵێن پەڕێنین
لەنێو ئەو ژینە تاڵە   بێ تاوانی مەحاڵە
لەسەر ئەو زەوییە لارە   نەوس و هەواش بەبارە
هەنبانی نەوسی زاڵین   بۆ ئەو نەوسە، بە باڵین
چ سۆق، یا نە غەوسین   تالانکراوی نەوسین
نەوس نەبا مەلەك بووین   خاوێن و بێ کەڵەك بووین
نەوست لێ کەڵەك کردین   لێرە و لەوێشت کردین
نەوس زاڵە لەسەرمان   کووێنت کردۆتە بەرمان
تەما دەمی تێناوین   لە لاڕێدا گلاوین
خوایە خۆت و خواییت   بەهێز و پێز و باییت
هێزی باوێژە دڵمان   هەوا نەشکێنێ کلمان
میرێکی شێر و نێر بین   بەکەڵك و خێر و بێر بین
هەچی بوو لێرە ڕۆیین   لەو لاش مەمانکە ئۆیین
پیرە پیاوێکی خاوم   ڕاوچیم و چەك کراوم
بێ چەك هاتوومە کایە   بەزێکی تۆم دەوایە

«دروسبوونی ئادەم»

ئەو سەرزەوینە جوانە   پڕ لە خانە[1] و کولانە
ڕۆژی بەرێ بەگڕ بوو   یا گاز و تەمی پڕ بوو
بێبوونەوەر، بێبەشەر   بێگوڵ و بەرگ و سەمەر
بێ کەشم و نەشم و کەش بوو   بێبەش لە سوور و ڕەش بوو
دانەر ویستی بەڕوو بێ   زەوی ڕەنگی لە ڕوو بێ
مستە گڵێکی هێنا   هەوێنی مەی لەوێ نا
کاسە قوڕێکی هانی   بۆ نەخشی ئاوەدانی
قوڕ بۆنی کرد بڕووسکا   ویستی لاوێ درووسکا
بەختی ڕەشی مەمانان   هەر ئەودەم و زەمانان
تێکەڵ بە قوڕ کراوین   هەر بۆیە قڕ کراوین
لە قوڕ کوڕێ دروس بوو   لاوچاك و جێ دروسبوو
لە قوڕ کوڕێ هاتەدەر   وریا، بەزەین و هەتەر
کوڕ هاتە وتوویژیان   زانا بە گش ڕاوێژیان
بەڕێ و جێ وتاری   زانا بە حەمدی باری
مەلائیك تێگەیشتن   بە خوایە پێگەیشتن
مەلەك چی بوون لە سەما   خوا پێی گوتن ئادەمە
سوژدەی بەرنە، بەر پێیان   شارەزایە لە ڕێیان
کوڕی قوڕ بوو بە ئادەم   باوەگەورەی بنیادەم
ئادەم گەرچی لە قوڕ بوو   لێزان و بەرزەفڕ بوو
لەسەرووی سەر فەلەکان   بوو بە گەورەی مەلەکان
مەلەکی نێو سەمایە   بۆ هەموو ڕەوت و ڕایە
بەبێ دەمار و ئۆیین   بۆ لای ئادەم دەڕۆیین

---

[1] «ماڵ»یش هاتووە.

ئـادەمیش خـۆی نەناسـی بـێخەبـەر بـوو لـە باسـی
لای وابـوو ئـەو سـەمایە بـۆ ئـەوە تـا هەتایـە
ئـەو کەشـمونەشمـە جوانـە بـۆ ئـەو تەرخانـە، خانـە
نـەیزانیٚ ئـەو بەشـەرە تەقەوڕەقـەی لەسـەرە
نـەیزانی چـی بەسـەر دێ سـەری دەدرێ لـە بـەردێ
نـەیزانی بـێژانـە سـەر ژیـنی بـۆ ناڕواتـە سـەر
خۆشـی تـا سـەر خەیاڵـە سـەرکەوتنی مەحاڵـە
ئـادەم وەکـوو پاشـایێ هـەردەم بـۆ تەماشـایێ
دەچووە سوێی سیلە باخـان بـێبـەش لـە ئاخوداخـان
کۆسـپی نـەبوو لـە ڕێگـەی بەهەشـت کـرا بـە جێگـەی
بـابی مـە لـە بەهەشـتێ مانـدوو نـەبوو لـە گەشـتێ
هـەنگوین و کـەرە و تـرێ موفـت و بـێکـرێ و جـرێ
نەوسـی کـەیفی لـە چـی بـوو جێبـەجی بـۆی بـەزی بـوو
وێـڕای خۆشـی بەهەشـتێ بابـەدەم دەچـووە گەشـتێ
جاروبـار خـەم لەبـەر بـوو ئاڵـە و مۆتـەی لەسـەر بـوو
خـەیاڵ و خـەم نـەکاوێ خۆشـی دەخـستە ئـاوێ
نەیـدەزانی چ باسـە بـۆ هێنـدە گێـلوکاسـە
چـی پـێ دەوێ بەردەمـە نەیـدەزانی چـی کەمـە
تاکوتـەنیا بابـەدەم پـەپوولێ بـوو بـەبێ شـەم
بـە بـێدۆس و بـێهـاوەڵ لـە ژیـن، ببـوو بـە داوەڵ
داوەڵـێ بـێ پـەرێز بـێ گەشـتی، بـە قیزوبێـز بـێ
ڕۆژێ لـەدەم ئێـوارێ لـەژێر سـێبەری دارێ
دارەدارەی خـەیاڵی ببـووە سـەرباری حـاڵی
تێنەگـەیی چ باسـە بـۆ هێنـدە کفـتوکاسـە

بێخەبەر چی لە پێشە   بۆچی بە ژان و ئێشە
نەیدەزانی خواوەن   چی بۆ دەخاتە هاوەن
مێیەك دەخاتە کایە   بۆ ئێمە دایکە وایە
نێری بێ مێ خەسارە   ژیانی ژارەمارە
بابەدەم لە بەهەشتێ   ماندوو ببوو لە گەشتێ
بە خەم گیانی تەزیبوو   وەك من لە ژین بەزیبوو
خەیاڵ دەستی دەباتێ   وەنەوزێکی دەداتێ
لە ناو وەنەوزە و خەما   حەمدی خوا لە دەما
راپەڕی وەرگەڕاوە   چی دی، لێی عەبەساوە
دیتی لە شانی چەپی   میوانە گاڵتە و گەپی
حۆرییە لێی میوانە   میوانی، جێگە، ژوانە
حۆرییە ڕوو بە خاڵە   ڕووخۆش و کوڵمە ئاڵە
رازاوە تازە بووکە   لێو قەند و دەم بچووکە
هەوەڵ بووکی جیهانە   دیاری، دەستی سوبحانە
پێشکەشی بابەدەمە   تەنیایە بێهاودەمە
جووتە لاوی نەناسن   مات و بێدەنگ و باسن
دوو نۆجوانی غەریبن   بێفێڵ و بێفەریبن
دایی و بابی بەشەرن   لە خۆیان بێخەبەرن
جێژنە، چێژنی ڕووانە   دڵ لە دڵان میوانە
شەم و پەروانە جووتن   توونی گەردنی ڕووتن
سێرەسێرەی ئەوینە   هەنگێوەیە بەتینە
دوو لاوی هەنگاون   تاساو و عەبەساون
دوو دڵ لە دڵ میوانن   شەرمێونی دووانن
دوو سیلە چاوی نەرمن   زۆر بەحەیا و بەشەرمن

بۆ یەك هەر دوو لە جۆشن   مەست و خومار و خۆشن
داوا و تەما هەزارن   کەیفە، باری لە بارن
دوو یاری پێ بە داون   بۆ یەك لە جۆشوتاون
جۆشوتاوی ئەوینێ   هەردەم کە بێتە تینێ
مێروو دەکاتە میرێ   میرێ دەخاتە بیرێ
ئادەم مەستی ئەوینە   گراوی، داوی زینە
ئەوین پێخۆری ژینە   ژین بێ ئەوین نەژینە
خوای جیهان و عالەم   ئیلهامی دا بە ئادەم
فەرمووی ئەو کیژە قۆزە   هی تۆیە پێ پیرۆزە
هەر دوو کاڵ و فەریکن   مزگێنی بێ، شەریکن
نێر و مێوی بەکەڵکن   هەوێنی بوونی خەڵکن
دوو لاوی مێو و نێرن   شەریکی خێروبێرن
دایی و بابی بەشەرن   پێگەی زەین و هەتەرن
دەسگیرانت حەوایە   دڵپاکە، بێ هەوایە
دڵدار و دڵبزێوە   خێر و خۆشی بە پێوە
میوەی مێوان بە تامە   بێ مارەیی حەرامە
مارەی ئەو بووکە زێڕە   سوجدە و سوپاسە وێڕا
بۆ سوجدە خۆ نەوی کە   گراوی خۆت کەوی کە
سوپاسی باری بێژە   بیکە نوێژە درێژە
شوکری نێعمەتی باری   بیکە بە وێرەی زاری
سەد سەلامی بە ئەژمار   بە دڵ بە لێو و بە زار
بۆ محەمەدی نازدار   بە ڕێکە، ڕێك و تەیار
ئەوسا ئەو ڕوو بە خاڵە   ئی تۆیە بۆت حەڵاڵە
ببنە ماکەی هونەران   دایی و بابی بەشەران

لاوی زیـــت و وریـــا بـــن
نەچـــن لاڕێ و کـــلا بـــن

«هەوەڵ سەجدەی بابەئادەم»

ئـــادەم ڕۆییـــە ســـەجدەوە
نـــەیزانی ڕۆژە، شـــەوە

حەمـــد و سوپاسی بـاری
ڕێکـــی خـــستن بـــە زاری

زمـــان بـــە «بـسم‌اللـــە»یـــی
ڕوو بـــە دیـــوانی شـــایی

ســـەری لـــە ســـەجدە دانـــا
وەیگـــوت زمـــانی زانـــا

لەگـــەڵ حەمـــد و یـــا حەمیـــد
یـــا ڕەحـــیم و یـــا مەجیـــد

هـــەرتۆ ســـاز و بـــسازی
ئاگـــا بـــە هـــەر نیـــازی

لـــە شـــوکری نێعمـــەتی تـــۆ
مـــەلێکم بـــێ‌پـــەڕ وپـــۆ

بـــێ‌هێـــز و لاڵ‌وپـــاڵم
نـــەزان و کـــرچ‌وکـــاڵم

چـــی داروبـــەرد و چـــێون
ئـــەوەی لـــە چـــۆم و کێـــون

ئـــەوەی لـــە چـــاو هەتـــەرن
چـــی گـــوڵ و بـــەرگ و بـــەرن

هـــەمووی زار و زمـــان بـــێ
چـــابێژ و وێـــژەوان بـــێ

چەند ســاڵ و چـەند زەمـانێ
بـــۆ حەمـــدت بێنـــە ســـانێ

بـــۆ نێعمـــەتێکی چـــووکت
هـــەموو بێنـــە ســـلووکت

هێـــشتا هـــەر کـــەموکـــووڕە
بـــێ‌هێـــز و بـــاو و ســـووڕە

بـــۆ مـــارەیی حەوایـــە
ئـــادەم لـــە ســـەجدە دایـــە

ســـەرنەرمە بـــۆ ئـــەوینێ
شـــۆڕەو بـــێ بـــۆ زەمـــینێ

ســـەجدە ســـەجدەی مـــرادە
پـــڕ لـــە نـــزا و لـــە دادە

فرمێـــسکی گـــەش خـــشاون
ئـــاڵۆز و هـــەڵڕژاون

دڵـــدار و دەروونپاکـــە
لـــە خاکـــە، ڕێکـــی خاکـــە

وەهـــا لـــە ســـەجدە دایـــە
غـــەرقی دۆعـــا و نزایـــە

خواوەن پەیامی دایە هەستە حاجەت ڕەوایە
حەمدت بە تانوپۆیە حەوا حەلاڵی تۆیە
سوپاسی باری بێژە لە بەرهەمی بچێژە
بەرهەمی بەژن و بالاّ شیفای هەناو و حاڵە
مزگێنی بێ لە ئێوە ئەو بەهەشتە بە نێوە
جۆگەی شەراب و شیری شەهد و شەکر و پەنیرێ
وەتاخ و کۆز و کاخی هەنار و سێو و باخی
سوبح و نەهار و شامی بۆ و بەرامی تامی
سەنتوور و تار و سازی تەڕ و تەرلان و بازی
گەپ و گاڵتە و گەزاف بادە و شەرابی ساقی
عەنباری زێڕ و زێوی بەرهەمی سێو و مێوی
هەمووی دیاری خولایە بارە شایی حەوایە
مەی دەچێژی بچێژە سوپاسی من بوێژە
تۆ بەندە من خوواتم بەزییك و دەسەلاتم
ئاگا بە کاروکرم لە هەر جێگە حازرم
چیت پێدەڵێم بە گوێ بە بێخەم بە، ڕوو بە ڕێبە
چی هەس لەنێو بەهەشتا لە ڕێی گوزار و گەشتا
چی تورت و ئالوکاڵە گشتی لە تۆ حەلاڵە
گەنم دارێکی چووکە میوەی بۆگەن و پووکە
وە حەندەری نەکەوی پێتان خۆشبێ نەتەوی
نەچی لە ئەو بچێژی ببیە دەسخۆشی گێژی
شەیتان دوژمنی تۆیە ڕوورەشە چل درۆیە
ڕێگری بیروڕایە وریا نەبی وریایە
خاوەن فێڵ و فریوە دەرکراوە، تەزیوە

بێبەشە، ڕەنجەڕۆیە — دوژمن بە هۆزی تۆیە
لە ڕێڕەوی ژیانا — کێ ڕێگرە شەیتانە
ئادەم بە گوفتی زاری — بەڵێنی دا بە باری
بەڵێنی دا بەڕێ بێ — ژینی بەڕێوجێ بێ
تامی گەنم نەچێژێ — لاڕێ ڕەنگی نەڕێژێ
مۆر کرا ئەو بەڵێنە — قەزاوقەدەر، نەهێنە
قەزاوقەدەر بەکارن — بۆ ئێمە نادیارن
لە نێو بەهەشتی شادی — ئادەم گەییە مرادی
تەواوە، کێش و پێوان — دیاری کراوە نێوان
ئادەم لە سەجدە هەستا — ئاشقە حەقی بە دەستە
حەیف و مەیل بڕاون — دوو دڵ بە یەك بڕاون
دەستی یاری لە دەستە — بە تاموبۆنی مەستە
لەناو بەهەشتێ قاوە — ئادەم دەکرێ بە زاوا
نووسراوی بارەگایە — ویست و مەیلی خوایە
قەزا و قەستی بسازە — وەرزێکی پڕ لە ڕازە
زەوی دەبێ وەبەر بێ — پڕ لە سەرۆك و سەر بێ
بەهاری پڕ بە دڵ بێ — هەواری پێگە، گوڵ بێ
زستانی پڕسڕی بێ — یەخەی خۆشی دڕی بێ
ویستی زەوی بەکەش بێ — خاوەنی سوور و ڕەش بێ
ئەو جووتە لاوەی هێنا — خۆشبێژ و بەرزە وێنە
ویستی گۆشەی زەوینێ — داچێنێ بە ئەوینێ
چنۆك و دەسبزێوان — باوێتە بەندی مێوان
دروسکا، مەم و لاسان — بۆ بەیت و باو و باسان
حەتەمان بێنە گۆڕێ — بارام بڕۆنە گۆڕێ

مەمان بۆ مەم کەوی کا   سەرزلان سەرنەوی کا
بوونەوەر بێنە باسیٚ   خۆ بە خەڵکی بناسیٚ
ژیان چۆڵەچرا بیٚ   پڕ لە قیژە و هەرا بیٚ
دەمیٚ گەش و بەگڕ بیٚ   دوادەم چرووك و سڕ بیٚ
هەوێنی ئەو گەرایە   بابەدەم و حەوایە
شێوەردی ئەو پەرێزە   «دایکە وایە» بەهێزە
خاوەنی ڕا خووایە   چۆنی شین کا ڕەوایە
لەسەر ئەو عەرزە گردە   کر شاشە یا بە گوردە
نەبارە یا لەبارە   بە ویستی کردگارە
لەوی ڕایە بەباون   خاسن و یا خراون
چی ناوی ماسیوایە   مەجبووری«من تشا» یە
بەشەر لە خاك و ئاوە   گڵمەتی خڕکراوە
بە بارانێکی بەخوڕ   دەبنەوە گڵ خڕوپڕ
دەبنەوە گڵ دووبارە   دەچنەوە کۆشی سارا

«تێچێنێك»

سەنعەتی تۆ، خوایە   پڕ لە حیکمەت و ڕایە
سەردەرناکا، لە کارت   دۆست و دژ و نەیارت
ئادەم لە تۆزە قوڕیٚ   تەڕدەستیٚ گەرموگوڕیٚ
هێناتەدەر لە کلاّن   گوڵباران بوو بە گوڵان
تا گوڵ بە دڵ ببینیٚ   ناردت بۆ گوڵچنینیٚ
مەیلت لێبیٚ، بە تاویٚ   لە لیمی دەم دەراویٚ
دروستدەکەی سەرۆکان   بۆ زیت و سست و کۆکان

پاش دەمێ دەیپرووخێنی
دەچێتەوە پاشە شوێنی
دەیکەیە زبڵ و تۆزێ
بۆ خۆی لە خۆی ببێزێ
ئێمە کە خێوی، نێوین
نە زێڕین و نە زێوین
گلمەتێکی هەلۆڵین
بە بارانێ کلۆڵین
ئێمە کە خۆ بناسین
ناشێ لە خۆ بماسین
کەسێ هەوێنی قوڕ بێ
نابێ بە پۆز و فڕ بێ
بژی، بمری بە پاکی
نەوی‌تر بێ، لە خاکی
بە ژینی خۆی نەنازێ
لەگەڵ خەڵکی بسازێ
گلێنێکی بەفەڕ بێ
دوورە پلان و گەڕ بێ
هاکە باران بباری
بوویەوە، قوڕ بەجارێ
ئەو دەم و دەور و ژینە
چت پێناکرێ، قوڕینە

«بە یەکبڕانی دایکەوا و باوکەوای ئێمەی هەژار»

راپەرە بەربەیانە
هەوەڵ شایی جیهانە
بووک و زاوا بەباون
سەرگەرمی ڕاوەچاون
دوو دڵی دڵ دزاون
بۆ یەکتری بە تاون
شەم دەگەڕێ لە کۆڕێ
پەروانە لێی دەنۆڕێ
خەم خێوی خۆی بە قڕدا
پەروانە خۆی لە گڕ دا
دەرکی دڵان کراوە
شەرم و شکۆ شکاوە
چێژەی ئەوین بە تامە
مەکە و لاچۆ حەرامە
دەم دەمی بابادەمە
چی کورتوکەمە خەمە
دوو دەم بە دەم گەیشتن
لە ژینی نوێ گەیشتن
باخەڵ و سینەبازن
کەیف، بەکەیف و سازن
دەس‌ودەم خوازەڵۆکن
لەسەر سینە گەڕۆکن

جەژنـــە، جـــەژنی دڵانـــە
گوڵـــچن، لـــەناو گوڵانـــە
بـــەختی نـــەوس و هەوایـــە
چـێژە، بـێ‌پـرس‌وڕایـــە
دوو لـــەش لەیـــەك میـــوانن
بـــێ‌لەمپـــەر و نێـــوانن
پـــێش قـــەتاری ئـــەوینێ
گەیـــشتە شـــیوی ژیـــنێ
شـــــەرموشـــــکۆ، ڕژاوە
زاوا وەرزی بـــــــــــەراوە
مەتـــەی دەســـتی ئـــەوینێ
گەیـــشتە دوڕسمـــــینێ
چـــی دەم و لێـــو و دەســـتن
بـــە مـــەی ئـــەوینێ مەســـتن
نەهـــــەنگی جێگـــــە ڕاوان
راوی خـــــــستە دەراوان
راو کەوتـــە بـــن پـــشتێنێ
تکـــا قـــەترە هـــەوێنێ
نـــەڕۆی بێـــر و بەوێـــدا
هـــەوێن گیرســـا لەوێـــدا
ئێمـــە لـــەوێوە هـــاتین
چ پـــــسپۆڕ و چ لاتـــین
بـــابی مـــەی هـــەوەڵینێ
تێـــر بـــوو لـــە کـــر تـــەنینێ
راســـاو و شـــاد و مەســـتە
دەســتی بـــووکێ لـــە دەســـتە
هـــەوەڵ بـــووکی بەهەشـــتێ
دەڕوا بـــۆ دەرودەشـــــتێ
دوو لاوی قـــۆز و خـــاون
هەوەڵیانـــــە بـــــەباون
وەڕەز نـــابێ لـــە بـــاوان
لـــە جـــوانی دەم و چـــاوان
کەوتوونـــە ســـەر قولاتـــان
نـــابینن زەرد و تاتـــان
نـــەمام و خـــەڵفی ســـاڵن
لـــە یـــەکتری حـــەلاڵن
دایـــە و بـــابی بەشـــەرن
هاوباوەشـــن و هاوســـەرن
نـــەیانزانی هـــەژارن
نـــەهاتوو نادیـــــارن
بـــێ‌خەبـــەر لـــەو ژیانـــە
نیـــوەی بریـــسك و ژانـــە
نـــازانن پـــشتی پـــەردە
پرپـــر لـــە خرکـــە بـــەردە
کـــێ سەرخۆشـــی ژیانـــە
وێـــی دەکـــەوێ لەوانـــە
ئـــەو جووتـــە لاوە جـــووتن
بڵینـــد و بـــەرزە لـــووتن

تێر و بەلا نەدیون — لەنێو گوڵان بەزیون
کامە میوە تەمیزە — تاڵە و یا لەزیزە
تام و چێژی مەباحە — چێژی گەنم گوناحە
گەنم حەرامە لێیان — جێگەی باسە لە جێیان
حەوا ژنە و ژن وایە — بادی هەوایە، لایە
لە خۆشیا بزۆزن — خاوەن دەمار و پۆزن
وریا نەبی غوروورن — بیانووگر و نەبوورن
ژن وا هۆشی لە کۆشە — ناتەواوە، نەخۆشە
خۆشباوەڕ و نەبینە — بێکێش و پێو و تینە
ساویلکەیە و بەشەرمە — بە چاووڕاوێ نەرمە
ژن بەرهەمی ژیانە — پێگەی سوود و زیانە
وەک خەڵفی، باخەسێوە — جوانێکی دڵبزێوە
بە باوێ دێ بە لادا — دادێ بە هەر دوو لادا
خەمهێنە، خەمڕەوێنە — تەلاشی دەم خوڕێنە
دڵپاک و خۆشفریوە — وریا نەبێ بەزیوە
وریا نەبێ دەدۆڕێ — ڕێی باوەڕی دەگۆڕێ
دایکەوا سەربەخۆ بوو — بۆ خۆی بخۆ و بڕۆ بوو
بڕیاری دابوو جەمێ — گەنم بە فووکا کەمێ
بیخاتە سەر زمانێ — تام و بۆنی بزانێ
تا تێبگا، چ تامە — هۆی چییە بۆ حەرامە
بەو خەیاڵە خراوە — بەرەو ئادەم گەڕاوە
وتی بۆ تۆزە شیوێ — تاوێ دەچمە نەدیوێ
کەم دەخایێنێ کاتم — هەروە بزانە لە لاتم
ئادەم وتی وریا بە — وریای خەتی خوا بە

بێدەغدغە و هەوا بە   گوێلەمستی خوا بە
دایکەوا ڕۆییە شێوێ   بۆ نەدیو و پەسیوێ
دیتی کەسێ لەوێیە   دەڵێی خێوی شەوێیە
سەراپا، سپی پۆشە   لە سەجدە دایە، خۆشە
خووانەناسێکی ماتە   زار بە حەمد و سەلاتە
خاوەن جبە و ڕدێنە   ڕووخۆش و خۆشبەڵێنە
بۆشناخ و شێوە باشە   لە تاعەتا هەراشە
خدری نەجاتی ڕێیە   وادیارە ڕاستەڕێیە
خۆ ڕەنگە، نەك دزێوە   خێروبێری بە پێوە
بێ ئەوە، لێی بترسێ   دایکەوا لێی دەپرسێ
دەڵێ یارۆ چکارەی   خۆماڵی یا غەوارەی
زووتر، بێژە، درەنگە   لێرە مەمێنە، نەنگە
شەیتان ڕووناکە بیری   لە بەردەستا، نەچیری
لە ڕۆژێ چاو دەگێڕێ   ئاشی گەرێ بگێڕێ
وتی گیانە فریشتەم   ئاودێری ئەو بەهەشتەم
سەرداری، گشت فەلەکم   دەرسوێژی مەلەکم
بە بارەگا مەحرەمم   ئاگا بە زۆر و کەمم
حەکیم و میوەناسم   زانا و بەدەنگوباسم
هەچی ئێوە دەبینم   دڵ بەخەم و بە شینم
ئێوە دوو لاوی قۆزن   بێخەم و پێ پیرۆزن
ساکار و لێنەزانن   بێتەجروبەی ژیانن
چەندی پێناچێ ئێوە   دەڕۆن لەو نێوە، ئێوە
مەرگ لە ڕێیە بۆتان   لێو تێکدەدا مەکۆتان
گەنم یاساخە لێتان   تەڵە و داوە لە ڕێتان

تامی گەنم نەچێژن   شەرە و بۆ هەڵدەڕێژن
گەنم نەناسی، کاسی   هەژاری ڕێنەناسی
گەنم، دانەی حەیاتە   چێژەی بەرەو نەجاتە
نەخواردنی چەتوونە   خواردنی زیندوو بوونە
گەنم، دەوای ژیانە   گەشەی هەناو و گیانە
مزر و خۆش و بەتامە   ریشەی هەموو تەعامە
گەنم بخۆی جحێڵی   بۆ هەمیشە بەوێڵی
گەنم بخۆیی و بیجووی   بۆ هەمیشە نەمردووی
تامی، گەنم نەزانی   روونە بەرەو نەمانی
دەرکراوی بەهەشتی   بەبێ پەسیو و گەشتی
سەد سوێندم، بە سەمایە   چت پێدەوێژم ، وایە
لە ڕاستییا، تەیارم   دڵسۆزییە، وتارم
گەنم بکەن بە چێژە   عەمر و تەواو درێژە
بەهەشت دەبێتە ماڵو   تەخت دەبێ خەیاڵو
گەنم، دەنك بچووکە   خواردنی سایە سووکە
نەخوارنی، مەحاڵە   مردنە، ئاشبەتاڵە
سوێند بە خۆم و بە دینم   بۆ ئێوە چاو بەشینم
لە وەسیەتم کلا بن   دەبێ تووشی بەلا بن
دەروو دەکەن، لە وێدا   دەڕۆن بێرو بەوێدا
هەتا هەل وا لە دەستە   لە چێژی ڕامەوەستە
من وا دەڕۆم لە لاتان   ئێوەو تەگبیر و ڕاتان
پەندێ بوو وتم بۆتان   ئۆباڵ وەباڵی خۆتان
دایکەوا، هەنگوواوە   ڕەنگی لە ڕوو نەماوە
ڕەنگی پەڕیوە، سیسە   تووشی تەڵەی ئیبلیسە

دارەدارەی بە حاڵە   قاڵی، خەیاڵی تاڵە
بە خۆی و کۆڵە خەمێ   گەڕاوە لای ئادەمێ
چی زانیبوو لە کووچان   چاوێکی لێنەقووچان
پیاوەکە، هەستە زووکە   لوێچێ گەنم بە فوو کە
بیخەمە سەر زمانم   تاموبۆنی بزانم
تامی نەکەم، نەخۆشم   نە تۆم دەوێ، نە خۆشم
تامی نەکرێ گوژاوین   هێلانە تێکدراوین
گەنم، هەوێنی مانە   رازی بەقا و ژیانە
یا دەبێ من بنێژی   یا لە گەنم بچێژی
دایکەوا، کەوتە شینێ   ئەشکی ڕشتە زەوینێ
بابەدەم عەبەساوە   زانی، ئەو شینە داوە
گوتی بە دایکەوایە   ئەو داوایە خەتایە
چەوت و چەوێڵ و لارە   لارێیە، نالەبارە
لاڕێ، بڕۆی هەراڵی   تووشی تەڵەی خەیاڵی
خەتا هەڵتدەدێرێ   بە شەیتانت دەسپێرێ
دژایەتی خولایە   چی کاری ناڕەوایە
باری، برەنجی لێمان   دەبەستێ، دەست و پێمان
توورمان دەداتە چۆڵێ   عەیبمان، دێتە کۆڵێ
بۆ نۆبەرە و بەرەمان   بۆ سەردار و سەرەمان
بۆ نەتیجە و نەوەمان   بۆ کۆمەڵ و ڕەوەمان
گوناح دەبێتە پیشە   زەلیل دەبین هەمیشە
تۆ ژنی لێنەزانی   سواری کەری شەیتانی
وادەمان دا بە باری   گەنم، نەخەینە زاری
پەیمانشکێن هەژارە   داماوە باری لارە

لە بەهەشتێ بێبەشن
بێچار و چارەرەشن

نەکەی، نەخۆی خەتایە
گەورەترین بەڵایە

شەیتان فریوی داوی
داوی لە ڕێگە داوی

چی دی لەسەر مەڕێسە
چەتیوە خواروخێسە

دەتهەوێ بەربەڵا بم
تووشی سزای خوڵا بم

گەر بمکوژی نەیارم
گەنم نانێمە زارم

بەسکە، مەیکە، بە کێشە
بۆ لێم بوویە درێشە

دایکەوا، ڕق هەستاوە
وەك شێرێ بە شاڵاوە

ڕوو بە ئادەم بەقینە
پێیدەڵێ هەی قوڕینە

چۆن ئیجازەت بە خۆ دا
بەردت لە سینەی خۆ دا

بە من بێژێ چەتیوە
نەزانی هیچ نەدیوە

پێمبێژی خێسوگێژی
نابار و هەڵەوێژی

سوێند بە ورەی ژنانەم
بە زولفی هەژدە لانەم

تا گەنمت پێ نەهێنم
چاوت لێهەڵنەهێنم

دایکەوا، ڕق هەستاوە
ماری کلك پەڕاوە

لە قەفدایە بۆ شەڕێ
هەڵدەسووڕێ و دەگەڕێ

بۆ شەر کوك و تەیارە
شاڵاوی پڕ لە ژارە

بەرۆکی خۆی دادڕی
وستەی لە ئادەم بڕی

قیژە گەییە، سەمایە
گەنم دەوێ، دەوایە

گەنم نەخەیتە زارم
نە شوو دەبی، نە یارم

ژن‌ومێردی هەوەڵن
تووشی قڕە و گێچەڵن

هەوەڵ بناری ژینە
تازەیە کەس نەبینە

کێشە لەسەر خۆراکە
حیسابی پیس و پاکە

بەهانەیە و گوڕوویە
پیلانی ژن و شوویە

مەن و تۆتۆ، لە کارە | شەیتان تەونی بەدارە
شەڕە و مەلبەملانە | ژن لە مێردی نەبانە
پلانی نێر و مێیە | کێ سەرکەوێ بەپێیە
کێ بنکەوێ بچووکە | بەزیوە سارد و سووکە
دەور دەوری گلانە | نەهاتە، نانبڕانە
بەزم و هەراهەرایە | نۆبەی قۆرت و بەڵایە
بابادەم دەم لە پووشە | ڕۆژی ژیانی تووشە
بابادەم سەری سووڕە | تا بێژی بەختی کوورە
خێزانی مۆڕومۆچە | تۆراوە لەسەر کۆچە
ژن ژنە بێمەجازە | بیانووگرە، نەسازە
دەستی، لێدەی خراوە | تووڕە بێ دەمدڕاوە
بابادەم دەمقورچاوە | ڕێچاری لێشێواوە
دایکەوا، وا شێواوە | ریسێکی هەڵوەشاوە
داوا، گەنم ڕنینە | نۆبەی ناندێن دڕینە
پۆزوهەوا، کەپرینی | تێرووپڕی دڕینی
پسا تەناف تۆبە | ڕنا گەنم بە نۆبە
شکا دەستووری باری | گەنم گەیشتە زاری
گەنم، ڕۆییە دەروونێ | زگ هاتە هاتوو چوونێ
پێچوژانی، ڕیخۆڵان | قووڕەی گەیشتە دۆڵان
بۆگەنی سووچ و تاوان | کەوتە چۆم و دەراوان
بەو تاوانە خراوە | خێروخۆشی تەواوە
بۆگەن بەهەشتی داگرت | دیلانی شادی ڕاگرت
لە زەوی لە سەمایە | لە هەر لایێ هەرایە
بگر، بگر، ژیاوە | کۆنەبرین کولاوە

پچڕ، پچڕ، پەیا بوو   ڕژا هەچی حەیا بوو
بەلا وەری بەجاریٚ   نە ڕێگە ما نەچاریٚ
گلا باوەگەورەمان   ناخۆشکرا دەورەمان
باوەگەورە شکاوە   تاوانی بەرەو چاوە
کرگەری لێرەنجاوە   فرمێسکی بە لێشاوە
دایکەوا و باوکەوا بوون   جووتێ فەرمانڕەوا بوون
گوناح شەقڵی شکاندن   جلکی بەری دڕاندن
خوا تووڕەیە لێیان   شکاوە دەست و پێیان
ڕووت و قووت و دیارن   سەرشۆڕ و شەرمەسارن
هەڵدێن بێرەوبەوێدا   خۆ وەشێرن لە جێدا
دوو ڕووتەڵێ بە ناون   پەنا و جێگە بڕاون
ڕوو لە هەر شوێنێ دەکەن   گاڵتە و گەپیان پێدەکەن
بێشەومێشەی نەدێوان   هەژگەڵێ سویٚ پەسیوان
چەپڵەیان لێتەقاندن   جلکی بەریان دڕاندن
زێڕ هەڵوەری لە قۆڵان   کەوتە نێو خشتوخۆڵان
هەڵوەری تاجی شایی   شا هاتە سەر گەدایی
حەوا و ئادەم نەماون   دوو دزی دەرکراون
ڕووت و قووتی دزی بوون   تووشی لەڕی و کزی بوون
ڕەنگ لە ڕووان پەڕیون   بێ‌پەنا و بێ‌پەسیون
دایکەوا بێ‌کەوایە   بێ‌باوە ڕوو لە بایە
بەر و بەرمووری زێڕی   خرخاڵی خەت و دێڕی
لیباسی سەوز و سووری   کەمەربەندی بلووری
شەدە و پێچ و کڵاوی   سەرپۆشی بسکی خاوی
لەسەر لەشی خزیون   ڕزیو و هەڵوەریون

خەم و دەردی بەبارن عەیب و عاری دیارن
هەنگووای خەتایە شیاوی هەر سزایە
بابەدەم بێدەماخە چووکە پیاوێکی یاخە
هەڵدەچۆقێ هەژارە چارەرەشە، بێچارە
لە هیوا بەشبڕاوە داماوە، نیوە ماوە
لاڕێ چووە، چوواوە بەهەشتی لێسناوە
قەهری خوا بەتینە لە کێ دریێ، نەبینە
لە سەر چووکە گوناحێ تەجاوز و تەماحێ
سەرشۆڕ و سەربەرەوخوار فڕێ دران سەرەوخوار
تووڕدرانە، زەمینێ بۆ چۆڵی مەککەو چینێ
جێ لە جێگە خراوتر بێ نان و بەرگ و ئاوتر
دوو جوانی لاو بە تەنێ هەریەکەی لە بەندەنێ
تەرە و تەنبێ کراون تەڵخەکی نیوە ماون
خوا نەبێتە یاریان نەماوە ڕێگە چارەیان
هەتاهەتا شکاون ئەسیری بۆگەناون

«سووکە پاشکۆڵێك»

خوای سەما و زەمینێ پشت و بەران دەبینێ
بەر لە بەرەی مەمانان ئادەم هاتە زەمانان
بەهەشتی پێ کەرەم کرد تاجی شاهی لەسەر کرد
مێیەکی بۆ هەوڵ دا شلوشۆڕ و لە گوڵدا
هەوەڵ بووکی بەهەشتێ بۆ ئادەم هاتە گەشتێ
هەوەڵ بووکی جیهانە دیاری دەستی ڕەحمانە
ڕێکوپێك و جوانە کوفرە بێژی نەزانە
کە زانا بوو لەبەر چی کلا بوو بو بە گەڕ چی
بێپرسی تۆ لەپڕدا بۆ گەنم خۆی بە قڕدا
کە نەزان بوو بۆ هێنات بە ئاوی خەم بۆ شێلات
مەیلت لێنەبێ باری بێبارە ڕاست و لاری
ڕەداوکەوتوو لە تۆوەن کەی لە زانست و هۆوەن
هێن وردە ئەو وتارە بیر لەوێدا پەیارە
ئەوەی هۆزان و قۆزە ئەوەی بیری بزۆزە
لەو بیرەدا نەچیرە بێدەستوپێیە، پیرە
شەلوشەق و شکاوە تەڵاشی سەر قوڕاوە
سەرەی بە دەستی تۆیە بۆ کوێ بچێ بە تۆیە
هاتونەهات چکارەن سیفرێکی بێژمارەن
هۆی تاریکی و تنۆکی نابارى یا نەکۆکی
هەوێنی ژانوبرکان هەڵەی بزۆز و کورکان
چ بێهۆ و چ بێهۆوەن پەڕوباڵی لە تۆوەن
کەتۆ نەبای نەبوو بوون بێدەمودەست و دوو بوون
شەیتان شەمی سەما بوو دەم بە حەمد و سەنا بوو

کۆرپەی باوەشی گڕ بوو   لە شەرم و تەقیە پڕ بوو
پۆزت هێندە تێهاویت   هەتا خۆی، خۆی دەراویت
ئادەم لە تۆزێ قوڕ بوو   نەزان و پەست و کڕ بوو
سواڵەتێکی کولۆر بوو   ناحەز، دزێو و بۆر بوو
ویستت لەسەر بوو باری   بێتە سەر باری یاری
حەوات بۆ کردە بووکێ   نە بووک، بەڵکو گوڵوکێ
نە گوڵ، بەڵکو گوڵینێ   جێگە سەجدەی ئەوینێ
گەنمت بۆ کردە پێچاڵ   تا تێیکەوێ سەرومال
ئیتر چ بکا هەژارە   پێشهاتنی پەیارە
لە ویستت لانادرێ   هیچ داوێ بانادرێ
ئەوەی لای تۆ ڕەوایە   لادانی ناڕەوایە
بۆ مەی هەژار چ ماوە   چی بێژم چاو و ڕاوە
گڵمەتی جێ قەڵاتین   بەرەو لێژی نەهاتین
بێگوڕ و هێز و باوین   مەیلت لێبێ تەواوین
مەیلت لێبێ چرووکین   سواڵەتی سووک و پووکین
ئیتر چ ماوە بۆ مان   بیکەینە فیزی خۆمان
بەشی ئێمەی کزۆکە   هەر شین و دادو کۆکە
خوایە زار و زەلیلم   بە دەس ژینەوە دیلم
کوردی هەژار و ڕووتم   جێتەرت و هەڵەمووتم
خرتەوپرتەی ژیانم   وردە وتەی زوانم
بەیت و باو شێعرۆکەم   هۆرە و لۆرە و نارۆکەم
کڵاشی پەڕۆ و هەمانەم   کورتەک و جامەدانەم
قرتکراو و دزێوین   بێڕەنگودەنگ و نێوین
خوایە کوردی کوڵۆڵم   بێجێ پەسیو و مۆڵم

بــڕژێوم خەپلــەی گاڵــە
ئــــەویش بەحاڵـــە، حاڵـــە
چـەکمەم، کاڵـە و پێتــاون
نیـــــوەی ســـــاڵێ دڕاون
وێــڕای ئـەو ژینـە تاڵــەم
تووشــی ئـەو جێگـە چـاڵەم
بــە تــاوانی کوردانــەم
دوچــاری ئـــەو زیندانـــەم
زینــدانی قەســری شــایە
بـــۆ مـــە، مــاڵی بەڵایـــە
خوایــە لێــی وەربگێــڕی
شـــا و شـــابانوو بهێـــڕی
وەرگــەڕێ تــەختی شــایی
هـــــەژار بێنـــــەوە شـــایی
بــەر بــێ بـاخی مـەمانان
بێتـــــەوە خـــانی خانـــان
راوچـــی بێنـــەوە گــۆڕێ
تـــۆڕان، بگـــرن بـــە تـــۆڕێ

١٣٣٩/١١/٢ . زیندانی قەسری قاجار

ڕوخسەتی ڕاو

خوای مەزن هەر لە ڕۆژی بەرێوە،بۆ بەرەی مرۆ، ڕاوی چۆم و گۆم و گەوە و چۆڵگە و چرگەن و هەموو بنە و بەیارێکی حەلاڵ و زەلاڵ کردووە، تەنانەت بەرهەم و تایبەتمەندییەکانی شکاریشی بە ناز و نیعمەتی فرە بەکەڵك نیشانداوە. فەرمان و ڕوخسەتی خواوەندیش بێحیکمەت و سوود و بەرهەم نابێ و نییە بەڵام چاوی دەوێ بۆی بڕوانێ و بڕوای دەوێ هەرەی لە بڕەی وەکا و سوود و بەرهەمی فەرمانەکانی خواوەن، بە خۆی و خەڵك بناسێنێ.

«تایبەتمەندی ڕاو»

ڕاو، ڕاهێنانی دەست و قۆڵ و قاچ و شانوەمل و هەنگاوە. وەرزشە، ڕاسانە، پاشەکشێ و چنگەکرێ و پڕتاوە، ڕوانینە، زانینە و جانەوەرناسینە. بەرداوبەردە، بازبازێنە، گەدەخشکە و نەویبوونە، ماندووبوونە، سانەوەیە، خۆشییە، بزە و قاقا و خۆرانان و ئافەرینە. ڕاو مەدرەسەیەکی ترسبڕە، ڕاوچی کوڕە خاوەن زیپك و بڕە، لە بڕەگان، لە لوورەی چەقەڵ و گورگ و سەگان، لە پشمەی ووشەك، بۆڵەی ورچ و خێوی بنەگان، لە جندو دێو و مۆتە و ئاڵەی چۆڵگە و هەڵەتان، ناترسێ. ڕاوچی چوختی دەبێ، پوختە دەبێ، بە کەلێن و کولێن و پەسیو و پەنایان ئاشنا دەبێ. چی هەبێ لە جوانی سروشت، ورد و درشت، خاو و گشت، شاش و بەپشت، هەمووی دیون، دەیان ناسێ. ڕاوچی بە زمانی هەموو جانەوەرەکانی کێوی، ڕەوەك، گەورە و چووکی، بەزەڕ و بێزەڕ و پووکی، باڵدار و بێباڵ و فسۆك و خزۆکی ئاشنایە، حاڵیە، ڕاوچی گیاناسە، دڕندەناسە، دوور نییە مەدرەسەی ڕاو بیکاتە قارەمان، بیکاتە سەرۆکی ڕاپەڕین و ڕاسانان. ڕاو سوننەتێکی لەمێژینەی کوردانە. لە هەموو خول و زەمانێکدا، بەپێی پێودانی ئەو سەردەمە، قارەمانی ڕاو و شکار، شاخەوان و مەلەوان وردڕووان و هەنگێوە و سیرەڕاست و ڕاستاوێژ، زۆر بوون. ئێستاش، بەپێی چەرخ و خولی سەردەمی خۆمان، لە ڕاوچی لێزان و بزان و شوێنگێڕ و خوزەناس و دەسڕاست، بێبەش نین و بەڵکو تێروتەسەل و تەواویشین. لاوەکانمان زۆربەیان دەسبەچەك و سوار و ڕاستاوێژن. ڕاوی چەك و داو و تۆڕ و تەڵە و کۆختە و سەرە دێوە و دێوجامە و شەدا و شەوارە و ڕاوەچرا

و ... هەموو فەن و فووتێکی تری ڕاوێ. هەروەکوو لێرەدا بۆ بیرەوەری یادی پۆلێك لە کوڕانی کۆڕی ڕاوچییان دەکەم، کە لە ڕاوێکی بێڕاوێژدا، ڕاوبەتاڵم پێکردوون. بۆ ئەوە لە مێژوودا یادیان هەر زیندوو بێ، هەروا بەکۆمەڵ یادیان بەخێر بێ.

«گوندی گوێزێ و ڕاوەکەروێشك»

«کەروێشکە شین»

کەروێشکێ بوو لە بن کێوێ   نە کەروێشك بەڵکو دێوێ
هەڵکراو و چوست و قەڵەو   خۆشبەز، بەڕاپەڕ و پتەو
نەیگەزیبوو بەڵا، دەمێ   نەی دزیبوو قەزا جەمێ
دوورەگەڕی ترۆرچی بوو   بێمنەتی ڕاپۆڕ چی بوو
لەناو تەرت و بەرد و شاخان   دەژیا، نەدەچووە نێو باخان
بێدەسگیران و ماڵ و ژن   نە هەرمێخۆر، نە هێشووڕن
دەژیا دەم و داوێن خاوێن   وەك خەڵیفەی شێخی لاوێن
نە بۆ ژوانێ دەچوو شەوێ   نە خەسووی هەبوو، نە هەوێ
نامەحرەمێ نەیدەبینی   بێگورگە بوو کۆما دینی
نە نوێژێکی دەچوو جەمێ   نە بۆ ژوانێ دەچوو دەمێ
خانووی لەنێو زەرد و بەردان   دوور لە ڕێبازی نامەردان،
دروسدەکرد، بە بیزایان   خۆشتر لە پێتەختی شایان
بەفیز و فەڕ، فرهاوێژ بوو   شەمی شەوی گەلاوێژ بوو
خۆشوخەنی لەناو گوڵان   ببووە دڵداری سوورگوڵان
هەڵدەبەزی دەخولایەوە   سەپان بوو، شا، بە لایەوە
باوەشێنی شووبای شەو بوو   بانگ و سەلاوێژی، کەو بوو
تەپڵی تەقەی، زەنگی شەك بوو   جێهەڵوێستی، سەر کەنەك بوو
تەراز و کۆ، جووتەی کەوێ   بۆی دەرەخسین، زۆربەی شەوێ

لەناو شادی وەها قوم بوو   سەراپا خۆی، لە لا گوم بوو
تێروپڕی، پڕزەی بڕی   خۆی لێگۆڕا، دۆڕا، فڕی
تێروپڕی، ڕەندی دەوێ   دەوڵەمەندی، مەندی دەوێ
کەروێشکە شین خۆی لێگۆڕا   لە تێریدا، کوێر بوو، دۆڕا
تووڕی هەڵدا بەردەمۆرە   ڕۆییە دزی هەرمێ و قۆرە
تاشی، ڕیش و پرچ و سمێڵ   تۆبەی شکاند بوو بە جحێڵ
ڕۆییە سوێگەی کانی و ئاوان   کچان لەوێ دەشۆن چاوان
دەچووە بێشە و ئاو و زنان   جێگەی مەلەی بێوەژنان
خوواناسی چوو لە کیسی   کەوتە خەتی داوێنپیسی
ڕاستە دەڵێن تێروپڕی   هەرالی پێوەیە و دڕی
تێری، ڕەنگە، بتکاتە پەند   بتخاتە نێو چالاو و بەند
بەلای چووکی ئابڕووچوونە   خۆدۆڕان و تێداچوونە
هەرکەسێکی خۆی لێگۆڕا   بۆ هەمیشە دۆڕا، دۆڕا
شینە کەروێشکی بێشعوور   خۆبەزلزان، وەك میری سوور
بێخەبەر لە گێرەوکێشە   مۆرس نەبا، نەیدەکێشا
نەیدەزانی هەتا سەرێ   خۆشی، ڕەنگە نەچێتە سەرێ
لای وانەبوو تەختی شایێ   مێژوو دەیدا بە گەدایێ
وەك نامەردێ زەردوبەردی   نیشتمان و خاك و هەردی
بەجێدەهێشت دەچووە ڕەزی   بۆ ملومۆ و چڵپە و دزی
تەرت و تەلانی جێهێشتن   لە ژاراوی، گونای چێشتن
هاتە نەورم[١] و گوێ ڕێیان   بۆ تماشای پووز و پێیان
لە بن سێبەری کۆلانان   خۆی بادەدا بۆ جێژوانان
سەرەڕێی بێری دەگرتن   ئەوەی نەبا، پێی دەکردن

---

[١] «نێودەن»یش هاتووە.

بێئیجازەی شوانی مەڕی   لەگەڵ بێرییان هەڵدەپەڕی
شوانە چاوی لێبوو جەمێ   ماچی دەکرد کوڵم و دەمێ
شوانە هەر دوو لێوی گەستن   بۆ تۆڵەی کاڵەی هەڵبەستن

«شوانە و ڕاپەڕینی تۆڵە»

شوانەی خەڵکی شێخ چۆپانێ   دەستی دا گورز و گۆچانێ
بەرەو گوێزێ بەزەمزەمە   بۆ لای قالەی حاجی حەمە
هاواری کرد لە ڕاوکەران   ڕاوی خۆیان بەرنە سەران
لێمان دیوە کەروێشکێ زل   شاقەل درێژ، بە شان و مل
نە کەروێشک بەڵکو زاڵێ   خەتخەتی داوێن بە خاڵێ
شەرمێ ناکا لە زەلامان   لێ خەم وەکەن«ڕاوچی» ئامان
بەروبێستانی نەهێشتوون   تۆێخی تەرزوبەری مژتوون

«هاتنی ڕاوچییان»

بە ناوی خوا و ڕەسوولان   ڕاوچی هاتن لە ماقوولان
ڕستەی مەرەز لە قوڵێدا   ڕاپسکووتن بە دۆڵێدا
حەمەمەلا و قالەی حاجی   خاوەن ئەسپ و چەك و تاجی
زانا بە بن بەرد و چۆڵان   گرتییان گەرووی شیو و دۆڵان
بۆی دەگەڕێن تا ئێوارێ   تێیبەردەدەن ڕۆژی جارێ
وەکوو بفرێ بە شابالان   دەبڕێ گەوە و پۆپ و یالان
تێیناکەوێ ئەو بێدینە   دەڵێی سەقری سەربالْ شینە
حەمەسەوزە و مەلا بەکر   زەنا،زەنا هەراو بگر
بۆی دەڕوانن لە تەلانان   پێی لێدەنێن وەك نەزانان
وەکوو کوێران بەجێی دێڵن   دوایە فیکەی بۆ ڕادێڵن
هەر ئەوندە دەردەپەڕێ   ڕاوچی دەبوو هەر لێیگەڕێ

تێیبەردەدەن تێناکەوێ — ڕاوی وا چەپ هەڵناکەوێ

«کۆبوونەوەی ڕاوچییان بۆ ڕەداوخستنی کەروێشکە شین»

ڕاوچی هاتوونە جیٔمۆڵێ — خۆبەزلزان، یەکەی قوڵێ
بە چاو و ڕاو، قۆڵەمیرن — هەموو لە یەکتری زیرن
قالەی حاجی حەمەی گوێزێ — ڕاودۆستێکە قەت نابێژێ
حەمەمەلا و مەلا بەکر — حەمەسەوزەی بیانوونەگر
فەقێ ڕەحمانی گەوهەری — گەوهەر دەڕێژێ جەوهەری
کۆ بوونەوە بۆ بڕیاران — کە چۆن بگرن سەرەوخواران
ئەو کەروێشکە ڕەداو کەوێ — فریای کەبابی شەو کەوێ
موجری بەرنامە، لێزانە — وا دیارە فەقێ ڕەحمانە
هەچەن لە ڕاوێ نەزانە — خەوخەوە و ئێسکگرانە
بەلام هێند بەتام و خوێیە — لە هەموو دیزان ئەسکوێیە
گۆچانی بە بەردی گەیاند — جەلەسەی ڕەسمی ڕاگەیاند
هەستایە سەر میکرۆفۆنێ — پاش سلاو و چاکوچۆنێ
فەرمووی جەلەسە ڕەسمییە — نەتیجەگیری حەتمییە
وتی وتار چەن هەزارن — یەکیان نەبێ هەمووی لارن
بڕیار بە دەس کا قادرە — هەر چی بێژێ ئاقڵگرە
فەرموو قادر هەستە بێژە — چت پێیە بۆمان هەڵڕێژە
قادر هەستا شەرمێونە — سەرمای بووە لووتی گنە
بەشەرمەوە دەستیپێکرد — قسەی قەڵەو بڕیاری ورد
وتی دۆست و برام زۆرن — خاوەن تاژی شین و بۆرن
دەچمە لایان تاژی دێنم — باڵی بازی پێدەشکێنم
دەڕۆمە لای ڕەشیدخانی — میری ڕاوێ دۆستی گیانی

دوو تاژی هەن ناریّ و نازیّ　　بازن لە هەر تەرت و ڕازیّ
شووش و باریك گوڵ و دیڵن　　دوور و نزیك چ ناهیڵن
دەستوور بدەن هەر ئێستاکە　　زووتر بەڕێکەوم چاکە
قادر وتی دە نگی داوە　　پەسنکرا، ڕەنگی داوە
قەبووڵ کرا بیّ‌سەرێشە　　ڕاوچی هووڕەیان بۆ کێشا
هێشتا مابووی بۆ بەیانی　　ماشێنیان بۆ قادر هانی
تویوتا بوو دەندە زەوی　　هێشتا گەلیّ مابوو شەوی
قادر ڕۆیی بۆ کن خانی　　گەڕایەوە بۆ بەیانی
لە بەیانی خورێنی‌دا　　لە سیگناڵی مزگێنی دا
مزگێنی بیّ، تاژی هاتن　　ئەوەك تاژی، بازی هاتن
پەنجە سوور و قەڵاتە زێون　　شارستانی و دیّ دزێون
فێری حەمام و ڕووشۆرین　　دۆخین جیر و کراس مۆرین
کراس کورت و یەخە حەوتن　　خۆشهەڵبەز و ڕەوتوکەوتن
بۆ بازبازێن خولخولە بوون　　لە دیمەنا بیّ‌گلە بوون

حەمەمەلا[1]

حەمەمەلا ڕاوچی خاسە　　لە زۆربەی کاران هەیاسە
بێژن بێتە سەر سۆیی بانیّ　　لە کەشمونەشمیان بروانیّ
زانایە بۆ دیمەنناسی　　ناکریّ بە دەم دەنگوباسی
حەمەمەلای سەرقۆڵی ڕاو　　هاتە لایان بە چاو و ڕاو
بە جووتە تاژی ڕاگرتن　　قەدوباڵای بەیەکگرتن
فەرمووی ناڵێم ناڕەسەنن　　جسنە تاژی لالەسەنن
ئەو جسنە بیّ‌تانە و لۆمەن　　لە گوڵە مەرکوژی دۆمەن
دۆمەی ڕەحمەتی نەماوە　　لاوخاسیّ بوو ماڵی ئاوا

---

[1] – برای گەورەی مامۆستا ڕاوچی.لە دەنگخۆشی و بەیتبێژی و ڕاودا بەناوبانگ بووە.

لە پاش چووان ڕەحمەت چاکە	ئەمن هەر پێم‌دەگوت کاکە
من دۆمەی ڕەحمەتیم دیبوو	ریشی وەك پەمۆ سپی بوو
جسنە تاژی ئەو بە نێون	بەلام هەموو خۆهەنگێون
با پێت بڵێم قالەی حاجی	سوێند بە چاکی قەبرە لاجی
ئەوانە تاژی ئێرە نین	فێری چ کێشەوگێرە نین
شارستانی و چێ نەکراون	پێنەکرا و تێنەکراون
سەرگوێ‌شۆڕ و کلك قنجن	فێری شۆرباوی برنجن
پاشوو نەوی مەچەك بۆشن	فێری قاپقاپە و کالۆشن
نەشمزا و لەسەرحاڵن	فێری سێو و پرتەقاڵن
نەرم و شووش و تێبەرنەبوون	روونە، بێ‌کەڵك و بەروبوون
پاڵەوانی نانی دەرکێن	فێری چڵە و چاوەبرکێن
بووکە شووشەی، بن سینەمان	بۆ تەلانیان نەبەی ئەمان
هەڵدەدێرن، لەسەر شاخان	دەمرین لەبەر حەیف و داخان
بۆڵەی خانت دێتە سەرێ	لەوانەیە حەیات بەرێ
قادر لووتی هەڵەنگاوت	حەمەمەلا، نەتهەنگاوت
ئەگەر ببیە هەیاسی خاس	نە ڕاوکەری و نە تاژی‌ناس
بۆڵەی خانێ وەخۆ دەگرم	سەر ڕاوەکەی، بە تۆ دەگرم
خۆم دەزانم ئەوانە چین	هی دەرکی کێ و لە جینسی چین
ناری و نازێ، بازی ڕاون	هەر تێبەربن، نەدۆڕاون
دەبێ زووتر وەڕێکەوین	بگرین، هەچی بەرز و نەوین
بەبێ پشوو تا ئێواری	پاش‌خۆنەدەین پچك وداری
راوچی‌پێنج وتاژی سێ بوون	یەکلەیە کێ چاتر، چێ‌بوون
حەمە سەوزە وملابەکر	راوچی ژیروسێرە بزر
سەرکولکن و ددان زێرن	شل ڕۆ، دەڵێی شەلوگێرن

حەمە مەلا و قالەی حەمە   بۆشەڕ، هەرخەنجەریان کەمە
فەقێ ڕەحمان چۆماخ وە دەس   ها تۆتە گەڵیان بێ مەبەس
بە فیشاڵ و بە تیتاڵان   هەرکەس لە خۆی دەنێ باڵان
زەردە هێشتا نەکەوتبوو   کەروێشکە شین نەخەوتبوو
راوچی ڕۆیی بۆ جێی ڕاوان   بە فیشاڵ و چاو و ڕاوان
کۆ بوونەوە بۆ ڕاوێژان   کە چۆن بگرن تەرت و لێژان
بە ڕاوێژ و تر و تۆپان   گرتیان پۆپی یاڵ و پۆپان
راو دامەزرا بە شابیران   راوچی وەکوو قۆڵەمیران
یەك بە تاپڕ و یەك بە دار   یەك لەسەر و سەرێ لە خوار
حەمەمەلا و تاژی خانێ   چوونە لووتی پیر چووپانێ
حەمەسەوزە و دێڵەکوڵکن   چوونە سەر بەندەنی چڵکن
قالەی حاجی بە دۆڵێدا   گۆڵە نازێی لە قۆڵێدا
بەتاو تاپڕی دەسدایە   خۆی بادەدا دەڵێی شایە
بەکرەسوور و فەقێ ڕەحمان   بەبێ چەك و تاژی و گۆچان
راو دابەش بوو بە ڕاوێژان   گیرا پۆپەی یاڵ و لێژان
ئەورۆ ڕاوە ڕۆژی پیاوە   شینە فڕی، پاشەڕاوە
هێواش بڕۆن، بڕوانن باش   قۆڵێ لە پێش دەستێ لە پاش
راو دابەشبوو بە فیشاڵان   گیرا گەرووی بەرز و پاڵان
بەش‌بەش کرا خواروو و سەروو   گیرا ڕێگەی دەرەو دەروو
کەروێشکە شین چاوی لێبوو   دوژمن دیسان بۆی بەڕێبوو
نەیدەتوانی هەستێ ڕاکا   خۆببوێرێ، دەرچێ ڕاکا
بۆ کوێ هەڵێ ئەو هەژارە   دەوری بە ڕاوچی حەسارە
گرتوویانە چوار تەرەف   زۆر نزیکە چەق و تەق
کەوتە نەزر و پاڕانەوان   چاوقووچان و خۆدانەوان

بۆ تۆزێ ژین کردی بە شین — روو بە خوا و ئاسمانی شین
نزای گەیاندە سەمایە — نزای تەنگانان، ڕەوایە
روو لە مەرگە گیانلەبەرە — بەرەو خوا پەنابەرە
مەلا ئەبووبەکرە سوورە — چاوی لێیە هێشتا دوورە
ماتەی داوە لە کەلێنێ — بۆ تۆزێ ژین دەناڵێنێ
بەکرە بزەی شادی هاتێ — تاژی نییە بەری داتێ
دەستی دەباتە بنگوێیان — راوچی هێنانەسەر سوێیان
دای لە سێ تەپڵێ تەماڵی — راوچی هەموو کردن حاڵی
هەی تەماڵە تەماڵی خۆم — میری ڕاوی؟ غولامی تۆم
راوچی هەموو بۆی داوەڕین — سێجرتەکی بە هەڵپەڕین
حەمەمەلا هەڵدەداتێ — دەڵێ بە سوورەی بەراتێ
خوارێ و سەرێی لێنەگرن — نەدەیکوژن، نەدەیگرن
تا من دەڕۆمە بەندەنێ — دەخیل نەچن دەستی دەنێ
هۆشو هەبێ دەرنەپەڕێ — هەر دەرپەڕێ تێدەپەڕێ
جندۆکەیە چارەی نایە — تیژپەڕێکە دەڵێی بایە
قادر دەڵێ حەمەمەلا — قسەت ڕەق و گێڕ و شەلە
دەڵێی لە گوێیان دا، کەڕی — هەر بە قسەی خۆت هەڵدەپەڕی
هەر ئێستاکە بەو تاپڕە — دەیکەم بە بێژنگی شڕە
نانا نەکەی قاڵەی حەمە — لێمتێکنەدەی جومعە و شەمە
نایهەنگێوی هێن چەپلەری — دەمانخەیتە دەردیسەری
قادر بە تووڕەیی ڕاسا — چیا لە ترسانی، تاسا
ڕۆ هاتە کۆنە تاپڕێ — نەوەک تاپڕ بەڵکو گڕێ
سێرەی مەرگی لێهەنگاوت — تاپڕ تەقی، نەیهەنگاوت
نەیهەنگاوت وەکوو جاران — سەدان تف و لۆمەی باران

رۆڵەی بەچەنگ بەکرەسوورە   تێپڕۆهێنا توند و توورە
بۆی نەگیرا کاکی دڵتەڕ   پێی حەرام بێ سیغاری زەڕ
کەروێشکە شین لەو لانەدا   لەنێو گەرووی تەنگانەدا
کەوتە هەستی دەستە و کەری   لەناو مێزی دەردیسەری
حەوا کەوت وەکوو بازێ   کەوتە دەمی تاژییە نازێ
تێپڕۆهێنا هەل و بردێ   لەسەر سوێگەی زەردوبەردێ
نەکردە بوو هێن تێشکا   بۆ هەمیشە شل بوو شکا
ناریێ نۆبەی کەوتە دەستی   تێیڕۆهێنا دەمودەستی
لە ڕەوەزێ کەوتە خوارێ   قووڕەی نەبڕا تا ئێوارێ
تێڕۆهاتن تاژی و توڵە   بۆر و کوڵکن شڵە و قۆڵە
ئەو لێیدەدا دەیدا بەوی   بوو بە تۆز و خومار زەوی
دایڕژانێ نۆبە نۆبە   تەنگانە بوو خوا تۆبە
کەروێشکە شین جانانەیە   قارەمانی تەنگانەیە
کەوتە فیلێ و بادانەوان   پاشەکشێ و گەڕانەوان
کەوتە شیو و تەرت و پالان   تاژی و توڵە بۆی داماڵان
ئەوەی دەمی تێژمنی بوو   ڕێگەچاری لێتەنیبوو
هەر ناریێ بوو نارەی دەهات   تێیڕۆدێنا بۆی نەدەهات
کەروێشکە شین ویستی دەرچێ   خۆی باوێتە گێژ و پەرچێ
لە لای قالەی حاجی حەمە   ویستی دەرچێ لە هەمهەمە
ویستی خۆ باوێتە خوارێ   دەرچێ لە دەس تاژییە نارێ
ناریێ وەهای دەم تێنابوو   شادەی مەرگی پێ هێنابوو
نەیزانی قادر دڵپڕە   دەستی بە ماشەی تاپڕە
ئەو فیشەکی گورچووبڕە   چوار گوللەیە پڕ لە گڕە
لە لانێدا نەیپێکاوە   لۆمە پوورەی لەسەر داوە

دەیهەوێ ئابڕووی پێ وەکرێ — لە غارێدا جیگەی بڕێ
سەری بردە سەر تفەنگێ — هەڵوەرێنێ تانە و نەنگێ
دووکەڵ لە تاپڕ دەرکەوت — نێچیر ڕۆیی و تاژی کەوت
چەکی دەستی نەهەنگێوان — ڕاوی لە ڕاوکەران شێوان
ڕاوچی دەبێ هەنگێوە بێ — قارەمانی ئەو نێوە بێ
ڕاوچی دەبێ تفەنگچی بێ — بۆ ڕاو، چەپلەر، کەڵکی چی بێ
چەپلەر بەڵایە بۆ ڕاوێ — دەبێ چەك بێ، قسەی ناوێ
ڕاوچی بێبڕ، هەموو دڵپڕ — بە تیتاڵ و قسەی دەمشڕ
کۆبوونەوە هەناسەتەنگ — بە نیوە ئاشتی و نیوە جەنگ
ڕێکی قسان، فەقێ ڕەحمان — وریا، زۆرزان، لێزان، بزان
زەردەی هاویشتە سەر لێوان — بۆ ناو بڕژی و قیڕەی نێوان
هاتە گوفتار و قسەی قوت — لە دڵان درا، بە دەم چی گوت
گوتی برام لێك مۆڕ مەبن — سواری پلوتکی قۆڕ مەبن
ڕاو بە ڕۆژ و کات و هەلە — زیندەوەر زیندووی ئەجەلە
قادر لە مێژە ڕاوکەرە — هەنگێوەیە، کەی چەپلەرە
ناوداریکی ناوچەی ڕاوە — هەنگێوەیی قادر، قاوە
لەگەڵ ئەجەل هیچ ناکرێ — زیندوو بێ‌ئەجەل نامرێ
برام بۆ هەموو جانداری — ئەجەل هەیە، کاتی جاری
ئەو کەروێشکە وەختی ماوە — دەنا قادر پیاوی ڕاوە
سێرە ڕاست و هەنگێوەیە — ناوداریکی ئەو نێوەیە
کەروێشکە شین نۆبەی نەهات — بە دەس خوان هاتوونەهات
مزگێنی بێ تاژییە ناری — لەگەڵ ڕووداوان دەچاری
برینەکەی کەپکە و حیزە — دوو سێ جاران پێی‌هەڵمیزە
حەکیم و لوقمانی ناوێ — دێتەوە ڕاو بۆ جێی‌ڕاوێ

کەروێشکە شین و شینگێڕی

نەجاتی بوو کەروێشکە شین — هیوابڕاو، نەبوو لە ژین
نەجاتی بوو بە حاڵەحاڵ — لێیدەچوڕا خوێنی زوڵاڵ
هەلا، هەلا، لەشی شلی — پڕ لە برین شانوملی
هەڵدەتووتا لەش بەبرین — هەنیسکی سەر چاوی بەشین
دەناڵێنێ بووە دڵڕێش — جەرگی سەمای بۆ دێتە ئێش
لەگەڵ خوا کەوتە وتار — گلەی هەبوو نەیەك، هەزار
دەیگوت ئەی خاوەنی زەوی — ئەتۆ بەرز و ئەمن نەوی
تۆ خالق و من مەخلووقم — پێدەزانی چەن شلووقم
من نەبوو بووم، تۆ هێناتم — پێمخۆشنەبوو، بۆ شێلاتم
بۆچی ئاوات هێنامەدەر — سەرلێشێواو، بێسەرەدەر
چی تێدەچوو بڕێ زل بام — خاوەن مەچەك و بەمل بام
یا نەبووبام، یا وا نەبام — ئەوەن چووك و ساوا نەبام
نەکەر بو بام، نەکەروێشك — نە مێشکخۆر نە بێمێشك
ئەی خاوەنی نەخش و کران — لە دڵ مە گرە وتەی گران
روونە هەژاری دەستی تۆم — قەڵتوبڕی، مقەستی تۆم
نەم گەرەکە، ژینی دیلی — کەمێ ژیان بەڵام فیلی
ژینی کۆیلەتی، چرووکە — گەڕی و گەڕۆڵییە، پووکە
کێ پێیخۆشە، هەموو هەلێ — بێتە حەلەلەی سەگەلێ
نەبێ باشە بەوجۆرە ژین — ژین کەوا بێ، خۆشە نەژین
چارم نییە دەڕۆم لێرە — دەم فەوتێنی، بەکرە شێرە
وا تێکدەخەم باروبنەم — کەس نەزانێ شوێنەونەم
لە ئاژاوە دەچمە دەرێ — دەچم بۆ لای پەنابەرێ
بە جێدێڵێم زێدو جێگام — با بەس بگرن، لە ڕێ، ڕێگام
کەروێشکە شین بە خەیالان — دەفڕێ بە هەر دوو شابالان

لە گەرووگای هەژاریدا
کوفری دەهات بە زاریدا

کفت و بریندار و جەدەو
کەوتە مێزی وەنەوز و خەو

چاوی چوونە بیرەخەوێ
تا هاتە ڕوو جووتەی کەوێ

لە خەو هەستا جولایەوە
سووڕێکی دا و گەڕایەوە

بیستی دەنگێ لە نزیکی
ناسکتر لە دەنگی پیکی

دیتی، سیسرێ، بۆی دەخوێنێ
هێواش هێواش دەیدوێنێ

بە زمانێکی شیرین دەڵی
نامەردە ئەو کەسەی هەڵێ

زۆر ناخۆشە دەربەدەری
بێدەرمانە، ژانەسەری

نیشتمانت بەجێبێڵی
زۆڵی، نێرینەنی، دێڵی

لە هەر لا بەکرە کوێرە هەن
سەگ و تولەی بێخێرە هەن

خاوێن بژی و هەر لێرە بە
بێخەم لە کێشەوگێرە بە

نێر بە خاوەن بیروڕا بە
بۆ نیشتمانت، فیدا بە

شەهید بی زیندوو ژیاوی
لە مێژوودا، لاوی، ماوی

٦٨/١٠/٢

بووکەسوورەی کۆشکی سوور

لە گوندێکی ڕازاوەدا — گوندێ خانێ، لەو ناوەدا
سەردەمێکی ئاوارە بووم — دەربەدەر و غەوارە بووم
هیچکەس نەناس، بێکەس بێدەر — بێگیان بەژان بە دەردیسەر
ڕووتەڵ، بێشام، شایی بەخۆ — بەخەم، بێجەم، بێنان و دۆ
بێتووتن، بێقلیان و پەڕ — بەلەش پیر و بە دڵ دڵتەڕ
بەخەم، بێخەو، کاس و وڕ بووم — جەمێ پڕ و سەدان قڕ بووم
جێگەی شادیم پیاسە بوو — بەڵگەی مانم، هەناسە بوو
کۆشکێ هەبوو، لەبەردێدا — کێ دەیزانی کێ لەوێدا
باڵەخانەی خانی دێ بوو — وەکوو جلکی بووکان نوێ بوو
بەرز و بڵیند و بەڵەک بوو — تەلەسمی پۆز و کەڵەک بوو
خشتی لە ئاڵتوونی سوور بوو — ئاڵتوون چییە؟ مەکۆی نوور بوو
باخەگوڵ بوو، دەوروبەری — دڵان دەبوون بە مشتەری
کرێوە با، یا بارانە — دەچوومە وێ ئێوارانە
دەچوومە وێ، بە خۆبادان — بۆ تۆسقاڵێ خەم بە بادان
لەناو گوڵان دەخولامەوە — بە بیرۆکان دەکولامەوە
هەرگا گوڵێ خۆی دەبزاوت — گیانی منی هەڵدەتاوت
هەچی مەلێ دەیجریوان — ئێسکی لەشم دەیزریوان
ئەوەی زیاتر دایدەبێژام — ژاری تاڵێ[1] پێ دەچێژام،
ئەو کۆشکە بوو لە بەردەما — بن لە زەوی، سەر لە سەما
کۆشکێ لەنێو باخی گەشا — حاکم بەسەر ڕووت و ڕەشا
بەشی زیاتر بەوی دێشام — ڕیشەی دڵی ڕادەکێشام

---

[1] "ژاری مار"یش هاتووە.

ئەو تەقسیمە کێ کردوویە؟
بە خوێنی گەل ، خان زیندوویە

لەو کۆشکەدا، پەنجەرەیێک
روو بە چەم و مەنزەرەیێک

کرایەوە بە هێواشی
سەدان دەردی تری تاشی

دیتم چاوێ لێمدەگەڕێ
رەنگە لێرەش لێمنەگەڕێ

چاوێکی گەش بۆم دەڕوانی
جوانە وەکوو چاوی گیانێ

چاوی بووکێکی بەدیمەن
جوانتر لە بەهار و چیمەن

پەردەی بە هێواشی لادا
ویستی، خەمێ وەبەر بادا

هەرکە پەردەی هەڵدایەوە
سەدان دەردم دەکولایەوە

جاروبارێ دەیدواندم
لەناو خەما دەینوواندم

بووکێکی سوور، لەناو بەندێ
شیرین وەکوو شیلەی قەندێ

بە ئیشارە، بە زمانی حاڵ
حاڵی کردم، ڕووداوی تاڵ

حاڵی کردم، نەوەك بەزار
دەردەدڵێ، پێی بوو هەزار

کوتی، لێرە بەندم، بەندم
پۆڕی ناو تۆڕ و کەمەندم

بەندی خانی خاوەن پارەم
ئەژنۆ شکاو، پارەپارەم

گەردنی کێل، ڕوومەتی سوور
لالەشی ڕووت، بەلەکی توور

شلکەڕانی توورت و نەرم
بنکەی کەمەر، جێگەی شەرم

کەوتوونە دەس کەمەرشکێن
خانی خاوەن پۆز و ڕدێن

گوتی بووکی ناو زێڕانم
بۆ تۆ نییە چاوگێڕانم

بۆ ئاواتم چاو دەگێڕم
نەوەك بۆ تۆ، برای گێڕم

چاوەڕوانی هەڵێکی وام
بێتە دەرێ ڕۆژی هیوام

چاوەڕوانم بۆ کاوەیەك
هەڵگرێنی ئاژاوەیەك

تێکڕووخێنێ لە بن، کۆشکان
تێکشکێنێ، سەر و مێشکان

---

١ "تاشلۆرە"ش هاتووە

٢ "لەشی"ش هاتووە

مێشکە سەری هەژارکوژان، / بەسەر یەکا بێتە پژان
بووکەسوورەی کۆشک سووران / بێنەوە ڕیزی ڕووسووران
بە بای نەرمی ئازادییەک / هەمووو دەردی بێدادییەک
بە بادادەن لە گوێ چەمان / بکوتن لێو و دەمی خەمان
گوێ ڕادێرن بۆ بالۆران / بۆ حەیران و لۆرە لۆران
بلوێری شوان، لاوە لاوە / قاڕەی مەڕ و بەرخی ساوا
شوان و بێر و هۆهۆی مەڕان / تاشەللۆرە[1]، وێڕا گەڕان
قاقا، جەفەنگ و هەڵبەزین / چنگەپۆپە، یەکتر گەزین
چاوەبڕکێ، ئاو پرژێنە / خۆلارۆکێ، مەشکەژێنە
هەقری‌مەقۆ بادانەوە / بە ئازادی سووڕانەوە
سەدان کۆشکی بە پانەوە / دەبەر مرێ، بە خانەوە
دەستی کێشا پەردەی دڕی / نیشانیدا، گیانی[2] سڕی
گوتی خانی خاوەن پلان / چەقڵی چاوی، چاوبەکلان
خانی خاوەن پارە و قۆشە / بۆ خۆی دەوێ پارووە خۆشە
تا نەڕووخێ کۆشکەسوورە / بەندی دەبێ، بووکەسوورە

١٣٤٤ . گوندی پشتئاشان . کوردستانی باشوور

ماری شێخ ئۆمەری

وەك بیستوومە لە هاودەمان — لە شوعەرا و گوڵ بە دەمان[1]
لە ناو ماڵی گەورەماڵان — لە داستانی کۆنەساڵان
ڕۆژێ هەبوو شێخ ئۆمەرێ — لە کوردستانی پشدەرێ
خوواناس و نوور لەسەر بوو — بەتام و بۆن بەسێبەر بوو
خێری خوا بوو لەسەر زەوی — پەنا بوو بۆ سرك و کەوی
شێخ بوو، بەهێز بوو، بێبێز بوو — فریشتێکی بەپارێز بوو
چی گفتولفتی زاری بوو — بەهەشت لەوێڕا دیاری بوو
جند و دێوی دەدواندن — خاشەی دەبڕین، دەینواندن
دەچووە ئاسمانی ئەستێران — ژێر پێی دەنا سەری شێران
ڕازاوە بوو کەپر و کۆزی — زۆری هەبوو ڕزق و ڕۆزی
نەدەوەستا لە زرێیان — گرێگوشا، لە گرێیان
ڕووگە بوو، بۆ دەروێشۆکان — ڕووبەڕووی بوون لەسەر چۆکان
باوەشێخی، چاو بەشینان — مەڵحەم بوو، بۆ سەر برینان
بۆ زۆربەی دەردان دەوا بوو — بەرنووا بوو، خێری خوا بوو
ساڵی هەوەڵی بەهار بوو — باران لەسەر زەوی سوار بوو
زەوی لە ناو تێروپڕ بوو — کوێ قاقڕ بوو، لە گوڵ پڕ بوو
دەشت و زوورکان، لێر و کڕاڵ — تەرت و تەلان، پەسیو و پاڵ
بەگوڵ، بەچڵ، بە خونچەی ئاڵ — ببوونە بەهەشتی خەیاڵ
شێخی جوانی، خەیاڵاوی — ڕۆژێ خەیاڵ هاتە ڕاوی
خەیاڵ داوی بۆ نایەوە — گرتی و بردی و پێچایەوە

---

[1] «لە خۆشدەمان»یش هاتووە

بەرەو چیا پێی هەڵگێڕا   سەدان خەیاڵی وێگێڕا
دیمەن، دیدار، گەشت و گوزار   قاسپەی کەوان، ڕەنگی بەهار
تکەی ڕندوو، فیکەی مەلان   زیقەی شالوور، لوورەی تەلان
سەدان هەزار دیمەنی تر   هۆرە و لۆرە و سەربەندی تر
لە دڵی شێخا بوونە خۆرە   هانیان دەدا، نۆرە نۆرە
ئاقیبەت شێخیان بەپێخست   بەرەو کوێستانیان وەڕێخست
شێخی جحێڵ، بەربەیانێ   بۆ تۆزە خەم بە بادانێ
بۆ تماشا لە دیمەنان   لە زەردوبەرد و چیمەنان
بەرەو چیا پێهەڵگەڕا   بۆنی گوڵانی سەرگەڕا
گەیشتە باوەشی شاخان   جوانتر، لە لاچاوی باخان
نە شاخ، بەڵکو بەهەشتی چاو   پەرژینی گوڵ، بەگوڵ کراو
بۆنی بیزا و گیابەند و خاو   هەڵز و کەما، بێژانی لاو
بڕکەهەڵاڵە و چەورۆکە   گوڵاڵە، کاشمە، مەندۆکە
چاوەکوتکە، خۆشهەڵکەنە   بەڵگەنەسیر گیا بەڵگەنە
نۆکنۆکیلە و جاوەڵووکە   گیاچۆلەکە، سێوەڵووکە
گەزنەخۆرە، گیا بنێشتە   گیاپلاوە،لووشە چێشتە
پێچکەکوڕادە، گێلاخە   قەیتەرانە، گوڵقەباخە
چەقە، چەورین، بۆڕەسوورە   لۆشین، چەقەلۆ، چنوورە
سوێسن، وەنەوشە، هەلاوە   قاتەڕەشین، بنکۆلاوە
شنگەشاخە، گیابەرخۆڵە   گۆبەڕۆکە، گەلاسۆڵە
هێرۆ، تەڕەزەن، مێلاقە   شیرینشۆکە، تەنیالاقە
پنگە، گەزیزە، گەزگەزە   مژمژۆکە، گیاترشۆکە، تاڵەگەزە

سەدان گوڵی تری بەڕوو — هەموو نەخشی خوا لە ڕوو
لە ڕەنگ و ڕوو هەموو تەیار — بوونە نەخشی، بوورە و بەیار
لە ڕووی چیاخاڵ و کەزین — بوونە جادوو بۆ دڵ دزین
بوونە ڕاوچی بۆ ڕاوەچاو — وریا نەبی دەکەویە داو
گوڵان، کۆکۆ، خۆدەنوێنن — دەیانەوێ شێخ بدوێنن
دەیانەوێ شێخ بدۆشن — تەپڵ و دەف پێ بفرۆشن
جبە و عەبای لەبەر بدڕن — هەرزان شەرم و حەیای بکڕن
گوڵێ بەچاو یەک بە داوێن — تیران، بەرەو شێخی داوێن
پۆلەگوڵی مێخەک لە کل — چاوڕەش، بەبێ کلدان و مل
شلونازا ودەمبە بزەن — فێری فێڵ و فووت و گزەن
لەگەڵ شەوبۆی لەچکە تۆڕی — ڕێگەیان لە شێخی گۆڕی
وێرا هوجومی بۆ دەبەن — بەندی دڵی لە بەند دەبەن
گوڵێ چاوی لێدادەگرێ — یەک، گوڵاوی بۆ ڕادەگرێ
یەکێ شێعری پێهەڵدەڵێ — یەک داستانی لەگەڵ دەڵێ
یەک لاتاوی پێدا دەدا — یەک پێداوی، بۆ بادەدا
یەکێ دەستی پێ هەستری — یەک بە مستێ جەرگی بڕی
یەکێ یەخەی بۆ کردەوە — یەکێ شەرمی لێ شردەوە
یەک نەقورچی لێبادەدا — یەک کراسی بۆ لادەدا
یەک ڕوومەتی دەخاتە دەم — یەک هەناوی دەخاتە خەم
یەک دەبێتە حەیا دۆشی — یەک بۆ ئۆیین دێتە کۆشی
یەکێ بسکی بۆ بادەدا — یەکێ عەمری بە بادا دەدا
یەکێ سەمای لەبەر دەکا — یەک ئەوینی دەبەر دەکا
یەک ئەوینی تێدەڕێژێ — یەک بە نیگایێ دەینێژێ

گوڵی پەسیو و پاڵ و شان ‌‌ دەسیان لە شێخی وا وەشان
خۆی لێ ونبوو هاتە دۆڕان ‌‌ بیر و بەراوردی گۆڕان
لەو لاشەوە شووبای گەوان ‌‌ دەنگی مەل و قاقای کەوان
شمشاڵی شوان، قنەی بێری ‌‌ مرقەی بەران، نکەی نێری
گوڵچن، کوێستانچی، کچ و کوڕ ‌‌ چاوڕەش، هەنگێوە، بەلەك پڕ
قریوە، باڵۆرە، ڕاپەڕین ‌‌ نزا، نیاز، تێکڕا خوڕین
بێنە و بەرە و نابێ لاچۆ ‌‌ زۆران، قوولات و قەڵاچۆ
قاقا و لیقە، لێكڕاکێشان ‌‌ چنگەپۆپە و چۆپیکێشان
لەچکی تەنك، خامەکی شین ‌‌ بەرۆکی ڕووت، کراسی چین
لەمپەری شەرمی، هەڵبڕی ‌‌ ئابڕووی شێخی بەلاش کڕی
شەیتان فرسەتی لێهێنا ‌‌ شێخەتییەکەی وەژێر پێ نا
جوانی بسك و کەزێ شۆڕان ‌‌ شێخیان هێنا باری دڕان
بڕکەزێڕی گوێبەگواران ‌‌ شێخیان هێنا ناو قوماران
ڕەشبەڵەکی کیژ و کوڕان ‌‌ دەف و تەپڵی بە شێخ دڕان
بەندی بەرۆك جەرگی بڕی ‌‌ عەبای شەرمی شێخی کڕی
گەڕی شەیتان هاتە قۆپی ‌‌ شێخی گەیاندە سەرچۆپی
کەوتە داوی خەج و زینان ‌‌ ڕۆیە، ڕێزی دەسگوشینان
بوو بە بەیتی فڕیفڕی ‌‌ لە ڕووی ڕووان حەیا فڕی
بۆ شێخ بەحەشتە سەرزەوی ‌‌ ئەوەی هەبێ چش بێ، لەوی
شێخم پۆنگە لە مەستیدا ‌‌ جووتەی دۆیان لە دەستیدا
هەڵدەپەڕێ، سێجرتەکی ‌‌ چەپی، سێپێیی، گردەکی
شێخە و دەستی نەرمونۆڵە ‌‌ دۆگێڕە، ژیرە، پیتۆڵە

شێخۆمەرم، دوو لە ڕووتان   بوو بە شێخی بەلەکڕووتان
سینەی سپی، پشتێنی شل   لێوی گۆشتن، چاوی بەکل
بۆنی سمڵ و مێخەکبەندان   تاموبۆنی قام و بەندان
دەسرەی دەسی چۆپیگێڕان   سیلەی چاوی، چاوبگێڕان
ڕێگەیان لە شێخی شێوان   کەوتە بیری دەم و لێوان
لەگەڵ بسك و کەزێ شۆڕان   تا ئێوارێ نسێ شۆڕان
چی نەدەبوو بیکا، کردی   لە دین چی پێمابوو شردی
تۆبەی بەسەر یەکا شکا   حەیا هەچی مابوو تکا
ئێوارێیە و نسێ بۆرن   کەزی شۆڕ و کراس مۆرن
شێخیان لە شایە هەڵبری   حەیا چی بوو لێیان کڕی
بردیانە سای پێچك و داران   بوو بە پاروووی دەم و زاران
ڕۆژ گەیشتە ڕۆژاوایە   شێخم هەر گەرمە سەودایە
سێبەر گەیشتە کەڵەکان   بەر بوو دەستی ڕەشبەڵەکان
بەر بوو دەستی گەرمە گەڕان   سووتا هەناوی دڵتەڕان
شێخم لەگەڵ ڕووبەخاڵێ   گەڕایەوە بەرەو ماڵێ
لە ڕەوەزان هاتە خوارێ   دیتی دیارە کەڕەمارێ
هەڵدەلەرزێ بە سەرمایە   دەربەدەر و بێئەنوایە
سەرمایەتی، ڕووت وقووتە   شێخۆمەر دڵی پێسووتا
وتی مارە و گیانلەبەرە   تووشی بەلا و دەردیسەرە
نەخۆشی دەستی سەرمایە   دەیبەمەوە خێری خوایە
دەیبەمەوە گوێ تەندوورێ   دەیکەمە مۆجزەی ژوورێ
نەوەك بڵێن شێخ دۆڕاوە   ودم و فەڕی لە دەسداوە
تا مارم بێ هەر شێخ دەبم   خاوەن دەروێش و مێخ دەبم

ماری بردەوە بۆ ماڵێ جێگەی بردە بن هەرزاڵێ
تا وەبووژێ بە گەرمایە گیانلەبەرە و بێ‌ئەنوایە
زۆر پێنەچوو مارەکەرە بووژایەوە خێوی شەڕە
چاوی زیت و گەش و هاری خەیانەتیان لێدەباری
هێندی دایە شێخی نەمر جەرگەقەل و شێوی کزر
یەک موورە بوو، سەروبەری بوو بە ماری شێخۆمەری
لێرە و لەوێ باسیان دەکرد سۆق ریشن، دەروێشی ورد
دەیانگوت هیممەتی پیرە ئەو مارە وا ڕام و گیرە
پێوەنادا تۆبەکارە لەغاوی شێخی لە زارە
مار مایەوە تا بەهارێ کەوی ببوو، ببووە یارێ
بۆنی بەهاری پێگەیی مار وریایە زوو تێگەیی
مار هەر مارە نابێتە یار چاکەی لەگەڵ بکەی هەزار
مەگەر ڕۆژێکی نەمێنێ زەبری خۆی هەر دەوەشێنێ
مارە و ماتی خەیانەتە چاوەڕوانی یەک فرسەتە
ویستی زەبرێ بووەشێنێ شێخی نەزان تێگەیێنێ
بێژێ دوژمن بۆ دۆس نابێ بۆ نێوماڵ و جێ‌کۆز نابێ
ئاواڵە بوو، دەرگا شەوێ دوژمن ئیتر چیدی دەوێ؟
دەبێ هەڵێ لە زیندانێ بڕواتەوە بۆ کوێستانێ
هاتە سەرخۆ مارەکەرە وتی هەڵە و هەلی شەڕە
تەمای کردە کوڕی شێخی پڕ کا لە ژار، پێستی، تووێخی
بۆ لای کوڕی شێخی خزی نەرمایی ڕوومەتی گەزی
ئەوکی گەزی ژاری تێخست خۆی دزیەوە، بێ‌هەست‌وخوست

کوڕی شێخی تازەلاوێ جوانتر لە تیشکی هەتاوێ
تاقانە بوو، چواردە ساڵێ جوانتر لە جوانی خەیاڵێ
جوانتر لە دیمەنی زێڕان ڕەوان وەکوو پیت و دێران
کوڕ کەوتە ناو ئێشوژانێ چاری نەکرد چ لوقمانێ
زوو بۆ مەرگ، هاتە سەری بۆ شێخ ماوە قوڕبەسەری
شێخ ئۆمەرم مەرگە مانی پەشیمانە لە تاوانی
ڕەشبەڵەکی ڕۆژی بەرێ ئەو بەڵایەی هێنا سەرێ
لەوە گەڕێ ئەوی ڕۆیی لە دووی مەڕۆ، ڕۆیی، ڕۆیی
پەند وەرگرە لە ژیانان لە پسپۆڕ و لە لێزانان
دوژمن نابێ هەلی دەیەی جەرگەقەل و مەلی دەیەی
گورگ گورگە، کەوی نابێ بەرزی وەکەی، نەوی نابێ
زاڵم هەرچەند بێپەرستی زەلیل دەکەویە بەردەستی
بابی هەموو قسەی تەیار نەزانیە وەرزی بەیار
شێخۆمەرم نەگۆڕابا وەکوو بیستت نەدۆڕابا
مار نەدەبوو بە مێملی نەدەوەری، بەری دڵی
تاکوو تۆ دوژمنپەرستی هەر شکاوی هەر شکستی
دوژمن قەڵەو بێ تۆ لەڕی پاروەخۆشەی دەمی تەڕی

١٣٦٨/١٠/٦

نەخۆشی بەرەو گۆڕ

نەخۆش و دڵپڕ لە خەمم   لەشم گەرمە دەڵێی شەمم
جیهان لەبەر چاوم تەمە   ئەوەی تێمئاڵاوە خەمە
هاوباوەشی دەردوخەمم   ئەوەن وشکە لێو و دەمم
دەستی هیوای بەتاڵ کردووم   بەرەو مردنی قاڵ کردووم
شەختەی مەرگم لێباریوە   بەرگ و گەڵام هەڵوەریوە
لەرزوتاوم هێن لەسەرن   ڕەنگە بەرەو گۆڕم بەرن
غڵەدەی زمان و زاراوەم   دیارە دوو چاری ئاژاوەم
مەرگە میوانی ئەو جارەم   ئەژنۆ شکاو پارەپارەم
مەرگە، گەرم بۆ دەگێڕێ   بەرداشە، لاشەم دەهێڕێ
لێم وەکۆبن خزم و برام   لە ژین کوژاوەیە، چرام
کە دەتوانن زوو بمگەنێ   دەوای نەمردنم دەنێ
ئەگەر گەل و ئەگەر هۆزن   ئەگەر شێخ و پێ پیرۆزن
ئەگەر خاوەن زێو و زێڕن   لە دەس ئەو مەرگە، وەمگێڕن
ئیزرائیلە، میوانی نوێم   جارجارە، سەر دێنێتە سوێم
پێمدەڵێ کوا زێڕ و زێوت   کوا حاکم و میر و خێوت
کوا حەکیم و نوشتە و دێرێ   لە دەس ئەو مەرگە وەتگێڕێ
زۆر توونیمە، تەنگەتاوم   ئاو دانادا، گەرووی خاوم
بەلۆکە ئاوم، بۆ بێنن   تکتک لە گەرووم تکێنن
چاوم لە چاوان تۆراون   زەق وەستاون، ڕاوەستاون
با بێنە لام، چووک و گەورەم   وێڕا دانیشن لە دەورەم
تێیانفکرم کەمێکی تر   ڕەنگە نەیانبینم چیتر
چ نەزان و چ پسپۆڕم   نۆبەی خۆمە، بەرەو گۆڕم
لای ئێوە کەمێکم ماوە   ئازادم کەن، ماڵتان ئاوا

کوڕی گەورەم وەرە پێشێ
بڕوانە بابت کوێی دێشێ

زەحمەتم گەلێ کێشاوە
هەمووی بۆ تۆ بەجێماوە

کوڕم دەنگت گەلێ شیکە
لە گوێم دەڵێی سازوپیکە

دەبۆم هەڵدێرە قامێکی
قامی، شینگێڕی بابێکی

سەبر، سەبر لەبن سەرم
بە سۆزێکی، سۆز و نەرم

بۆم بێژەوە، ڕۆڵەی نەجیب
سرودی بەرزی ئەی ڕەقیب

لاتوانەبێ، بابت دەمرێ
لە گۆڕا سەنگەرێ دەگرێ

لە مەرگی بابت، مەترسێ
دوژمن لە کێلی دەترسێ

بۆم هەڵدێرە، بە دەنگی خۆش
نە شین، بەڵکو شادی، تۆ خۆش

هەوای ئازادی گەل بێژە
با گوێم لێبێ، جا بمنێژە

بۆ ئازادی، بێژی، کوردی
خۆت ناسیوە، ژیری، وردی

ئازادی، پێخۆرە، بەرگە
ژینی بێ‌ئازادی مەرگە

بۆ ئازادی بەخەم نەبی
باشتر وایە نەبی، نەبی

بۆم هەڵدێرە، کوڕی پیاوان
بەیتی ڕۆژی ڕوونی لاوان

بۆمهەڵبلێ بە شۆڕشان
دژی مەغوول و کۆرشان

بێژە بۆم بەیتی دونیایە
چەن بێ‌بەزە و بێ‌وەفایە

دونیا لە کێ نەبووە دەلال؟
کێی نەهێنا، نەینا لە چال؟

خانی، جزیری، بارزانی
هەژار، هێمن، موکریانی

سەدان هەزار لێزانی تر
خاوەن چەك و زمانی تر

بەرگی مەرگی دەبەر کردن
دەگۆڕێ، ڕەشی ڕاکردن

کوڕم بە ژین بایی مەبە
کوڕی قۆشە و شایی مەبە

بۆ هەژاری خەڵك بگری
لە کەڵکی خەڵکیا بمری

بۆ ئازادی ڕابی — لاوی
پاشی مەرگ هێشتا ماوی

بەژێردەستی ڕازی مەبە
مەیموونی دەس‌بازی مەبە

شەیتان داوت لە ڕێ نەدا　　شەڕافەتت ژێر پێ نەدا
ترس ڕێگات، پێنەگۆڕێ　　بێ‌نێو، نەڕۆیە نێو گۆڕێ
بۆ من بەخەم دامەمێنە　　رابە، خوشکەکانت بێنە
بێنە لام و مێزم لێدەن　　مەڵحەمی شیوەنم لێدەن
بۆ بابی ئازادی نەدیو　　بۆ کۆمەڵی شادی نەدیو
بۆ هەڵودا و تەرەکەمان　　بۆ ڕووتەڵ و دڵ بەخەمان
بۆ هەژار و ڕەشوورووتان　　بۆ شەهیدی هەڵەمووتان
بۆ دیلی ناو کۆتوبەندان　　هەڵبەستن، هەڵبەست و بەندان
بۆ ئازادی بژین، بمرن　　تا دەستی ئازادی دەگرن
ژینی بەئازادی، تاوێ　　بەحەشتە، هیچ گلەی ناوێ
بێژن بە دۆستی بلاوم　　لێیموەکۆبن هەتا ماوم
پێش ئەوەی لە خاکم ڕاکەن　　گەردنم بەدڵ ئازا کەن
دوا مردنم وەکوو شێران　　بگرن ڕێگە و ڕچەی مێران
تەماح لەتوپەتوو نەکا　　تووشی دار و پەتوو نەکا
لەگەڵ یەکا وەکوو یەک بن　　بەکۆمەڵ بن، نەیەک یەک بن
بەکۆمەڵ بن، سەردەکەون　　یەک‌یەک بژین، بن دەکەون
خۆگەز نەبن، بەکەس دەبن　　یانی‌گر بن، بێکەس دەبن
چڵپەوتڵتە، نەتان گۆڕێ　　باوی لاویتان نەدۆڕێ
بە ڕووسووری بژین، لاون　　پاش مردنتان هێشتا ماون
ڕۆڵە، کوڕی خۆشەویستم　　هەچی شیوەنت دەبیستم
سەدان دەردم دێنەوە ژان　　چی دی بۆ من مەگری، عەیان
چی‌دی بۆ من مەناڵێنە　　هەستە یاسین‌خوێنێ بێنە
زووتر مەلا بێنە سەرم　　یاسین خوێنێکی دەنگ‌نەرم
نەرم بخوێنێ یاسینم　　یاسین شفایە بۆ دینم

شادە و یاسینم لەگەڵ بێ   گڵ ناتوانێ بۆم دەغەڵ بێ
شادە و یاسین بمگرنەوە   شانازیمە بە مردنەوە
شادە و یاسین هاوکارم بێ   قەبر دەبێ گوڵزارم بێ
باکم لە تەنیایی نابێ   عەبدی خوا بایی نابێ
دەمم هەڵدە، چاوم لێکنێ   باڵم لە کراسی وەدەرنێ
روو بە قیبلە وەرمگێڕە   ماڵاوا بە خوام بسپێرە
کە چوومە سەر تاتەشۆرێ   کورم لە لاشەم مەتۆرێ
بۆ خۆت بمشۆ خاوێن و گەش   کەس نەزانێ بە عەیبی لەش
لەشی مردووو هێن بێڕەنگە   بێگانە ببینێ، نەنگە
پاشی شووشتن کفنم دەکەی   حەواڵەی مزگەوتم دەکەی
بەرەو ڕووگە درێژم کەن   دەم بە دۆعاوە نوێژم کەن
لە دەوروبەرم دانیشن   فەقێ و مەلا، سۆق ڕیشن
هەتا گۆڕم دادەڕێژن   دۆعای بەخێرم بۆ بێژن
کاتێ لاشەم لە چاو دەگرن   تۆزێ سەبرم لەسەر بگرن
تا کەمێ تر بە چاوانم   لە چاوی جوان و بڕوانم
لەمەولا بەرەو سەفەرم   لەو سەفەرەم، بێخەبەرم
سەفەرم دوور و درێژە   نابەڵەدم، سەرمگێژە
ئەو خەمەشم لەسەر بارە   ناتانبینمەوە دووبارە
چم هەیە لێمبەجێماوە   ئەوەی پێمبڕاوە جاوە
جاولەبەر و چاولەبەرم   بێئازووقەی ڕێی سەفەرم
دەچمە شاری چاو لەبەران   بێسەر دەبم لەناو سەران
ماڵئاوایە لە زیندووان   دەبمە میوانی مردووان
چی زووترە ڕامەوەستن   لە دارەمەیتم، هەڵبەستن
هەڵمگرن، ڕامەمێنن   مردووی گۆڕان، چاوەڕێمن

ژێرخاکم کەن، زوو وەمشێرن بە خوای گۆڕانم بسپێرن
کۆچی من دەرس بێ بۆتان بێخەبەر مەبن لە خۆتان
دەس بە دۆعاوە ڕاوەستن تەسلیمم کەن ڕامەوەستن
ناوی خوام لەسەر بێنن دەزووی سەرم هەڵپسێنن
بە جێگەی سەرینی نەرم بەردێ بنێنە ژێر سەرم
مەلا بێنە بۆ تەڵقینم وەبیریم خاتەوە ژینم
بە کوردی تەڵقینم دادا کەمێ ترسم لێ وەلادا
تەڵقینم با بە کوردی بێ نە ترکی نە عارەبی بێ
لە هەرەڵی و مەرنەمووکە حاڵی نابم ئەوەندووکە
بە زمانی کوردی خۆماڵی لە گۆڕیشا حاڵیم، حاڵی
مەلا بێژێ کوردی هەژار خۆشی نەدیو بێداروبار
ئێستا ڕاسپێرت دێنە سەر چاوزەق، دڵڕەق و بێزەرەر
لێت دەپرسن تۆ کوێندەری جندی، دێوی، یا نە پەری
بێژە کوردێکی هەژارم خەڵکی شاخ و لێرەوارم
ئەو قووڵکەیە گۆڕی منە گیان زیندووە، لاشەم ونە
خوای مەرگ خانەخوێمە ئەو دەزانێ هەرچی پێمە
ئەوەی پێمە دەرد و کوڵە سووتمانی ناو ماڵی دڵە
شین و کوڵی بێدادییە هاوارم بۆ ئازادییە
ئێرە گۆڕە لێی ناترسم تۆ، نی، خوایە بەرپرسم
خوا بۆخۆی باخەبەرە کوردی بێکەس دەربەدەرە
بێجێگە و پێگە و هەتەرین بێسەردار و بێڕێبەرین
پێمان ئێژن کورد و کورتن لەسەر ماف و بەشان قرتن
هەقمان نییە لێك وەکۆبین ئاغا و کوێخای ژینی خۆ بین
ئەو دەردە بوو پیری کردم تووشی بیراوبیری کردم

هێندە جێگای پێ گوڕ کردم
هەتا تووشی گۆڕی کردم

لە گۆڕیشا هەدا نادەم
داوێنی خوا بەرنادەم

تاکوو هەقمان بۆ دەستێنێ
ناهەق خۆران دەفەوتێنێ

یاران! درەنگە وەمشێرن
بە خوای شێرانم بسپێرن

کێلی (ڕاوچی)و لێ نەگۆڕێ
داوای بردۆتە نێو گۆڕێ

کێلم، ڕۆژێ هەڵدەتەقێ
لە چاوی دوژمن دەچەقێ

دوژمن بێچاو و سەر دەبێ
سەرشۆڕ و چاولەبەر دەبێ

چینی هەژار دێنە سەر پێ
بێپێ، دەناڵێ بێدەرپێ

نۆبەی تۆڵەمان دێتەوە
فرمێسکی گەل دەسڕێتەوە

دەبێتە پیاو، تالان کراو
دەپسێنێ کۆتوبەند و داو

تۆڵەی تەڵەی وا دەستێنێ
زاڵم چی دی موو نەپسێنێ

خوایە ڕاوچی چیای کوردم
لە تاوی ئازادی مردم

کاتی ژیان، لە ژین کرام
دڵپڕ، لە گۆڕی شین خرام

کوردی تالان و هەڵەتم
ئاتاجی ڕوحم و بەزەتم

کوردی عارەبی نەزانم
لە تۆ و لە بەزەت میوانم

نەزانام و نە پسپۆڕم
بۆ لێپرسینی ناو گۆڕم

ترک و عارەبان مەنێرە
دیسان هەڵمبڕن لێرە

چیم لێدەکەی،بیکە گەورەم
لێرەش عەرەب نەبنە گەورەم

دەیان ساڵە من بێخەوم
مۆڵەتم دە با وەرکەوم

هەڵمەستێنە لە گۆڕێ
تا ئازادی دێتە گۆڕێ

کە هێزی باڕووتی، ڕووتان
تەختی ملهوڕانی سووتان

گیانێکی نوێم بێنە بەرێ
بە کراسی جاو بێمە دەرێ

بێژم، حەشرە، حەشری گەلە
کوردینە خڕ وەبن، هەلە

هەلی تۆڵەی تەڵە و فێڵە
ملهوڕ، بێشانومل، دێڵە

ڕۆژی شـــادی و هەڵپەڕکێیـــە خولێکـــــدان و کێبەرکێیـــــە
وێــڕا دەژیــن بــەرز و نــەوی خــۆش دەبــێ ژیــنی ســەرزەوی
ڕەش و ســـپی دەبنـــە بـــرا ناکرێتـــەوە، ئـــەوەی کـــرا

١٣٥٤/٥/٣ . شارۆکەی ڕەبەت

وڵاتی خۆم

«گوندی گوێزێ»

ڕێکەوتی٧٤/٨/٢٥ لە گوندی گوێزێ، سەربە شاری سەقز کوڕەکوڕەکانی شایی بە خۆی ئەو گوندە، لە نوێ، نوێژگەیەکی نوێ داڕێژیان، بۆ خەڵکی گوندەکە داڕشت. و بە سەدان نەخش و دەس کری دڵ گرۆ و گرێچن کراو، خستیانە بەرچاو، نان و چێشت و چەشنەکەبابی تازەباب و سەدان بابۆڵەی مرۆشکێن و شەکراویان بۆ کردە چێژگەی شوکرانە و ڕۆییە ناو زار و گووپی میوانەکانەوە. دەبێ بڵێم میوان و غەوارە لە هەر لاوە بانگکرابوون، ئاپۆرەبوون بە لێشاوبوون، بەتایبەت قەتارەی مەلای ڕیشن و شاعیری نیخن، گا کلاشەی لێنەدەکرد. منیش لەگەڵ مەلاژن بەرەو گوێزێ وەڕێ کەوتین، مامە کاوەشم لەبەرماڵەکە بەجێ هێشتبوو. ئەویش زۆر بزۆزە و تەقڵەکوت ماڵ و حاڵی بە مامبرایمی بانگبێژی ترکاشە ئەسپاردبوو. سەبارەت بە گێرە و کێشەی دین و عیلم پەخشانێکی جوانی نووسیبوو مەلا ڕیشەی لێ گریاندم و دەسی بە سەریدا هێنا و وتی: "ئافەرین بەچکە کوردی هەژار" و لە سەرڕا پێی خوێندەوە. فیلمبەرداری کراوە لایان وا بوو خۆم یاریدەم داوە. خودا هەڵناگرێ نەشمبیستبوو. بەڵام هیوام پێیەتی و لاشم وایە جوان دەنووسێ. خۆم و بەختم لە ڕیزی گێرەی شاعیران بوومە سەرەی شێعرۆکان. بۆ ئافەرین لە خەڵکی زیندووی ئەو گوندە، ئەو ڕستە هەڵبەستەم لە ژێر دروشمی«وڵاتی خۆم» ڕاگەیاندن.

گوندی گوێزی

ولاتی خۆم

بزەی دێتێ دەم و لێوی بەتاسەم — لە دڵ دەدوێ گڕوگاڵی حەماسەم
لە خۆشیدا پشووی داوە هەناسەم — بەرەو گوێزێ لە ڕێدایە پیاسەم
ولاتی خۆم دەبینم دێتە بیرم
چەکی چەشنی شکێنی لاوی ژیرم
ولاتی خۆم ببینم خەم دەنێژم — لە چاوم ئەشکی شادی هەڵدەڕێژم
گوڵوخوڵی تەلان و تەرت و لێژم — بە بێژنگی بژانگی دادەبێژم
«جەبەلحەمرینی»[1] خۆمە شیوو پالی
لە بیرم چێ لە ئەستۆمە وەبالی
بە پیرچۆپانە[2] دەوری دڵنەواییم — لە ئەوڕایە شنەی شێعری بەباییم
هەتا مردن مەحاڵە لەو، جیاییم — لە دووری ئەو دەزانم هەڵوەداییم
خوا گۆڕم لە ئەوجێ بێنە کۆڵین
کراسی قیامەتم بێ، پەلکە«سۆڵین»[3]
نشێو و پاڵ و لاپاڵی بە دڵمن — لەبەر چاوم چەن و لاچاو کوڵمن
هەڕێن و دەستەچیلەی جۆشوکوڵمن — ئەوینە و تێکەڵاوی ئاو و گڵمن
دەمێ مردم لە ئەو کێوەم بنێژن
گوڵاوی لەشبە «بێژان»[4]ی بڕێژن
هەتا پرمەی لەگوێبێ ئەسپی یاخی — هەتا هەتوانی دڵ بێ، بوغدەداخی
هەتا بالۆرە بێژم، بچنە شاخی — هەتا ئاودێری گوڵ، گوڵ بێ لە باخی
نە دڵ پیرە و نە پیرێکی دەبینم
دڵم تێرە و بە دڵ ڕازی لە ژینم
من و شاخ و فڕەی باڵی شەهێنان — شەووشوانوتەقەی زەنگی شەوێنان
بەهار و بن دەوار و گوێ کولێنان — کەرە و شیرێژ و وێرەی مەشکەژێنان
دەسا چی دی دەوێ شاعیر لە ژینێ

---

[1]. جەبەل حەمرین: کێوێکە لە ڕۆژاوای کەرکوک، سنووری کورد و عەرەبە.

[2]. پیرچۆپان: کێوێکی بەرز و چڕە، لە ڕۆژاوای گوندی گوێزێ.

[3]. سۆڵین: گیایەکی گەڵاپانی بۆنخۆشی کوێستانە.

[4]. بێژان: گیایەکی بۆنخۆشە.

بەتینتر کا، کوڵ و ناڵە و ئەوینێ

گەش‌وبەرچاووبەرزە ناوی گوێزێ   وەکوو ڕووگەی دڵانە، ڕاوی گوێزێ

گەش‌و قۆچاخ و ڕەندە لاوی گوێزێ   شیفای دەردی دڵانە، ئاوی گوێزێ

هەچی جوانیپەرستە بێتە گوێزێ

لەوەی زووتر پەرستوویە، دەبێزێ

چ ڕێبواری بە گوێزێدا گوزەر کا   بە چاوی دڵ کە بڕوانێ هەتەر کا

لەمەولاوە دەبێ تەرکی سەفەر کا   دڵی دەدزن دەبێ هەر سەربەدەر کا

وەکوو سێحرێکی نوێ وایە وڵاتی

دڵێکی تێکەوێ، سەختە نەجاتی

لە جێگەم کێ لەوێ لاوە، لە ڕاوێ   دڵم لەو جێگە دزراوە، بە چاوێ

بە هێواشی بڵێن هەنگاوێ باوێ   نەکا گیانی منی بەر بێ نەکاوێ

وەباڵی دڵ دزاو و تێشکاوێ

بەفیڕۆ بێتە سەرشانی نەکاوێ

مەلاڕێشە[1]م لەبیرناچێ لەوێ بوو   وەکوو شەمعێکی ڕووناکی شەوێ بوو

دڵی وریا بوو دەریا بوو بەپێ بوو   وتەی پڕپیت و پڕتین و بەجێ بوو

لە ئەو ڕا نێوی گوێزێ هاتە نێوان

نەوی نەکراوە تا ئێستا بە دێوان

فەقێلەی مێزەری ڕەشیان لەسەر بوو   سەدان پیت و وتەی گەشیان لەبەربوو

هەموو ورتە و وشەی دەمیان هونەر بوو   لە هەندەریان هونەر دەستی پەکەر[2] بوو

مەلاییك وا وەڕازێنێ فەقێیان

دەبێ واژەی لە زێڕ گیرێ لە دێیان

لە گوێزێدا لە لامووچەی تەپوزەل   گەلێ باوە، کەبابی کاوڕ و قەل

فەقێڕەشکە و مەلای‌وشك و تەوەزەل   بەبێ باڵی وەخڕ بن، ببنە خەرتەل

یەکێ بخوا و یەکێ بدزێ دڵ و سی

یەکێ بێژێ بەشم دە هەی گەرووسی

بوێژێکی پواو[1] و خاو و گێژم   لەمەڕ خەڵکی لە گوێزیدا چ بێژم

---

[1]. مەبەست حاجی مەلا مستەفای مەحموودیە. کوڕی خوالێخۆشبوو مەحموود گۆلێیە.

[2]. پەکەر: فەلەج

هەچــی بیڵــێم و بیجــووم و ببێــژم لەســەر دەریــاوە خــشتی گــڵ دەپێــژم
مەگــەر بێــژم هونــەر چــی دێتــە بــەردەم
لــە گــوێزێ دا هــەوێنی دێتــە بەرهــەم

لـە گـوێزێ دا، لـە مـاڵی خـوام ڕوانـی وتم بـۆ هێنـدە بـەرزی خـۆ خـوا نـی
مەگـەر کابـەی دڵ و ڕووگـەی ڕوانـی چ مێعمـاریٚ بـە تـۆی بەخـشی جـوانی
بەحەشـتی بـیٚ، بە خـۆی و دایـی و بـابی
نەفـەوتیٚ تـا ئەبـەد خێـر و سـەوا بـی

خـوا گـوێزێ بپـارێزیٚ لـە چـاوان لـە باوەشـیان نـەتۆریٚ، نـووری چـاوان
پتــەوتر بــیٚ، خــوا هــەنگاوی لاوان بـە پـاکی بچنە گـۆڕیٚ نـە ك بـە تـاوان
موبـارەك بـیٚ دەقـی مزگـەوت و پیـاوان
لــە دایــی و بــاب و کیــژ و پیر و لاوان

خـوا وا مـاڵی تۆیـە لێـی بـەزیوین لـە دەس شـەیتان و نەوسـی دژ ڕەویـوین
بـەرەو قـاپی بـەزەی تـۆ، لێنـەویوین پەسـیوێکمان نـەدەی تـۆ بـیٚپەسـیوین
پــەناهێنین و بەخــشینە ڕەجامــان
پــەناییٚکمان نــەدەیتیٚ، کــوا پــەنامان

بەســە شــاعیر دە مەیرێــسە، چ دێـژی لەســەر خۆبــە، هونــەر چـیدی نەڕێـژی
هونــەر فــەوتا، گوڵۆڵــەی کەوتــە لێـژی بــە کەشــکێکە هونــەر، مـیتری درێـژی
کەشــك زۆرە ، لــە گــوێزیٚدا هەڕاجــە
بــەبیٚ پــووڵ و کــڕین و خــەرج و باجــە

ئـەوەی مـاڵی هەیـە و دایـیم خورێنـە ئــەوەی دێــز و دزێــو و دڵــشکێنە
ئـەوەی خۆخـۆر و خـوار و خۆبەزێنـە ﴿دەبـەر کوتکی حەمـەی سـەوزەی[٢] مرێنـە﴾
هــەموو دیــاری دەس‌ومــستم دۆعایــە
دەمودەســتیٚ، قبــووڵی کــەی خوایــە

١٣٧٤/٨/٢٥ گوندی ترکاشە

---

[١]. پڕاو: پزیو، پسپس، هەڵوەریو

[٢]. حەمەسەوزە: ڕدێن‌سپییەکی گوندی گوێزێیە.

سەفەری خەیاڵی بەرەو گوندەکەی «ڕاوچی»

«ساردەکۆسان» (گەورکی موکری)

دەی خەیاڵ، باڵێ وەڕازێنەوە دەی
سووکەسەر دانێ، بسازێنەوە دەی
هەڵفڕە، ڕوو بە فڕی مەڵبەندم
جێگەپ و جێفەڕی لاوی ڕەندم
بمبە جێڕاوی چڵ و چەن ساڵەم
هەڵوەدە لاپەڕەیی هەر ناڵەم
تاکو پێنووسێ وەدەستم دەم زوو
چەقەساوێکی لە هەستم دەم زوو
ڕاگەیێنم بە کوڕ و کیژی قۆز
مەرحەبای تێکەڵی فرمێسك و سۆز
ڕیزەهەڵبەستێ وەسەر ڕێ خەم با
لەرز و تاوێکی وەهای وێخەم، با
با، بە دڵ دەردی دڵم درکێنێ
تەکوتوو دۆست و کەسم بدوێنێ
دڵی "ئاوارە" لە من ڕازی کا
زێڕەوشانی دەمی شانازی کا

«ساردەکۆسان»

گیانە وریا بە لە ڕووگەی ماڵان
نەبیە ڕووگیری پەرەنگ و خاڵان
پۆلە چاوبازێ کەوا لەو نێوەن
بێچەکوچۆڵە، هەموو هەنگێوەن
پۆلە ڕێبوارێ لەوێ تێپەڕ بێ
یا دەبێ کوێر و نەوێر و کەڕ بێ
یانە هەنگێوە وەهای دەنگێون
شوورەپۆلا بێ، لە جێی دەبزێون
سیلە چاو، چاوی وەهای تێدەبڕن
بە بەلاش شەرم و حەیای لێدەکڕن
لێمگەڕێ لالە! بە کورتی بێژم
دوورە ئەو جێگە، بەبێ جێ گێژم[1]
کوڕی ئامێزی بەباوی ئەو بووم
دوورە ئەو، تووشی خەیاڵوخەو بووم
هەر لەوێ، پێگر و پێگرتوو بووم
هەر لەوێ ئۆگری ڕەنگ و ڕوو بووم
هەر لەوێ، دڵ دڵی پێناساندم
هەر لەوێ، کوڵ دڵی پێتاساندم

---

[1] (دوورە ئەو دێیە بە بێ دێ گێژم) ئاواش هاتووە.

هەر لەوێ، کیژێ بە نازی چاوان جێبەجێ، گیان و لەشی هەڵتاوان[1]
هەر لەوێ، دەستوچەکی خۆم ناسی هەر لەوێ بوومە دژی ناخاسی
هەر لەوێ، چینی بوێرم دیتن هەر لەوێ میر و دلێرم دیتن
هەر لەوێم پێگەیی ورتەی کوردی هەر لەوێ بوومە ڕەفیقی «وێردی»
هەر لەوێ، هاتە دەسم چلدانەم هەر لەوێ هەڵبوو شەمی کوردانەم
هەر لەوێ، هاتە خەوم بابایێ هەر لەوێ، کۆنە چەکم دەس دایێ
هەر لەوێ، دەستی بە دەسبەندم دی هەر لەوێ بوو، سەرەتای پەندم دی
هەرلەوێ، چوومە چنەی هەڵبەستان بوومە ئاودێری دەرووی بێدەستان
شەرت و پەیمان و بەڵێنی ئەو دەم هەر لە بیر ناچێ هەتا هەم، هەرهەم
یادی ئەو ناوە بەخێر و بێر بێ جێگە هەڵوێستی کوڕانی شێر بێ
لێرە بەو لاوە تەرە و ئاوارە بێنەوە باوەشی ئەو دووبارە

بەردەهەڵۆ[2]

بەردەهەڵۆ قاق لە دوژمن یاخی رووی خوات لێیە، کە هێن قۆچاخی
زۆر لە مێژینە مەکۆی داماوی سەنگەری کۆنی کوڕانی لاوی
ئەمەکت زۆرە لەسەر شانی گەل گەل بە تۆ زیندووە، ڕۆژانی هەل
وا بە دڵ دێمە سلاو و ڕێزت ماچ دەکەم دوو مەچەکی پڕهێزت
مەرحەبا! شاخی بڵیند و رووگەش پێشکەشی وەرگرە لێم، پێنج و شەش
شێعری فرمێسك و هەناسانی سڕ وردە ئاواتی لە بریا، پڕپڕ
دڵ مەڕەنجێنە لەوەی هاتوچوو ترسی ڕێ، نیشتووە وا ڕاوچی چوو
کوڕی تۆ دوورە ڕەوین و ترسن لە خەمت تاکوو هەبن، بەرپرسن

---

[1] (جیٚبەجیٚ جەرگ و دڵی هەڵتاوان) ئاواش هاتووە.

[2] کێوێکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ساردەکۆسانە بەرەو کێوی قەڵات دەڕوانێ. ئێستاش ئەو دوو کێوە دروشمی شێرە کوڕانی پێوەن.

کوڕی تۆ دوور و نزیك و لە سوێن
هاکە تازەی کەنەوە کۆنەشوێن

چەکی باڕووتی دەسوپێ ڕووتان
هاکە داگیرکەری تۆی پێ سووتان

ئەو دەمی لاشەزڕان دەژمێری
تۆ بە زڕ کوشتنێ، فێری، نێری

لاوی تۆ ڕۆژێ بە کەیفی خۆیان
دەچنە «بۆتان» و «جزیر» و «کۆیان»

دەرکە زیندانی «مەمان» دەشکێنن
«زین» و ئازادی، بە سازی دێنن

ئەو دەمی دێمەوە بۆ سەردانت
دەبمە میوانی بەهاری جوانت

وێ دەمێ تێکدەشکێ، شا، بەختی
خۆشدەبێ، گەرمەگەڕی خۆشبەختی

دەستی دۆ دێتەوە دەستی یاران
هەی نەما، هەی نەما، پاشای تاران

دەیکەمە بەستە مەبەستێکی خۆش
ئەو دەمی بێژە بە ڕاوچی: دەسخۆش

بەرەو گۆڕستانە پیرۆزەکەی سێ چاکی ساردەکۆسانی:

بۆ سلاوێکی لە خێڵی چاکان
دڵە سەر ڕێکەوە بۆ سێ چاکان

چاکە هەر چاکە، بە چاکی بدوێ
خاوەنی چاکە، بەبێ خەم دەنوێ

ئای چ دڵتەنگە، لەشی نێو گۆڕان
گیانە بێگیانە لە ترسی دۆڕان

چاو ببارێنە لەسەر گڵکۆیان
وردە فرمێسکی هەنیسك و ڕۆیان

ئەو هەموو گۆڕە لە هۆزی کوردن
ژیان بە کوردی و بە کوردی مردن

لالە دەی بێژە بە بیری وردت
چی بەسەر هاتووە هۆزی کوردت

سەردەمێ، دەم بەبزە و بریا بوون
نەبەز و دەسبەچەك و وریا بوون

چەکمەزێڕ و بەفەڕ و ڕووگەش بوون
خاوەنی ماف و تەلار و بەش بوون

ئێستە ژێر خاك و وەژێر پێ کەوتوون
نابەدڵ، بێدڵ و دڵسڵ خەوتوون

تاجەسەر بێسەر و سەر بێتاجن
بۆ دۆعای زار و دەمێ، ئاتاجن

کاسەسەر، بێسەر و بێبەرگ و نوێن
بوونە سەرکاری، گڵ و خۆڵ و خوێن

خاڵی سایگەردن و سەرسنگی ڕووت
بوونە جێمالی مڵەی تاقوجووت

ئەو هەموو گۆڕە کەسوکاری مەن
بەڵگە ڕووناکە، کە پێش باری مەن

گۆڕکەنێ، هاکە لە مە بەولاوە
کۆگڵی گۆڕی مەشی هەڵداوە

یەکی تر دێت و لەسەر گڵکۆمان
دانە فرمێسکێ دەڕێژێ بۆمان

گیان و لەش هاکە، لەمەش بڕبڕ بوو
پەڕی ئاوات و هیوا دڕدڕ بوو

بەشی لەش دیارە لەژێر گڵکۆدا
ریشەسووتاوە لە بۆگە و بۆدا

زۆری پێناچێ لەشی هەر مردوو
خۆڵەمێشێکە بەرەو بابردوو

گیان بەرەو کامە سنووری دەفڕێ
روون نییە کێهە بڕەی پێدەبڕێ

تا کەیە دەربەدەری بۆ گیانان
کامە دەم دێتەوە بۆ نێو ژیانان

ئای چ بێچاو و سەرە بیری ڕوون
روون نییە بۆ مە، ئەوانی وا چوون

پاشی وەی بوونە گڵ و بەربابوون
روو بە کام تازە هەواری ڕابوون؟

گیان و لەش لێکدەبڕێن یەکجاری؟
گیانی بێلەش دەخەوێ بێیاری؟

یا نە جێژوانی هەیە بۆ گیانان؟
گیان و لەش دەبنەوە خانی خانان؟

گیان و لەش پێکەوە چەسپ و بەندن
بە تەڵەی بێخەبەری پێوەندن

داخم ئەو ڕێگە ئەوەن باریکە
تەرت و هەڵدێرە، ڕچەی تاریکە

هەر لە پێشینەوە تا کو ئێستاش
زۆر بە پیتۆڵی، کوڕ و کۆڕی باش

روو بە ئەو ڕازە بەدڵ ڕاساون
شەڕەبا گێژی بە مێشکی داون

نیوەڕێ چوون و لە ڕێدا وەستان
تێکەیین کاس‌و وڕ و ناوەستان

چی کە درکاوە بە یار و درکن
رووبەڕووی بیری، بە بیرێ سرکن

هەرچی وتراوە لە بۆ ئێمەی بۆڕ
مستە هیواییێکە زۆر کۆن و مۆڕ

دڵ بە هیوایە کە ڕۆژێ دادێ
لاگری دێت و دەپرسێ دادێ

خۆڵەمێشی لەشی چوو، ئاو دەدرێ
لەش لە گڵ دێتە دەرێ، گاو دەکرێ

ریش و پەشمێکی تری وێ دەخرێ
مەرگو خەم دەرکی لەسەر، دادەخرێ

بە شەقی تۆڵە زەوی شەق دەکرێ
بێکرێ، ماق شەل‌وشەق دەدرێ

بە فەڕوفیت و جەماڵی غەوسی
دێتە جانتایەوە، ماق نەوسی

نەرموشل، کیژی شل و بێپشتێن
وەکوو ئەستێرە لە دەوری هەڵدێن

کولْم و دەم، بەردەمە بۆ ڕامووسان   مفت و مەرجانییە، پێدانووسان
باخ و باخاتە لەوێ، ژینی نوێ   هەر دڵە و بۆ دڵ و بۆ گوڵ دەدوێ
تێهەڵێنجانە لە هەر داوایان   پڕ بە دونیایە، بەشی ئازایان
ڕاوی هەنگوین و کەرە و شیری ساف   تاس کەبابی کەوی سەر کێوی قاف
کووپەمەی بێغەش و مەیگێڕی ڕووت   ئارەزوو بۆی دەخزێ ڕووتوقووت
پشتوبەر باوەش و جێخەو، حۆرین   دێتەدی خەون و خەیاڵی گۆرین
هەی لەوەی پۆلێ وەبەر خۆ ببڕێ   نەوسنی مان و بەهانەی ببڕێ
ئای چ شیرینە هیوا بەو لەونە   کۆنەفرمێسکی خەیاڵ و خەونە
لالە ڕاڕا مەبە بۆ ڕێگایان   نەکە لاڕێ بێ، بە بیروڕایان
هەر هیوا وەرگرە بۆ سەرمایە   عەقڵ و سەرمایە دەرۆستی نایە
زۆری پێناچێ کە تۆش بێنازی   تێدەگەی چۆنە مەرگ ڕێبازی
ئەو دەمەش کەس نییە تا پێی بێژی   چەت و قرتیلی و یا بن گێژی
گیانە بەس وڕ بە، بە گێژی بیران   تا هیوات پێیە بژی وەک ژیران
مەبە شینگێڕی شەباکی گۆڕان   فاتیحایێکە بەشی ژین دۆڕان
بەسە، کۆتا کە، کوتەی ئەو تەونە   هەرچی بیڕێسی، فرێتی کەونە

دەچمە سەرگۆڕی پیرۆزی باوکم، مامۆستا مەلا حەسەنی سەییادی

«شینگێڕی»

دڵــە دووبــارە لــە خــەم دڵپــڕ بــە
چــاو بــە فرمێــسکەوە، گێــژ و وڕ بــە

رەنجــەڕۆ، ڕێکــەوە بــۆ ڕۆڕۆیــان
بــە خــەمان خولبــە، لەســەر گڵکۆیــان

بــا لەســەر گــۆڕی گەشــی پــسپۆڕێ
ببیــە فرمێــسکی شــەمی ســەر گــۆڕێ

بــا لــە ســای وارشــی گــۆڕی بــابم
شــەمی بــێپیــوی، کــوژاوی بــابم

دەمــەوێ تــاوێ لەگــەڵیا بــدوێم
ببمــە ئــاونگ و بــە تــاوێ وەتــوێم

دڵــە دەی فرســەتە، بــۆ سازوســۆز
چــاو ببارێنــە لــە گڵکــۆی پــیرۆز

ئەشك و گــڵ پێکەوە بــا تێکەڵ بــن
ژێلــــەمۆی کۆنــــەبرینان هــــەڵبن

ئێــرە گۆڕێکــە، لــە گــۆڕی چــاکان
پــاك و خاوێنــە، لــە ڕێــزی پاکــان

لێرە بن گڵ بووە، «سەییادی» پیر
لێــرە بــێدڵ بــووە، دڵــداری ژێــر

پــیری مەڵبەنــد و گــەلێ وریــا بــوو
چــی بڵــێم، ڕوحــم و بــەزەی دەریــا بــوو

ســفرەپان و بــەدڵ و ڕووگــوڵ بــوو
خــاوەنی جــۆش و خــرۆش و کــوڵ بــوو

بنــەمای عیــشق و ئــەوین و کــوڵ بــوو
دژ بــە ئاکــار و کــری باتــڵ بــوو

بــا لەســەر گــۆڕی «خەلیفەی سانی»
(ســانی ئیــسنەینی) خــەتی ســوبحانی

بارەگــای پــیری«قەلەنــدەر» شــێوە
رووگــە، بــۆ نــازونزای ئــەو نێــوە

هــەڵومرم، بــووکی دڵــم ڕاژێــنم
تــەڕ بکــا ئەشــکی ڕەجــا داوێــنم

بــا بــدرکێنێ قەڵــەم بــۆ بــاوەم
دوورە ئــەو تووشــی بەشــی ئــاژاوەم

دوورە تــۆ، ڕاوچــی نــەماون هێــڕن
چــەقەڵە ڕێبــەر و ڕێــوی شــێرن

چــۆڵوهــۆڵ مــاوە هەچــی ناوەنــدە
رەنــگ و ڕوو کاڵــە، بــەموو کــەڵ بەنــدە

رەنــدەکوڕ بــێگــۆڕ و ســازوبەرگن
دەس بــە دەســبەندەوە، بەنــدی مــەرگن

دەســتەیێ دیــل و گــەلێ ئــاوارەن
هێنــدێ ســووتاوی گــڕی خۆمپــارەن

زۆربــەیان کــوتکوت و لــێکتر نــامۆن
یەکــێ «چەرچیل» و ئەویتر «ساسۆن»

هێنــدێ دالاش و بەدیمــەن باشــن
هێنــدێ بــارکێش و لــە دووکــەر جاشــن

هێندێ زۆرخۆر و کوڕی گۆشتاون   هەرچی بۆی بخورێ، دەخۆن بێچاون
ڕاست و چەپ پێکەوە وا تێکەڵ بوون   لێکدەدەن، لێکدەکوژن، فیشەڵ بوون
کورد و ناموس و شەرەف، بێوازن   بێدەوا و دوکتور و خێو و نازن
کۆمەڵێ زەرد و ئەویدی سەوزن   تاقمێ شۆڕ و شل و کەر گەوزن
ڕەنگ پەرس، ڕەنگی هەموو دامالین   ڕۆڵەکوژ، زۆڵە کوڕی خۆمالین
وتەبێژی بەبڕی مانۆڕان   خۆ دەدۆڕێنێ وەکوو خۆدۆڕان
هەرچی بیوێژێ کەناو و گەندن   کوڕی تریاک و کەبابی ڕەندن
چی بڵێ دێلییە، پووچی مانان   چی بەدەم بگرێ نچیری ئاغان
بێگرێوگۆڵە، کەمابن قرتن   قەڕنە، تەڕنێکە، بەگەز ڕم کورتن

«باوە لامداوە»

باوە لامداوە، دەبێ بمبووری   زۆر کەموکورتە، دنەی ڕووسووری
بۆ پەنا دێمە سلاوی گۆڕان   گیانە ترساوە، لە ترسی دۆڕان
دەورە تەنراوە بە داوی خاوگ   تاتە نوێژ، بوونە، بەشی جێراوگ
بێدڵ و دڵ بەخەمە دڵدارم   چوونە سەر تاقی سەرێ، نایارم
بزە تۆراوە لە زار و لێوان   کوندەبوو، بوونە قەشەی بێشێوان
دوور لە تۆ، باوە بە خەم پۆنگاوم   نیوە ماوێکی، خەیاڵی خاوم
مەرجە بەستوومە کە لێی لانادەم   بۆ ژیان، جەوهەری گەوهەر نادەم
سوێندە خواردوومە لەسەر دەستی تۆ   خە ت نەدەم خاڵوخەت و نەخشی تۆ
پێمسپێراوە، لە لایەن تۆڕا   ماڵ پەرس، هاکە لە خۆڕا دۆڕا
ڕاسپێر چی بوو لە بیرم ماون   بۆ منی پێ کز و بێپێ باون
باوە بێخەم بە، بەخەم ناگۆڕێم   هەر کوڕی تۆم و بە کەس نادۆڕێم
نوور ببارێ لە وتەی زێڕینت   تا کوو هەم هەستەمە، ڕێ گۆڕینت

شەوێك، كاك سەعید نەججاری «ئاسۆ» لە گوندی تركاشە سەری‌هەڵدا و بڕیاری دا، بۆ هێندێ وتووێژ و دەمەتەقێ، بەیانی ئەو شەوە وەمێنێ، بەیانی وادیاربوو ڕۆیشت و بڕیاری شەوی هەڵپری، منیش ئەو هەڵبەستەم، بۆ هەڵبەست و خۆم بە خەمەكەوە بەستەوە.

وەڵامی نووسراوەی پڕ لە هەناسەی ئاسۆی شاعیر:

فردا بیا

وا خەمم دیسا لە ئاسۆ كەوتە سەر
دووره «ئاسۆ» كەوتەوە شێعر و هونەر

دوێ لە مەیخانە گوڵێكی مەیفرۆش
مەی نەدامێ، ئەو بە قەڵسی ڕۆیە دەر

چۆن نەپۆشێ كوێنی ڕەش شێعری تەڕم
گیانی خۆی دایە بە ماچێ، سەربەسەر

بۆ سەری سەودا وتی: فردا بیا
گەر بەیانی دا، نە سەوداما، نەسەر

بێسەر و سەودا، هەتا سەر چۆن بژی
پیرەپیاوی بێبژیوی، دەربەدەر

بۆ لە مەیخانەی خەمی تۆدا، گوڵم!
خەم بپێوێ شاعیرێكی، شێوە دەر

بێرەوە تا بۆت وەگێڕم ژوانی شەو
بەزمی پرچ و پەرچەم و داوێن و بەر

بێرەوە ناو باوەشی وێژەی تەڕم
وێژەری فێر بە، لە پیری بەختەوەر

بیكە شاباشی بزەی لێوو دەمێ
مەكتەبی دەرس و وتەی ڕۆم و تەتەر

پیرە «ڕاوچی» دڵتەڕ و وێژەم تەڕن
بێ لە من فێر بە بڕا زەین و هەتەر

٧٥/١٠/٧ تركاشە

پاش بەجێهێشتنی شاری بۆكان، ئەو چەن شێعرەم، بۆ شاعیری بەهێز كاك سەعیدی نەجاڕی (ئاسۆ) نارد:

دووره ئاسۆ

دووره ئاسۆ كەوتەوە باروبنەم
ئەو لە شار و من لە دێدا، بێشنەم

گوڵشەنی شارم بەجێهێشت و لە دێم
دێمەكارە چرگەنی هەست و دنەم

سەرپەڕی تەبعی تەڕی ئەو شارە بووم
ئێستە بۆ سۆق كەر و كوڵكن بنەم

بێدەسی نەرمی كچی كۆڵانی شار
لێرە كوشتەی مەشكەژێنی خرپنەم

قرقرەی بەختی ڕەشم، هاڵۆزە لێم
سیس و هاڵۆزی قرەی دێو و جنەم

وەك هەڵۆ شاخم بەجێهێشت بۆ نشێو
لاپەڕ و بێشەوپەڕ و ڕەوت و قنەم

یادی تەبعی تۆیە،«ئاسۆ» ڕۆژوشەو
وردە باوی ئەو هەموو لێڕستنەم

دوێكە «ڕاوچی» پۆڕی شار و كووچە بووم
لێرە ناوچیری تەقەی كەوڵ و پنەم

١٣٧٣/٨/٣ تركاشە

دووباره بۆ كاك ئاسۆ

لـــه ئاســـۆ تێگەیـــشتم بەربـــەیانم بـــێبـــزه و تـــاوه
پەپوولـــەی تـــەبعی تـــەڕ تـــەنیا لـــه ئـــاواتی بـــەجێماوه
لەژێر چارشێوی ڕەش بەنده هـەوێنی شێعر و هەڵبەستم
مەبەســتم لــێ ونــه، هەســتم نەخۆشــه، خــۆی لــه جێنــاوه
دڵـم تـووڕەی ڕەشـی چارشـێوه، وا شـارم بەجێهێشتن
بــەرەو دێــم و لــه دێــدا، ڕووتەڵۆكــه شــێعری ڕازاوه
لـه شـارا بـەر چـرا، جێگـه شـەواره و ڕاوه چـاوم بـوو
لــه دێــدا شــوێنی تاریــك و تــەریكم، جێگــه بــۆ ڕاوه
لەشـی نـەرمی كـچی شـاری، ئەسـیر و دیلـی چارشـێون
كــچی بەیدەســتی دێهــاتی، دەســی چارشـێوی، بــاداوه
دەزانم كــوڕی تــۆ ئاســۆ، لــه شــارا بــۆ ئــەدەب دەدوێ
لــه دێــدا بــێئــەدەب كــوڕێ، لەگــەڵ ئــاواتی ســازاوه
ئــەتۆ كــوڕی عــەرووز و قافیــەی قــاقڕ، قــڕی كــردی
لــه دێــدا قافیــەی شــەرمم، بــەبێ شــەرمی بــه قــڕ داوه
وەره جێـژوانی هەڵبەسـتم، هـەتا شـەختەی شـەوم دووره
بڵـێ خۆزگـەم بـه «ڕاوچـی»، كـا بـه پیری هێشته هـەر لاوه
٧٣//٧/١٤

شێتۆكه

مـن كـه «ڕاوچـی» كێـو و مێـو و بـەربنم — خەم بە لاما بێ، بە خەنجەر دەیچنم
تـا كڵاشـی تـیر و چـەرمی خـۆم هـەبێ — شـەق لـه شـادی شـا دەدا شـادی ونم
قەسـری شـا دێـنێ بـه تـاج و تەختـەوه — سـێبەری شـاخ و شـنەی داری شـنم
خـەڵكی دێـم و دێبـەدێ دێـم و دەڵـێم — شـاعیری كەشـك و پـەنیر و بـەرگنم
پـیرەداری خۆشـبەر و بـەرگ و گـوڵم — سـێبەری سـەد مەشكەژێن و گوڵـچنم

خەم دەڵێ چی، چۆن بە لاما دێ دەمێ
گوێ دە سرتەی گەورەکیژی شەرمنم

تاکوو وێرەی مەشکەژێنێ دێ هەبێ
چۆن دەبێ بێژی کە پیر و چڵکنم

باوە جێژنانە، کچانی سینەڕووت
هەر بە سینەی ڕووتەوە بێنە کنم

ودمی شێلانی هەیە، جیرانی دێم
بۆیە هەر لاو و لە خەم شورت و ونم

دوێکە شێلامی کچێکی شێوەشل
هەڵوەری دەرد و کوڵی پێ مردنم

دەتهەوێ ئاسۆ، گەشی ئاسۆگە بێ
وەرگرە شێعر و وتەی لەیلی چنم

ژێری بەس کە، بێرە دێ شێتۆکە بە
بێژە: شێتۆکەی کەژ و بەژنی ژنم

سۆکەسۆکی چیتە «ئاسۆ»، تا بە کەی
بۆم دەنووسی، بێبەشی درز و کونم؟

شاعیری بێدرز و کون جەرگی کونە
چۆن بەبێ جەرگی دەبێژێ هەر منم؟

وەڵامی ئاسۆ بۆ «ڕاوچی»

شێعرەکەی «ڕاوچی» بووە هەست و دنەم
بوو بە ئاوی شێعری وشك و بێشنەم

من لەجەلان پەروانە بووم بۆ شەمعی ڕووت
ئێستە بێباڵ و پەرم، کوا ئەو منەم؟

ڕێنوماببوو «ڕاوچی»، وەك هێمن و هەژار
ئێستە دوورە مەحزەری ئەو هێمنەم

دوورە تۆ، کاکە! خەیاڵم قاقڕە
نادەڵێنێ ئاوی شێعری ڕوون، زنەم

خۆت دەزانی چۆن دەسووتێم بۆ ئەوین
گەرچی ئاسۆی شێعری دەس ئەو سووتنەم

تۆ کە مەجبووری بەرەو ڕوونی بڕۆی
چاو لە من ناکەی کە چەن بێڕۆچنەم؟

ئاردی ئاشی ترکی قەت نابێ بە نان
گەرچی بشلێی خاوەنی کەوڵ و پنەم

١٣٧٢/٤/٢٥ ئاسۆ

«شاری گوڵ»[١]

گوڵەکەم شاری دڵم، بۆ تۆ لە گوڵداوە، مەڕۆ
خونچە گوڵ، گوڵچنەکەی، شێعری بەرەو باوە، مەڕۆ

شاری دڵ، بێگوڵە بێتۆ، کە بڕۆی، وێرانە
چۆمی فرمێسکی خەمەت، پێلی بە شاڵاوە، مەڕۆ

سەد بەلا دێتە سەرت، کاتێ بەجێبێڵی دڵم
بەژن و بالا، بە بەلا، تاکو نەهالاوە، مەڕۆ

گوڵم ئەو شارە ئەوەن هێمنە، هەر شێعری دەوێ
میر و داروغە سەری، سواری پەت و داوە، مەڕۆ

تۆ هەڵۆی بەرزەفڕ و، فڕگەیە لاپاڵی دڵم
تا شەقەی باڵی فڕ و، هێزی فڕین، ماوە مەڕۆ

جوانی تۆ شێعری منی کردە، کلەی چاوی بەکل
تا کل و تەبعی تەڕ و چاوی بەکل، ماوە مەڕۆ

بەژن و بالا بە بەلای تەبعی تەڕم ژاکاون
جووتە لیمۆت بە دەمی شێعروە، مژراوە مەڕۆ

دوێکە بولبول بە چپەی ماچی من و تۆی زانی
تازە چی ماوە نەگوتراوە، هەموو قاوە مەڕۆ

بۆچی دڵمەندی لەوە ئاسۆ دەڵێ هەستە بڕۆ
شاعیرە و مەست و وڕە، شێتی بەرەو چاوە مەڕۆ

ئەوە «ڕاوچی» لە شەوارەی شەوی جێژوانی تۆ
شەوە گەزتوویەتی، ژاکاو و بڕووسکاوە مەڕۆ

١٣٧٢/٥/٥

---

[١] مامۆستا ئاسۆ شیعری «شاری دڵ»ی بۆ دەنێرێ کە بە «بڕۆ» کۆتایی دێت. مامۆستا «ڕاوچی»ش بە شیعری «شاری گوڵ» وەڵامی دەداتەوە کە بە «مەڕۆ» تەواو دەبێت.

پێنجخشتەکی «راوچی» لەسەر غەزەلی «شاری دڵ»ی ئاسۆ

نازەنین! وەرزی دڵم بێکەش و بێئاوە بڕۆ   شاهەڵۆی بەرزی چیا، پێکز و بێڕاوە بڕۆ
بادەوەی بەختی ڕەشم، بەختی بە باداوە بڕۆ   (گوڵەکەم! شاری دڵم پاییزە، لێیداوە، بڕۆ
تۆ گەشی هەڵدەوەرێی، لامەدە ئەو ناوە، بڕۆ)

پاییزە بەستەڵەکە، وردەچرۆ هەڵدەوەرێ   بێدرۆ، چاو و بڕۆ، لێرە هەمووی چوونە دەرێ
ئێستە لەو ناوە نە گوڵ ماوە و نە دڵ دێتەدەرێ   (چۆڵگەیە و کاکیبەکاکی نییە تێیدا نەفەرێ
خاکی ئەم شارە، بە داوی خەمە تەنراوە بڕۆ)

وەرە نۆرەی سەفەری تۆیە گوڵم گیان ودڵم   هەستە تاوێ وەرە سەیرانی، شەوی شین و کوڵم
هەر دوو پێ دانێ لەسەر بیلبیلەکەی چاوی دڵم   (ناصەوێ پێت لە قەفی داوە خەمی گیر بێ گوڵم
زولفی تۆ بۆ دڵی سەد ها وەکوو من داوە، بڕۆ)

شنەبا! نۆبەتە، ڕاژێنە پەلوپۆپ و چڵێ   وەرە جۆلانێ وەڕازێنە لەسای پەلکە گوڵێ
تۆ کە تەڕدەستی، بەلەز ڕابە، بەرەو بنکە دڵێ   (بولبولی بێکەس و دەم پڕ لە هەرا، جوابکە. بلێ
تۆ دەبێ هەر قەفەسی بی، بەشە، وابڕاوە بڕۆ)

تاوی شادی لە چیا بێبەش و بێباوە هەڵات   تەمە گرتوویە هەموو قاقڕ و بڕژێنی وڵات
بێتە دەستۆمەوە، ئازاری هەموو دەرد و بەڵات   (گوڵەکەم! شاری دڵم، بۆمبی جەفای بوو بە خەڵات
تا لەشت بەم گڕە مەشقاڵە، نەسووتاوە بڕۆ)

عەرعەڕ و داری توووبایە، قەدی تۆ، دێمە بنی   دێمە ناو باخی مەم وسینەوە، بۆ میوە ڕنی
بۆیە بێسوودە گوڵم، بۆ من و تۆ شورت و ونی   (هەموو کەس لێرە دەزانێ، کە دنەی شێعری منی
لە هەموو بەزمێ، ئەوینی من و تۆ قاوە، بڕۆ)

تازە وا پێدەکەنێ خونچە گوڵی ڕیزە چرۆت   کێ لە تۆ جوانتر و بەرچاوە گوڵم، بێجگە لە خۆت
لە شەوی بەختی ڕەشم، ڕەشترە، برژانگ و برۆت   (تۆ هەڵۆی بەرزەفڕی، شاری دڵم، نزمە لە بۆت
بێبەلا بی گوڵەکەم، کوا ئەوە جێڕاوە، بڕۆ)

گوڵەکەم! بێئەدەبی چاوڕوان مەگرە لە دڵ   ڕووبەڕووی ڕوومەتی تۆ، بێڕووە، کوڵمەی سوورگوڵ
گیانی ڕاوچی بە فیدای ڕاوی دەم و دوو مەمی سڵ   (گەر دەترسی لەوە ئاسۆ خەمی تۆی دەرچێ لە دڵ
تا ئەبەد تۆقی وەفای تۆی لە دڵا ماوە، بڕۆ)

١٣٧١/١٠/٨ ترکاشە

تێمیسکە

گوڵم! تەیری تەلانی بێبڕژیوی؟
لە دەس داڵی خەیاڵی دڕ، ڕەویوی؟
لە پارێزی گزەی شێعرم، دەترسی؟
کەوا تێمیسکە سەر لێوی گەزیوی؟
کچی کوردی هەرێمی، یا فریشتەی
لە نێو عەرشی خوداییدا، فڕیوی؟
تکەی ئیلهامی ئاونگی ئەوینی
لەسەر پەلکی گوڵی شێعرم وەریوی؟
بە ڕەش گێراوە ڕۆژی ڕوونی بەختم[1]
کەوا چارشێوی ڕەش دەوری تەنیوی[2]
بە هەڵوێستی شل و شەرمن دیاری
پەپوولەی باخە کوردێکی هەتیوی
لە مێژە دڵ بە دووتا دێ دەزانم
لەنێو هەستێکی ناسک دابەزیوی
هەڵە و دەستم لە ئەستۆ کە، هەتا کەی
لەنێو تەبعی تەڕی «ڕاوچی» خزیوی؟

١٣٧٢/٢/٢٢

وەڵامی نووسراوەی لاوێک[3]

بە پیری بوومە نێو چیری خەیاڵان
خەیاڵی ڕاوەچاوی، چاو کەژاڵان
فڕەی باڵی بریوم، بازی پیری
پەرپوم چوونە لاپاڵ و کڕاڵان
وەکوو سازێکی ناساز و شکاوم
لەگوێ تەنووری کوێری کوێرەماڵان
دڵ و گیانم لەسەر سوێگەی تماشان
لە بۆ دیداری کاک و مام و خاڵان
وەرە بمبینە، بۆم بگری بە چاوان
تەمەن لاوی هەموو بردم بە تاڵان
تفی لێبێ فەساڵی ژینی دونیا
کە «ڕاوچی» بردە ڕیزی بێفەساڵان

١٣٧٤/١٢/١٣ . ترکاشە

---

[1] – بە ڕەش گێراوە ڕۆژی ڕوونی کوردان

[2] – ئەم شێعرە بەم جۆرەش هاتووە:

کە چارشێوی جەفا دەوری تەنیوی

[3] ئەو لاوە عوسمانی محەمەدزادەیە، خزمی خۆمن. قەدیم گرشیلانین. سێ برا و خوشکێکن. دەڵێن هەموویان بۆ دەبیری (مامۆستایەتی) دەخوێنن.

کیژێکی ئەدیبی دەبیرستانی بە ناوی زارا نادری «گوڵزار»، شاعیری لاوی هەستناسک، داوای شێعرێکی سێحراوی لێ کردبووم، منیش ئەو هەڵبەستەم بۆ پاکەت کرد و بۆم نارد:

بەرۆکی داخراو

گوڵم شێعرێکی لێویستم، نەبیسراو و نەگوترا بێ
وەکوو لێو و دەمی کیژێ، نەمژراو و نەگەزرا بێ[1]
وەکوو سرتەی خەیاڵی، کیژە کوردێکی خەیاڵی بێ[2]
مەمی چیرۆکی بۆتانی، لەسەر دوو مەم نەکوژرابێ
بڵێسە و ئاگر و گڕ بێ، کە وشک و تەڕ بسووتێنێ
بە نووکی چەرخی دڵداری، سەروبەر، تازە چنرابێ
لە پێچاڵی تەنینمدا، گوڵم نیمە وشێکی وا
بە ئاورگی ئەوینی کۆنەوە، جارێ نەبرژابێ
لە جێژوانی خەیاڵاتا، وەها دزراوە شێعری من
هەمیشە هەر دەبێ لار و لەڕ و لاواز و چرژابێ
بەرۆکی داخراوی گوڵ، دە می شێعری تەڕی بەستووم
دەمێ شێعری تەڕم بۆ دێ، بەرۆکی گوڵ نەبەسرابێ
لە هەندەر تا گزەی هەستم، نەهەندرابێ، گلەی ناوێ
سروشتی شاعیری وایە، دەبێ هەستی نەهەندرابێ
هەچەن ڕاوچی بەشی شێعری تەڕم، ئەمما بە گیانی تۆ
نییە وەک من کەسێکی تر، کوڵوڵ و کۆڵە کوترا بێ

۱۳۷۵/۱/۸ . ترکاشە

---

[1] ئاواش هاتووە: «وەکوو لێوی کچی شەرمن ......»

[2] ئاواش هاتووە: وەکوو سرتەی خەیاڵی کیژە کوردێکی حەماسی بێ

ئەم شێعرە لە ڕێکەوتی ١٣٥٥/٨/٧ لە ڕێوڕەسمی ئیجازەوەرگرتنی فەقێیەکی هەورامیدا لە مزگەوتی گوندی (شوێ) سەربە شاری بانە، خوێندراوەتەوە.[١]

ئامۆژگاری

خوێنـــەوارێکم دەوێ پـــارێزەری ئـــەو دینـــە بـــێ
هـــەڵگری بـــاری خـــەمی ئـەو خەڵکـە بـێپەرژینـە بـێ
نوێنـــەری پێغەمبـــەر و ســـایەی ســـەری ئـــەو دینـــە بـــێ
نـــەک ئەوینـــداری دراو و درهـــەم و پەڵپینـــە بـــێ

❀❀❀

ئایـــەتی(هـــل یـــستوی) تـــاجی ســـەری ئـــەو یارەیـــە
دەســـتی هـــەتوان و دەمـــی ودم و وتـــەی بـــۆ چـــارەیە
خـــاوەنی ســـێحری بـــەیان و بەربـــەیانی چـــارەیە
چـــەقڵی چـــاوی دوژمـــن و مـــستی دەمـــی پەتیارەیـــە

❀❀❀

ئـــەی بـــرای تازەمـــەلای، خـــەڵکی کـــز و نەخوێنـــدەوار
بولبـــولی کوێـــستانی کـــوردی، بـــێبـــەش و بـــێکاروبـــار
گـــەر کـــەمێ نەخـــشت هـــەبێ، بـــۆ پێکـــز و چینی هـــەژار
تـــۆ دەناســـێنێ بـــە کۆمـــەڵ پاشـــی مـــردن، پاشـــەوار

❀❀❀

شـــامرۆبە، بـــۆم تماشـــای شـــارەگی ئـــەم دینـــە کـــە
هـــەروەکوو خاســـانی دیـــنی، ســـەد شـــەرم بـــۆ پینـــە کـــە
تـــف لـــە چـــاوی چاوەچـــاوی نەوســـنی ئـــەو ژینـــە کـــە
تـــا دەمـــێنی خزمـــەتی ڕۆژی ڕەشـــی ئـــەو چـــینە کـــە

❀❀❀

[١] مامۆستا راوچی لە بەشی گەورکی موکری و ناوچەی بانە و هەورامانی باشووردا خوێندوویەتی و لە خزمەت «مەلا مستەفا»ی گوندی شۆی بانەدا ئیزنی مەلایەتی وەرگرتووە. خوێندنی سەرەتایی و قوتابخانەیی هێناوەتە کۆتایی. لە ئەزموونی دیانسازیدا بەشداری کردووە و مەدرەکی تیکنیسیەنی ریازی وەرگرتووە. ئێستاش دوو کوڕ و زاوایەکی ماوەی ٢٠ ساڵە بەم ئیشەوە خەریکن.

یــا مەبەســـتە مێــزەری پــۆز و عـــەبا، بــۆ نوێنـــەری
یـــا نەخۆشـــی خۆفرۆشـــی، بێبەریکـــە، بێبـــەری
زیــت و وریــا بــە کــە شووشــەی حیکمــەتی ســەر داوەری
نەیـــشکێنێ تاشـــەبەردی، چاوەچـــاوی نۆکـــەری

❀❀❀

تێبگـــەی باشـــە بـــە نـــانی خـــەڵکی لاواز و نـــەدار
بـــووی بـــە لاوێکـــی بـــزان و چوســـت و چـــالاك و تـــەیار
گـــوێ لـــە مـــن بگـــرە، وەقـــۆزە قـــاڕی مەیـــدانی وتـــار
لات نـــەدا لادەر، لـــە بـــاری خزمـــەتی خـــەڵکی هـــەژار

❀❀❀

دەتهـــەوێ چـــاوی لـــە تـــۆ بـــێ، ڕانـــەری چـــاو و ســـەرت
پاشـــی مـــردن پـــڕ بـــە دڵ بـــێ، دێبـــەری بـــەرگ و بـــەرت
چـــا بڵـــێ، بـــۆ گـــەل بڵـــێ، بـــۆ گـــەل لـــە ئاراخـــە، ســـەرت
وا نـــەژی، پیـــسە ژیـــانی، بـــێ‌ســـەری هـــەر دوو ســـەرت

❀❀❀

لـــێم لـــە دڵ مـــەگرە گـــوڵم، ورتـــەی حـــەق و لێکدانـــەوەم
بـــازی ڕاوم، فێـــرە گـــیر و ڕاپـــەڕ و هەســـتانەوەم
پـــیرە «ڕاوچـــی»م و چـــیایە ســـێبەری بووژانـــەوەم
رووت و قـــووتی باینـــەداوم، دوژمـــنی بادانـــەوەم

٧/٨/٥٥ . ڕەبەت

لە ساڵی ١٣٣٩ هەتاوی لە زیندانی قەسری قاجار لە تاران، دۆستێك بۆ ملاقاتم، تەشریفی هێنا بۆ زیندان، بۆ کزی و لەڕ و لاوازیم، فرمێسکێکی بیٚتنۆکی نیشاندا، بە جێگەی هیوا تێرشتن و دڵدانەوەم، گەلیٚ ساردوسووکیشی لە پارسەنگ نام، و زۆر بیٚئاقڵی و نەزانی وەپاڵ نام، خۆشی بە زانین و لێزانییەوە، گەلیٚ ڕانا، منیش ئەو چەن هۆنراوەم بۆ ناردنە دەریٚ، لە گیرفانی چەپم چەپۆکێکم بۆ هاویشت.

هێشتا هەر هەم

مەدە تانە لە وێنەی ڕووتەڵۆك و بیٚگوڕ و باوم
لە زیندانی خەماویدا، لە مێژە بیٚبەشی تاوم[1]
بژیوم ئەشك[2] و پێخۆرم هەنیسکە و هاودەمم شینە
لە گێرەی بیٚکراسی دا، سەرەی خەونی گەز و جاوم
هەقم پێنادریٚ جاریٚ، لە دەردی دڵ سکاڵا کەم[3]
هەتا دوکتور بزانیٚ، هۆی چییە لەرزی لە ناکاوم[4]
بە تاوانی کلێتە و کورتەك، و شێعری پەتی کوردی
دوچاری پەتپەتی داروپەتی ئەستوور و نەپساوم
چ تاوانە کەمن کوردم، بە کوردی «کورتە باسێکی»
بنووسم بۆ گوڵی سوور و وڵاتی قەت نەدێراوم
مەزەم مست و جنێو و تانەیە، بێژم ئەویندارم
وەلی دێوانەم و بووکی وەتەن، دەستی لە دڵ داوم[5]

---

[1] یان: لە زیندانی تەڕ و بڕدا

[2] یان: بژیوم کەشك

[3] هەقم پیٚ نادریٚ جاریٚ، لە لای لوقمان و لێزانی.

[4] یان: بڵێم زانا چییە دەردی دەروونی پڕ لە زووخاوم

[5] لە نوسخەیەکدا ئاوا هاتووە: خەڵاتم مست و پێلاقە و جنێوە هەر دەمیٚ بێژم کەوا دێوانەم و بووکی وەتەن دەستی لە دڵ داوم

ئەگــەر بێــژم بــرا کــوردم، کلاشــم تیرەکــەی چــەرمە

چ پێناچــیٚ، چــەرم دەکــریٚ، لەشــی لاواز و بــیٚبــاوم[1]

بــەرەو ســێدارە تــا ترســم وەبــەرنیٚ دوژمــنی هــۆزم

دڵــم ڕووناکــە[2]، پــێم وایــە کــە هێشتا هــەر هــەم و مــاوم

١٣٣٩/٧/٦ بەندیخانەی قەسری قاجار(تاران)

کورتە یادێك لە ناڵەی جودایی، شاعیری ناودار، مام هێمن

ســاقی کوشــتووتم، دەڵێــی شــێعری تــەڕی مــام هــێمنی

هەســتە بــۆم تێکــە، بــە یــادی ســەردەمی مــام هــێمنی

مەی وەمن دە،مەی وە من دە، نەچیە سەر، هێمن دەڵیٚ

تــاکوو ملهــوڕ تێبگــا تــۆ هــی ئــەوی یــا هــیمنی

کیــــژە دێهاتیــــت و بــــەرماڵت، بەرەڵبێنــــە، گــــوڵم

ئــەی لەبــەر چــی هێنــدە بەیدەســت و ســڵ و نــاهێمنی

زۆر لــــە مێــــژە مــــن ســــەرم سەوداســــەری ژوانێکتــــە

تــۆ هــەتا کــەنگیٚ بــزۆز و دڵــڕەق و ســەوداونی

نــا گەرەکمــە هــێمنی پــاش مــردنم، گــەر دەس کــەویٚ

شــەو لــە مێــزی گــەرمی تــۆدا، بــۆ مــنی ســڵ هــێمنی

دڵ کــە شــێواوە لــە شــێوەی پەرچــەمی شــێواوی تــۆ

شــێوە شــیرین وا وەرە، تێپــەڕ بــووە، شــەرمێونی

ڕاپــەڕینی ڕیــشی بــۆزە و شۆڕشــی شــێعری تــەڕە

شێخی ڕیشن، شەو بە ڕیش و پەشم و تۆبەی پێکەنی

[1] یان: چ پیٚ ناچیٚ وەکوو دێوی لەسەر کێوی دەکەن ڕاوم

[2] یان: پیٚ خۆشە

دانەری شێعری تەڕ و فەرهادی کێوی عیشقی تۆم
بیخە بەردەستم قولینگ و پاچ و بێڵی کۆکەنی
تا بکولێ شێعری من، بێستوونی کوێستانی وەفات
شوێنی دیاری بێ، بە یادی کیژە کوردی ئەرمەنی
ناڵەناڵی«راوچییە» یا شینی بلوێری خەمە
بۆ پەریی ناڵەی جودایی، دولبەری مام هێمنی

١٣٧٧/٩/٢١ . دەروێشان

گۆچانی پیرۆز[1]

مامۆستای لە زانین وەستا و لە عیرفان عارف و لە خوڵق و خۆشیدا، سەرۆك و لە ڕاستیدا، ڕاستاوێژ، و لە جوانیدا، بێوێنە و لە بالادا، شووش و بەرز و بێگرێوگۆڵ و گەلا، مودەریسی لە مێژینەی گوندی گۆڵێ، سەردەشت، لە زستانی ١٣٦٧ی هەتاویدا بە ڕەحمەتی خوا گەیشت. ڕەفێقی زۆر لە مێژینەی گۆچانێکی سازکراوی کوردانە بوو بە دەستەوەی بوو، دەساودەس زیارەتیان دەکرد، ئێستاش ئەو گۆچانە، بە یادی مامۆستا مەلا حەسەنی سەعدی زادە هەر ماوە، وەك یادگارێکی هەرە ماقووڵ هەڵگیراوە، لەگەڵ ناسیاوان دەدوێ. فەرموو گوێگرە، بزانە دەڵێ چی:

«گۆچان»

نە گۆچانێکی کرچوکاڵ و سادەم چەکی جادووبەزێنی سەعدیزادەم
بە کەم مەگرە کەموکورتی قەوارەم لە هەر قۆرت و قولاتێ، ڕێگەچارەم
ئەوەن پڕپیت و باوە دەستەگیرەم لە مێژوودا نەمر دەدوێ، نەزیرەم
خەلاتی دەستی مووسا یا شوعەیبم رەفیقی یاری غارم، دوورە عەیبم

---

[1] - پێویستە بوترێ ڕاوچی (بابم) ئەم شێعرەی بە خەتێکی نەستەعلیقی جوان پێنووسیمەوە و لە قەتعەی گرت بۆ مامۆستا و بۆ بنەماڵەی مامۆستای کردە دیاری.

تەلایین با دە بۆ سەر بەرگی لاشەم لە دەورم شینی پڕ گڕ با، چرا شەم
لە من فێربایە هێمن، هەڵوەدایی بەتینتر با، گڕی ناڵەی جودایی
دەبوو «راوچی» پەلاسی ڕەش لەبەر کا بەرەی شێعری سەراپا، هەش بەسەرکا
کە دیتی من هەلاواسراوی سادەم بەبێ پیری موغان و بەزمی بادەم

مامۆستای ناوەستا

ڕۆژێکی ڕوون لە ڕێکەوتێ بۆ پرسە چوومە مزگەوتێ
مامۆستایێ وەعزی دەدا زانستی خۆی نیشان دەدا
بە زانستی نوێوە دەدوا هەچی دەیگوت پەنا بەخوا
کوردی نژاد، عارەبی‌وێژ لە زۆر شتان دەدوا بێچێژ
بە زمانی بۆڵ و ڕیشی پان بۆ سۆفیلکەی بۆر و نەزان
خوای بە زاڵم دەناسان جەبری کردە، ڕچەی ناسان
وتی ڕۆژێ بەر لە خۆتان ئێستا چۆنی، نووسرا بۆتان
لادان نییە لەو نووسراوە چی نووسراوە، پێت بڕاوە
بۆڵەوفرتە و فڕەی ناوێ نەچیری، کەوتوویە، داوێ
گوتی: مرۆ ڕۆژی بەرێ هەناوێ بوون لەسەر سەرێ
گیانێکی گەش لە هەوادا جێگیر نەبوو لە مەوادا
نەکر، نە ڕایەڵ و پۆ بوو جەوهەرێکی سەربەخۆ بوو
هەستێکی ڕوون بێکێش و پێو گەشتر لە زێڕ، لە چاوی زێو
نە قۆشچی بوو، نە بازەوان نە خاوەن ئاش، نە ئاشەوان
بێباڵ‌وپەڕ، کۆش و داوێن تەنیا ڕۆحێ پاک و خاوێن
ڕۆشن وەکوو ئاوی شووشان بێخەم لە هەڵدێر و تووشان
ویستی خوا، دەستی لێدان ڕەنگی بنیادەمی لێدان
دایبەزاندن لەسەر زەوی بەرزەبالا و کورت و نەوی

میری بۆتان یا مەمن
ڕاساوی دەوری ئەو دەمن

ئێستا برسی یان خۆ خەنین
هەر لە بەرێ کریان تەنین

بە خۆت نییە خۆ بادانت
پێواویانە ئاو و دانت

شوانەوێڵە یان سەرداری
بارهەڵگری یان سەرباری

دەستی بەرێ، بێبەلا بێ
چی نووسیوە دەبێ وابێ

وتەی مامۆستا درێژ بوو
ئەوەی مێشکی هەبا، گێژ بوو

گردە پیاوێ خۆی لێبادا
ریشی مەلا ڕیشەی بادا

مەلا فەرمووی کابرای جەردە
کافر دەبێ ڕیشم بەردە

کابرا وتی نا، مامۆستا
لەسەر قسەی خۆت ڕاوەستە

چت لێبکرێ بۆت نووسراوە
لەو نووسراوە، لانەدراوە

بۆت نووسراوە ڕۆژی پێشێ
ئەو ڕیشە ڕیشەت بکێشێ

مامۆستا زانی شکستە
ریشی لەناو دەست و مستە

زانی نەزانی بەڵایە
هەوێنی کێشە و هەڵایە

زانی هەڵەی گفتودەمی
بۆتە، تەڵەی مام ڕۆستەمی

ڕەگ و ڕیشەی وەبەرداوە
تۆزێ ڕێزێ بۆ نەماوە

هەتا ئاوا مام وەستا بێ
دەبێ ڕیشی لە دەستا بێ

١٣٥٧/٣/٧ ڕەبەت

جێژنە پیرۆزە

بۆ کاک فەتاحی ئەمیری

وەرگرە لێم نەورۆزانەم
دیاری ساکاری شوانانەم

مستێ دۆعای بە بێبژار
یا جانتایەك هۆنراوەی لار

بەهار و بێبژار و ژانە سەر بێ
نەیار و نالەبار و دەربەدەر بێ

سەبا بۆتان سەما بێنێ هەمیشە
لە ساڵی نوێ گوڵی نوێتان وەبەر بێ

لـــە چـــاڵیٚ دا بنـــاڵیٚ زاڵ و زاڵـــم بەرەی جرجاڵ و زاڵم هەر پەکەر بیٚ
بـــەهاری نـــویٚ وەڕازێـــنیٚ هومێـــدو وەچـی وردی گـوڵی هیـواو وەبـەر بیٚ
کلێتە و کورتەك و چەکمە و چەکی ڕاو هـەناوێکی تـەڕوتازەی وەبـەر بـیٚ
کـچی بالۆرەبێـژ و بـچنە شـاخی گـەڕی دیلانـی ئـازادی وەگـەڕ بـیٚ
دەسـی دۆ بێتـە دەسـتی دۆنـەدیوان دەبا «راوچـی» جـەمێکی دۆ لەبەر بیٚ

١٣٧٥/١٢/١٥ ترکاشە

وردە تێچێن

وەرە هـەر پێکـەوە بـین خـۆم و خـۆت وردەدرکـــاویٚ بـــدرکێنم بـــۆت
دەتهـەویٚ پاشـی مـەرگ زینـدوو بـی بیٚمنـەت، بـیٚپـەت و سێدارە و کـۆت
ئەو ڕۆژە بەرەو باری گەڕی مەحکەم بە تەنگانە، گەلیٚ کەمبەرە، خاترجەم بە
ئـەو ڕۆژە نەلـەرزیٚ بیروبـڕوات، شـێری میرانـە ژیـاوی، نـەمری، بـیٚخـەم بـە
هەر کووپەمەیەك، خۆڵ و قوڕی کۆلانن سـازاوی دەسـی گۆزەکـەری، لێـزانن
هەر دەسگرە و هەنگڵی جوانی بەس نین کە جوان لە کڵیٚ بێتەدەریٚ ئەو جوانن

وەڵامی نووسراوەی دۆستێك

لـێم دەپرسـی چـۆنە حـاڵم، خاڵـە خـاو و چرچـەڵم
پیرەدارێکـــم بـــە دەم بـــاوە، چـــەماو و گەنـــدەڵم
یـا بـەدارە، دارەدارەم، یـا بـە شـەق دێـم و دەچـم
وردوخاشـی ئاشـی تانـە و بـەیت و بـاو و گێـچەڵم
تا بڵێی بیٚڕەنگ و ڕوویە شانوپیل و داوەڵم

ڕۆژپەرست و حەز لە تاوم، تۆزە تاوێکم نییە
وەرزی هەستم وشکەرۆیە، چۆرە ئاوێکم نییە
چاوەبڕکێ، چارەدەردێکی دڵ و چاوی کزە
ئەی منی کۆسکەوتە چبکەم، تاقە چاوێکم نییە
بوومە زیوانی زەمانە، هەڵڕژاوە کۆتەڵم
خەڵکی مەستی چاوی مەست و ئاشقی لێو و دەمن
یانە سەرخۆشی قورۆش و درهەمی زۆر و کەمن
یا لە نێو ڕیش و عەبادا، پڕ لە پۆز و بێخەمن
یانە داڵی سەر کەلاك و هاوەڵی کات و دەمن
من کە بێپارە و قورۆشم، تاڵی نۆشم، هەژگەڵم
دوێکە «ڕاوچی» سەر سنوور و خاوەنی کێوپارە بووم
دوژمنی دێو و درنج وملهوڕ و پەتیارە بووم
سەنگەر و سێرەم، کە چاوی دوژمنی پێ کوێر دەبوو
ئێستە تووشی بەیت و باوی سەر دەمی ئەم شارە بووم
خۆی لە خم ناوە لە داخا(تاروپودی) داوەڵم
من کە «ڕاوچی» تەرتوتووشم حەز لە بەزمی تەڕ دەکەم
ڕاوە کوند و قشقەڕەی بێخێروبێر و گەڕ دەکەم
تا هەناسەم بێ، لەگەڵ دێز و درۆزن شەڕ دەکەم
هێن دەڕاسێنم گەلی چەوساوە تا دژ قڕ دەکەم
دوژمنم وا تێنەگا من بێکەس و بێهاوەڵم

١٣٤٤/٧/٢٢ قەڵادزێ

شوانە

شوانە! برای هونەرمەندم   گیانی شێعر و هەست و بەندم
زۆر لە مێژە عەودالی تۆم   تێکەڵ کوڵی شمشاڵی تۆم
لەگەڵ بلوێرت تێکەڵم   سووتاوێکی بێدووکەڵم
سۆزی بلوێری تۆ شوانە   سووتمانێکی بێئەمانە
منیش سووتاوی ئەو سۆزەم   ئاشق بە ئەو چیا قۆزەم
پەپوولێکی دەوری گڕم   ئەوینداری چۆڵ و چڕم
فرمێسکی گیانێکی ڕوونم   میراتگرێکی مەجنوونم
منیش وەک تۆ پەڕەوازەم   دەس بە داوێنی ئەو ڕازەم
هەچەن پیری حەفتا ساڵەم   مەستی دەنگی ئەو شمشاڵەم
خزمێکی زۆر نزیکی تۆم   کوڕی کەشک و پەنیر و دۆم
کڵاشەکەم وەک تۆ شڕن   شرەم لە هەژاری پڕن
پشتێنەکەم وەک تۆ پەتن   دڵم وەک پێڵاوت لەتن
ڕانکوچۆغەی بەرم، شڕن   لە بەختی تۆ بێبڕترن
ماندوو مردوو بێ داهاتم   لەوێوەیە، بەسەرهاتم
بوورە و بەیارم لێ زەوتن   بۆیە جێگام دەم ئەشکەوتن
خۆت ئاسایی ماندوو و مردووم   هێشتا بێنان و ئاوردووم
بەو ژانەوە، دەخولێمەوە   تۆ دەبینم بەو شوێنەوە
هێندەی تریش دەکولێمەوە   وەک بەفری پار دەتوێمەوە
شوانە تاوێ وەرە ئێرە   با دووبەدوو ئەوڕۆ لێرە
دەردی دڵت بۆ هەڕێژم   چیم لە دڵدایە، پێت بێژم
لێمگەڕێ تاوێ هاودەم بم   پەپوولێکی دەوری شەم بم
بچمە ناو ناخی هەناسەت   ببمە باوەشێنی تاسەت
هاودەنگێکی ڕەشەشەو بم   خەیاڵێکی بەبێ خەو بم

شێعری من و بلوێری تۆ — هاواری من هەی بێری تۆ
ئەو کێوانە وەلەرزێنێ — پشتی شەوەزەنگ بشکێنێ
شەل و کوڵان بێنێتە سوێ — لە چاوەڕێی چاران بدوێ
شوانە کوڕی کوردی وریام — هەڕۆ سەر لووتەکی بریام
چاتر لە زوو، لەو بژوێنە — بەو بلوێرە تێی‌تووڕێنە
بەرەو پاڵ و نشێو و چۆم — بەرەو پاڵەی جێژیوی خۆم
بە مزگێنی بێژە پێیان — چاوەڕێ بن لەسەر سوێیان
هاکە سەر ڕاو گیرایەوە — راوەچەقەڵ، بووژایەوە
تێگەیێنە ڕووت و ڕەبەن — سەگی هار و چل شەو، تەمەن
بێژە زستان، هەچی سڕ بێ — لە خوێنی گوڵ کۆشی پڕ بێ
خۆ بەرێتە ڕیزی دێوان — داگیر بکا پۆپەی کێوان
ئاخری بەهاری ئازادی — لێی‌تێکدەدا، تەختی شادی
ئەو دەم جلکی دیلی دەدڕێ — پەری بەختەوەری دەفڕێ
دەبێتە چێژنی نەورۆزان — چێژنی ڕەش و ڕووتی هۆزان
پیرۆز دەبێ ئەو جێژنەمان — جێژنی دەمی ملهوڕ نەمان
شوانە دەسا، لە منت کەوێ — بەربەیانی هەموو شەوێ
بەو شمشاڵە خۆش هەنگێوە — بەردی خەیاڵم ببزێوە
وەگەشێنە بیرەوەریم — تاق لاوی و دەربەدەریم
پیرە «ڕاوچی» حەفتا ساڵەم — ئۆگرێکی ئەو شمشاڵەم
دامنەناوە چەکی ڕاوم — بە هیوای هەڵێکی ماوم

١٣٤٢/٤/٤

ئەسرین کیژێکی ناوەندی خوێنی بۆکانییە، برێ لە هەڵبەستە ساواکانی خۆی، بۆ ناردبووم، تا لەبارەی کێش و پێویان، بڕوای خۆم دەربڕم، منیش ئەو چەن شێعرەم بۆ ناردن و سەری خۆم لە پرێسکەی قانوونی شێعر پاراست.

ئەسرین

ئەتۆ ئەسرینی ڕوونی، چاوی کاڵی — تکەی بیر و خەیاڵێکی زوڵاڵی
پەلەی ناوێ کە تۆ هێشتاکە، باری — وەکوو کۆترێکی نەخشین و بەخاڵی
بە هیوا بە، وەبەر دێ باخی هیوات — هونەر دەتباتە پێتەختی کەماڵی
بە مزگێنی دەڵێم ڕووناکە، بیرت — وەکوو خاڵێکی سەرخێڵی خەیاڵی
ئەوین دەتباتە پێگەی پێگەیشتن — ئەوەن دڵگەرم و سەرخۆش و بە حاڵی
دە چاوێکت لە «ڕاوچی» بێ، کچی کورد — نزیکە ڕاگەیێنێ، ڕاوبەتاڵی

وەڵامی نووسراوەیەك

کەڵەکباری خەم

هەواڵی من دەپرسی دەربەدەر نیم — لە کونجی خۆم خزیوم، بێتەشەر نیم
دەسی پیری شکاندوویە گەلاڵەم — گوڵی جوانیم وەریوە، بێکەسەر نیم
شەقی عەینەك دەچێژێ، چاوی ڕوونم — لەمەولا ڕۆستەمی زەین و هەتەر نیم
کوڵی دڵ بۆ سەفەر دەڕژێ هەمیشە — لەشی وشکم دەڵێ پیاوی سەفەر نیم
لە سەر کانی مرادە،جێ‌هەوارم — بە پیری لەو مرادەش بەختەوەر نیم
لە جێ‌ڕاوم پەری دێن و دەنیشن — کە پیرم خاوەنی مست و زەفەر نیم
ئەوینداری کچێکی گۆشتنۆکەم — ئەویش بەیدەستە لای وایە بەشەر نیم
نەبوو جارێ کە مێزم، تێوەرێنێ — دەزانێ پیرەدارێکی بە بەر نیم
کوژاوی ڕاوبەتاڵی، ڕاو و ڕووتم — دەمی نۆبەی بەلامە، بێخەبەر نیم

١٣٧٠/١٠/٨

ڕۆژی ڕەشـی ئێمـە و شالاوی ڕەشـەکوژەکانی، حەمەرەزاشـای دیکتـاتۆڕ، کـە زۆربـەی لاوان، تـەرە و هـاڵۆز و دەربـەدەر بـوون، و هێنـدێکیش لـە شـێخ و مـێخ و زل و زۆرخۆرەکـانی، خوانەناس و گیرفانناس، دەیانویست بە ویستی شا، لاوەکان ڕەداو بخەن و بن ئەشکەوت و تـەلانیان پـێ بـەجێبـێڵن، و دیلانـە خۆیـان بکەنـە خۆشەویـستی بارەگـای تـاغووت و ساواکییەکان. منـیش ئـەو دوو هەڵبەسـتەم بۆ یـەکێ لـە کوڕە شـێخەکان نـارد و لـە دوارۆژم ترساند.

من وام

ئەزانی کاکە چۆن ئەڕوا شەو و ڕۆم؟
ژیـانی بەیـچەڵ و بـێڕایـەڵ و پـۆم؟

وەکوو دارێکـی سـەر چاکی بـەرەو بام
شـەق و شـەمزاو و هـاڵۆز و قەلاچـۆم

لـە ژێـر سـەردایە دەسـتی ناهومێـدی
بـەرەو بایـە گـوڵ و بـەرگ و پـەلوپـۆم

لـــە بـــن قرتـــاوە شـــاباڵی فـــڕینم
فــڕێم داوە چـەکی ڕاوی کـەژ و کـۆم

کوڕی کـوردم بـە کـوردی وا بـە ڕووتـی
لـە بـن دارێکـی بـێ پـڕژ و پـەل و پـۆم

هومێـــدم بەرنـــەداوە مـــاوە مـــاوە
بـــە کـوێرایی دڕ و دڕ ڕوونـــە ئاســـۆم

ئەتۆ چۆنی؟

ئەتۆ چۆنی برای شێخی بە شاقەل؟
لە سەرخۆ، وەك هەڵۆ دەفڕی وەیا قەل؟

بە سەربەرزی لە سەربەرزی دەنیشی
وەیـا نـزم و نـەوی نیشتوویە سـەر زەل

لـە بـەرزایی چـیا، هیـچێ دەزانـی
چ قـەوماوە لـە هـۆزی بێکەسـی مـەل

لـە بـەر پـۆزی ڕدێـن و شـاقەلی شـۆڕ
دەبیـسی نیوەنـووزەی پـێ کـز و شـەل

برا شێخ بە، نـەوەك شـێخی ورگ دار
زل و زۆرخـــۆر و ســـەربار و تـــەوەززەل

لـە بیرو بـێ، وتـەی لاوی خوانـاس
خوواناســـی بـــە مانـــا، خزمـــەتی گـــەل

لە «ڕاوچی» وەرگرە دەرسێ براگیان
مەبـە شـێخی زگ و داڵـی دەم و هـــەل

۱۳۵۳/۵/۸. شارۆچکەی ڕەبەت

سەری بێتاج[1]

قورت و بەلام وەسەرگەڕێ ... ئاسۆی ڕوونم، ڕەش هەڵگەڕێ
ژینم تفتوتاڵ و توون کەن ... خۆشیم لەسەر تەفروتوون کەن
هەڵمبڕن چەوسێنەران ... لێرە و لەوێ، لە هەندەران
چۆنیان دەوێ بمچەوسێنن ... ڕۆڵەم لە خوێن بگەوزێنن
دوو پەنجەی نۆبەرەم ببڕن ... نانم بخۆن سفرەم بدڕن
لە خەو ببڕێم ڕۆژێ، شەوێ ... برسی، توونی، لێرە و لەوێ
بمکەنە سرکی سەر کێوان ... گیان بێتە سوێ لەسەر لێوان
شارم بە بۆمبا خاپوور بێ ... گوندم لە خوێنا، ڕووسوور بێ
لە ئەشکەوتا، نوێنم قوڕ بێ ... تەڕوبڕ و ساردوسڕ بێ
با بڕژێنن بڕوخێنن ... خوێنم، ژینم لە بن بێنن
لە سەر داوا لە سەر مافم ... سوورم هەتا پێی تەنافم
نالەرزێنێ مووی ئیمانم ... سەبرم هەیە، موسوڵمانم
تەنگانە بەری کەمبەرە ... زاڵم ڕۆژێ بێهاوسەرە
خوێنخۆر ئاخر دەتوێتەوە ... نۆبەی هەژاریش دێتەوە
جلکی سیخوڕ وێڵداشی دڕ ... دڕدڕ دەبن بە کلاشی شڕ
تاجەسەری، بێسەر دەبێ ... سەر بێتاج و بێبەر دەبێ
ئەودەم ڕاوچی بە چەك دەبن ... خاوەن هێز و مەچەك دەبن
ئالای ئازادی دەچەقێ ... دوژمن چەپڵەی لێدەتەقێ
ڕێ دەکەون دەیڕەتێنن ... قەرزی کۆنەی لێدەستێنن
«ڕاوچی» تەلان و تەرت و سوێ ... زۆر پێناچێ لێیدێنە سوێ

١٣٥٤/١/٨ . ڕەبەت

---

[1] – ئەم شێعرە لە چەن نوسخەدا بە نێوی «سەبرت هەبێ» و «سەری بێتاج» و «تاجی بێسەر» هاتووە و لە سروەشدا بڵاو بۆتەوە.

دووبەیتییەکانی ڕاوچی

دەمـــی شـێعرم، دەمـــی تـــۆی دی لـــە خـــەودا
دڵ و دیـــــن و ژیــــانی خـــۆی، بـــــە ئـــــەو دا
لـــە گـــەرمی لێـــوی تـــۆوەن، لێـــوی شـــێعرم
کــــە بەرچــــاوە، بڵێـــسەی گـــڕ لـــــە ئـــــەودا

❀❀❀

لـــــە جێـــــژوانیٚ شـــــەویٚ دی، تـــــا بـــــەیانی
چ دەردێکـــــی بـــــــە مـــــــن دا، چـــــاوەڕوانی
چ نەنگــــــە بـــــــۆ کـــــچێکی کـــــوردەواری
دەمــــــــیٚ وادە و دەمێکــــــــی دی، ژیــــــوانی

❀❀❀

بـــە نـــازی تـــۆ لەبـــەر بـــادا بـــەروبووم
لەســـەر تـــۆ بـــوو لـــە دەســـتم دا هەچـــی بـــووم
لـــە مەیخانـــەی خـــەمی تـــۆ دا گـــوڵی مـــن
دوچـــاری ســـەد گـــوڕ و شـــین و تـــەزوو بـــووم

❀❀❀

ســـەر و ئەســـتۆ لەبـــەر پێتـــا نـــەوی بـــوون
دوو چـــاوم تووشـــی تانـــەی بـــیٚخـــەوی بـــوون
بـــە خـــوێنی دڵ لـــە نافـــەی باخـــەڵی تـــۆ
هـــەتا جـــووتیٚ هـــەوێردەم بـــۆ کـــەوی بـــوون

❀❀❀

شـــەوە، دەســـت و دەم و داوێـــن ســـرەوتوون
دز و ڕێگـــــــر، دڕ و دارۆغـــــــە خـــــــەوتوون
کەچـــی دەســـتی بـــزۆزی تـــۆ لـــە بـــەختم
لـــە نـــابیٚ و وامەکـــە و لاچـــۆ نەکـــەوتوون

❀❀❀

دە بەس بشکێنە ئاوێنەی دڵی لاو
بەشی بۆ هەر تماشا بێ لە بالاو
گورووی ماچێکە تاماوم لە گۆڕێ
لە گۆڕا هەر کراسێکە و گەزێ جاو

❀❀❀

دڵم، هەر وەك گوڵ و لەرزانە، لە گوێت
نەحەجماوە، سڵ و لەرزانە، لە سوێت
لەسەر بەرماڵ و تاتی نوێژی فەڕزم
لەگەڵ جووتێ مەم و پاوانە دەدوێت

❀❀❀

هەتا عیشقت لە دڵ دابێ گەشاوەم
لە شادیدا گەش و ڕوون و حەساوەم
هەتا دەستم مەمێ بگرێ، شەوانە
دەرك ناکەم کە من پیر و گەڕاوەم

❀❀❀

هەناسەم بەرد ئەتاوێنێ لە دووریت
دەسم ناگاتە داوێنی سەبووریت
کز و کوڵ و کڵۆڵی هێڵی پیریم
کە نەخشاوم بەرەو تۆ، تۆ دەبووریت

❀❀❀

لە ڕوومـا دامەپۆشە گەردنی زەرد
لەمە زیاتر مەچێژە پێم کوڵ و دەرد
قەرارم چووکە ماچێ بوو لە کوڵمەت
بە قەولی خۆت وەفا کە ئەی کچی مەرد

❀❀❀

مەدە تانە لە دوو چاوی بەتانەم

بەرەو تیری مژۆڵی تۆ نیشانەم

دە گوێ بێنە، پەنا کورکەی دڵی تەنگ

بەزێکت بێ بە ناڵینی شەوانەم

❀❀❀

دەبا ئەمجارە ناڵینم بە نەی بێ

وەرێخەم ناڵەناڵێ نەی کە نەی بێ

بوێژم هەڵبڕاوی بسکی خاوم

دەبێ ئەو هەڵبڕانە تاکوو کەی بێ

❀❀❀

بەهار و تاوەباران و کەژوکۆ

لە ئەشکەوتێ تەڕوبڕ دا من و تۆ

چ خۆشە دووبەدوو، تۆبەشکێن بین

وەباڵی لەشبەلەش، بگرینە ئەستۆ

❀❀❀

گوڵی من! وا سەرم دانا لەبەر پێت

لەمە زیاتر مەبووژێنە دڵی شێت

دەسی تاسەم بە داوێنی بەزەت بێ

هەلە ئەوشۆ ئیجازەم دە لەسەر جێت

❀❀❀

بە دڵ ڕووت بێنەوە هەر دوو لە فێڵان

گرێ دەین پێکەوە بسک و سمێڵان

دەمێ دەستەوملان و دەم لە دەم بین

ببینە مشتەریی کوڵم و تەوێڵان

بەهار و جێهەواری کۆن[1]

بەختی ڕەشی زستانێ، ڕەشی کەوتە بناران   ئەشکی هەوری هەرێمان، ڕژایە نێو نزاران
زستانی خستە شیوەن، هەتاو و تاوەباران   چاوەچاوی گوڵانە، لە لاپاڵ و نساران
بزەی دا بە دەماوان، گاڵتە و گەپی چناران   چەنەی زستانی شکان، چیمەنی نێو بەیاران

مزگێنی بێ لە یارم، سەوزە بوورە و بەیارم
شیرین تەشی دەڕێسێ، لە جێهەواری پارم

بەهارە هاتەکایە، هاتە و هاتی چیایە   پێتەڵووکەی زستانێ، بە باوە هەڵوەدایە
سەهۆڵی دەرکوبانان، کوڕاوی دەستی بایە   مامەخەمەی خەماوی، خەمی نەماوە شایە
بولبول، گوڵی هێناوە، بۆ گوڵ دەچێتە شایە   (مەنیج بارگەکەی تێکنا، گەیشتە هەمزاوایە)

مزگێنی بێ لە یارم، سەوزە بوورە و بەیارم
شیرین تەشی دەڕێسێ لە جێهەواری پارم

سوێروو لە سێتەپڵی دا، لەسەر سیلەوەتاخان   پووستە بەستەی لە دەما، مزگێنی دا بە باخان
بای وادە وا بە وادە گەیشتە کێو و شاخان   ڕوومەتی ڕنووی ڕنی بە تینی شووشە داخان
شادی هات و دابەزی، کەسەر بەزی لە داخان   گوڵان دەڕۆنە شیوێ، شیوان بوونە چراخان

مزگێنی بێ لە یارم، سەوزە بوورە و بەیارم
شیرین تەشی دەڕێسێ لە جێهەواری پارم

خەرەکڕێسەی هەواری، دای لە سەنتوور و تاری   لەسەر ترۆپکی داری، گاکۆترە و قەناری
دەڵێن موژدە بێ بەهار، بە خۆی و خاروباری   لە ڕێدایە، بەڕێوەن قەتار و کۆچ و باری
ئاوی گوڵان دەدێرێ لە گاکێڵ و بەیاری   بیزا و مەندۆك و سۆڵین دێنەوە باری یاری

مزگێنی بێ لە یارم، سەوزە بوورەو بەیارم
شیرین تەشی دەڕێسێ لە جێهەواری پارم

بەفری تەلان و دۆڵان، بوونە پێشێلی تۆڵان   وەك شەلوگێڕ و کۆڵان، بەربوونەوە زەندۆڵان

---

[1] – لە نوسخەیەكدا بە نێوی «بەهار و جێهەواری کۆن» نووسراوەتەوە. لاوێك بە ناوی ئەبووبەکری زیرەك دەیهەویست بەهاری شاعیران کۆ کاتەوە، شەوێك هاتە ترکاشە، ئەمنیش لە دواییدا ئەو شیعرەم بۆ نووسی. هیوادارم ئەو کارە بکات.

له خوێنی پیسی زۆڵان، شۆڕاوه دەرك‌وكۆلان   قەنەوزی سەوزی پۆشی، چیا، بەختی كچۆڵان
بیری چوونەوه بیری، بۆ سەر دەراو و مۆلان   ڕێواس و شەنگەبیێزا، چوونەوه مێز و كۆلان

مزگێنی بیّ لە یارم، سەوزە بوورە و بەیارم
شیرین تەشی دەرێسیّ،لە جیّهەواری پارم

خاڵخاڵۆكەی مەحالان، دەفڕن بە تیژە باڵان   دەچنە لای ڕووبەخالان، پیّی دەڵیّ ماڵەخالان
دەڵیّ خۆشی لە خۆتان، زیاتر لە ساڵی سالان   كیژان دەچن بە بووكی، دەڕۆنە گەورە مالان
كیژان دێنە دیلانیّ، هەڵدەپەڕن لە پالان[1]   چاوی ڕۆژیّ هەڵنایە، لەبەر پەرەنگ و خالان

مزگێنی بیّ لە یارم، سەوزە بوورەو بەیارم
شیرین تەشی دەرێسیّ لە جیّهەواری پارم

شوانە لە هەرد و بەردان، دەنێژیّ خەم و دەردان   بە شمشالی دەنازیّ، نازی هەریّم و هەردان
نەرم تێیدەتووڕێنیّ، هەوای قەر و گوڵ زەردان   ئەسپی هەستی بەزینە، هەوای«زینی» لە سەردان
باخەوانی ئەوینە، باخە گوڵی لەبەر دان   جوانە هەر لەوی جوانە، دابونەریتی كوردان

مزگێنی بیّ لە یارم، سەوزە بوورەو بەیارم
شیرین تەشی دەرێسیّ لە جیّهەواری پارم

راوچی! كە چوویە ڕاویّ، مەچۆ ترۆپك و لێژان   خاوی، دەكەویە داوی، لۆرەی بالۆرەبێژان
بزۆز و چاوچنۆكی، مەڕوانە پەرچ و گێژان   كچان لەویّ لە شیون، ڕووتن شلێر و بێژان
نەكا بشكێنی تۆبە، بە تام و بۆن و چێژان   لە لات وابیّ ڕەوایە، چێژەیەك بۆ بوێژان

مزگێنی بیّ لە یارم، سەوزە بوورەو بەیارم
شیرین تەشی دەرێسیّ لە جیّهەواری پارم

١٣٧٥/٨/٢٥

[1] لە نووسخەیەكدا «یالان» هاتووە.

بۆ شکاندنی تازیە و ماتەمی شاعیری خوواناسی کورد، مەلەوانی بەحری عیرفان، مامۆستا «حەقیقی» گوتراوە.

من و بولبول

دە بــۆمبێنــە ســەبا بــۆنی بــەهار و بەرهــەم و کــاری
دەرم بێنـە لـە نـاو چین و چـرووکی، شـیوەن و زاری
ســەبا! دەســتم بــە داوێــنی بــزەی نــەرمی بــەیانت بــێ
بە بولبـول بێژە بم گـاتێ بە خـۆی و مەڵحـەم و چاری
بـە خـەم وشـکەگەرووی شێعر و دەمـی هەڵبەسـتی مـەیگێرم
لـە هەسـتم ڕۆچووە چمکی خـەم و خـە مبار و بێزاری
بــەهار و بەربــەیان و شــەونم و گــوڵ مــاتڵی بــەزمن
دەبا دەستێ بەرێ، بۆ دووزەل و تـەپڵ و دەف و تاری
لەســەر سـوێگەی هیـوا بـەزمێ وەڕازێـنێ کـە ڕازی بـێ
دڵـی دڵپـڕ لـە ژانـی شـاعیری شـێعری تـەڕ و کـاری
وەلاوێــنێ بــە لاوك، لانکــی شــێعری تــەڕ و تــازەم
سەری خەم با بە خەم داچێ، وەلاچێ خێوەت و باری
لە دوو کۆچی ئەدیبی کۆچەری کووچەی ئەدەب مەگری
مەحاڵە گوڵشەنی هەستی، بەبێ بولبول کەوێ باری
مــەڵێ پــیری موغــان ڕۆیــی ومــەی و مەیخانــە، بــێپــیرن
یــەکێ دێــت و یــەکێ دەڕوا تەبیعــەت وایــە بڕیــاری
شــەوی شــێعر و شــکانی ماتــەم و جــەژنی ئەدیبانــە
دەبــا ماتــەم تــەمابڕ بــێ، وەلاچــێ ســێپەك و داری
دەبـۆم بێنـە سـەبا! بـۆنی«حـەقیقی» شـاعیری کـوردم
هــەتا شـێعری تـەڕوتۆڵم، لـە گوڵـدا بـێ دەم و زاری
لــە ڕیــزی مــام هــەژار و ئەفخــەم و ئــاوات و هێمنمــە
لە نەخشی وانە نەخشینە، ئەدەب نەخش و کروکاری
هــەموو شـاگردی دەرس و مەکتــەبی ئـەو کـۆڕە پـسپۆڕن
کــوڕ و کیــژی بوێــژ و دڕبــەزێن و دەمتــەڕی شــاری

لەسەر گۆڕی«حەقیقی» بەس کە بولبول، شیوەن و ناڵە
نەکا شین بێ لەسەر گۆڕی من و تۆ، شینە یەکجاری
ئەگەر فامت هەبێ، بولبول، بە مەی مەستی نییە ڕێزی
بە بێ مەیگێڕ و مەی شەرتە، کە مەستت کا ئەویندای
من و تۆ دووبەدوو بولبول، وەکوو یەك تووشی تووشێکین[1]
ئەمن دوورە هەرێم و تۆ لەگەڵ گوڵ، دوورە دیداری
ئەمن «ڕاوچی» چیای کوردم، بە کەم مەگرە کەموکورتیم
قوتابی مەکتەبی کوردە، سیامەندی پەلی داری

کاك ڕەسوولی چووپانی جانبلاغ ناسراوە بە «شوانە»، شاعیری ورد و وتەجوان، دەستەیە شێعری بە قەدوباڵای منا هەڵوتبوو و بۆی ناردم، و ماریفەتێکی زل و زەبەلاحیشی بە هەست و شاعیری دابووم. هەر چەند کاك شوانم زۆر خۆشدەوێ، بەڵام خوا لێمهەڵناگرێ تاریفەکەی هەموو درۆ بوو. بەڵام خۆشی تێدا ڕانابوو، وا دیاربوو داوای شەڕەغەزەل، کێبەرکێی شاعیری تێدا ژێرمەڵۆ کردبوو. منیش بەو شێعرە داوای ئەماننامەم لێکرد و بە خوڵای شێعری لەڕم سپارد.

ئەمان‌نامە[2]

شێعری تۆ شوانە! شەوانە، لایەلایەی لێ دەوێم[3]
تاجی سەربەستی لەسەر ناوە، سەرانەی لێ دەوێم
ڕووتوقووت و ڕوو لە مەرگە، داوەڵی بەرگ و گەڵام
بێ‌گوڵ و بەرگ و گەڵا، بۆن و بەرامەی لێ دەوێم
سرکە سیسرکی خەیاڵم، خاڵییە خاڵی وتەم
پیر و بێ‌شیر[4] و نەزۆکم، شیرە شوانەی لێ دەوێم

[1] – ڕاوچی لە نوسخەیەکدا لە وشەی «ڕۆژێکین» کەڵکی وەرگرتووە.
[2] – لە نوسخەیەکدا بە نێوی «بەیانی و گەز» هاتووە.
[3] لە نووسخەیەکدا ئاوا هاتووە: شێعری تۆ شوانە گەیشت و شوانەی شوانەی لێ دەوێم.
[4] لە نووسخەیەکدا «زورهان» هاتووە:

لێوی شێعری تۆ، لە لێوی گوڵ، بزەی بردۆتەوە
هەستی خەستی ئاگرینە، سەد بە هانەی لێ دەوێم
دوورە مەیخانە و مەی و مەیگێڕی لووسە، پیاوی پیر[1]

کەشمونەشمی شێعری کۆنت، کۆنەبادەی لێ دەوێم
بوومە سۆق خانەقا و خاوەنی ڕیش و جبەم
شێعری تۆ بەو ڕیشەوە، ئیشی کوڕانەی لێ دەوێم[2]
هەروەکوو تۆ لار و گێڕە، شێعری بێ شانوملم[3]
نا هەقە تەبعی تەڕی تۆ، ململانەی لێ دەوێم
چەککراوێکی دەسی[4] دەورانی بێودم و فەڕم
بەدفەڕی، شێعری شەڕی[5] تۆ، بەزمی کاوەی لێ دەوێم
کۆنە «ڕاوچی» چەککراوم، بێچەك و چەکمە، ورم[6]
شێتییە شێعرت، نەچیری چاردەساڵەی لێ دەوێم
١٣٧٦/٧/١٠

شاعیرێکی تازە پێگرتوو، جحێڵ و بەسمێڵ و وردبین و بەزەوق، کاك مەلا غەفووری کەسنەزانی، واتە خەڵکی گوندی کەسنەزان، نازناو بە «ژاکاو» پۆلێك هەڵبەستی بە دەم و لووتی مندا کێشابوون، لوتفی خۆی لەمەڕ ڕابردووما نیشاندابوو، منیش بەو غەزەلە، غەزای خۆم ڕاگەیاند و کەسنەزانم وەبیر هێناوەتەوە.

---

[1] لە نووسخەیەکدا ئاوا هاتووە: لووس و عازەبم

[2] – یان: وەك کچی تووسەن بەشەو بەزمی کوڕانەی لێ دەوێم

[3] لە نووسخەیەکدا ئاوا هاتووە: هەروەکوو تۆ لار و گێڕە، هەستی گێڕ و لاوەچم

[4] لە نووسخەیەکدا ئاوا هاتووە: دەم

[5] لە نووسخەیەکدا ئاوا هاتووە: تەڕی

[6] لە نووسخەیەکدا ئاوا هاتووە: کۆنە ڕاوچی چەککراوم. ڕاوەچەك یاساغە لێم

یادێ لە کەسنەزان

کەســـنەزان و کەســـنەزانی، کــێ دەزانــێ کــێن و چــین
نۆکـەری بەرچـاوی وانـە، چـاوجوان و جـوانی چـین
کەســـنەزانە، جــێهـەواری شــیرن و فــەرهادی کــورد
کەســـــنەزانە جێگـــە فڕگـــە و هەڵمـــەتی لاوی بـــەتین
تـا دەسـم بگـرێ قەڵـەم، ئـەی شـاپەڕی بـاڵی خـەیاڵ
هـەر دەویـژم دیمـەنی تـۆ، وەك بەهەشـتی سـەرزەوین
گوڵ بە دەستێ دەستی گرتم، شەو لە نێو گوڵزاری تۆ
هـەر لـە وێڕا بوو کە هەستم، بوو بە گوڵزاری ئەوین
گـەر دڵـی کـونکـون بـە ناسـۆرە و تکـەی لـێنـابڕێ
ئەو دەمی پێکرا، بە سیلەی چاوەچاوی، چاوی شین
سـێو و مێـوی بەردەمـە، زیـن و مـەمی نێـو بـاخی تـۆ
کلٌفەتی جێژوانی تۆیە، «خاتوو ئەستێ» و «خـاتوو زیـن»
دوێکـە «ژاکـاوێ» نـەکاوێ، یـادی تـۆی هێنـاوەبیر
ژینـەوە، فرمێـسکی سـوێری، بەربـەیانی گەرمەشـین
مـوژدە بـێ بێکـەس نـەماوی، ڕوونـە ئاسـۆگی هیـوات
بـۆ بـەرەی تـۆ تێدەکۆشـن، لاوی«ژاکـاو» و خـەمین
کەسنەزان! ئەی کێلە سیپانی، «سیامەند» و «خـەجێ»
دەچـنە سـەرداری لـە پێنـاوت، هـەزاران شـێخەمین
ڕاوبـەتاڵی بـۆ نییـە «ڕاوچـی» هـەرێمی جـوانی تـۆ
لاوی تـۆ دوژمـنبەزێنـە، بـێهـەراس و بـێبـەزین

١٣٧٦/٦/٤

هاوار لە دەس پیری

دەپرسـی لـێم بـرا، کـۆن و کـەلاك و کۆڵـەوارێکم
لـەبن سـەرباری پیریـدا، نـەخۆش و لـەش بـەبارێکم
تەمـەن جـەرگی بڕیـوم، لێـیدڕیـوم دەفتـەری ژیـری
بـەرەو بێرونـی خـەمباری، خـەریکی بارەبـارێکم
گەرووتـەنگ و پـشووتەنگ و بـەهاری لـێ ونـە لێـوم
بـە دڵ ئاتـاج و موحتـاجی بـزەی لێـوی بـەهارێکم
تەمەن گەستوومی، چاوم یەك بە دوو دێنێ، بەرەو پیرم
لـە خـوێنی دڵ پـڕە کاسـەی هـەموو شـام و نـەهارێکم
هـەموو دەردی بەدەمـدا کـردووم، دەردی تەمەنـداری
لـەوەش بـەولاوەتر، شـین و جـەخاری کۆنـەیارێکم
بـەرەو گـۆڕ و سەرەوشـۆڕم، لـە یـارانم خوداحـافیز
ئـەوەم یـارە کـە ڕابگـرێ، نـەواری شـوێنەوارێکم
خـوا زێـدم بـەبێ شـێعری تـەڕی«راوچـی» نـەبێ تـاکوو:
وەسـەر بـەردێ نـەمامی بـەردەڵان و دەم حەشـارێکم

١٣٦٥/٣/٣ . سەدراباد

بە وتەی میرزا «محەمەدی ئەفخەمی»، ئەم غەزەلەی ژێرەوە هۆنراوەی مامۆستا «مەلاهادی ئەفخەمزادە»ی برایەتی:

کوڕە شێخ

دەڵێن ڕۆژێك، کوڕە شێخێك بە بابی خۆی گوت ئەی باوە
لە مەکر و فەندی تۆ عالەم هەموو سەریان بەسووڕ ماوە
ئەگەر چی من کوڕی تۆم و جگەرگۆشە و عەزیزم بۆت
لەبەر خاتری منە داییم، کە کارو شوغلی تۆ ڕاوە
لە کونجی خانەقا دەخزێی، شەو و ڕۆژ بۆ نچیرگرتن
وەکوو گورپەی، لەسەر بەرماڵ بە حیلە چاوی قونجاوە
بە زاهیر عابد و زکرت هەموو قورئان و ئایاتن
کەچی بە دزی دەڵێی یا مشك و یا کەشك و پشی میياوە
هەمیشە هەر خەریکی مەکر و فێڵ و فیت و تەزویری
عەبا: تەپکە و درۆ دانە و زمانت داوە، بادراوە
دەزانم بۆمنە سەرپاکی ڕەنج و کار و کەسپی تۆ
هەتا دونیا لە من خۆش بێ، ئەتۆ دینت لە دەس داوە
لە بەر منتە، سەراپا، ئەم بسات و داموودەزگایە
وەکوو، دێوانە لەم دنیایە، عەقڵی تۆ کە گۆڕاوە
لە شاری نامسوڵمانان لە بازاڕی خەیانەتدا
دوکانێکی درۆت، بۆ سەربڕینی خەڵکی داناوە
ئەوانە و سەد ئەوندی تر کە ناگوترێ لە شەرمانا
دەزانم پاك لە بۆ منتە، هەچی ڕەنجت کە کێشاوە
ئەما خۆ من نەفام و بێشوعور و نامسوڵمان نیم
کە ڕازی بم بە ئەو حاڵە، کە دینی خەڵکی تێکداوە

دەبێ من چۆن دڵم خۆش بێ بەوە، خۆشخۆر و تەڕپۆش بم

مریدی ڕووت‌وقووتیشمان، لە خەودا خاوەنی جاوە

ئەمن پۆشتە و ڕەحەت، بێخەم، خەریکی عەیش و نۆشی بم

لەگەڵ دولبەر لە بن سێبەر، وەتاغ و سفرە چنراوە

مریدێ ڕووت و پێخاوس لەبەر قرچە و کوڵی گەرما

لەبەر تاوە، دەموچاوی، وەکوو نێوتاوە، سووتاوە

لەگەڵ ئەو ڕەنج و ماندوویی و زگی برسی و دڵی پڕخەم

لە مانگێدا، شەوێ، جەژنی، بەشی ئەو هەر پیازاوە

دەبێ چۆن من دڵم بڕوا بدا، ماڵی ئەوانە بخۆم

بە زەهرم بێ ئەگەر بیخۆم، حەرامە، پیسە، خوێناوە

ئەتۆ بۆ خۆت دەڵێی شێخم، لە زومرەی ئەولیایانم

نوفوسم پاکە بۆیە گەر دۆعاکەم، بەردی ڕق ئاوە

کە وایە بۆچی، بەردێك ناکەیە زێڕ، یانە زیوینە

ئیتر چاو نەبڕیە دەس کەس کە داخۆ هیچی هێناوە

کە تۆ دۆعات بە قازانجی کوڕ و ماڵت قبوڵ نەکرێ

بە چی خەڵکت فریو داوە، خودا بتکوژێ ئەی پیاوە

ئەوا ئەوجار، قسە و وەعزی برای خێرخوام لە لا ڕاستە

کە پیاوانە بەبێ باکی، گوتویە، وا قسەی قاوە

ئەگەر شێخ و خەلیفە خاوەنی کەشف و کەڕاماتن

لەبەر چی خەڵکی کوردستان لە فەقر و زیللەتا ماوە

کە ئەهلی خارقولعادەن لەبەر چی سۆق یا دەروێش

لە باسی دین و مەزهەبدا، ئەوەی زانیویە هەر ناوە

هەتا کەی نامسوڵمانی حەیات بێ، بەسیە ئەم کارە

لە ناڕاستی ئەتۆیە کورد، لە دونیا دینی شێواوە

وەڵامی جەنابی شێخ بۆ کوڕە زاناکەی

بە هۆنراوەی(ڕاوچی) ساردەکۆسانی

کـوڕم، ڕاسـتە هـەموو زکـر و تەلیلـەی مـن تەڵـەوداوە
بـە داوی دینـە گرتوومـە، هەچـی گـشتە وە یـا خـاوە
کوڕم ئـە و تـەپڵ و زەرگ و مێـزەر و ڕیـشەم، کـە دەیبینی
میراتـــی باوبـــاپیرە بەجێیـــە بـــۆم بـــەجێماوە
بـــە فرمێـــسکی ڕیابـــازی، دەدێـــرم وەرزی داهـــاتم
دراوم بـــێ، دەراوم ڕۆشـــنە، جێگـــەم لەســـەر چـــاوە
مـــن و تـــۆزێ ڕدێـــنی ڕاچـــەنینی پـــڕ لـــە دووڕوویـــی
دەسـی هـەر ئـاڵ و وێـر و دەسـبڕی شـارانی بـا داوە
نییـە ترسـم لـە هەرچـی، چـی دەڵێـت و، چـی دەڕاوێـنێ
مەڵێ ئەو شێخە، کەی شێخە، کە ویژدانی لـە دەسداوە
کـوڕم ئاقـڵ بـە، دینـار و قرۆشـت گـەر نـەبێ پووچـی
پڕوپووچـی، ئەگـەر عیلمـت بـەخوڕ، بڕژێتـە دەریـاوە
قـەڵا و قفـڵ و کلیـل و دەرکـەوانی لـێنـەزانت بـێ
لـەناو قـەومی نـەزانا، کۆنـە بـەرماڵت، لەسـەر ئـاوە
گـەلێ ئـەهلی عـیلم، گـەوج و نـەزان و کـەودەن و گێـژن
کە شێخی، دوو، درۆی پێبێ، لە مێژە بۆی لـە کەوداوە
زمـــانی ســـیخوڕی، ســـیخورمەیە، بـــۆ دوژمـــنی ڕاوت
ئەگـەر سیخوڕ نـەبێ، ڕاو و تەڵـە و داوت لـە دەس داوە
سـەپانی دەسـتوپـێ چـڵکن، نەفامـە ژیـنی پێنـاوێ
مشایەخ ژینی پێویـستە، لـە ویـستی دیـنی لای داوە
سپێرەی من لـە دڵ بگـرە کـوڕم دوو، ڕوو، نـەبی، ڕووتـی

بە ڕووتی چت بە چی نابێ، نە لەملاوە، نە لەولاوە
هەتا دەمری لە ویژدان و لە ڕوحم و عاتیفە مەدوێ
دراوی زۆر و بۆرت بێ، مەپرسە کێ لە قوڕ ماوە
خەتی تۆ پارەیە و پۆزی ڕدێن و یاهوو یا پیرە
مەترسە، بۆ درۆزن، پۆلەکەر هەر بوون و هەر ماوە
قەمە و ساتۆر و تەکیە و خانەقا، داو و تەڵەی ڕاون
هەزار، پۆڕ و پەری دەگری، ئەگەر ئاقڵ بە جێ ڕاوە
کوڕم ئاسانە، مەیلت بێ، فرۆفێڵی، مشایەخ بوون
عەبای بە درۆ هەرای بە درۆ، هەمووی بە درۆیە بەرچاوە
ئەگەر تەرپۆش و تەرنۆشی بەرەو باخی حەرەم ڕابە
تەڕی لەو شوێنە، هەر سینە و، مەم و داوێنی نازاوە
لەوێ یەک مەستە، یەک مەستی لە ناو دەستایە وەستایە
لەوێ هەر کەیفەیە، کەیفت هەبێ، هەر کەیفە دەستاوە
دەمت خۆش، شاعیری ڕەند و بوێری، قەڕنی، لاساری
بە قوربانی دەمی تۆ بێ، دەف و تەپڵی، بە ئاژاوە

تركاشه ١٣٧٥/٣/٢٢

لالەخەوێك

لە خەودا بولبولی زەوقم، لەسەر سینەی سپی ئەوشۆ
بەبێ شەرمی، گوڵی شەرمی، لە بەژنی گوڵچنی ئەوشۆ
هەڵی دامێ فەلەك، دەستم لە داوێنی گوڵێ وەرهات
گرێکوێرەی کەمەر شل بوو، کراوە، داخزی ئەوشۆ
لە بوتخانەی پەلوپووزا، بزەی هاتێ بوتی نەوسن

مەتەی دەستی قەزا، بورجی سەری نەوسی سمی ئەوشۆ

بەهانەی دامە دەس، لێوی بزۆز و لالەشی ڕووتی

دەسی خۆش بێ، قەمەی شێخی بەهانەی لێبڕی ئەوشۆ

کرا هەرچی دەبوو، نەکرێ، لە چاوی گوڵ ڕژا خوێنێ

سەرو بەرگی، حەیا دۆڕا، لە بەزمی ڕافزی ئەوشۆ

لە میحرابی پەل و پێدا-لە پێ کەوتم، جەنابی شێخ

گوڵی تۆبەی بە بادا دا، گڕوگاڵی دزی ئەوشۆ

شکا بێشک، شکی ڕۆژوو، هەواڵی چەژنی بۆ هێنام

لە ژێر هەوری کراسی چین، هیلالی بێشکی ئەوشۆ

بە مەیگێڕم، بڵێ «ڕاوچی» بەرەو من، با نەدا بادەی

هەتا مەحشەر تەڕ و مەستم، بە بادەی گوڵچنی ئەوشۆ

تركاشه

ڕێکەوتی ٦/٥/ ٦٨ هەتاوی، کۆڕێك بۆ یاد و بیرەوەریی مامۆستا ئاوات لە یەکێ لە مزگەوتەکانی بۆکان گیرابوو. بەڵام نەیانهێشت ڕێوڕەسمەکە بەڕێوە بچێ. مامۆستا ڕاوچی بەم شیعرە وەڵامی ئەو کارە دزێوەی داوەتەوە.

چەکی ڕزگاری

ویستم هەستم بۆ مەبەستم
کاڵۆکەی، ئاسن هەڵبەستم

لە لالەخەو، خۆ ببوێرم
خۆم بە خەیاڵێ بسپێرم

کۆمای خەیاڵم لە کەو دەم
دڵ چی دەوێ، دڵ بە ئەو دەم

ڕابم، بەرەو کوێستانی کورد
سەری «بەسری»، پۆپەی «هەڵگورد»

«کوڕەش»، «مامەڕەش»، «بەر نێری»
«ڕێلکە» و «سوێلە» و «بازی بێری»

«سادر»، «ساسۆن»، «جەبەل حەمرین»
«پۆپەی پیرس»، «چیای شیرین»

بچمە چاوەی چاوگە گوڵان
جێ هەڵوێستی دڵ بە کوڵان

سەر دەراوی، شوان و بێران
جێگە قریوەی، هاوێران

جێگەی، حەز و، بریای دڵان
ببمە میوانی نێو گوڵان

لە هەر گوڵێ چەپکێ بکرم
بە بالای شێعرێکی ببڕم

شێعرێ بە گوڵ وەرازێنم
لە سوێکەی دڵ دایبەزێنم

تا تێبگەن بەرز و نەوی
شێعرە فریشتەی سەرزەوی

کامە شێعر شێعرێکی زەنگ
لە سوێی کۆمەڵ، بە سوێ بە دەنگ
بە دەنگ، بە دەنگ دەنگی کاری
چەکە، چەکە بۆ ڕزگاری

جامی جەم کە هەبێ شێعرە
هاوتا لەگەڵ گەڤ سێحرە

شێعر تیشکێکی زێڕینە
بە تینێکی هێن دێرینە

هاوتەمەنی بابادەمە
دەرمانی هەر دەرد و خەمە

شێعر بووکی حەز و هەستە
شێعر نەبێ ژیان پەستە

شێعر بەڵگەی زیندوو بوونە
زنەی هەناوێکی ڕوونە

شێعر ماکەی سەرکەوتنە
ئازایەتی، نەسرەوتنە

شێعر گوڕووی گەرووی پڕە
خاوەن دنەی گەرموگوڕە

پێلی، دەریای حەماسەیە   تەزووی هەستی بە تاسەیە
شێعر بەرهەمی فرمێسکە   ناڵەی، گۆشت و پێست و ئێسکە
شێعر ناڵەی مل بە هەشن   تۆ نایبینی، دەنا گەشن
شێعر،کۆرپەی دڵی بۆسۆن   بێ لووت نەبی، بە تاموبۆن

کامە شێعر شێعرێکی زەنگ
لە سوێی کۆمەڵ، بە سوێ بە دەنگ
بە دەنگ، بە دەنگ دەنگی کاری
چەکە، چەکە بۆ ڕزگاری

شێعر خەجی هەڵفڕیوان   لە سیپانی کردە میوان
شێعر خەجی بردە سەرێ   کوێنی ڕەشی کردە بەرێ
شێعر دارەبەنی ڕوان   خەجی بە لارەمل نوان
شەوگوردی شێعری تەنی   سیامەند و دارەبەنی
ناسر، ماڵماڵ، خان و دمدم   میرە کوێرە، سوڵتان جمجم
لاس و خەزاڵ، میر سێوەدین   عەرفۆ، چەکۆ، بەکری بێدین
شە م و شەمزین، مەحموودە شۆڕ   سەدانی تر، بێپۆ پسپۆڕ
هێزی شێعر باڵی گرتوون   دەیان ساڵە هەر نەمردوون
شێعر بەڵگەی مێشکی پڕە   نەقورچەیە، گورچووبڕە
شێعر شێعرە سیحر نییە   چەکە لە چەك کەمتر نییە
ناڵەی گەرووی سەر بە هەشە   هەنگی شاخە ئەشکی گەشە
پێغەمبەری وتار شێعرن   مستی، دەمی نەیار شێعرن
کۆمای بە بێ بژار شێعرن   هۆرەی هۆبەو هەوار شێعرن

کامە شێعر شێعرێکی زەنگ
لە سوێ کۆمەڵ، بە سوێ بە دەنگ
بە دەنگ، بە دەنگ، دەنگی کاری
چەکە، چەکە، بۆ ڕزگاری

بەرای گێلی دیمەن هەیاس — بێجێ، بێنێو مێژوو نەناس
خۆگێل مەکە گوێ بگرە بۆم — ئەتۆ من و منیش هەر تۆم
مێشکی شاعیر ئاوێنەیە — نوێنگەی هەراوی وێنەیە
هەر دیمەنێ مەیلی بسێنێ — لەناو شێعرا دەینوێنێ
جیهانی ژین کە دانرا — شاعیر ناوی چرا نرا
شاعیر شەمی شەوەزەنگە — زانایە پوختەیە دەنگە
دەنگی دەردی من و تۆیە — بەرچاوە، ڕایەڵە، پۆیە
چەکی دەمە، دژ تۆقێنە — سیلاوە، خەم هەڵوەرێنە
ژیان شەوە، شاعیر شەمە — شەوی بێشەم دەرد و خەمە
وتەی بەرزی بەرزە وتار — مەکۆی بیروبڕوا «هەژار»
نەوەك هەژار، بەڵکو قەوی — تیشکی هیوا لەسەر زەوی
دەڵێ: کۆمەڵ بەبێ نووسەر — هەر لاشێکە، بێسەروبەر
وتەی «سەعدی شیرازییە» — جێگەی ڕێز و شانازییە
دەڵێ وشتر بە شێعری خۆش — دێتە سەما، سەر و ڕووخۆش
ئەوەی شێعری لە لاچووکن — چووکەی وشترێکی چووکن
فش‌وفۆڵە، لێنەزانە — کەڵکە و بەربایە زیوانە
شێعر و شاعیر مانگەشەون — خێری خووا هەبێ ئەون
شاعیر مانگی شەوی ڕەشە — بەرز و بەشۆقە، ڕووگەشە
پاشی مردن هەر زیندووە — تام و بۆنی ناو مێژووە
خاوەنی شێعری هەنگێوە — چ «ڕاوچی» یا ڕاوچی شێوە
لە مەرگی شاعیر مەترسێ — دوژمن لە کێلی دەترسێ
یارەب هەتا زەوی هەبێ — ژینی بەرز و نەوی هەبێ
هەر زیندوو بێ شێعر و شاعیر — دوو ئەستێرەی گەش و زاهیر

١٣٦٤/٦/٢٤ . ترکاشە

کورتەشین

بەرلەوەی بگرێ ئەجەل بەربینی ژین   بەرلەوەی، شەم بۆم بگێڕێ گەرمەشین
بەرلەوەی بمبەن بەرەو، تاتی شتن   بەرلەوەی بشکێ، زمانی پێگوتن
بەرلەوەی کفنم لەبەروێ، هەڵدروون   بەرلەوەی دووپشکی گڕوێ بم گورروون
بەرلەوەی، بچنێ، ئەجەل مۆخی وتەم   بەرلەوەی بەرپێ‌کەوێ دەست و پتەم
بەرلەوەی بەر بێ لە دەس، داوێنی ژین   بەرلەوەی لاشەم بهاڕێ کورتەشین
بەرلەوەی ئەستوندەکی بشکێ، تەمەن   بەرلەوەی سینەم لە پەلدا دارەبەن
تاکوو شەی ماوە، شەمی شەوگاری ژین   با بناڵێ بووکە شێعری، سەر بەشین
با بڕێژێ خوێ، لەسەر زامی بەسۆ   تێگەیێنێ ڕۆڵەکانی، ڕەنجەڕۆ
بازنەی ئەشکم بدێڕێ، نیشتمان   با ببێتە چیمەن و گوڵ ڕێزمان
با زمانی مەش بە کەش بێ، ڕۆژ و ساڵ   پێنەگرتوو، بێنە سەرپێ، بێنە حاڵ
بۆ گوڕوگاڵی وتەم، گوێ بگرە گوێ   کۆنە «ڕاوچی»م و پەیامم نوێیە، نوێ
کۆنەدەردە، دەردی، کۆمەڵ، نوێ نییە   ریشەدارە، بن ڕەگە، سەرتوێ نییە
ریشەبڕ نەکرێ، دەکێشێ ریشەمان   زەرد و بێ‌گوڵ، ڕادەوەستێ تیشەمان
بێ‌سەوادی هۆی، هەرێ نزمی مەیە   تا نەخوێنی، خوێنی دڵ، بۆ تۆ مەیە
بێ‌قەڵەم، خاوەن تەلا بێ، قڵخنی   بەربەلایی و نیوەماوی مرخنی

خوێندن و ژین

بۆم بڕۆ فێرگە و بدێرە بیر و هۆش   پڕ لە گوڵ کە، وردەوردە مێز و کۆش
خوێندنە هۆناسی دەردی داسەپیو   خوێندنە، پیو و بەزی پشتی بژیو
خوێندنە فرگە و گەوی لاوی بەنێو   خوێندنە مستی دەمی لاسار و دێو
خوێندنە ڕێچاری ژینی بێ‌بژیو   خوێندنە خوێنی گەلانی ڕاپەڕیو
خوێندنە تاجی سەری سەرداری گەل   خوێندنە گۆچانی، گۆج و یاری شەل
خوێندنە شابالی بازی بەرزەفڕ   خوێندنە هێز و برستی ڕەندە کوڕ
خوێندنە، نەخش و کری ئاکاری ورد   خوێندنە، بۆ چارە دەردی دەردە کورد

تا نەخوێنی، هەر بە بێ‌خوێنی دەڕۆی
یا نەماوی، یا کە ماوی ڕەنجەڕۆی

گەل نەخۆش و، داتەپیوی خوێندنە
خوێندەواری، هێن کەمە شورت و ونە

شورت و ون بێ‌دەنگ‌وڕەنگ و بایەخە
کورت و قرت و قڕکراو و ئایەخە

عەبرەشە، بێ‌پاشەوار و ڕۆڵەیە
بێ‌بڕستە، تێشکاو و کۆڵەیە

چووکە، پووکە، ژێر چەپۆکە بێ‌بەشە
مۆلەترسە، سایەقورسە، پێ‌ڕەشە

بێ‌قەڵەم، کۆمەڵ بەرەو توف و مژە
سواری ئەسپی باووبژ بێ خۆکوژە

بێ‌قەڵەم، لامێژە مێژوو، بێکەسە
لات و پاتە کشکراوە ئەجمەسە

بێ‌قەڵەم بێ، وشکەڵێکی وشکەڕۆی
داوەڵێکی بێ‌گەڤ، بەورە پەڕۆی

بەربەلایە، کۆمەڵی نەخوێندەوار
پێکڵی ژێر کوڵ‌وبارە، کۆڵەوار

تا نەخوێنی، ڕوو لە ڕێ نی، ڕێ‌ونی
بێ‌بەشی کووز و کولان و قوچبنی

هەر قەڵەم، قەڵغانی گورزی تۆڵەیە
هەر قەڵەم، ڕۆ بێتە کاری ڕۆڵەیە

هەستە بخوێنە برا، هێشتا زووە
زەحمەتی تۆ، بۆ بەرەی داهاتووە

پاشی مردن، پاشەڕۆکی کردەوەت
بەرهەمێکی پایەدارە بۆ نەوەت

من و کوڵە قەڵەمەکەم

پیرەدارێکی گەلازەردی کەلم
ڕووت و قووت و بێ‌بەشی پۆپ و پەلم

هاکە باسەر، بێ‌سەرما لەشم
لەش بەجێما، بێ‌سەر و کەشمونەشم

ئەی قەڵەم دەستم بە داوێنی بزەت
با بەرەو من بێ، بەرەو من بێ، کزەت

تاکو شەی ماوە، هونەر نۆبەی منە
هەر کەسێ، بێ‌تۆ بژی، خۆی لێ‌ونە

تا کەمێ سرتەی هەیە، سیسرکی دڵ
تا بە قڕ نەچووە، پەلوپۆپی بە گوڵ

هاکە بەستی ڕێگە ژینم، ڕێکەوت
هاکە تیری چڵکنێکم، وێکەوت

هاکە بوومە تێشکاوی، با سەرێ
بوومە قوربانی لە پێناوی سەرێ

تۆم نەنووسی کێ دەزانێ کوێندەریم
بۆ ڕژا ڕەنگی ڕەشی دەردی سەریم

دەی قەڵەم قوربانی، سۆزوسازی تۆم
گوڵچنێکی ڕێڕەو و ڕێبازی تۆم

دەستی من بگرە، بەرەو مێژوو بەلەز
بمخە، ڕیزی کوردەکانی خۆنەگەز

بۆم نەنووسی، کێ دەزانێ کوێ چووم / کامە قەمچی سیرمەسیرمەی کردووم
بۆم بنووسە تا لەسەر خۆیە هەناو / باسی زیندانی ڕەش و پێوەند و داو
بۆ (قزڵقەلعە)ی تەڕوبڕ بوو بە جێم؟ / بۆ لەشی خۆشی نەدیوم بوو بە کێم؟
بۆچی ڕۆژی ڕوونی من گۆڕا بە شەو؟ / بۆ کرامە داوەڵی، بێخەون و خەو؟
بۆ لە من، بۆتە ملۆزم، تەپلەبۆر؟ / چۆنە تێر نابێ، لە لێدانی بە زۆر؟
گا بە قەمچی گا بە دەسبەندی قەپان / گا بە پۆل و گڕ، دەسووتێنێ زمان
زۆر نەفامە، داروەدەستەی پەهلەوی / چۆن نەوی دەکرێ بە قەمچی دڵقەوی؟
چۆن کەوی دەکرێ بە تینی شیشەداخ / باز و بازۆکەی تەلان و شاخ وداخ

ناترسم

ناڵەناڵم، کەی لەبەر قەمچی زرە / هەر کوڕێ قەمچی نەدیوە کەی کوڕە!
پیر و پێشینەی گەلی کوردم دەڵێن / بابەتی قوربانییە، بەرخی کەڵێن
من کە ڕۆڵەی هۆزەکوردی بێ لکەم / بابە قوربانی، گەلم بێ خوێنەکەم
خوێنی من بڕژێ، لەسەر ماف و بەشم / زۆر بە بەرزی هەڵفڕیوم، ڕووگەشم
دیارە بێفام و نەزانە، دوژمنم / وادەزانێ کوردەواری، هەر منم
چۆنە، تێناگا، کە کوردی ڕاپەڕیو / بوونە تەرزی، قەفقەفۆکەی سەرپەڕیو
هەر قەفێکی هەڵپسێنێ، ناڵەبار / ئەو قەف تر، دێتە گوڵ تێر و تەیار
هەر گوڵێکی هەڵوەرێنێ کۆنەدز / ئەو گوڵێ تر، خونچەیە ڕاساوە بز
بەوری شاخی، نەیرەتێنێ بێزەرە / خەوتووە، بێکێشەیە، ماتە، کەڕە
بێت و ئازاری درێ وا دێتە شەڕ / شەڕ بسووتێنێ، پەڕێزی وشك و تەڕ
من کە «ڕاوچی» چڕگەن و لێڕ و چڕم / شاعیرێکی، هەڵبڕاو و دڵپڕم
گەر بە نووکی نێزەوە گەو بێ لەشم / هەر دەڵێم مافم دەوێ، کوردی گەشم
سەرنەوی ناکەم، لەبەر قەمچی بزۆز / چی لە دەس دێ بێمنەت بێ تەپلەبۆز

با منیش بگوژێ لەڕێوە تەپلەزل
هەر لە جێگەم جێگرە بەوری بەمل

وردەئازاری دیلخانان

دیل و دیلخانەم نەدیبوو، بیستبووم
نووکە قەمچی بۆ دەمێ نەیگەزتبووم
دیتن و بیستن برا، فەرقی فرەس
کەی بە بیستن، تینی ئاگر دێتە دەس؟
تا چزەی قەمچی نەچێژێ، شانوپیل
کەی دەزانێ حاڵی چۆنە فیلی دیل
باسی مەرگە، بەیتی ئازاری شەوان
دەنگی پۆتین و چەقەی زیندانەوان
کێشەکێشی، کێشی نینۆکی شەوێ
هەر کوڕی کوردێکە، مەردە نانەوێ
ترسی قەمچی، ترسی هەوچی، ترسی دار
ترسی نێڵەی، ژێر نینۆکی کوڵەوار
کێچ و ئەسپێ، وردەڕشکی، جێ خوروو
دانەخۆرەی ژێرکراس و بن پزوو
بۆر و باریك، و گەڕۆڵ و سیسەڵەن
سیس و پیس و پێستەخۆر و ڕیوەڵەن
هەر یەکەی داخی عەزا بێ، بۆ ئەسیر
چۆن بژی، باشەکوڕی بەندی فەقیر؟
من کە «ڕاوچی» ڕاوەچاوێ بووم لە دێ
لێرە ڕاوی، ڕشك و ئەسپێم پێوەدێ
قامکەشادە و پانەنینۆکی دەسم
بوونە هاوڕێ، بوونە هاوکار و کەسم
جووتەبازی، لەش لە خوێنی هەڵکشاو
بوونە کێشك بۆمنی لا لەشخوراو
دووبەدوو، هەردوو، لە ژێنم بەرگرن
کەم هەبوو کێچێ وەجووڵێ نەیگرن
سێ و دوو حەوتەم لەسەر تێپەڕ بووە
لەش نەشۆراوە، پواوە، گەڕ بووە
بێشەم و شەمزاوی، ئازاری، شەوم
جێتەڕ و بێڕاخەر و خەون و خەوم
هەر لە تۆقی سەرمەوە، تا مووچی پێم
چۆڕەچۆڕە لێیدەچۆڕێ، خوێن و کێم
گرژ و کۆم و داتەپیو و نیوەماو
باوەڵی دار و، شەل و ئەژنۆشکاو
هەر بە دارو، دارە دارە و کۆمەکۆم
هەر بە شپرێوی بەرەو میزگەم دەڕۆم
دوو کەڕەت ڕەسمە بەرەو بۆگەنکە چوون
جورمی شێلاقی هەیە، بێنۆبە چوون
غەیری ئە و ڕەسمە دەبێ بگری پەسیو
یا لەگەڵ دەرپێ بسازی، بۆگەنیو

یەک دەقیقە ڕانەبی سەر کاری میز تۆسن و جووتەوەشێنە باوەحیز
بێچووە تریاکی تولەی بابۆگەڕن بێ‌فەڕ و قرتی وەر و پاشەل تەڕن
فیتەر و حەیتەزەلام و مۆنومۆڕ تێنەوەست و گوێ‌نەبیست و سرک‌وتۆڕ
بۆ مولّومۆ، دێنە زیندانی شەوان وردەبەرتیلی دە وێ زیندانەوان
نەیدرێتێ درهەم و دینار و پوول چی بەسەر دێنێ بەیانی، داروتوول
هەر مەپرسە دیلە کوردی بێ‌سەواد چی بەسەر دێنێ سەری قەمچی گەواد
هەر مەپرسە حالّی دیلی بێ‌دراو چی بەسەر دێنێ قەفی زنجیر و داو
هاکە پڕ بوو کاسەسەبری تێشکاو نۆبەتۆلّەی هاتەوە دەس لێوەشاو
هاکە بەرخی بن سەوەی بوونە بەران هاکە خەنجەر بوونەنەشتەر بۆ سەران
هاکە هەستا، کۆمەلّی بڕبڕکراو هاتەوە تەیری کەژی داگیرکراو
هاکە تەور و قۆچەقانی بوونە چەک دەنگی داوە چێغ بەچێغ بە بێچووە سەگ
هاکە ڕێز بوو داس و تەورداس و کوتەک فیکەفیک و بەردەفڕکێ بوو بە چەک
هاکە شەو بەندی ترازا، خەنجەری کوردی دەشتی، کوردی کێو و بەندەری
هاکە کۆکۆ کۆمەلّی کەلّ ڕاپەڕین نووکەشەق تەپلەی بە شەق هێنا دڕین
هاکە زیندانی شکا، زیندانەوان بوو بە دیلی دەستی زبری دەشتەوان
هاکە تاجی شابەشاوە بوونە دیل کەوتە، بەردەستی بزۆزی کۆنەدیل
هاکە سەر بێ‌تاج و تاجی سەرکەوت زەبروزەنگی دەستی تۆلّەی وێکەوت
من کە کوردێکی ئەوینداری چیام ڕۆژی تۆلّەم دێتە دەستێ، دلّنیام
ڕەوڕەوەی چەرخی سروشتم، قازییە ژینی کۆمەلّ، تەختەنەردە بازییە
جارێ دێت و جارێ دەڕوا، نۆبەباو جارێ دیلە، جارێ فیلەکورتە لاو
گەر لە دیلخانەی عەجەمدا بوومە دیل دێلەڕێوی دەمگەزێ، لێم بۆتە فیل
ریشەبڕ نەبووە هومێد و چاوەچاو روو لە ڕۆژی، تێشکانە بەند و داو

گوندی «سونی» کوردستانی باشوور. ١٣٤٤/٤/٦

«زاوا و بووک و نووکە نووکی بووکێ»

کوڕێکی قەشمەری کوردی دلاوا
چ خۆشە هەڵکەوێ بکرێ بە زاوا

گراویلکەی[1] بە بووکی بێتە بەردەس
هەوێردێکی حەمایەت بێ، نە بەیدەس

مەکە و لاچۆ، قەلاچۆ بێ لە نێوان
بەدەس بگرێ، مەم و لێوان بە لێوان

لە شەڕگەی دوو لەشی دەمڕووت و لەشڕووت
لە چاوی گوڵ بچۆڕێ ئەشکی یاقووت

بنۆشێ زەمزەمی لێو و دەمی چووک
کەوی کا دوو مەمی سرک و سڵی بووک

لە پێتەختی سپی سینەی سەمەن بۆ
ڕەوایە بەرهەمی چڵپە و مڵۆمۆ

لە مێشێنی پەل و پووز و کەمەردا
هەڵە هەرچی وەبەر دا، هاتە نەردا

وەکوو پەروانە، دەمدەم خۆ لە شەم دا
دەس‌وپەنجەی خەیالاوی لە مەم دا

وەلاوێنێ بە دەم، دەمدەم دەم و لێو
بچێژێ تام و چێژی بەرهەمی مێو

دەمێ میوانی بەژنی نەیشەکەر بێ
دەمێ مەیخوازی گارسۆنی کەمەر بێ

دەمێ ئاودێری وەرزی پووز و پێ بێ
ئەوەن تەڕدەست و لێزان و بەپێ بێ

بدێرێ نێرگزی هەرگیز نەدێراو
وەدەس خۆ خا دوڕ و گەنجی وەشێراو

بە دەم بگرێ دەم و دوو مەم بە پەنجان
لەخەو ببرێت و بسمێ دوڕ لە گەنجان

پەل‌وپۆ ڕووت و لەش نەرم و پزوو شل
شکۆ ئەستۆشکاو و جێ شکۆ فل

شەوی قوربانی گیان و ڕشتنی خوێن
ئەوێ گیانی فیدا بێ، خوێنی بەر پێن

لەمە زیاتر چییە زاوا مەبەستی
هەچی بوو هاتە دەستی مژتی گەستی

بەخێر چێ ئەو دەمی دەورانی مەم بوو
لە بەخشینا، لەشی زینێ حەتەم بوو

نووکەنووکی بووکێ

چ خۆشە نووکەنووکی ئەو دەمی بووک
بە نووکەی تۆسن و تووکی لە دڵ سووک

دەڵێ زاوا بەرمەدە، هەستە بەسمە
شکاندووتە شکۆی هەرچی تەلەسمە

سماوە گەوهەری گەنجی گزوفت
ڕناوە بەرهەمی شەرم و حەیا فت

[1] یانی دەزگیرانی خۆی

بەرمـــدە بەربەیانـــە، کورتـــە مـــەودا
سمـــاوە جـیٚسمـــی ئاســك لـــە شـــەو دا

هـەتا کـەی تـیر مـلّومـۆ نـی، لـە خـالاّن
بـە دەسـتی تـۆ، کـچێنیم چـوو بـە تـالاّن

بـــە حـــالّی مـــن دە نـــالّێنیٚ، مـــەلاییك
کـــچی دوێنـــێم و ئـــەورِو، بوومـــە دایـــك

کەمـەر شـەمزاو و پشتبەندی کەمەرشـل
رِنـــاوە بەرهـــەمی بـــەژنی شـــلّومـــل

چـناوە شـاگوڵی پـووز و پـەل و پـێم
بـــە بـــەربووکیٚ بلّـــیٚ، فریـــا کـــەویٚ لـــێم

بریـنـــداری هـــەل و کـــاتی زەمانـــەم
بـــە خـــوێن دێـــراوە، دێـــراوی کـــچانەم

خـول و گێـژ و بـەزیوی جێگـە شـەرگەم
کـچی رِووسـووری کـورد و خوێنـە بەلّگـەم

لە بێستوونیٚ مەپرسە، چی بەسەر هات؟
لـە دەس نێـلّ و قـولّینگی عیشقی فـەرهاد

ئـــەوەن گوشـــراو و چـــرِژاو[1] و مـــژاوم
مەگـــەر«راوچـــی» بزانـــیٚ چـــۆن کـــوژاوم

نەنووسیٚ پووز و پیٚ، تا کویٚ قەلاّچۆن
وەبـالّی سـەد پـەل و پـووزی لـە ئەسـتۆن

١٣٧٨/٢/٣ دەروێشان

تەمەنی حەفتا و پێنج بە نەخۆشی دڵەوە لە سەر جیٚوبان دەنالّێنم. خەمرِەوێنم خەمە و هـاودەنگم هاوسـەرێکی[2] دلّسۆز و بەسـەرەدەر و بەوەفایـە. خـۆم و بـەختم کـاوەی کـورِم بێچوویەکی[3] لێرە لیٚبەجیٚماوە، رِەش و برش و پانکەلّە. بەلاّم سیٚ برِێکی، بەبرِ و چەنەوێژ و شیرینبێژ و بەمزی و مێشك و بێژە. لە دلّی من بۆتە وێروێرکە و ئاورِوونکەیەکی خولاّداوە، گۆرانیم بۆ دەلّیٚ و دەمشێلیٚ، جاروباریش دیٚ بە بیٚبێزووبۆ رِوومەتە چرچەکانم ماچ دەکا و بە زمانە لالّوپالّ و منالاّنە دەلّیٚ (مام مەلا گیان، مەشەییم بۆ دەکلی) منیش بە بەهای (دیدی) ئەو منالّە سیٚ سالّەیە گۆمیلکێك فرمێسکی منالاّنە هەلّدەرِێژم و دەلّێم باشە بە چاوان.

هەر لە سەر ئەو جێگە وبانەی کە هەموو دلّێك لیٚی نەبان و نامۆیە، ئەو دەفتەرەم لە وێرە و بارِەو بارە و باری، خەیالّ و کورکە و ورتەی چەن سالّەی خۆم نووسیوەتەوە.

---

[1] «برژاو»یش هاتووە.

[2] مەلاژنە بەسیٚ

[3] ئەفشین

گێرو گەواڵی خەت و چین و چرووکی وشە و شەوگوردی نووسینەکەش چاوی کز و دەستی لەرز و بیٚهەناویم دەخاتە بەرچاو.

بە چاوێکی پڕ لە خواحافیزیەوە نیازم بە دوعای خێر و یادی خێرتانە. وا دوا هەناسەم ئەو ڕاستییە دەدرکێنێ کە بێژم، سوێندم بە خوای گیان و گیان هەستێن، تا ئێرە لە خوا و خەڵکی هەژار جیا نەبووم و هەر نەمویستووە جیاوە بم. تڵتە و چڵپە و ترس و هێرش، دەرۆستی بیر و بڕیار و باوەڕم نەهاتوون و ڕاوکەی پیٚنەدۆڕاندووم. هەر ئەوەش بوو بە هۆی زیندان و کۆت و ئەشکەنجەی ساواکیان و حەمەڕەزا شای لاوەکی و ئاوەکی.

بە هیوام دۆستان و کوڕە کوردەکانی بەرەی داهاتوومان خۆناس و خووناس و هەژارویست و نیشتماندۆست، داوێنپاك و پتەو و هاودەنگ و بڕوا و بەرابەر بن لە سەر دین و مەرز و ماف خۆیان. پێشمەرگەیەکی بەڕەك و بزەکێکی هەنگێوە و سەربازێکی بەچنگ و پل و بەمەچەکە بن. ئیتر بە خوداتان دەسپێرم.

مەلا عەبدولکەریم عەزیز نژاد

(ڕاوچی ساردەکۆسانی)

ڕۆژی ١٣٧٩/١٠/٧ ئەو قەسرە نووسینی تەواو بووە.

بەشی سێهەم:

بیرەوەری:

وەبیرم دێ ساڵی ٧١ بۆ زانکۆ دەرچووم و ماڵمان لە گوندی ترکاشە بوو. داوای دیاریم لە بابم کرد. فەرموویان: «کوڕم چ نییە تا لێت وەشارم. بەڵام ئەو دەفتەرە چکۆلەیەت دەدەمێ، کۆن و لەمێژینەیە.» لەلای خۆم هێشتمەوە. ماوەیێ دوای کۆچی دوایی مامۆستا لەگەڵ کاک ئەمینی گەردیگلانی پێیدا چووینەوە، نە تەنیا کۆن نەبوو، شتی زۆر تازەی تێدا بوو. لە پێشەکی دەفتەرەکەدا ئاوای نووسیبوو:

باوی زەمانە بێئەمانە و بار　　　　تۆڵە هەستێنە لە شا و خوونکار

راوچی . ١٣٣٥/٩/٩

دیارە خوالێخۆشبووی بابم لە ڕێکەوتی ٧٩/١٠/٧ی هەتاویدا نیشتەجێی گوندی دەروێشان بووە. ئەودەم دیوانەکەی هێناوەتە کۆتایی. بەڵام وەکوو زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد، گەلێ جاران گوڵە شێعری دەم بە گوڵ و خونچیلانەی کردۆتە دیاری و لە لای خۆی نەماون. یان وەك سازێکی ناساز هەڵپەسێراون و لە ترسی سیخوڕ و سیرمەدڕ شاردراونەوە و یان سووتاون. ئەم بەشە لە شێعرەکانی پاش مەرگی شاعیر لەسەر نەوار و فیلم هەڵگیراونەوە و کۆ کراونەوە و لە دیوانەکەیا نووسراونەوە. وێڕای سپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی یاریدەیان داوم، هیوادارم بەدڵتان بێت و لە داهاتوودا جوانتر کۆ کرێنەوە.

خەرەکی سکاڵا

رووتەڵۆکە مرۆیەك هەڵمژراو — گیان لەبەر هێرشی دژخوا برژاو
شەقەیاری بوو لە شەقشەقتر بوو — بنجی ژینی، لە هەقی لەقتر بوو
مۆن و سەرزبر و بەسام و شڕ بوو — ژێرچەپۆکی دەس و مستی زڕ بوو
روو بە ئاسمانی سکاڵا ئەیڕست — خەرەکی بەختی شکاویشی سست
گڕ ئەباری لە هەناو و هەستی — بێهیوا مابوو لە گۆگا قەستی
دانە یاقووتی گوڵی فرمێسکی — دادەبارێنەوە دەریای ئێسکی
چارە دەردی بە دەوا حەستەم بوو — بە نزا و تووکی چیا پڕتەم بوو
دەس لە ژێر چاڵی چەنە و ئەژنۆ بوو — دڵ بە ناسۆر و هەنیسك و ڕۆ بوو
بە هەوا ئەیوتەوە: ئەی یاران — وەرگەڕێ کۆشك و قەڵای زۆرداران
کورد گەلێ دەربەدەر و لێقەوماو — بێبەشی ماف و هەق و ژین دۆڕاو
تاکوو کەنگێ هەر ئەبێ بێبەش بن؟ — لەش لە ژێر باری قەلی ڕووڕەش بن؟
تا بە کەی دەربەدەر و بۆسۆ بن؟ — داخی ناپاڵم و چەکی سۆخۆ بن؟
کەی لە ئاسمانی هیوا هەڵبەستێ؟ — یا لە ناو خێڵی براسێ دەستێ
خرۆەکا کوردی تەرە و ئاوارە — یەکیەتی بێتەوە بیر دووبارە

١٣٣٥/٩/٩

دەردی دووری[1]

با بسووتێنێ خەمی تۆ شاپەڕی باڵ و بەدەن
با بە سێڵاوی سروشکم چۆڵ و چڕ بێتە چەمەن
با لە ژێر شاڵاوی داخی تۆ خەوم لێ هەڵبڕێ
با بە ناڵەی من بسووتێ خەڵوەتی بەیتولحەزەن

---

[1] بە نێوی «دیق و دووری»ش هاتووە. ساڵەکانی بەر لە ١٣٥٣ی هەتاوی کاتێ کاك شێخ تاییری رەبەت و هێندێ لە رووناکبیران دەگیرێن ماموستا راوچی لەگەڵ نامەیێ دەیکاتە دیاری و بەرەو ئەو هەرێمەی بەڕێ دەکات.

داخــی دووری تــۆ لــە دڵمــا ئــاگری کردۆتــەوە
شــێتوشــووری کــردووم کــاتێ ئــەبێ بمکاتــە پــەن
تــامی تــاڵی کۆچــی تــۆ، تــاڵی خــەیاڵی داومــێ
تــازە بــێتــۆ تاڵــە باســی بەرهــەمی بــاخی وەتــەن
موددەتێکــە بــێهــەواڵی، حــاڵی واشــڕ کــردووم
بوومــە گــەپچاڕ و گەمــەی کونـد و قــەلی شــاخی ڕەقــەن
شــاڵی تــۆ بــۆ، قەمتــەری زار و دەمــی دێــو و درنــج
ئێــستە تــۆ نــی، پێــوەدەر قــرژاڵ و قربــۆق و ڕەقــەن
تاکوو هاوڕێم بووی ئەتۆ پێشێلی پێ بوون گەوفرۆش
بــێتــۆ پێــشێلی ئەوانــەم هــەر دوو لاقــم دۆشــەگەن
«راوچــی»یــەکی پــڕ چــەك و وشــیاری ئاسـۆی یەکیـەتی
دوور لــە تــۆ ئێــستاکە نزمــە و بــێچــەك و ڕووت و ڕەبــەن

١٣٥٣/١٢/٢

دەرمانی خەم

ئافــەرین ئــەی چــاوی پڕشــین و گــرین
خەنجــەری جــەرگی ســرەوت و هــەڵوەرین

شە و خــەیاڵی خاڵی ئەستۆی بووکی دڵ
بــا بتــۆرێنێ لەســــەر ئەســتۆ ســـەرین

چاوی ئاشق گــوڵ نــەکا، ئینسان نییــە
کــاتی کۆچــی گــوڵ، وە یــا گــوڵ هــەڵوەرین

دوورە پــیر بــوونی، هــەتا چــاوی تــەڕت
خــوێ بپرژێنــە لەســـەر زاری بــرین

شــینی شــەو دەرمــانی دەردی ئاشــقە
بــۆ پــسانی خــەم و یــا خــەم ســەربڕین

دەتهــەوێ نیزیکــی گــوڵ بگــری، بــە شــەو
پۆلــەگوڵ ئاشــق بــە زۆنــگ و جێتــەڕین

تــا نــەناڵێنێ بــە شــەو هــەوری ســەما
کامــە گــوڵ دێتــە ســەما یــا هەڵپــەڕین

لێــی حەرامــە ئاشــقی بۆســۆ لــە دڵ
کــاتی فرمێسکی خــەمی ڕوومــەت سڕین

کـاتێ برژۆڵـی شـەوێ تـەڕ بـێ بەشـین
نێزەیـە، بـۆ جـەرگی داخ و خـەم دڕیـن

«ڕاوچـی»یـا شـەوگاری دووری فرسـەتە
بـێخـەوی بـۆ ڕاوەخـەم یـا خـەو کـڕین

پاییزی ١٣٣٧

دیاری شەوی ڕەش

چ خۆش بوو ئەوشەوەی یارم دڵی سووت
بە مەی بەخشی بەهەشتی لالەشی ڕووت

شـەوی دێـنێ بـە دینـێکم لـە دەسـدا
دڵ و دیـن و حـەیا چـیم بـوو لـە دەسـدا

بـە گـەرمایی لەشـی جـوانێکی ڕووگـوڵ
گـوڵی تۆبـەم وشـك بـوو وەریـە سـەرگڵ

بـە شەوباشـی شـەوی ژوانـێ لـە ژینـا
وەفـا بـاری بـە شـێوەردی ئـەوینا

بـە شـۆڕابەی قـەف بـسك و سمـێڵان
گونـا شـین بـوو لەسـەر وەرزی جحـێڵان

بە سروەی بای هەناسەی ئاشقی ڕووت
ڕەوی هـەوری ڕەشـی دەوری دەم و ڕووت

بە شاباشـی مـەزەی ماچـێ لـە کوڵمـەی
بەلاشـم دا، بەهەشـت و کەوسـەر و مـەی

بـە بـێ گیـانی لـە باوەشـیا کـە خـەوتم
وەکـوو گیـانێ لـەناو لەشـیا سـرەوتم

دەبـا بمـرم، کـەوا تـۆم دی گوڵـەگیان
بە ڕووتـی شـەو لـە باوەشما وەکوو گیان

کـەوا تـۆم دی بـە تـەنیایی لەسـەر جـێ
جەحەننـەم گـەر جەحەننـەم دێتەسـەر ڕێ

لـە باوەشـتا وەکـووژێ ئـاگری دڵ
جەحەننەم، گۆڕی ڕەش قوڕ بێ و یا گڵ

بەهاری ١٣٣٧

«چوارینە»

ئامۆژگاری سۆفی

سۆفی چییە ئەو دەست و قول و قاچەڕەشەت
ئەم ڕیش و سمێڵ و چەنەگە و بارە هەشەت
هەستە بیشۆوە بە مەی، دڵ و، پاکەوە بە
مەیگێڕی بەدەس بگرە هەتا ماوە نەشەت

❀❀❀

مێحرابی بەجێهێڵە لە مەیخانە تلی
ئەو وادە کە شێخ داویە پێت، دوورە چەلێ
بەرماڵ و جبەی بدرە لەبەر پێی جوانێ
تۆبەت بکە شاباشی دەم و پرچ و ملێ

❀❀❀

بەو ڕیش و جبە و توێژە ئەدۆڕێنی دین
هاکە لە پڕا زەردەوەبوو بەرگی ژین
زۆر دوورە جەحەننەم، بە جەحەننەم چ دەبێ
لێرە دەمێ دەم باوێ، دەمێکی شیرین

❀❀❀

پێتخۆشە لە بەخشینی خودا پڕبەش بی
خووگر بە گوناحێ بە، هەتا ڕووگەش بی
هەر لێرە لە مەیخانە مەتۆرێ تاکوو
هالاوی قەف پەرچەم و بسکی ڕەش بی

❀❀❀

خوا چاوی بە تۆ داوە کە پێی بڕوانی
گەر لێکی بنێی شێت و وڕ و نازانی
خوێچێژی گوناحێکی نەچێژی، گێژی
بە جوانی لە جوان بنۆڕە تاکوو جوانی[١]

---

[١] ئاواش هاتووە: تێرگوناح بی بە وشەی عەفوی خودا تەرخانی

پردی سوڵتان[1]

وا بەهارە و کەژ و سەحرا شینە   ژین لە نێو مێزی ژیان ئاژینە
گوێ چەم و باخ و پەنا بەستێنن   جێ سەرنج و دڵ و گیان ئەستێنن
دەتهەوێ تاوێ لە خەم بێخەم بی   هاودەمی بووکی گوڵووکی چەم بی
روو لە قۆرخێکە[2] لەوێ گوڵچینێ   دوورەخەم، خۆشی بە گوڵ پەرژینێ
گوڵ لە ئە و جێیە بە کۆما ئەڕوێ   کۆڵە نەوسێ کە لەوێ بێ ئەسوێ
کاکە مەم خۆزگە دەبا بە شوانێ   خاتووزین بێرییە جا خەم کوانێ؟
کیژ و کوڕ پێکەوە خۆدەنوێنن   بەر و بەرموور و بەرۆ دەپسێنن
لەو بەری دەنگی کەوی خۆشخاڵە   لەم پەڕی سۆز و شنەی شمشاڵە
چۆم و ئاوێ کە لەوێ هەڵئەڕژێ   زات و زیپک و بڕی سواری دەمژێ
پردە بەردێکی لەسەر ئەستۆیە   ئاوی بەحرانی هەتا ئەژنۆیە
ناوی ئەو پردە ئەڵێن سوڵتانە   بار و کوڵهەڵگری کۆڵبارانە
جێ مەکۆی ڕاو و شەوێنی کوردە   نەخشی نەخشینی هەموو دەسکردە
پردە بەردینەیە پێشی گۆمە   کۆلکەزێڕینەیە خێوی چۆمە
تاکوو ئەو پردە لەوێ ڕاوەستێ   بێخەم ئەو نێوەیە دڵ یا هەستێ
خێوی ئەو چۆمەیە خوای لێ ڕازی   رادەماڵێ لە دڵان بێنیازی
تاکوو ئەو پردە هەبێ کوانێ خەم؟   کێ دەترسێ لە هەڕوگیفی چەم
بەر لە ئەو پردە بە واتەی کوردان   ڕێی لەوێ کەوتووە شاهی مەردان
لەو دەرە و چۆمە کە بازی داوە   شوێنە چەکمێکی لەسەر جێماوە
کوانێ پردێکی وەها ڕازابێ؟   شوێنە پێی شێری خودای لێ مابێ؟
تات و بەردێ کە لەوێ چەسپاون   شوێنە پێی دوڵدوڵی لێ جێماون

[1] – پردێکی مێژوویییە لە نێوان گوندەکانی سلامەت و ساردەکۆساندا ساز کراوە.

[2] – قۆرخ یان قەدەغە: شوێنێکی سەر چۆم و پڕ لە دار و دەوەنە و زۆر چخورە. لە لای سەرووی پردی سوڵتان هەڵکەوتووە.

شوێنە پێی دولدولی ئەو شاسوارە   بۆتە تاجی سەری ئەو ڕووبارە
ئاوی جێکەوشی ئیمامی زامن   بۆ هەموو دەردێ شیفایە و زامن
خاکەلێوە و دەمی ڕاسانی ئاو   هەر لە ئەو جێیە کوڕ و کیژی لاو
دڵ بە بریان و دۆعا دەخوێنن   ئاوی ئەو شوێنە لە خۆ ئەڕشێنن
چا دەڵێن بەستە بە هەستی جوانی   ڕوو بە ئەو پردە دەڵێن گۆرانی
زار و لێو پڕ لە بزە و ئاواتن   دوورەخەم ڕوو لە شنە و داواتن
جا دەڵێن پێکەوە تێکڕا، وێڕا   جوانە ئەو پردە، لە بێشکەی لێڕا
پردی سوڵتان کە بە حەق سوڵتانی!   هەڵسواوی دەسی دڵناسانی
لەش لە نێو ئاوی شەتاودا بەندی!   چارەخولقێنی خودای مەڵبەندی!
زۆر لەمێژینە لەوێ وەستاوی   دوورەپیر بوون و بە لاوی ماوی
دژ بە تۆفانە قەڵاندۆشی تۆ!   جێ پەنای مانە بەروکۆشی تۆ!
دەس لە بن باڵی گەلی بێنازی   ڕووی خودات لێبێ ئەوەن ڕووبازی
وشەداڕێژی وشەی کوردی بوو   دژ بە ترسان و شەوارگەی دی بوو
تاقەتێکی بوو لە ئاسۆگی گەل   دڵ بەخەم بوو کز و لاواز و شەل
بەربەڕۆچکێکی بەهاری نوێ بوو   بۆ بەرەی پێکز و بێپێ، پێ بوو
هەر لە ئەوجێ بوو کە کوردم ناسی   کوا بە دەم دەکرێ سپاس و باسی
تا بڵێی خاوەنی زیپك و بڕ بوو   لە عەجەم تاکوو بڵێی دڵ پڕ بوو
لە مەرگ ترسی نەبوو ئەو «لاوە»   بێوچان هەڵدەخولا لەو ناوە
هەر لە ئەوڕا بوو لە خەم هەستانم   ڕووبەڕووی دوژمنی گەلوەستانم
هەر لە ئەوڕا بوو خوای لێ ڕازی   ژینەوەی زۆنگ و زنەی شانازی
بنکڵی ژینی وەها بۆ دانان   لاوی کڕ هاتە کڵی خۆڕانان
زەمزەمەی گەرم و بزەی کوردانە   هاموشۆی نیوەشەوی حیزبانە
بوو بە دەنگۆ لە بەشی کوردستان   پۆلە سەگ زانی لە برسا هەستان
ڕەشەکوژ کەوتەوە نێو مەڵبەندان   کەوتە دەسبەندەوە دەستی ڕەندان

تێك شكا زیپك و بڕ و وریایی — بوویە پێشێلی عەجەم جێشایی
چوونە ناو بەندەوە لاوانی زیت — قەسری قاجار و قزەڵقەلعەی خیت
دوور لە تۆ ڕاوچی بەشی پێبڕا بوو — دەس بە دەسبەندەوە بەندی کرابوو
سیوهەشت تا چل و یەك بەندی بوو — ژان و ژاراوی شكەنجەی دیبوو
باسی زیندان و شكەنجەی كاری — یادی چنگوڕكی سەگ و سەگداری
هەر لە بیر ناچێ هەتا نێو گۆڕان — هەر تف و نەحلەتە بۆ گوێ شۆران
چ بڵێ ڕاوچی ئەوەندەی جوانی — بۆ هەموو كاتێ پەنا و ئامانی

خەرمانانی ١٣٥١

ئاشی ئاغای

گیانە بۆم بێژە بە ئاشی ئاغای[1] — هەروەكوو پێشوو بووی، وا ئازای؟
«ڕاوچی» میوانە لەوێ شەوگاران — مفتە هەنگوین و كەرەی بۆ یاران
چەكی هێناوە لەگەڵ دێوجامە — سنگەكەو حازرە بۆ ئەو شامە
وردە میوانی، بەرەی قازی بوون؟ — یانە ئاشێری لە سەرما مردوون؟
دێنە لای فایق و ئەحمەد تۆفیق؟ — یا عەجەم دێنە پەنای بۆ تاقیق؟
گێلمەگێلمی عەجەمان نەبڕاون؟ — ژانی دڵ هێشتە بە دڵ نەشكاون
نۆكەری شایە بە سەرتا دەخوڕێ؟ — چۆنی پێخۆشە وەها لێدەخوڕێ؟
یانە لاواز و كڵۆڵ و گەڕ بوون؟ — سەرنەوی، بێفەڕ و پاشەڵ تەڕ بوون
جاش و ماش دێنەوە خۆیان دەگرن — سەرنەوی تێدەپەڕن ڕادەبرن
خاترت زۆرە هەرێمی پردێ — روونە لێم، ڕۆژێ نەمامت بەر دێ
تاكوو ئەو دەم بە خوام ئەسپاردێ — لەش كە نەتوانە دڵم بۆ ناردێ

---

[1] لە ناو شیو و دۆڵی قەدەغەدا لە مابەینی گوندی سلامەت و ساردەكۆسانا لە ناوچەی گەوركی موكری سەر بە شاری بۆكاندا هەڵكەوتبوو. ئاومالی ڕوو بەخاڵی «پردی سوڵتان»ە. وەك دوو ئەویندار یەكتریان لە ئامێز گرتووە و قۆرغی قەدەغەیان كردۆتە بێشكەی ئەوین و ژوانگەی بووژانەوە و چاوبڕكێنەی ئەویندارانی و ئەم قۆڕغەیان لە لاوەكی و چاوچنۆكان قەدەغە كردووە.

گیانــــە پـــێ هـــەڵگرە لاچـــۆ لێــــرە پـــــردە بەردینـــــە[1] بـــە دڵ بـــسپێرە

خەرمانانی ٥١

وەڵامی پووچەڵ بۆ کەچەڵ

ئــەوا شـین بــوو تــەلان و بەنــدەن و کێــو بە گوڵ تەنرا کەژ و لێڕ و چڕ و چێو
لەســـەر بـــستووی ژیـــان ڕۆژی هومێـــدم بزەی هاوێتە سەر سوێگەی دەم و لێو
بــە هــۆنراوەی پــڕ و زەوقــی عــەزیزێك ژیــاوە نەوبــەهاری خۆشــی هــەنگێو
لــە پێــشا بــا بڵــێم چــرپەی هــەواڵوو درانی سەردەمەی دووری کەس و خێو
هــەتا ئەوڕۆکــە شــێخێکی وەکــوو تــۆ نـەبینی ڕاو لـە شـار و گونـد وبـێ‌کێـو
لــە هەڵــدێری دەم و پێنووســی لووســوو بە خوڕ دەڕژێ قسەی زل تاکوو بەرپێو
وەڵامــی شــێعری تــازەی شــێخی تــازە لــە دەســتی نایــە داوبــازی کــەژوکێو
بڵێم چـی چـۆن وەڵامـی بـێ بـە دەممـا وەکـوو پیـاوێکی نێـری، نێرەهـەنگێو
بــەڵام نانــا وتـــەی بـــەرزم قـــەبووڵن بە مـن چـی خـاوەنی نێـرە و یـا مێـو
هــەواڵت دابــوو ڕاوچــی بێنــە گــۆڕی لــە گۆڕایــە پــلان و گۆنگــەڵی دێــو
میـسالی هەوهـەوی سـوار و ژنـی پـیر وەبـیرمهاتــەوە خــەمبار و خــەمپێو
تڕوتـــۆپی سمێـــڵ بـــادانی چـــۆمی گـەلێ دوورن لەگـەڵ هەڵپـەی کـەژوکێو
کەچـەڵ پووچـەڵ دەبێـت و بـۆنی لێـدێ کـە هەسـتی بێتـە مەیدانی لەگـەڵ دێو
لـــە شـــێخ دوورە خـــەیاڵی شـــاهەڵۆیی ئەگــەر شــێخی بــڕۆ بمـرە بــەبێ نێـو
وتــەی مــن گەوهــەرە بــۆ تــۆ بــە بایــەخ کە بینووسی بە پێنووسی چەمەر زێو
لــە دەشــتی خــۆ مــەتۆرێ بــۆ چڕوچــۆڵ هـەرا عەیبـە بـە پێخواسـی بـەبێ شێو
گەمەی سوارە و گەلەی گورگە لە شاخی چ ئـەم بتخـا و چ ئـەو بتخـوا بـەبێ نێو
بـرا بـۆ تـۆ ئەگـەر شـێخی لـە دەشـتی رمــێنی چــاترە قەنــد و قــەڵی مێــو
هــەتا بەعـسی لــە گــۆڕا بــێ لەگـەڵ شـێخ ئـەبێ بنـوێ شـەوێ مسکین بـەبێ شێو
لە دڵ نەگری کـە ڕاوچی چی لـە دەم هـات وتاری حەق عەجوولە و دێتە سـەر لێو

[1] مەبەست پردی سوڵتانە

هەوەڵی خاکەلێوەی ساڵی ٨١ی هەتاوی بڕیارم دا بۆ پشوودان و بووژانەوە و هەڵکردنی ئاڵای ئاوری نەورۆز بەرەو سروشتی شێوە بەهەشتی شاری سەردەشت وەڕێ کەوم. بارگە و بنەم تێکنا و خۆم و بەختم. چەن شەوێ لە شارۆکەی ڕەبەت گیرسامەوە. وڵاتێکی سەربەرز و سەرسەوز و پڕ لە هەڵدێر و ئاو و کان و کانییە.
بە یارمەتی خەڵکی میوانگری ئەو هەرێمە بەتایبەت کاک سەید تاییری رەبەت چەن شیعر و وێنەی جوان و قسەی خۆشم وەدەس کەوتنەوە. سەرچاوەکەیان بۆ ساڵەکانی ١٣٤٠ دەگەڕایەوە. وا لێرەدا نووسراونەوە. (کاوەی راوچی)

ژینی پڕ لە ژانی دنیا

ژینی دنیا چیە تا پێی خۆش بی
هەر ئەبێ بمری لە دنیا دەرچی
ژینی دنیا خەمە بایی ناوێ
کاتێ بارامە، لە ڕاوی گۆڕان
کاتێ سەرخۆشە، بە خۆشی ئاهەنگ
کاتێ دڵ مەستە بە هەستی نازێ
بیر وەکە تاوێ، چها گیان و لەش
راکشاون بەخەم و ناپازی
ئەو گوڵانەی کە لە سەر گۆڕانن
کێ ئەزیزێکی لە ژێر گڵدایە
قەت لە بیر ناچێ هەتا مابێ لەش

دڵ بە خەم بگری وەیا ڕووگەش بی
خاوەنی کۆشك و سەرا یا هەرچی
شیرنایی هەلێکە و تاڵی تاوێ
کاتێ گۆڕن جێ سەری بڕ زۆران
کاتێ لەش بۆشە لە ناو گۆڕی تەنگ
کاتێ لەش وشکە لە سەر ڕێبازێ
پەرچەمی خاو و کەزی شۆڕ و ڕەش
چوونە ناو گۆڕی تەڕی بێنازی
رەنگی خوێنی گەلی ژین دۆڕانن
نووکە تیرێکی لە ناو دڵدایە
دیق و دووی مەرگی ڕەفیقی ڕووگەش

شینی مەجید خانی نەمشیر و بەرەو گۆڕستان

لێمگەڕێ لێرە وچانێ بگرم
سەر بە داوێنی خەیالا بگرم

یان وچانێ لە سەر ئەم گلکۆیە
گلی دەرمانە هەنیسک و ڕۆیە

ئێرە گلکۆیەکە سمکۆی تێدا
بارەگاییکە کەسی تۆی تێدا

لێرە نێژراوە مەجیدی وریا
پێشڕەوی کاتی هومێد و بریا

لێرەدا لاوی دلێر و زانا
چاوی یەکجاری لە سەر یەک دانا

بوو بە ڕێبواری ڕچەی بێنازی
قارەمانێ بوو خوای لێ ڕازی

گوڵ بباری لەسەر ئەو گلکۆتە
جوان و خاتر تەڕی ماقی خۆتە

بۆ دەمی وەفاتی ئەو لێزانە
شین و گریانی «شەوی خەم»[۱] جوانە

فرمێسک و دیاری شینگایی

ئەی برای کوردی لە ژین تۆراوم
بگرە دیاری دلی هەڵبڕژاوم

بگرە ئاقیقی گوڵی فرمێسکم
با بسووتێ لەش و گیان و ئێسکم

بگرە دیاری دەسی دڵسووتاوان
دانە فرمێسکی بەخەم شێواوان

لێگەڕێ چاوی لە خەم تۆراوم
هەڵبپرژێنێ دڵۆی زووخاوم

با ببزوێنێ کزەم جارێکی
وردە کاکۆڵی سەری سەردارێکی

با ببارێنێ زنە و زۆنگی چاو
تەڕبکا قەبری ڕەفیقێکی لاو

بەڵکوو بڕوێنێ گوڵ و شینایی
پۆلە فرمێسکی شەوی شینگایی

گوڵ لە سەر قەبری جحێڵ و لاوێ
تەڕ وەبێ باشە لە ئاوی چاوێ

سوێند بە تۆ تاقە گوڵی بابردوو
تا بمێنێ لەش و گیانم هەر دوو

شەمی شینگایی شەوت بگرێنم
خوێ لەسەر زامی خەمت بڕژێنم

بۆچی نەگریم و نەبارێنم بۆت
دڵ شەقی بردۆ لەبەر سۆق و سۆت

---

[۱] – شەبی خەم بە پێی ئەبجەد ساڵی ۱۳۵۲ یانی ساڵی کۆچی مەجیدخانی نەمشیر دێتەوە.

دڵ بە بێ تۆ دانەسەکنێ تاوێ
با ببارێنێ کوڵۆی خوێناوێ
با لە خەم لادەم و ڕۆژ بەس کەم
شینی سەرداری لە سەرخۆ کەم کەم
بیر نەبووریتەوە، هیوات ڕوون بێ
کوڵە خەم داکەوێ تەرت و توون بێ

مەرگی کچە کوردێك

دڵی شێت بەسیە ماتی و دڵپڕی
زەردی و بێدەنگی بە خەمی کڕی
دەبا دووبەدوو ڕوو لە چاکی بین
پەپوولەی چرای دڵ ڕووناکی بین
بەرەو گۆڕستان بنێین هەنگاوێ
بۆ جوانە مەرگێ بگێڕین چاوێ
ئێرە سی چاك و چاکی دڵ چاکن
لە هەموو تەڵە و پلانێ تاکن
خێڵاتی لێرە لە گوڵ بەزیون
بێ ناز و زەرد و شڕ و تەزیون
بێ دڵان لێرە خاوەنی دڵن
ڕوو لە ڕاستین و لە خواری سڵن
دەبا من و تۆ بەرەو ڕووی چاکی
وێڕا دڵگرین، بە داوێن پاکی
لەسای وارشی چل دانەوەن بین
دەس بە داوێنی دار و دەوەن بین
لە ناو ئەم گۆڕە داماوێ هەیە
لەشی بێگەرد و سووتاوێ هەیە
جوانەمەرگێکە و بێواز کەوتووە
کچێکی کوردە و لەناز کەوتووە
لە بان گڵکۆکەی دوو بە دوو تاوێ
وچانێ بدەین بگێڕین چاوێ
بزانین دڵی بێ دلار، چۆنە
ڕەنگەوڕووی گوڵی لە بن خار چۆنە

دوانی جوانەمەرگێك

سڵاو فریشتەی لە دونیا فریو
پەپوولەی سەربال وەسڕی تەزیو
هەوێردەی نەرمی لە نشێو کەوتوو
لە ناو باوەشی بێبەشی خەوتوو
نموونەی خەروار ڕەنگی بێڕەنگی
میوانی گۆڕی ماتی و بێدەنگی
لە سەر ڕایەخ و سەرینی بەردی
شەکەت و ماندوو شکاوی دەردی
دوو چاوی ڕەشت بە خەو چەسپاون
یاخۆ لە خۆشی ژیان تۆراون

کوا تاسە دەشکێن وەڕەزی شەوت
کێیە هاوبەشی باوەشی خەوت

کام لەش هاولەشی لاشەی تەزیوت
سڕ بێ، وەك گۆنای سەرما گەزیوت

کامە دڵ هاودڵ دڵی بۆسۆتە
کامە دەم هاودەم هۆدەی گڵکۆتە

کام کێو بە تەم و لەخەم دڵپڕە
وەکوو گڵکۆکەت مەکۆگەی گڕە

هەڵبڕە چاوێ بڕوانە لێرە
شین کاڵەی گۆڕت بە شین زەنوێرە

هەر گوڵێ لە سەر گۆڕت ڕواوە
بە ئاوی چاوێ پاراو کراوە

وڵامی جوانەمەرگەکە

ئێمە میوانی ناو دڵی گڵین
هیوا بە ڕوحمی خوای خاوەن دڵین

دایم بە ڕەنگی بێدەنگی ڕەنگین
ئەسیری گڵ و سڵین،دڵ تەنگین

ئێمە کوژراوی گژەی ئەوینین
پەڕ وباڵ و دڵ سووتاوین، دینین

ئێمە گڵووکی باوان نەدیوین
بێ بەهار و گوڵ، گەڵا وەریوین

گەزیوی گەڕی شەختەی بێدڵین
تەزیو و تەڕی تەڕایی گڵین

بێبەشین لە بەش، لە ڕەشی خەوتوو
لارە مل، بێکەس، لە گەشی کەوتوو

پڕخەمی، دژی، ڕووتەڵی، شڕی
بێنازی، کڕی، وەڕەزی، گڕی

ئەوانە گشتی بۆ ئێمە بەشن
قوڕ و چێو و گڵ ڕایەخی لەشن

یاساخە لێمان شنە و دڵتەڕی
بەلاشە بۆمان ڕووتی و جێ تەڕی

سەر و پێ پەتی، بێجل و بەرگین
میوانی کۆخی پەڵۆخی مەرگین

بێبزە و بێدەنگ، دزێوین، زەردین
لەش لە ناو دڵی بێ دڵی بەردین

بەختمان نەختێ لە شەو ڕەشتر بوو
ڕەشی، لە بەشمان گەلێ گەشتر بوو

ئیتر خواو لەگەڵ، مەوەستن لێرە
لە بیرتان نەچێ، ئەوەی گوێدێرە

لە ناو دڵی گڵ، هیوایێ نییە
لە پاکی بەدەر، پەنایێ نییە

بەهاری ١٣٥٣

بۆ وێنەکەم (١)

شێوەردی تەمەن چەها بێ‌کەش بوو   بەرهەمی شیوەن، فرمێسکی گەش بوو
تۆزە هەستێ کە هەبوو پێی هەستم   بای ئەجەل ڕایدا لە وەندی کەش بوو
لەشی سووتاوم لە چیای دڵداریم   دەستەچیلەی گڕ بێ ماف و بەش بوو
رووسووری ئەوەم لە سوێی گەل سووتا   کێ لە گەل ڕۆیە دەرێ ڕووی ڕەش بوو

بۆ وێنەکەم (٢)

دەسکەنەی مەرگە گوڵی شەمزاوم   پاشەڕۆکی لەشە وێنەی ماوم
لە سەر ئەم خاکە، لە ژین بێبەش بووم   ئێستێ بڕوانە کە خاک و ئاوم
بەر لە ئێستا، کە کەمەندم دەپساند   ئێستە وێنێکی بە بەن بەستراوم
وەلێ دڵخۆشی ئەوەم بۆ گەل بوو   مەتەڵی ژین و دنەی وتراوم
هەبێ پرسیارێ لە ناو ئەو گۆڕەش   هەر دەڵێم کوردی زوڵم لێ‌کراوم

١٣٧٠/١١/٢ . بۆکان . مەتەبی ددانسازی

گۆڕ

بە سەر گۆڕی عەزیزمدا دەنۆڕم   لە ئەورا تێگەیشتم ڕوو لە گۆڕم
لە ناو گۆڕی شەپۆڕ و شینی ئێوەم   شەپۆڕی من دەگێڕێ شینی کۆڕم
کە ئێستا چۆڕەچۆڕەی مەی لە دەم دام   سەرێکی‌تر لە گۆڕا هەڵدەچۆڕم
کە ئەوڕۆ داو و تۆڕم، تۆڕی تێدان   سبەینێ پێ بە داو و مل بە تۆڕم
بە فۆرم و پۆزی ئەوڕۆکە مەگۆڕێ   لە ناو گۆڕا نە پۆزێکە و نە فۆڕم
ئەگەر باشی و بە باشی بچیە بن گڵ   بڵێ خاوەن خەزاڵ و لاسەشۆڕم

سێ چاکانی ساردەکۆسان . ١٣٦٠/٥/٢
نەخۆشخانەی شاری سابلاغ . ٧٩/٦/٢٤

خوشکە سیما[1] و خوشکە ڕێزان[3]

خوشکە سیمای قژنۆکە بچکۆلە و بیلبیلۆکە
زووتر هەستە بەپێ بە پێڕۆکە بە، پێڕۆکە
دەستی ڕێزانێ بگرە چەپکە گولان وە کۆ کە
لەبەر دەمم هەڵپەڕن خەمانم بۆ پەڕۆ کە

خوشکە سنوور[٤]

سەر سنووری گرتووە جوانی سنووور ئاخ چ شۆخ و مەستی نازە کوڵمەسوور
چاوی بازە، بازە ڕاوێکە جەسوور خوایە ئەو چاوە لە چاوی بەد بە دوور

خوشکە سێبەر[٥]

وەك بەهاری بێهەتاو و سێبەرم پەلشکاو و بێگوڵ و بەرگ و بەرم
خوشکە سێبەر دەی بەرەو من بادەوە دووری تۆیە شێوەنی سەرتاسەرم

خوشکە سروە[٦]

سروە هەستە ڕامەوەستە ڕێکەوە دەستی گوڵ بگرە بەرەو من پێکەوە
چاوەڕێتە شاعیری ئەستۆ شکاو هەستە بۆی وە سوێ کەوە بۆی تێکەوە

خوشکە سوعدا[٢]

خوشکە سوعدا ئەی کچی کوردی کلۆڵ ئەی تەشی ڕێسی هەواری چۆڵ و هۆڵ
موژدە بێ سا کە بەهاروو هاتەوە گۆر دەبێ ئەودەم گەڕی سەرما و سەهۆڵ

---

[١] . ژمارە ٢ تا ٦: ئەو منالانە نەوەی مامۆستا «ڕاوچی»ن

[٢] – کچی پوورەمێری گۆلێیە و خوشکی زاواکەی مامۆستا «ڕاوچی»یە.

کاتی بێر و بانەمەڕ دێ ئەو دەمەی / هەر لە تۆ جوانە بەر و توربێن و کوڵ
چۆڵ‌وهۆڵە کێو و کەژ بێ شوان و بێر / بەربەیانی ڕوونە، کیژی توند و تۆڵ
ڕۆژی ڕوونی تۆ بەرەو چاوە گوڵم / هاکە لێیدا بەزمی شایی تۆ دەهۆڵ
ڕۆژی شایی تۆ لەوێ بم بۆت دەڵێم / شیعری خرخاڵ و خرەی قۆڵبەندی قۆڵ
دەستی نەرمی دۆیێ دەگرم (دوو لە تۆ) / دەیڕەتێنم ژانی جەستەی ناو سەهۆڵ

ڕاوچی ئەوین

بە سەر چووم و سەرم دانا لە بەر پێی / کەچی نەیکوت چیە بۆچی بە سەر دێی
نەهاتیم بوو، بەسەرهاتی نەپرسیم / هەچەند فرمێسکی ڕوونم ڕشتە بەر پێی
هەناسەم ڕوومەتی گەزت و بە سرتە / گوتم کەنگێ دەپشکوێی و وەبەر دێی؟
گوتی ناگاتە خەرمانەی گوڵی ڕووم / دەمت تاکوو دەمێ نەکوڵێ و نەبرژێی
گوتم گیانم ڕەها کە با ڕەها بم / گوتی دیلی منە گیانت لە هەر جێی
گوتم دووریتە هۆی هێڵی و کوڵۆڵیم / گوتی نیزیک وە بی، کاڵی، دەسووتێی
ئەوەن گریام و شینم خستە کێوان / ئەوەن ئەستۆکەچیم دانا لە بەر پێی
بەزەی هاتێ و دەمی دامێ دەمێکی / گوتی «ڕاوچی» ئەوینی با نەڕەنجێی

ڕاوەشێعر

خۆم و هەستی ڕووت و قووتم / لەگەڵ ئەسرینی یاقووتم
لەگەڵ هێزی بابردەڵەم / وێڕای سێحری زاری قەڵەم
بە تاریکی شەومزەنگێ / پەنامەکی بە بێدەنگێ
چوومە ڕاوی پەری شێعرێ / جوانتر لە لاچاوی سێحرێ
بە یارمەتی دەستی هەستم / دەستم پڕ کەم لە مەبەستم
خزامە سەنگەری هەستم / هەستێ کزتر لە هەڵبەستم
وەکوو شەمێ لە خەو بڕام / تا بەربەیانی گەش گڕام

لــــە چــــڕگەنی بیرۆچـــــکەما
لــە نــاو دەریـــای مەنــدی خــەما
چـــوومە ســـەر ترۆپکـــی بـــیران
داوم دانـــــا وەکــــــوو ژیـــــــران
ویـــــستم بگــــرم هـــــۆنراوەیێ
بنکـــــەی گــــــەرمی ئـــــاژاوەیێ
شـێعرێکی تـەڕ کێشی ژیـن بـێ
شـــایی مـــەم و یـــایی زیـــن بـــێ
ناســك وەکــوو پــەڕێ گــوڵ بــێ
تــارای ســووری خــوێنی دڵ بـــێ
لــە نــاو گــەرووی مەبەســتێکا
لـــە چوارچـــێوەی هەڵبەســـتێکا
بیکەمــــە ئاهـــەنگێکی جـــوان
بیدەمــــە دەم بلــــوێری شـــوان
بۆمــان لێــدا هــەموو شــەوێ
هــــەوای شــــەو و نیوەشــــەوێ
تێــی تــووڕێنێ لــە ســەر بــەردان
نــــەزمی قـــــەر و گوڵـــــەزەردان
وەلاوێــــــنن کــــەژ و کۆیـــــان
راپــــەڕێنێ کـــــوڵ و دۆیـــــان
بـەلام چ بکـەم بـە هەسـتی خـاو
بـــۆم نــــەگیرا هـــــۆنراوەی لاو
تێگەیـشتم کـە شـێعری شـەنگ
گیـانی گەشـی لەشـی بـە دەنـگ
«راوچـی» دەوێ دەبـێ کـوڕ بـێ
هــــەنگێوەبێ، گوڕچـــــووبڕ بـــــێ
دەنـا هەسـتی کـز و چـرووك
بـــۆی نـــاگیرێ هـــۆنراوی بـــووك

٦٨/١١/٢٥ . سەدراباد

ژان و ژیان

مامۆستا محەمەدی نووری[1]

گەلای سەوز و زومەڕد هەردوو ڕەنگین بەلان پێشێلە ئەویان، ئەو نگینە
گڕی عیشق و گوڕی دڵ هەردوو سەرکێش بەلان ئەویان سڕە و ئەویان بەتینە
غەم و خۆشی لە فرمێسکا دەڕەخسێن بەلان ئەویان لە شادی ئەم لە شینە
هەوای زەنوێر نەوای بلوێر لەجۆشن بەلان یەکیان حەزە و یەکیان حەزینە
شەم و پەروانە بۆ یەکتر دەسووتێن بەلان ئەویان مەمە و ئەو خاتووزینە
چڵوگوڵ هەردوو هاوڕازن لە باغا بەلان ئەو بۆ چەوەڵ ئەم بۆ چنینە
هەتا دونیا هەیە و دەعوای شەڕ و خێر بەشی هێندێکی ژانە و هێندێ ژینە

یای زین

(راوچی)

بەڵێ دوو کەس وەکوو یەک دێنە ڕاوێژ یەکێ مەستی سەفایە، یەک سەفانێژ
بەڵێ دوو سۆزی شادی دێنە بن گوێ یەکێ سۆزی ئەوینە، یەک جەفابێژ
دوو دڵ توونی ئەوینی دینی ڕوونن یەکی دینی دەوێ، یەک دان و کاوێژ
گوڵ و بولبول لەمێژە لێک دەنووڕن یەکێ مۆرەی فەڕە و یەکیان فڕناوێژ
دوو لێوی پڕ لە داوا دێنە مژتن بەلاڕێژە یەک و یەکیان بەلاچێژ
نەچی بێژی سروشتە بۆی بڕیون کە نازانی بە زانینە کول و تێژ
گوتوویە «یای زینی» زیت و وریا کەلووی وردی دەوێ زیزانە دابێژ
بەشی جوولانە «راوچی» ڕاوی چۆمی بەشی تەنبەڵ نە مێژوکە نە لامێژ

ترکاشە . ٧٤/١١/٢٧

---

[1] – لە شێعرێکی فارسییەوە وەرگێڕدراوە

به بۆنەی کۆچی شاعیری نەمر مامۆستا هێمن[1]

به کوردی پێت دەڵێم هۆنەر وەکوو نەی بێجەرگ مەگری
لـه سـەر گـۆڕی شـەهیدی کـوردەواری بـۆ مـەرگ مـەگری
ئـەمن سـەروێکی مۆفـەڕکی بـەیانی کۆمـەڵی کـوردم
لـە وەرزی مـن وەرە بـچنە گـوڵێ بـۆ مۆفـەڕك مـەگری
دەسی شیوەن لـە سەر خاڵ و خەتی من دامەنێ، ڕووتم
ئەوینـداری گـەلێکی ڕووتـەڵۆکم بـۆ بـەرگ مـەگری
هونەرمەنـدی نیـە شـیوەن لـە سـەر گـۆڕی هونەرمەنـدێ
هونـەر دەرکـی قوفـڵ نـەدراوە، هۆنـەر، بـۆ دەرك مـەگری
کە هـات و هـێمنێ نێزەی ئەجەل جەرگی سمی، ڕۆیـی
ورەت بـێ، بـۆ دەمـی تیـغ و تەبـەرزین و زەرگ مـەگری
تەشـی مێـژوو، گـەلێکی ڕسـتووە کـورگی هونەرمەنـدی
لەمـەولاوەش دەڕێـسێ بـۆ مـن و تـۆ وا کـورگ مـەگری
لـە قاچـی ڕووتـەڵۆکێکی گـەلی ڕووتـت وەکـە دڕکـێ
وەکـوو کـۆڵ و کـەل و گێـژێ لەبـەر چـەقڵ و دڕك مـەگری
له «فرمێسکی ڕنوو»ی هێمن، هەڵێنجە قومقومەی زەوقت
وەکـوو کونـدێکی سـاویلکە، بـە هۆهـۆ پـڕ قـوڕگ مـەگری
لـە شینگێڕی شـەهیدی هۆزەکـەو پرسـن، دەڵـێ چـی دی
لـە سـەر سـینەی سـپی «سـروە»م، لەمـەو لا دڵ سـڕك مـەگری
قـەزا، خڕکـەی لـە سـەر زیـت و زرینـگ و زیرەکـی داوە
لـە «راوچـی» وەرگـرە دەرسـێ لەبـەر بـەرد و خـڕك مـەگری

[1] لە لایەن مامۆستا ئەمینی گەردیگلانییەوە بە دەستم گەیشتووە.

نیوەژوان

تکەی تەبعم، فڕەی دانا لە سەر باڵ و پەڕی هەستم
بزەی هاویشتە سەر لێوی بزۆزی شێعر و هەڵبەستم
پەریزادەی خەیاڵی خۆم لە خەودا هاتە ئامێزم
دەم و لێوی لە سەر لێوم ڕەوەك بوو جێ‌بەجێ گەستم
بە داوی لێو و دەم گیرا دەم و مەم هاتە نێو هەستم
مەکە و شەرم و حەیا تۆرا لە بێ‌شەرمی دەم و دەستم
خەتی دانا تەزووی ئەشکی گەشی دیسا لە سەر کوڵمی
بە کورکەی نازەوە باری جنێوی دا بە هەڵوەستم
بە پەنجەی گۆشتنی ئەوشۆ وەها ڕاسا کە پێم وابوو
کە نابووری لە تاوانی، دەس و گازی بە ئەنقەستم
شەمامەی مەمکی کاڵم بۆ تکا هێنا بەرەو پیری
گوتم پیرێکی خەرفاوم بە مەی تاڵی ئەوین مەستم
دەمی دامێ دەمی خۆش بێ، بە مەرجێکی نەشێوێنێ
سکەی گەنجی کەمەر دیسا، دەمی پیس و شەڕی هەستم
هەچی بوو کەم نەبوو بۆ من کە ئەوشۆ تا بەیانی ڕوون
لە مەیدانی تەڕی تەبعا لە گۆڕم نا خەمی خەستم
لە ژێر پێی پیری ئێرشادم دەسی تاسە و دەمی تۆبەم
بە داوی پەرچەمی خاو و بە تاڵی بسکی ڕەش بەستم
بە شاباشی مەزەی ماچێ لە هەش ڕیش و سمێڵی بۆز
شکوور، شێخم لە خۆمانە لەمەولاوە چ دەربەستم
هەتا دەست و دەمم لێو و دەمی بگرێ، قەرارم بێ
وەکوو «ڕاوچی» نەڵێم پیر و تەمەن حەفتایە یا شەستم

ترکاشە. ٧٢/٦/٥

بە پێی بیرەوەری مامۆستا ڕاوچی و شێعرەکانی، بە تایبەت شێعری پردی سوڵتان، ساڵی ٣٨ی هەتاوی دەگیرێ و دەخرێتە زیندان و ساڵی ٤١ هەتاوی دێتە دەرێ و مشت ڕ مڕ و مڵ و مۆی بزگوڕەکانی گەل دەیخەنەوە بەر گەمارۆی خۆیان. ماڵ و منداڵ هەڵدەگرێ و بەرەو ئێراق دەڕوا و ماوەی چەن ساڵێ وەك مامۆستایەك و بەرپرسێکی سیاسی لە گوندی شینێ[1] دەمێنێتەوە. وا دیارە لەگەڵ بارزانییەکان وێکڕا ژیاون. چ پێ ناچێ لێیان دەشێوێ. مامۆستا لە «سەنگەسەر» دەکەوێتە گێژاوی خەیاڵی «ساردەکۆسان» و لەگەڵی دەدوێ و دەڵێ:

گوندی ساردەکۆسان و ماڵئاوایی

لێمگەڕێ گیانە کەمێتر بدوێم
خەم خەمێنی خەمە، لە وڵاتی دڵ
کۆچ و بار:باری لە ماڵ ئاوایە
لان و هێلانی لە دایك بوونی
بنەمای شێعر و هەواری قەستم
ئەی هەرێمی گوڵ و ڕوو پڕخاڵان
دوور لە تۆ، پڕ بە دڵم نەژیاوم
گیانە جوانیت کە نەبا مردوو بووم
دەوروبەر چۆم و بڕ و بەستێنت
جێهەوار و هەرەس و جێ مۆڵت
چۆم و کانیاوی سپی و زێوینت
بنگەڕ و جێگەڕی گوڕ و دەشتت
جێ گەمە و گۆنگەڵ و جێ تۆپێنت
جێ مەلە و شیو و کوڵی دڵ نەرمت

خوێ بکەم، کوێرە خەمی کۆن و نوێم
کۆچ و کۆچبارە لە جێ بارگەی گوڵ
دڵەکەم تەنگە، بە دوویدا نایە
کان و کانیاو و دەروونی ڕوونی
چۆن بە جێ بێڵێ خەیاڵی هەستم
ئەی بەهەشتی نەشە بۆ چاوکاڵان
بۆت دەبارێنێ هەتا هەم چاوم
هونەری تۆیە کە پێگرتوو بووم
تەرت و لاپاڵ و چڕ و بژوێنت
کەنەك و چڕگەن و شیو و دۆڵت
بۆنی بیژان و بزەی سۆڵینت
جێگەی دیلان و پیاسە و گەشتت
جێ تەقەی شێرە کوڕی خۆنوێنت
جێ گزەی نیوەشەری بێ شەرمت

[1] – گوندی شینێ: لە مابەینی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردایە. دەڵێن: ئەم گوندە زۆر خۆڕاگرە و تەنیا جارێکیش نەیانهێشتووە بکەوێتە بەر پەلاماری دوژمن.

جێ قنەی خاسەکەو تەڕلانت — بێر و سەربێری دەم و دوو جوانت
لە هەمووی بیرەوەریم هەڵدەقوڵێ — چۆن دەڵێ گیانە مەناڵێ مەکوڵێ

سەنگەسەری ئێراق . ١٣٤٣/٣/٤

تاکەبەیت

دەردی دووری هێندە تاڵە چەشتنی — زۆری وەك من دەردە دووری کوشتنی

گوڵی شادی

کەژی سەوز و سوور و شینم — رووگەی گوڕ و گاڵ و شینم
نەخشی خوای لەسەر زەوی — ئەوەی لێی دەگەڕێم هەوی
دەتپەرستم گوڵی شادیم
قەڵای هیوا بۆ ئازادیم

ئەتۆی هەوێنی هەڵبەستم — رەنگی لەسەر کری هەستم
بێ مەی بە یادی تۆ مەستم — خۆشەویستی دەتپەرستم
دەتپەرستم گوڵی شادیم
قەڵای هیوا بۆ ئازادیم

خەو ناتوانێ چاوبەستم بێ — جەردەی بیر و هەڵبەستم بێ
تا ئەو جێگەی لە دەستم بێ — خورەی هەڵدێری هەستم بێ
دەتپەرستم گوڵی شادیم
قەڵای هیوا بۆ ئازادیم

مێژووی تاڵی پڕ لە خەمم — شەوی ڕەشی دوورەشەمم
بەستە و بەندی «هەر تۆم دەوێ» — ناتۆرێنێ لەسەر دەمم

دەتپەرستم گوڵی شادیم
قەڵای هیوا بۆ ئازادیم

هەرچەن دووری لێم نەدیوی — چاوی هیوام تێبڕیوی
بە هیوام ڕۆژی سەربەستی — لێم وەرگری، خۆشەویستی

دەتپەرستم گوڵی شادیم
قەڵای هیوا بۆ ئازادیم

هەرچەن وشک و بابردەڵەم — تووشی شەوی ڕەشی هەڵەم
بێهەناوی باوی کەڵەم — هێشتا ئەڵێ زار و قەڵەم

دەتپەرستم گوڵی شادیم
قەڵای هیوا بۆ ئازادیم

راوچی تەلان و تەرت و سوێم — غونچەی نەدێراوم لە دێم
شەرت و مەرجم تێکناشکێ — لەت لەت کرێم بۆ کورد دەدوێم[1]

دەتپەرستم گوڵی شادیم
قەڵای هیوا بۆ ئازادیم

٥٧/٩/٥. گوندی سارکێ

[1] - لە نوسخەیەکدا ئاوا هاتووە: لەت لەت کرێم بۆ گوڵ (تۆ) دەدوێم

راوی خەج

دڵشێتە لەژێر پێتەوە بێگیانە خەجێ گیانی بە شەمی ڕووتەوە داغانە خەجی
نیازی یەکەمی نەوسنی لاوانە خەجی گریاوە گووری باخەڵی پاوانە خەجی
ماچی دەمی تۆ مەڵحەم و هەتوانە خەجێ

کام نەخشە وەکو خاڵی دەموچاوی خەجێ کام نێزە وەکوو پەرچەمی ڕاساوی خەجێ
کام گوڵ شلکە وەك لەشی نازاوی خەجێ کام بە ژنە وەکوو بەژنی شل و داوی خەجێ
مانگێکی بە شەوقی شەوی لاوانە خەجێ
ئاسکێکی سڵی ماڵییە مەڕدۆشە خەجی دەم پڕ لە بزە و زەردەخەنەی خۆشە خەجێ
نەرموڵە مەلی توکنی دەنگخۆشە خەجێ ئارامی دڵ و باوەش و نێوکۆشە خەجێ
شەوچەلەی نیوەشەوی بەزمی جحێڵانە خەجێ
ئەو دیمەنی بەرچاو و خووداوی خەجێ ئەو ناز و بزە و شێوە کلەی چاوی خەجێ
ئەو لارولەرەی مەمك و بەر و باوی خەجێ خەڵکی هەموو خستۆتە تەڵە و داوی خەجێ
نەوبووکی شەوی خەڵوەت و جێژوانە خەجێ
ڕۆژ ماتە لەسەرسۆیە لە سەیرانی خەجێ جەرگی هەموو تویتوێیە بەپەیکانی خەجێ
هەر لاوە لە ئەو لاوە لە مەیدانی خەجێ بێباڵ و پەڕن بوونەتە حەیرانی خەجێ
سوێسکێکە کە داودۆزی شەوارانە خەجێ

١٣٤٧ . چیای قەڵاتی ساردەکۆسان

ئاوڕێ لە یاران[1]

کورکە کورکی دڵ و خەیاڵی شڕم
هەڵیلووشیوە هەموو زیپک و بڕم
هێرشی توندی خەیاڵی خاوم
گیانی بێشتوومەوە ڕێی فەوتاوم
دەمگەزی دەمگری دەمگرینێ
خەم ئەبەخشێت و خەوم ئەشکێنێ
شەو بە ئاونگی تکەی فرمێسکم
تەڕ ئەبێ ڕوومەت و پێست و ئێسکم
دوورە دۆستیمە کە خەم گرتوومی
هەروەکوو مۆتەکەیی مژتوومی
دڵ دەڵێ: بۆچی لە کێ تۆراوی
دەردەباریکەتە، یا دۆڕاوی
دڵ دەڵێ: بۆ لە کەست ئاوارەی
وەکوو حاجەت لە دەسی بێکارەی
دڵ دەڵێ: چیبوو لە خۆدەرچوونت
بە تەنێ بۆچتە مان و بوونت
پێمدەڵێ: گێژ و خولاوەی نانی
یا نە مورووی ملی بیگانانی
ئەو خەیاڵی کڵی دڵ بژوێنم
دەمگەڕێنێتەوە بۆ دوا شوێنم
دەبێ بیخاتەوە بیر و مێشکم
راوەکێوی ڕەوەک و کەروێشکم
سوێند بە تۆ کاکە بە پیر چۆپانت[2]
بە وتوویژی بە بێ ورچانت
بیری ئەو کاتە لەگەڵتا بووری
سەری کێشاوەتە شێتوشووری
یادی ئەو نێوە کە تێیا ژیاوم
هێز و سۆمایە لەبن دوو چاوم
راوی داوێنی چڕی پڕ دیمەن
بیری ئاونگی گوڵووک و چیمەن
بیری سەرلووتەک و سەرتەرت و سوێ
هەژدیهایێکە ڕەگی ژین ئەجوێ
کاری گەردوونە، قوماری وەختە
کاتی ژیان شیرینە دوادەم سەختە

١٣٥٩، گوندی گوێزی سەقز

---

[1] – پیاوە یەکەیەکەکانی گوندی گوێزێ
[2] – لەمابەینی گوندەکانی گوێزێ و شێخ چۆپاندایە. چیایەکی لەمێژینە و بەئەزموونە.

خوداحافیزی لە هاوڕێیان[1]

کەچ و لۆچ و لەسەر کۆچ و کزۆڵەم   وڕ و هێرم، لەسەر لێر و گوڵۆڵەم
هەلووکێکی لە هەڵکەوتووی چەماوەم   نەخۆش و تاڵی نۆشی تووشی تۆڵەم
نزیکی تۆم گەرەك بوو بۆ گوڕ و گاڵ   بەڵام ماوەی نەدا بەختی شڕۆڵەم
خواحافیز و ماڵاوایی لێتان   کز و سیسی دەمی پیس و چەمۆڵەم
هومێدم بەرنەداوە ماوە ماوە   هەچەن پیر و زویر و دوورە ڕۆڵەم

١٣٦٣/٥/٢٠

شەوارە

دەبێ ئەمجارە پێ‌نووسم بە نەی بێ   وەرێ خەم ناڵەناڵێ، نەی کە نەی بێ
بنووسم شەرح و حاڵی ژینی تاڵم   هەتاکەی پڕ لە داخ و ئۆف و وەی بێ
بوێژم هەڵبڕاوی بسکی خاوم   دەبێ ئەو هەڵبڕانەم تا بە کەی بێ
دڵی لەتلەت‌کراوی بێ‌بژیوم   خواکەی چارەنووسی خۆی لەشەی بێ
بە دەسنوێژی دەس و بازن بە پیری   وەها پسکاوە دڵ تا بێ کزەی بێ
شەوەی چاوی دڵی گرتم لە خەودا   لە خەو دەبڕێ کەسێکی ئەو شەوەی بێ
شەوارەم لێ‌کرا ئەوشۆکە تا هەم   دەبێ دڵ مل بە داوی ئەو شەوەی بێ
شل و شۆڕی بە مەی بەخشی لەشی شل   خودا شل‌تر دەبێ چی‌تر لەوەی بێ
دەمێ چێژتی دەمم کەوسەر لە لێوی   دەمی واخۆش مەحاڵە دینەوەی بێ
بە شاباشی دەمی واخۆش لە ژینا   بە لاشە تاج و تەخت و موڵکی ڕەی بێ
کوژاوی ئەو دەم و لێوەم هومێدی   نییە ئیتر جەنازەم ژینەوەی بێ
گوتی پێم دوکتورم: دەردت گرانە   مەگەر جێگەت لە باخی سێو و بەی بێ
وەیا دایێم بە لێوی مەی بە لێوی   دەم و کێوی بەیارت تەڕ بە مەی بێ
وەیا ڕوحی کەژی پۆڕ و پەری بێ   پەریزادێ بە ناڵینت بەزەی بێ

کاتی هاتنەوەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە چیای بەردەهەڵۆ نووسراوەتەوە

---

[1] – ساڵی ١٣٦٣ بۆخوداحافیزی لە هاوڕێیان وتراوە. راوچی بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی سیپەلك دوکتورەکانی بەغدا و سولەیمانیە دەنگی دەدەن بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات دەگەڕێتەوە. دوکتور دەڵێ: «مامۆستا ئەوەی راستییە کە بە قەدرایی قولاچی لای خووا شەفات نەماوە بەڵام هەر ئەو دوکتورە ساڵەکانی ١٣٧٠ی هەتاوی کۆچی دوایی دەکا و مامۆستا ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی کۆچ دەکات.

بۆ دەعوت لە کوڕەشێخ و خواردنی نەهار

بە عیشقی پاك و سۆزی بێگوڕووتان
بە فرمێسکی زولاڵی هاوو هووتان

وەدەر خەن سەر لە بن هەوری هەناسەم
کەرەم کەن خۆرەتاوی ڕەنگ و ڕووتان

بەرەو شوێنی بەڵێنی ودا بەڕێ بن
دڵم بێحاڵ و عەودالە لە دووتان

لە ڕێدا پووز و پێ زۆرن عەزیزم
لەسەر خۆ بە نەما نووری پشووتان

تماشای پرچ و پێکەو، پێ بە پێ بێ
کە پرچ و پێیە دەشکێنێ تەزووتان

ئەوەی ڕێگا بە تۆ نەگرێ ئەزانم
دەچێژێ نووکی زەرکی چڵ جزووتان

لەسەر پردێ دەبینێ چاو و ڕوویان
دەسا خۆت و زرینگی چاو ڕووتان

وەکوو «ڕاوچی»، نەکەی ڕۆچێ لە چاوت
مژۆڵی مەستە چاوی ڕاوی ڕووتان!

٦٥/٨/١٨

هەڵکەوت

شەوی ڕەش ڕووڕەشی لەرز و تەزوو بوو
کەڕ و کاسی کرێوە و با پزوو بوو

لە بن سیلە و پەسیوێ دیم چەتیوێ
کە نەرمۆڵە و بەبێ‌فێڵ و گوڕوو بوو

لەسەر سینەی ئەوەی ژینی بە من دا
بە پیری گرتم و مژتم هوڵوو بوو

سەرم سووڕما لە هەڵکەوتی شەوی ڕەش
مەبەستی دامە دەستی «ڕاوچی» زوو بوو

٦٥/٥/٢

وەڵامی نووسراوەی نووسەرێ

کاکە زووتر کە کوڕی بەندەن و بەرخی نێر بووم
ڕاوکەر و دەس‌بەچەك سێرەگر و نەبوێر بووم

کەچی ئەمڕۆکە قەڵەم سوار و سرە و زەینە نەزۆك
دوور لە تۆ خاڵە کەمێ زڵکوێر بووم

ئێستە بمبینە کەوا پیرم و کەوتوو ڕەوتووم
نزگەرەی مەرگە لە سەر لێوەکەم و بێخێر بووم

هەمبوو هیوایە بە ساڵی نەو و کاتێکی کە هات
سەد هەزار خۆزگەی ئەم دڵمە بە پار و پێر بووم

هێنـــدە ئـــاڵۆزە خـــەیاڵ و بـــە ژیـــان ئاڵـــە ددان
مـن کـە شـاگردە لـەڕەی مەکتـەبی تـۆم، ڕوو لـە تـەڕیم
کۆنـــە ڕاوچـــیم و بـــەرەو شـــاخییە چـــاوی هیـــوام
چونکە هـەر شـەو بـە زنـەی چاوی تـەڕم شـەودێر بـووم
هـەم لـە سابلاخی گـەش و هـەم لـە قـەلای هـەولێر بـووم
گەرچـی بـێ شـوان و مـەڕ و شەنگەکچی بـەربێـر بـووم[1]
گوندی سەدراباد . ١٣٦٨/١١/١٧

چوارینە

قـــەراری دا گـــوڵم بیـــت و، درۆی کـــرد
سـەری کوشـتـەی بـەقوربانی بـرۆی کـرد
لەپەروانـــەی نەپرســـی دڵڕەقـــی شـــەم
لەسـەر ماچێکی لێوی، چـی لـەخۆی کـرد

***

گەیـــشتوومە ترۆپکـــی شـــێتوشـــووری
شـکاندوومە گـوڵم شووشـەی سـەبووری
وەکـــوو ئاگرپەرســـتێ، ئەیپەرســـتم
ئەترســم خــۆ بــسووتێنم بــە نــووری

***

چ شـــیرینە بـــەیادی تـــۆ پیاســـەم
دڵـی شـەو پـڕ لـە گریانـە بـە تاسـەم
دڵـــت پۆلایـــە، یـــا بـــێدڵ دەژی تـــۆ
ئەسـەر ناکـا لەسـەر گیانـت هەناسـەم

***

ئـەوەی تووشـی تەڵـەوداوی ئـەوین بـوو
وەکـوو مـەم بـۆ مـەمێکی دەم لـە ژیـن بـوو

---

[1] – ئەم نووسراوەیە دەبێ وەڵامی نامەی کاک «سەید قادر سیادەت» بێ.

لــە تەکیــەی چــاوەڕوانی چــاوی تــۆدا ئەوەی بەرچاوە هــەر چاوی بەشین بــوو

***

لەسـەر سـینەی سـپی تـۆ جووتـە سـێون ئــەوەن قــۆز و بــزۆز و دڵ بزێــون
بڵـێم وەك چـی دەچـن، سـێوی بەهەشـتی لەسـۆنگەی جووتـە سـێوی تـۆ دزێـون

***

دڵــم لــەرزیوی نــارەی جووتــە لیمــۆن لــەژێر پــەردەی کراســ سـرك و نــامۆن
بەدەســتی کــەس کــەوی نــابن ئــەزانم ئۆبــاڵی ژیــنی تــاڵی مــن لــە ئەســتۆن

***

لەســیلەی چاوەچــاوی مەســتی تــۆوەن بــەڕەوتی تــیری نــەرمرووی بــەڕێوەن
وەرە ســەر لاشــەم و گیــانم وەبــەر نــێ دەزانم زامــی کــۆنی مــن لــە کێــوەن

***

ئــەوەن دەشــکێنی بــۆ ماچــێ دڵــی مــن هەناســەم دەتگــرێ جــارێ گــوڵی مــن
کــەرەم کــە بێتــە ســەر کــوڵمی گەشــی تــۆ سمێڵــی نیــوە بــۆزی، هەژگــەڵی مــن

***

خواحــافیز ئــەوا ڕۆیــیم لــەلاتان لەبەختی ڕەش نـەبوو بـۆ مـن وەفاتـان
کـە مـن مـردم لەسـەر گـۆڕم بـەمن چـی گــوڵی فرمێــسکی ئــاڵی پربــەهاتان

***

سـەر و ئەسـتۆ لەبـەر پێتـا نـەوی بـوون دوو چاوم تووشی تانەی بێخەوی بوون
بـە خـۆێنی دڵ لـە نافـەی باخـەڵی تـۆ هـەتا جـووتێ هـەوێردەم بۆ کـەوی بـوون

(ڕاوچی و یادیٚ لە شیٚعری کۆن بە یادی «هیٚمن و هیٚدی»)

«بەژنەکـــەت ســـیٚدارەیە کەزیـــەت تەنافـــە زوو کـــە دەی
بیخـــە ئەســـتۆی مـــن کـــە کـــوردم، کـــورد بەشـــی خنکاندنـــە»

«هیٚمن»

پیٚمخۆشە بەیادی مام هیٚمنی ئەمر لەمەڕ شیٚعری کۆن بدویٚم و...

شـــیٚعری کـــۆنم، لەمیٚژینـــەم — خـــاوەن بەڵگـــەم، بـــە پیٚـــشینەم
بـــادراوی داوی تاســـــەم — بـــنج و بەرهـــەمی هەناســـەم
نـــە نـــەناس و نـــە غـــەراوەم — ئـــاوەنگی پـــەلکی زاراوەم
نـــــەبادینی و نەســـــۆرانم — گیـــانی گـــەرووی بـــالۆرانم
تـــام و مـــەزەی بـــزەی لیٚـــوم — گورچـــوو بـــڕ و دەســـبزیٚوم
بـــیٚبـــاڵ و پـــەڕ هـــەڵفڕیوم — بەئـــەزموون و دونیـــا دیـــوم
میـــوانی هەســـتیٚکی، ســـوارم — خورپـــەی دڵـــی ئەوینـــدارم
ویٚرویرۆکـــەی بیٚـــشکەی خـــەوم — تیـــشکی ڕۆژ و ســـۆزەی شـــەوم
شـــنەی بەربـــەیانی حـــەزم — پاشـــای وڵاتـــی حـــەز، ئـــەزم
جـــوانی کورتـــەك و کڵیٚتـــەم — مـــەیلی لـــەیلی کـــابرا شـــیٚتەم
شـــەمی گریـــاوی بـــیٚمـــەمم — ناڵـــەی زینـــدانی بـــیٚشـــەمم
ڕەنگـــی ئـــاڵی هیٚـــشووی تـــریٚم — برکـــەی شـــیر و خرمـــەی زریٚـــم
بـــزەی ســـەرلیٚوی گۆشـــتنم — نیگـــای بـــەتینی گوڵـــچنم
نـــازی ڕەوتـــی کـــۆتری مـــاڵیم — بـــزەی ســـەرلیٚوی خـــەیاڵیم
گـــوڕووی لیٚـــو و دەمـــی هیـــوام — باشـــتر بیٚـــژم، ویٚـــژەی هیـــوام
شـــنەی مەڵحـــەمی هـــەتوانم — تـــەزووی گـــەرمی جیٚگـــا ژوانم
ئیلـــهامیٚکی ســـەمای بـــەرزم — غونـــچەی ســـەری بـــەرزی تـــەرزم
خرمـــەی بـــەرمووری گـــەردنم — دەوای دەردی نـــــــــــەمردنم
غـــەوارە نـــیم، خـــۆییم خـــۆییم — کەلـــەپووری خـــانی و کـــۆییم
شـــیٚعرم، چەشـــنی جیهـــان کـــۆنم — تـــاکوو کـــۆن دەبم، بـــەبۆنم

بۆ باوەشی گەرمی «هێدی»:

گـــوێ بگـــرە بـــۆم بـــرای هێـــدی
لـــە شـــێعری کـــۆنی مـــام «هێـــدی»
بڕوانـــە شـــاعیر چـــی دەڵـــێ:
لـــەو بەســـتەدا کـــەوا دەڵـــێ
«تا گوارە لەگوێت دێتە لەرین دێتەوە بیرم
هەر لاوێ کە لەو خاکە لە سێدارە دراوە»
تـا چـاو چـاوە، تـا گـوێ گوێیـە
ئـەو کۆنـە شـێعرە هـەر نوێیـە

راوچی ٦٨/١١/٢٥ . گوندی سەدراباد

بێبەختی

بە بۆنەی کۆچی لەناکاوی هاوڕێیانی گۆڤاری سروە مامۆستایان (مارف ئاغایی، جەعفەر قازی و سەرتیپ مەنسووری)

لـە ئاسـۆگەی هومێـدی مـەش سـتێرە
گـەلێ هـاتوون و ڕۆیـین بـێ ژومێـرە
چـها دایـك نیـشانی دا کـوڕی وا
کـە نەیـدیوە سـەدەف، هێـشتا دوڕی وا
وەکـوو سـەرتیپ و مـارف کاکـە جەعفـەر
ئـەدیب و نـوێبوێـژ و وێنەپـەروەر
بـەهاری شێعرو پەخشانیان بە گوڵ بوون
کڵـی قـازانی هەڵبەسـتیان بـە کـوڵ بـوون
لـە پێدەشـتی نیـازی کۆمـەڵ و گـەل
دەڕۆیـشتن، بـەرەو ئاسـۆ بـەرەو کـەل
لـە جوانیـدا سـوهەیل و موشـتەری بـوون
دەس و مـستی بـەهێزی نووسـەری بـوون
لـە پێتـەختی خـەتی زەیـن و هونـەردا
یەکـەی تـاجێکی وەسـتایی لـە سـەردا
لـە بـێبـەختی و کولـۆڵی کـوردەواری
کـە هـەر سـێ بوونـە قوربـانی بـەهاری
بـەداخـم ئێـستە کـەم شـۆقە هونـەرمان
نـە سـەر تـاجی لـە سـەردایە نـە سـەرمان
بـەهارێکی نـەدیوە، کـوردی بـێبـەش
لـە خـۆی بـدڕێ، جلوبـەرگی شـڕ و ڕەش
هـەلێکی بـۆ نەرەخـساوە سەراسـەر
کـە سـەر تـاجی لـە سـەردا بێ هـەتا سـەر
دەمێکـی بـۆ نەسـازاوە وەکـۆ بـن
هـەموو شـایی بـە خـۆ بـن بـێ دڵـۆ بـن
کلێتـە و پەسـتەکی کـوردی لەبـەر کـەن
خـەم و خـەمهێن و خـوێڕی شـارەدەر کـەن
بـە هیـوام مـن لەمـەولاوە خولایـان
وەبـەر بـێنێ گـوڵ و بـەرگ و گـەڵایان
نەلـەرزێنێ دڵـی «ڕاوچـی» لـە ناکـاو
هـەواڵی مـەرگی لاوانـی بـەرەو چـاو[1]

[1] – ئەم شێعرە لە لایەن هاوڕێم مامۆستا کەریمی حیکمەتیوە بە دەستم گەیشتووە. ڕەشەمەی ١٣٧٩، سروەی ١٧٦

بەشی چوارەم:

بەلگەنامەکان

انا لله و انا الیه راجعون

بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا مەلاکەریمی راوچی

زۆر بەداخین بۆ کۆچی دوایی زانای هێژا، شاعیر و نووسەر و عارفی خامەرەنگین، خوالێخۆشبوو مامۆستا کەریمی عەزیز نیژاد ناسراو بە «راوچی»، و هەر بەم بۆنە وە لە لایەن هاوکارانی ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و گۆڤاری سروە وە لە ئێوە وە هەموو شاعیران، نووسەران و رۆشنبیرانی کورد و شاری بۆکان سەرە خۆشی دەکەین و لە خەمتان دا خۆبەشەریک و بەشدار دەزانین.

بێ شک قەڵەمی پاراو و مایەگرتوو لە گیانی پاکی خوالێخۆشبوو مامۆستا راوچی بۆ هەمیشە لە نێو لاپەڕەکانی دەفتەری زانست و ئەدەبی کوردی‌دا رووناک و پرشنگدار دەمێنێتەوە.

بەردەوام رووپەڕەکانی سروە بۆ بلاوکردنەوەی ئاسەوارە بەنرخەکانی ئەو زاتە هەڵکەوتەیە ئاوالە بووە و پێوەندیەکی گەرم و پتەو لە نێوان گۆڤاری سروە و مامۆستادا لە ئارادا بووە.

دوایین دەستنووسی رەوانەکراوی خوالێخۆشبوو مەلاکەریم کە بۆ سروەی مانگی پووشپەڕ ئامادە کراوە پیشان دەدا کە دەستانی زەحمەتکێشی لە دوا رۆژەکانی تەمەنی دا بەباشی یارمەتی ناکەن تاکوو هەست و بیری لەسەر کاغەز تۆمار کا. سەرەڕای ئەوەش ئێمان دەگەیەنێ کە مامۆستا تا ئەو کاتەی کە گیانی تەژی لە ئیمان و سەفای عارفانە و شاعیرانەی خۆی بە خوای مەزن بەخشی لە چالاکی و تێکۆشانی لە پێناو خزمەت بە زمان و فەرهەنگی گەلەکەی دەریخی نەکرد. ئێمەش لە خوا دەپارێینەوە وەبەر رەحمەت و بەزەیی خۆی خا و گیانی بە بەهەشتی بەرین شاد بکا.

ان شاءا...

بەرپرسایەتی و کارگێرانی ناوەندی بلاوکردنەوەی
فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
١٣٨٠/٣/٣١ی هەتاوی

* سروە ١٨٠

لاپەڕەی ٣١



دایم لە دڵم جێژنە بە ئومێدی ویساڵی — خۆشنوود و سەرەفرازە لەبەر فیکر و خەیاڵی

ماڵێکە هەموو دەیکەمە قوربانی بە جارێ — با بێتە بەلاگێری دوو چاوی دە غەزالی

دەیسا تو خوا مەرحەمەتێ مەقسەدێ حاسڵ — خەرمانی غەمم مەحتەلە بێ بای شەماڵی

بینێرە هەتا کاکۆڵی مشکین ببزێوێ — زاهیر بێ لە ژێر زولفی سیاهی خەت و خاڵی

سەد ناوی خودا ئەوڕۆ لەنێو پۆلی قەشەنگان — تەکمیلە قەد و سوورەت و مەعنای کەماڵی

سەییادی مەگەر دەفتەری عیشقی وی دەخوێنێ — وا زیکری زەبانی بۆتە تەسریفی جەماڵی

تمه شد از ید فقیر: حەسەن سەییادی

غەزەلێکی مامۆستا مەلا حەسەنی عەزیزییە (خەلیفە مەلا حەسەنی ساردەکۆسان) ناسراو بە مامۆستا سەییادی. ناوبراو لە ساڵەکانی (١٣٣٣-١٢٥٥)ی هەتاویدا ژیاوە و لە گۆڕستانی سێ چاکانی ساردەکۆساندا نێژراوە. ناوبراو باوکی مامۆستا ڕاوچییە. مامۆستا و شاعیر و خۆشنووس و تەخمیسبێژ و نیشتمانی بووە. هاوڕێی گیانی بەگیانی مامۆستا ئاوات (سەید کامیلی ئیمامی) بووە. لە مەهابادی ژمارە ٨٨دا باسیان کراوە.

گۆڕانی وەسیەت

ئەمەن مەتاوێنیچ . بە شەخسیی ولەوە لەسەر جێگەیان بەڵێنیم
خەم زەوتیم خەمەو ، هاودەنگم ، هاوسەرێکی ، دڵ سۆز و بە سەبر [illegible]
بە مەنایە ، خەم و بەختم ، کارەی کۆرسم ، تیچوو بێکە ، لیرێ لێ بەخێ ماوە
زەوی و بەرش و پانکەلە . بەڵام سێ بزێکی . بە بزر و چەند دێرو شەریک بێرو
بە مێڕوو و مێشک و بێژە . لەدڵی من بوتە فیر فیرکەو ، ئاوە [illegible] یەکی خوا
دادە ، گۆرانیم بۆ دەڵێ و دەم شێلی ، جارو باریش دێ و
بەوێ بێزر بۆ زۆر مەفتە چرزیە کانم هاچ دەکاو ، بەزمانی لاڵی سپای مناڵانەمەڵێ :
بام مەلاگیان ، مەشە بینیم تۆ دەکەلی) مێش لێ بە هادار [illegible]) دە سالە سێ سالمیە
گوێلێکی فرمێسکی مناڵانە ، هەڵدە ژێرم و ، دەڵێم باشە بە چاوان .
هەڵە سەرئەو جێگە و بابەی کەهەموو دڵێکە لێی ئەبابان و ناموێیە .
ئەو دەفتەرەم ، لە فێرە و باسە و ، بارە و باری ، خەیاڵ ، زنگەکانە و
ورتەی چەند سالەی خەم نووسیوە تەواو .
گێ و کە واڵی خەت و ، چێن و چرچ و کێ دەرشە و ، نەبەردو گوردی ، بۆ سینەکەش
چاوی کزر دەستی لەرزو بۆ هەناویم ، دەخاتە بەرچاو .
بە چاوێکی پڕ لە سوا هافیزبوو ، نیازم بە دەرمای خێر و یادی خێرانە .
پا ردا مەناسەم ئەوترا ستیە دەردێنێ ، کە تیژم ، سوێندم بە حەیاتی گیان
مگیان مەستێنن ، تائێرە لە هەڵدا و ، هەنگی مەترار ، بیبانە مەدەم مەهەر
ئەم ویستووە جیاوەبم ، تلەتە و چلپە و ترس و خێری ، ئەدوستی بیروبڕیاو تاوقەم ، نە هاتوو
ونزاوکەکانی ئە دوڕا نزودم بەرئەوەش بوو بە ھەقی ، ئیتیانی ئاکۆت و شکاندەوەل
ساوەگیانی عر هەمە تەزراشاکی ، لاوەکی و ئاوەکی
بە هیوام دۆستان و کوڕو کوردەکانی بەرەی راستی مالی خەڵاس و خودا
ناس و هەزار و تیت و ، نیشتمان دۆست ، ماوێن پاک و چپە ، هاودەنگ
وراو بەرا بەرێن ، لەسەر دێڕ و مەززو بالی خەیاڵ . پەسەندکاویە ک
بەژەک ، ودێرەکێکی هەڵگێڕەو ، دەسەرباز نیکی ، بە چنگ و پل و بەلاچەکانێ
ئیتر بە خواتان دەسپێرم .

مەلا عبدالکریم عەزیززادە

[illegible]

ڕۆژی ٢٧/٧/٧٩ - [illegible]



دەسخەتی مامۆستا ڕاوچی (شێعری نیوەنووزە)

وێنەی مامۆستا ڕاوچی و هاوسەرەکەی (ئاوایی دەرویشان)

سەلاح، مامۆستا ڕازچی، مەحموود، کاوە



گوندی ساردەکۆسان

وێنەی پردی سوڵتان

زێردار کاک کامە،

زۆر سپاس بۆ بەڵگەنامەکەت، کە بە ناسەوە نامە بەر دو چاوان. من هەر تازە
لە پاشەوە دۆزیمەوە. دیارە بە بەرەشت و بە شێلگیری لەگەڵ لەو دیاردە
بەرهەمانت وەردەگرین. هەروەک وتم ماموستا گیوی ... لەوو
کەسانە بوو کە قەت نابرێ و دوو نوانە ...ی پیروزی لە ئەنجامی ماموستا
هیمن دروست بکرایە و پەیکەری لە کن ماوە ... بەڵام دڵنیام لە لە
مەیدانی دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزدا، بە بەردی ... پەیکەری جیاجیای بەرزی
قەندیل، پەیکەرێک بۆ سازدراوە، و ناوی لە تێزووی وێژەی کوردیدا،
بە زێڕی وا دروست و زێڕین دەنووسرێ، لە هیچ دۆخێک ناتوانێ
بسڕێتەوە. بەڵام بەداخەوە ...کان تا ئەمڕۆ ... نەبەوە،
سپاسیش بۆ ئەوەش، لە وەک زۆر لەوکی بە ...
ماموستات خۆش ئەکرد و لە ... سپاسکەری

برات: ح. س. سۆران

دەسخەتی مامۆستا ح.س. سۆران

* سپاس و پێزانین بۆ:

١. هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان

٢ـ مامۆستایان (ئەحمەدی قازی، ئەمین گەردیگلانی ، فەتاحی ئەمیری ، محەمەدئەمین شاسەنەم و ...)

٣. ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان

٤. گۆڤارەکانی سروە، مەهاباد، داهاتوو، سیروان، موکریان و..

٥ـ ماڵ و منداڵم وا بە گشتی گیان و ماڵ و وەختیان بۆ ئاسەواری مامۆستا ڕاوچی بابم بەخت کرد و بەردەوام یاریدەم دەدەن.

٦ـ دایک و خوشک و براکانم بەتایبەت برای گەورەم کاک مەحموودی خۆشەویستم، و کاک سەلیمی پوورم.

تێبینی:

هیوادارم بەو ئیمەیلەی خوارەوە هەڵە و خواریم بۆ ڕاست کەنەوە و دیارییەکانی مامۆستا ڕاوچی (بابم) بۆ بنێرنەوە، چ قسەی خۆش یان شیعر و چیرۆک یان وێنە و...

Kava_rawchi@yahoo.com

* ئەم بەرهەمانەش ئامادەی چاپن:

١. خەرمانی گوڵان (باسی ٤٤٥ گوڵ و گیای کوردستانە کە بە زاراوەی موکریانی لە سێ بەشدا بە شێوەی پەخشان نووسراوە: بەشی دەرمان، بەشی خواردەمەنی، بەشی بۆندار)

٢. دێوجامە (ئەلف: وەڵامی نامەی نووسەران، ب: ڕاوچی لە ئاوێنەی گۆڤارەکاندا، ج: ڕێوڕەسمی ئەنجومەنەکان بۆ ڕاوچی، د: ڕاوچی و بەرنامەی ڕامان، و: چەن قسەی خۆشی ڕاوچی، هـ: بەڵگەنامەکان)

٣. شۆڕەبی، وتار و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە (کاری تایبەت بۆ منداڵان)، نووسەر: کاوەی ڕاوچی

٤. ئیعتیاد، هۆکاری ئیعتیاد و مادە سڕکەرەکان لەسەر چینی لاو و مێرمنداڵ، نووسەر: کاوەی ڕاوچی

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ۲۰۱۲ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٦٦٩	گەنج گۆمی سیاسەت دەشڵەقێنێ	ئومێد خۆشناو	گشتی	۳۰۰۰	١٤٤
٦٧٠	دوران هـای زبـان کـردی و مجموعـه زبان های ایرانی	و. مستەفا ئێلخانی زادە	زمان	۳۰۰۰	١٤٤
٦٧١	خلاصه تاریخ کردستان	احمد قاضي	مێژوو	٥٠٠٠	٤٤٨
٦٧٢	بزەی شۆڕش (دیوانی شیعری مامۆستا رلوچی)	کۆکردنەوەی کاوەی کوڕی مامۆستا رلوچی	شیعر	۳۰۰۰	۲۸۰